ئەم بەرهەمە لە سەر

ئیزنی نووسەر بڵاو

بۆتەوە

Designed by: Emin Şabazî

@kurdica


بەناوی خودا

# هاوارەبەرە

نووسەر: فەتاح ئەمیری

ناوی کتێب : هاواره بەره
نووسەر : فەتاح ئەمیری
لەبڵاو کراوەکانی : ناوەندی بڵاو کردنەوەی
فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
" ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی "
تیراژ = : ۳۰۰۰
چاپی یەکەم : ۱۳۶۹
نەخشێنەر : جەعفەری قازی
ناوونیشان : ارومیه - صندوق پستی ۷۱۷ - تلفن : ( ۳۵۸۰۰ )

پێشکەش بە ڕەوانی پاکی باوکم ....
کە بەسەرهاتی ئەو بوو بە ڕێبازی ژیانی من "



وێنەی نووسەر

## بە بۆنەی خوای بەرز و بێ ئەوتا

قەتاح ئەی نووسەری چیرۆکی بارە ... بە ناوی ناودار بەرەوت روحە پارە

بە تۆن زنجیرت لە پێنووسی دەباری ... دڵی چەشنی دەگا لە شێخت وەشارە

لە سێری وردی تۆ سوور بادەسەریان ... بە گشتی نووسەرانی ئەم دیارە

بە هەردوو ناوی هەرمانی دە چێشی ... دەلێنی ئاوی ژیانە ئەم دوو نارە

بەهارو پایزو زستان و هاوین ... لە وێ دا هەر چوار وەرزی بەهارە

لە نێو باخی گوڵاڵت دا دە خوێنن ... قەناری و بولبول ئاهەنگ قەتارە

کە وو بێتر بەهەنگ فەرمانی جەیالت ... بە گێری گیرەوی بوون پارەپارە

بژی بو گەنجی هەرمانت ئەمیری ... هەزاران ئافەرین لەو شاهکارە

لە بۆ کوردی حەقیقی بەحری بێ بن ... دەراوداوێ ئەی دەدا، ئەنگە ئەو بوارە

پێشکەشە بە چیرۆکی ناودارە بەرەوی کاک قەدامی ئەمیری، بۆ کوردان نەبیاسی حەقیقی

١٣٥٩/١/١٣

" بە نێوی خوای بەرزو بێ هاوتا "

فەتاح ئەی خاوەنی چیرۆکی یارە
بە های هاواربەرەت رۆحە نەپارە
بە تۆن زێرت لەپێنووسی دەبارێ
دزی حەشرێ دەکا گەنجت وەشارە
لەبیری وردی تۆ سورماوە سەریان
بەگشتی نووسەرانی ئەم دیارە
بەمەردوو تامی هەرمانی دەچێژێ
دەڵێی ئاوی ژیانە ، ئەم وتارە
بەهار و پاییز وزستان و هاوێن
لەوێدا هەرچوار وەرزی بە هارە
لە نێو باغی گوڵانت دا دەخوێنن
قەناری و بولبول ئاهەنگی قەتارە
کەو وبێژنگی خەرمانی خەیاڵت
بەگێژی گێژەوی بوون پارە پارە
بژی بۆ گەنجی هەرمانت "ئەمیری"
هەزاران ئافەرین لەو شاهکارە
لەبۆکوردی " حەقیقی " بەحری بێ بن
دەراوە ، پەی دەدا ، تەنکە ، بوارە

پێشکەش بە چیرۆکی هاوارە بەرەی کاك فەتاحی ئەمیری ·

"عەباس حەقیقی بۆکان ٦٩/١/١٤ "

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

" خەياڵ دەمباتە جێ ژوانی شەوانی لاوەتی ئەمما"
"خرينگەی بازنە وخرخاڵ وبەرمووری ئەوم نايە "
" هێمن "

( پێشـــەكـــی ) :

هاوارە بەرە، ئاهەنگە ، ئاهەنگێكی رەسەن ولەمێژينە، ئاهەنگێكـی هەڵقولاو لەدڵی خەڵك دا ، ئاهەنگێكی قوڵە وكورتە ،ئاهەنگێكی شەشاڵە• پێش ئەوەی مۆسيقا رەنگی عيلمی و شكڵی ئەو رۆيی بەخۆی بگـــرێ بەبێ ئەوەی جوان مشت ومالّ كرابێ ، داتاشراو وساف و سووف هاتۆتـە دەرێ ، هەر دەڵێی بەسەد ئاوان شۆراوە ونيسكی بەردەشۆركراوە،گوێگربە تەواوی ئيحساسی ئەوە دەكا ، شەشاڵ ژەن هاواری لێ بڵيندبـــووە و يارمەتی دەوێ •

ئەوەندەی من گوێم لێ بووبێ ئەوحاڵەتە لە ئاهەنگی "بووك وخەسوو" ش دابە تەواوی هەست دەكرێ ، مانای ئاهەنگ لە دڵی ئاهەنگ داخۆنيشان دەدا ، ئەوكاتەی بووك قسە دەكا ، نەرم و نەوی دەدوێ ، بـە حـاڵ ليـّـو ی دەبزێوێ ، زۆر فەقيرانە، حاڵەتی پاڕانەوە و لالانەوەيـە ، كـەچی هـە ر نۆرەی خەسوو دێ بە پێی خوو و خدەی تايبەتی خۆی ،دەقيژێنێ ،دەشاتێنێ، تەنانەت رەنگە لە داخان سەرو قژيش بڕنێتەوە و سەری وەك مـريشكی

ئاوه رووت لێ بکا ٠

ئەو ئاهەنگانه چۆن لەدایك بوون ؟ چۆن پێ گەیون ؟ چۆن پــەروەر دە کراون ؟

رەنگه کــاری منی بێ خەبەر لە مۆسیقانەبێ،قسەکردن لەوبابەتەو ە دەسپێرم بە ئەهلی خۆی ، رێ بەرێ داری ، بانە بمە مام هۆرتك و رایــە ڵ و پۆی لەوانیش تێك نەدەم ، ریسەکەیان لێ نەکەمەوە خوری و تــووك و دوعای ئەوانیش نەهێنمە ئەستــۆی خۆم و هێندەی دی گێژو وێژنەبم ٠

ئەز هەر ئەوەندە لە مۆسیقا دەگەم ، کەحەمەرە پەتێی دەگا ،مۆسیقام پێ خۆشه ، دەم باتە دنیایەکی دیکەوە، خۆم لەبیردەباتەوە، مـۆسیقــــا تەئسیری ئەوەندە لەسەرمنە، تەنانەت کوێرەوەری وتەنگ و چەڵەمە، قەرزو قۆڵە وچاڵ و چووڵی ئەو رۆژگارەم لە بیر دەباتەوە، دەمباتە دنیــــا ی بێ سنووری خەیاڵ ، هەڵدێرو هەڵە مووتی ئەوکوردستانەم دەگێــڕێ ، سەیرو سەفام پێ دەکا ، ماڵی ئاوەدان بێ لەو بڵێندی یە را ئەگەر فــڕێــی دابام بێ شك ملم بە حەوت جێیان دەشکا ٠

ئاهەنگی هاواره بەره ، هاواری شوانه ، شوانێکی ئەویندار ،شوانێکی لێ قەوماو ، لەدڵی شەوێکی رەش وبەسام دا ، دەوری مێگەلی دراوە، ، و خەریکن بە تا لانی بــەرن ٠

شوانه ئاشقی کچی ساحێب ماڵەکەیەتی ، ناتوانێ قسەی لەگەڵ بکا، لەنێو بلوێر دا رازی دڵی پێ دەڵــێ ، ئەو شەوە رەشەش لە بلـوێر کـەڵــك وەردەگرێ ، لەچەتەکان تکا دەکا ، ئیزنی بدەن ، تاوێك ، یـا بـاشتــر ە بڵێین ئاخر شمشاڵ بە گوێــی مێگەل دا بژەنێ ، پاشان وەپێشه خۆی دە ن و بەتا لانی بەرن ٠

چەتە ئیزنی دەدەن ، ئەویش بە هەمووهێزوهونەریەوەتێی دەتووڕێنێ ٠ ئاهەنگی هاواره بەره ، رەنگه هەرلەو وەختە تەنگاووحەستەمــەدا ســا ز کرابێ ، کچە گوێی لێ یە ولەشمشاڵە کە حالی دەبێ ، کـــەس و کــاری

دەنێرێتە هانای مەڕوشوان •

ئاهەنگی هاواره بەره ، زۆر کورت وکەمە، بلوێرژەن بەشی ئەوەندە ی لێداوە ، کچە تێ بگاوتێگەیەنێ •

جائەگەر وردتێ فکرین " هاواره بەره " دووجۆر مانادەدا ، ، یەکیان ئەو ئاهەنگە قاسیدی بردنی هاواره " هاوار بەره" ئەوی تریـان ئـە و ئاهەنگە هاواری بردنی مێگەلە •

بە بڕوای منی دەستەوستان وبێ دەسەڵات لەوکەندەوە کۆژی ودۆزینە- وەیدا ، کەبەراستی وەك دەستی قوڵە وخورما ی سەرداریێ دەچێ و بە بیرورای برادەرێکی ژیروزانام بەنێوی کاك مارفی ئاغایی کە سرنجی پتر بۆئەولایە راکێشام ، مانای هەوەڵی پترچێ دەگرێ ئەو ئاهەنگە ، هاوار بەره ، قاسیدی هاواره، بۆتە هاواره بەره ،پیاو حەقی خولای بڵێ، بە هەریارێك داگوێی بۆ دەگری وچاوی رێ دەخشێنێ ، جوانە ، رەسەنە ، دڵگره •

( خوێنەری خۆشەویست ) !

ئاهەنگی هاواره بەره ، بۆمن بوو بە سووژە وهاندەرێکی باش،لە و ئاهەنگە ئیلهامی ئەو چیرۆکەم وەرگرت، لەئەسڵدا هاواره بەری من لە ئاهەنگی " هاواره بەرەی " شمشاڵ را هاتووە • هەوەڵ جارفکر دەکەم ئەو ئاهەنگەم لە بلوێرژەنی بە داخەوە بێ نێوی کورد" هەمزەی حەسەنە پیر " خەڵکی چۆمی مەجیدخان ، گوندی حاجی لەك بیستووە • هەرئە و جارەش کەوتمە سەر ئەو بڕوایە ، ئەو ئاهەنگە بکەمە چیرۆك ، پاشان لە بلوێژ ژەنی بە ناو بانگ " قالە مەرە " م بیست ، ئی هەر دووکیان وە ك یەك و هەوایەك بوون •

ئەو فکرە لە پێش دا بووە وماوە ،من بەو جۆرە دروستم کردۆتەوە • لەوانەیە رۆژگارێکی بەیت بووبێ یا ،چیرۆك یا بەسەرهاتو سەرگورەشتە ، وە دووی کەوتم زۆرم حەول داچم نەدۆزیەوە •

ئەوەندەی لێ حاڵی بووم ، هاواره بەرەی شمشاڵ ئاهەنگێکی زۆر پــڕ ئیحساس وهەستێکی جوانه ،جائەگەر چیرۆکەکەی منو بەدڵی نەبــــوو و خەتاله‌من ڕایه ٠

بیست ساڵ لەمەوبەر ، ئەوفکرەم به مێشکی داهات ، ئـەو ئاهەنگــــه بکەمه چیرۆك ، داخێك و هەزار مەخابن لەزەمانی شای و حـکـوومـەتـــی تایفەی نالەباری پەهلەوی دا ، کوردی نووسین چەتوون بوو ،جــارجـار لــێ پرسینەوەی توندی دەبوو ، لەچاپ دانیشی کاری حەزرەتی فیل ،بەداخەوە نەگونجا ٠

ڕەزاخان له سەرەتای حکوومەتی شوومی خۆی دا ، گەلاڵەی‌تووانەنە - وەی فەرهەنگی گەلی کوردی وەرێ خست ٠

هەزاران پێچ و پشتێنی سووتاند، سەدان نێفەکی پاتۆڵی بـــڕی ، بەوانەش ڕانەوەستا دەیەویست دوای گۆڕین وفەرهەنگی کردنی لیباسی ژن و پیاو دەستێکیش به سەروگوێی عولەما وەمەلاکان داهێنـــێ و بـەرگـــی ئەوانیش بگۆڕێ ٠

زۆربەی کوردی قەڵەم بەدەستی ئەودەم ، شێعریان کوتووه وخۆیان لــه پەخشان پاراستووه، ئەوخۆپارێزی یەش دەگەڕێتەوە سەر هەل ومەرجــــی حەستەمی ئەودەم ، شیعرلەبەرکردن هاسانه، پەخشان لەبەرناکرێ،شیعـر وەزنی هەیه، له شیعری کلاسیك دا وەزن و قافیه هەیه، بەڵام ئەوشەرت و شوێنه لەنەسر دانیه،لەبەر قاچاخی نووسینی کوردی شیعرجێی بەنەسرلێژ کردووه ٠

له زەمانی شای دا ، قەڵەم شکا ، کاغەز دڕا ،مۆسیقای ئێرانی بەرە و ڕۆژ ئاوا سووڕا ، هونەر کــرابه دەسته چیلەی ئاگری بێگانه٠

لەهەموو ئێران داوابوو، فەرهەنگیان بەرەو غەرب ڕادەکێشا ، ئــە و کابرایه که داوای تەمەدونی گەورەی دەکرد وخۆی به ڕۆشنبیرێکی سەقەت دەزانی ، لەفەرهەنگی ئێرانی دەترسا ،جائەگەر کارێکی هونــــەری لە

کوردستانی چۆڵ وخاپۆر کراودابا ، کەلەژێرستەمی پاشایەتی دا دو قەد چەمابۆوە،هەزار ماشەڵڵا فارس گوتەنی " گل بود وبەسبزە نیز آراستە شد"

کوردی فەقیردەبوو بێ سەروزمان بێ ، بەرگ و لیباسی خۆی لەبەرنەکا وەک بێگانە وفەرەنگی بە شانازی وشاناسی یەوە فێربێ .

ئەمن زەمانی رەزاخان م نەدیوە ، دەیان گوت : ـ لە هەمووگوێرە دێ یەکیش لیباسیان بەخەڵکی دەگۆڕی ، حوکم حوکمە" حوکمی حاکم و دەردی موفاجات " جائەو دەم شوانێك ، گاوانێك ، پالەوجووت بەندەیەك چاولێ کە، چەند هەزار ،نووسەنەکە و چاو زەقە وسەپان ترێنەی لە داو دەلینگی دوولینگەی هەڵدەچەقی وپێوە دەنووسا .

" زستان رۆیی و روو رەشی بەرەژی ما " وەختێك خەڵك تێگەیی ، زنجیری زاڵم دەپچڕێ .

سەرە ڕای ئەوکوشت وکوشتاروتا ڵان و بڕۆیە، دوای ئەوهەموو بێ حورمەتی و سووکایەتی یە، شەوگار شەق کراو دوژمن قەلاچۆ،ئێران ما و ئێمەش هەرهەین ، بەوزەبروزەنگەوە فەرهەنگی کورد هەرما و گەشە و نەشەشی پێ درا .

ئەو دەم کەمن ئەو سووژەم وەمێشکی کەوت ، نووسینی کوردی لە باڕووتی قاچاخ تر بوو، لەوهەل ومەرجەدا نووسینی چی وشتی چی ؟

ئەو پاوان و قەدەغەیە، زەبرێکی گورچووبڕوبرینێکی کاری بوو ، بەلام پێشی هونەرناگیرێ ، هەرلەوسەردەمەدا ،جگە لەو هەموو شاعیر و مامۆستا کوردی وێژەی کەهەڵکەوتن ،نووسەر و وەرگێڕی گەورەی وەك : " محمد قاضی "لەوگەلە سەرکوت کراوە هەڵکەوت،کەلەزمانی فارسی دابۆ هەمیشە جێگای فەخروشانازی یە، ئێستا ئەو شتەی بەقەرزلێ یان ئەستاندبووم ، کەم تاکورتێك داویانەوە دەڵێن ـ" قەرز کۆن دەبێ و نافەوتێ " .



کوردیکا
@kurdica

هاواره بەره هاوارم لێ دەکا ودەڵێ :

- ئەو هەڕوگیفانەت چی لێـــهات ؟ بەقاچاخی لە کەلێن و قوژبنان ، بە پەلە وهەڵە فێرم بووی ،بەوتاوانە هەزار پـەت پەت وخەف خەفت پێ کرا ، سەدان شەپ وگەپت خوارد، فەرموو " دۆم بی وکە لاش بۆخۆی بکا "منیـش بەو میسرعە جوانەی مامۆستا " فایق بێ کەس " هاواره بەری خۆم دەس پێ دەکەم ٠

" بـەسیـە تـــانـەم لـێ مـەدە هەرڕۆڵەکەی جارانتم"

شاره جوان وخاوێن وخونچیلانەکەی سابلاغ ، کەکانگای بیرەوەری و خەون وخەیاڵی منالی ولاوەتی منە، ئەو ڕووگەیەی کەمێشك و خـەیـالم ، دڵ ودەمارم ،وەك پەپوولێکی سەرلێ شێواو، دوورەپەرێز ،دووره گـوڵ و دووره شەم ، ،لەباڵە فڕە کەوتووە، چاوەڕێی رۆژێکە خۆلە باوەشی گەرم و گوڕی ئەو هاوێتەوە ،هەرنەبێ ئاووگڵ رامان کێشێتەوە لای خۆی، ئـــەو شاره پڕمێشکە، پڕلە مەسەلەی جوان ، پڕە لە مەتەڵۆکەی رەسەن ، پڕلە جەفەنگ وگاڵتە ،یەکێك لەوجەفەنگانە ئەوەیە" کرمانج دەزێ "مەبەستیان ئەوەیە: " کرمانجێکی میوان کەیە ماڵێ ،سێ چوارێکی لەگەڵ خۆی دێنێ " هاواره بەری منیش بە سوننەتی کرمانجەتی ، زاوە وچەندهاواری دی بەشوێن خۆی دا رادەکێشێ " رێوی بۆخۆی لەکونێ وەنەدەچوو ،هـــەش گەلێکی بە دووی خۆی دا دەکێشا "

هاواره بەرەی منیش هاواربەری ئەو هاوارانەیە:

* هاواری شوانێکی ئەویندار ، لێ قەوماو ،دەس کورت، بێ دایی وباب ٠
* هاواری پیرە پیاوێکی ژن مردوو ، دەوڵەمەندێکی لێکەوتوو وتەنیا ٠
* هاواری بێوەژنێکی ، جحێڵ ،جوان چاك ،فیداکار ،لەدژایـــــەتـــــی دەروونی دا ٠
* هاواری کوڕێکی منالْ ،سەغیر ،رەزا سووك ، تینووی خۆشەویستی ٠
* هاواری میرزایەکی تێ گەیشتوو ،ئاشنابەدەرد، هەلاتوو٠

ـ هاواره بهرهى من ،هاوارى لهگهرووداخنگاو ، هاوارى رووتى ونهدارى تهنيايى و بێ دهسهڵاتى ، وشيارى و بێدهنگى يه هاوارلهدهس داب‌ور رهسمى غهڵهتى كۆمهڵايهتى ، هاوارله دهس فهرق وجيا وازى يه •

لهو نووسراوهدا ، حهولم داوه وشهى رهسهنى كوردى ، ئيستيلاحى باش لهقالبى چيرۆكێكى سوننهتى كوردهوارى دا رێژم ، حهولم داوه ئهوشتانهى له بيرچوونهوه ،بێ دهفتهرى وبێ قاموسى خۆڵهمێشى فهراموٚشى بهسهر داكردوون بێنه وهكايه •

لهجێ يهكى دا ، بيروراى ئينسانى بهسهر جياوازى چينيايهتى دا زاڵ بووه، كچه دهوڵهمهندم داوه به كوره فهقير ، سوننهت شكاوه ومحـــهك گۆراوه • وهختێك خهريكى نووسينى ئهو نووسراوه بووم ، دوستێكى گهوره وخۆشهويستم بهتێ راديوى پێى گوتم : ـ تۆخوڵاكهى بهسيان به نـاكامـى بمرێنه، ئهوكچۆڵهى بده بهوكورهى وله كۆڵى كهوه،منيش دڵيم نهشكانـد چ بكهم ، هاتبوه سهر بهرهى ،جوان نهبوو ههڵى ستێنم •

پێويسته بڵێم تهواوى ئهوچيرۆكه خهياڵى يه ،جگهله خهياڵ خهياڵێكى ترم نهبووه، لهگهڵ كهسم نيه ،كهس نهى هێنێته سهرخۆى •

سۆفى ئهحمهد، پيره، ياره، خهزاڵ ،حاجى حهمه، حاجى ژن ،ميرزا مام حهسهن ، بلهچهرچى ،ناز،وهتمان ،ئهستى ،و ئهوانى تر ههموويـــان قـارهمانى خهياڵى ئهوچيرۆكهن • ههريهكهى به لايهكى دا ئهويندارن،له و نێوهدا تهنيا پـــيرهم كوشتووه، ئهويش ئهجهلى هاتبوو، دهرزىودهرمان نهبوو،چم پێ نهكرا • بۆپاڵهوانى چيرۆكـهكـــهم رێز وحورمهت قايلـم ، نامهوێ ههررۆژ نارۆژێك يهكيان بمرێ ،ئهوانم خۆش دهوێ ،بووكهچينى بى بى جان نين ، بێنه سهر پهرده ولــه عهرزى درێن ، زۆريان قـورس و قايم وبههێز وپتـهون •

پاڵهوانهكانى ئهوچيرۆكه،نيشان دهر ونموونهى كـــــــۆمهڵێكـى كوردهوارين •

زۆربەیـان موسـوڵمـانن وشەرم و حەیـای تایبەتی یـان تێدایە ولێـرەدا شەیتـان و شۆفارێکیش پێویسـت بوو ئەویش بلە چەرچی یە.
حەولم داوە، چیرۆکەکە نەبێتە بـازاڕی ولك وپۆپـــی لێ نەبێتەوە دەمتوانی زۆرلەوەی پتر بنووسم وچەنە درێژی بکەم ، چاوم کرد لە مایـــە دەکەوێ ، بێ تام دەبێ ، باوەك دێزی عەجەمـان ، خەست و خۆڵ بـــێ و چەڵەنگێکی ئاوتێ نەکرێ ،خوێنەری ئەو ڕۆژ ، زۆر حەوسەڵەی چـــەنە چەنی نیە، " زۆرکوتن قورئان خۆشە " " هەشت بێ ولەمشت بێ نـــەك نۆبێ و نەبێ "
خـوێنەری بەرێـز !
ڕەنگە پاش خوێندنەوەی ئەو کتێبە، ئەو پرسیارە بێتە پێش :
" میرزا " چی بەسەردێ و بۆکوێ دەچـێ ؟
جوابەکـەی ئـەوەیە :
" میـرزا " پیاوێکی لەسەردلانە، بانگێشتنی کەن و پێشـوازی لێ بکەن ، لە دەفتەرێکی دیکە سەر وەدەردەنێ ، دەنا ، نـــا وەك تـۆراو ە دەتۆری ومنیش بە ردێکی لە سەر دادەنێم و پالی لێ دە دەمەوە.

گـەلاویـژی ١٣٦٨
( فـەتـــاح ئـــەمیـــری )

# ١

دەڕوا ،هەر دەڕوا ، قوت وسڵ ، قیت وزیت ،توندوتۆڵ ،گورج وگۆڵ ، روح سووك ولەبەردلان ، كزوساخ جووتێك گوڵینگی سورمەرەز بەتەنیشت زەنگاڵەكانیەوەكایە دەكەن ٠ جارجار ئاوڕێكی دەداتەوە ، بەراست و چەپ دا چاوێكی ڕێ دەخشێنێ هەڵەشەیە ، زۆرپەلە دەكا ، رانك وچۆخێكی تاوبردوو ، شەدێكی ریشوونەماو ،جووتێك كەلاشی نووك هەڵگەڕاوەی قولاغە كراوی لەپێ دایە٠

هەردووك ئانیشكی چۆخەكەی شی بوونەوە ، ئاهێكیان پێوەنەماوە ، رانكەكەی پاش وپێش كراو ، كۆترە باریكەی لەبرینانەوە دەچێ ،هەرچەند كلاوەكەی پلێتەی وەدەر كەوتووە ،كەچی نوشتەیەكی قەڵەوی لەتەپڵەی قایم كراوە ٠

گۆپاڵێكی دار بەڕووی سەربزماركراوی بەدەستەوە ، تازەخەتی دەدا، فیكەی سمێڵی دێ ، ترس لەچاوی دامردووە، شای بەگاوان ناگرێ ، نانی ئەوجەمەی هەبێ ،لەجەمی دی ناپرسێ ، راخەری عەرزەو پێخەفی ئاسمان، كەركوڵ وبارسووك ، رێگادەپێوێ ،حندرحۆ دەكا ،جارجار لابازداوێ ، بە حەقلەمەقۆ وهەنگڵەشەلەش دەڕوا ٠

دەڕوا گەرچی هەربەقسەرۆینە، پترلەرمبازێن وشەڕناخێوی دەچێ ، هەوراز ولێژی رێ دەرۆستی نایە، ماندووبوون لەزاتی دانیە، وەك تەیر ی بێ بالْ تیرەگ و لاپالْی جێ دێلێ ، وردە بەردی بەر پێی لە عەرز یەوەدەبا ، تاو وتینی لاوی زەوی رەق وبەردەلانی وەك هەویری بێ پێز نەرم و شل دەکا، ئەوجار گورگ ئاوڕێکی داوە ،دەستی کردبەفیتوولێدان ، ئاگای لـــــە مەحموودی بێ زەوادنیە.

لە هەورازێکی رژدوەسەرکەوت ،بەسەر دارستانێکی پان وبـــەریـن داکەوت ، باریکە رێ یەك بەپەنا دارستان دا خۆی راکێشاوە. لە هێندێك جێ یان وەنێودار ودەوەن دەکەوێ رێبوار ون دەبێ ، دیسان ســەر وەدەر دەنێ ، رێ پڕە لەپێچ وفلۆوچ . دارستان بە پانایی پاناوك و بە درێژایی دۆلْ و دەرە، بەدلْی لاپالْ و گەوەوە سەوزایی وشینایی بلاوکـــردووە ، سروشت وەك حاتەمی تایی و سولەیمانی نەبی سفرەی سەوز و گەشی بە ولات دا راخستووە. لەبەر شینایی رەش وگەش دەنوێنێ ، پنچك بەژنــی بەرزی داری لە ئامێزدایە، لك دەستی بە داوێنی پۆپ گرتووە.

پیرە دار شانیان رەشانی یەك دەخەن ،چورتە چورت وسیرە سیرەیـا ن گوێی ولاتی کەرکردووە، دارستان تێك چرژاو، لێك ها لاو مووی نابوێرێ تیری تێ ناچێ ، بابوێرنیە، تەنانەت قەلەشتی بەردەکانیشی رەنگ ئـاژۆ نەمامی شلك وساوای لێ رواندووە، کتك لە سەر رمبانە.

نیسێ بەسەران کشاوە، شەمالْی شەوگەرهەلْی کردووە ، ، جار جار شەپولێکی بای تیژ بەسەر چلووکی دارەکان دا تێدەپەرێ ، گێژیان پێ دەدا، دەیان شەکێنێ ،بەلام نایان تەکێنێ ، پالەوپەستۆیان دەدا ،ئەمالێکیان جیاناکاتەوە .

خەلْفی تەر وتورت لەبلێندایی هەرە بەرزی شینایی دا کەروێشکـــە دەکەن ، نسکۆ دەبەن ، هەلْ دەستنەوە، سەرچلۆوك دێتەسەما وشەوشی بـا دارستان بەسام تر دەکا ، هازە و ویزەی وەك سرتەی دلْداران لە جێ ژوانی



@kurdica

بەسام دڵ بزوێنە ودڵ لەرزێنە.

ڕۆژ خەریکی ئاوابوونە، ڕێبوار پڕبەچاوی سەیری جوانی دەکا شەوێ لەکوێ سەر بنێتەوە ؟ لەکام گوند؟

لەوتاقە ماڵەی پەنادار بەرۆوەکە ؟ ! ...

بە راشکاوی هەنگاو هەڵدێتێ.

- دەچمە بەردەرکی تاقەماڵ ، نان نەچۆتە پشتی شێران ، سەڵت و رەبەن هەرچی خوا دابووی دەیخۆین.

پیرێژنێك ، لەتەنیشت کوچکاورگ ، خەریکی شێولێ نانە.

- سڵاو دایە پیرە ! دایە پیرە میوانی را دەگری ؟

دایە پیرە : - میوان بەخێر بێ سەرچاوان ، کوڕم لەسەر ئەو سەکۆیە دانیشە ، سۆفی ئەحمەدیش ئێستا دێتەوە ، دەی کوڕم ، دەی ، ئەودوۆدانەی سەرەوە دوێ ڕۆژی یە ، لەوێ دیکەیان بۆخۆت تێکە ، رەنگە ماندووبی ، زۆریشم قسە لەگەڵ مەکە رۆن و پیوازەکەم دەسووتێ ، دەبڕو کوڕم هەزار ساڵ بی ، سۆفی بێتەوە لە خۆشیانت خەنی دەبێ .

کوڕە ، ڕۆنیشت ، سوکنا ، چاوێکی بەدەوروبەری داگێرا ، نێوماڵێکی چوار کۆڵەکە ، هەرکۆڵەکەی کوولەکە سەرئاوی یەك پێوە هەڵاوەسراو ، هەرزاڵێکی بەرە پێدادراو ، تەندوورێك دەرخۆنەیەکی قشمیلانە لەسەر ، دووسێ دەستەنوێن ، چەند لبادوحەسیر ، هێندێك قاپ ، قازان ، کەندوویەکی ئاخندراو ، سەروەت وسامانی ئەوماڵە بوو.

زۆر پێ ناچێ ، پیرەپیاوێکی ریش سپی ، جەماڵ پاك ، خاوێن ، وێچوو ، بەچەند نەرمە کۆخەی ویشك و کۆڵێك گەڵ وچرپی چندراوە جیرەی لەچەپەری حەوشە هێنا.

سڵاو دەکا ، دایە پیرە بۆڵەیەکی لێ دێ ، کۆڵی لێ وەردەگرێ ، سۆفی دووجاری دەست بەچاوی داهێنا وکوتی : - میوان بەخێربێ سەر سەران ، سەرچاوان، کوڕم ! دەس نوێژم هەڵ نەگرتووە ، ئێستا دێمەوە.

لکەسۆرانی یە بۆرەکانی بەپەلە هەلْکرد، چوو بۆ لای کانی یەکـــە ی بەر دەرکیان ، بەرێ وە هەرای کرد : ـ پیرە پالّەوپشتی بۆمیوان بێنە٠

کەولْ لە عەرزێ درا ، مزراویلکە بۆنی لەو لاّتی گەڕا ، نانی چووکە ، مەیلەو سوور ، برژاو ، بێ قەراخ ، نانی گەنمە سمەوەج ، خوارشتی خۆش، ناسك ، تەنك ، سەلکەپیواز ، پیالّەیەك خوێ ٠

هەریەکەی جامێکی مس ، هەلّمی لەسەر هەلْدەستێ ، کوڕە برسی یە ، ماندووە ،سۆفی رووی تێدەکا ودەلّێ : ـ کوڕم ! شەرمێ مەکە،مالّە خۆتە ، میوانی درەنگ وەختی گلەیی لەسەرخۆیەتی ، تێکوشە، ماندووی،هیلاکی، دەی رۆلّەم ٠

مزارویلکەیەکی چەور ، هێلکەی خڕتێدا ، مزرە، ترشی سماق تام و بۆنی داوەتێ ، چاکی خوارد ، لێسی دا ، بەئاخرپاروو جامـەکـــەی وا ئەستڕ یەوە وەك بەحەوت ئاوان شۆرابێ ٠

کوڕە کشاوە وکوتی : ـ بەزیادبێ ، دەستاوی دایەپیرە خۆشە ،لەمێژە ئەوەندەم نەخواردووە، ئاوەدان بێ ٠

ســۆفی : ـ نوێشی گیانت بێ ، ئێمەپیرین،تلّێت نەبێبەڕێناچین ، ئەوانەی دابووینێ یەك یەك لێمان دەستێنێ تەوە ،دیسان چاکەشکورجارێ زەلیل نەبووین ٠

شێو خورا وبەزیادیان کرد، کەولْ کۆکراوە، سۆفی قەنەیەکی تێکرد ، بەئەستێ و پووشووی دای گیرساند، دوومژی توندی لێدا ، کوتی : ـ دە ی کوڕم ، نەت کوت نێوت چیە و لەچی دەگەڕێی ؟ کوڕە ـ مامەگیان نێـو م ( یارە ) یە خەلّکی ئەولا سەرەم ، لەکارداری دەگـەڕێـم ، شـــوانـــی بەرخەوانی ، زۆرتر شوان بووم ، هەرچی خوا بـە قسمـەتـی کـا ، رسقـم هەلْقەندراوە ، هاتوومە ئەو و لاّتە ٠

سۆفی ماتەی بۆهەلْ گرتووە ،قسەکانی یارەی ، سەرەرای ساویلکەیی و ساکاری ، وریایانە دەدی ، بەجێ ورێ بوون ، کوڕەی خۆش دەویســت،

ئەی دەزانی بۆ؟ لەخۆڕا ، چ شتێك ببووه سەبەب ؟٠٠٠٠٠،

سۆفی لەدڵەخۆی دا دەیکوت : ـ بریا کەرکە مەڕێکم هەبا ، ئەو کوڕه قیت و قۆزەم دەگرت بەشوان ، شوانێکی وریا ، ژیکەڵە، ئای فەقیری چت بەسەرهێنام ؟ کلکی کەری‌وەیسم بڕی‌بوو؟ بەردم بەگومبەزێ دادا ؟ کوفرم کرد؟ پێم لەنانی نا ؟ چی ؟ بۆ؟ ئەودەمی سامان داربووم ، چادر و چیغمان هەبوو ، گەرمین وکوێستانم دەکرد ، هۆبە وهەوارێ دەچووم،پیره بێزه دۆش، شەنگه بێری ، شەنگ وشۆخ ، قولّچاغ وبەربێنکه لەبەردا ، ، لەبەر کاڕو کووڕی مەڕوبەرخەل گوێی فەلّەك کەڕ دەبوو ، وەك ماڵه قەرەتاژدینی ٠

کۆز ، هۆڵ و دانگە، بێر، لابێروهاوێر، زاوەماك، چێشتان ،پاڵێن وشەوێن ،گۆچان ، دەزبێن و توربێن ، قاپووت وجل وجۆڕ بە خەیاڵی دا وەك گلۆڵەیەکی خلۆر بۆوه وکرایەوەوهەڵکرایەوه٠

سۆفی نوقمی خەیاڵی ڕۆژان وشەوانی لاوی ، وەك تابلۆیەکی دووراو دوور ، لەژیانی رابردووی ، شەکەتی وماندوویی ڕۆژی ،لە ئامێزی شەوانەی شەنگە بێری دا لەبیردەبردەوه، ئۆخژنی بەدڵی دادەهات ٠

دەیان ساڵ گەڕابۆوه دوایە، بەدووی چوان دا دەچوو ، لەدەریای بێ پەی بیروئەندێش مەلەباسکەی دەکرد ، بگره مەلەنەبوو، غەرق بوون ، تێکه ڵاوبوون، ون بوون، زیندەخەو ،خۆشەخەیاڵ ٠کوڕه جوانە مەرگەکەی لەتەمەنی منداڵی وساوایی دا دەدی ، کەوایەکی قوتنی سوور لەبەر ، کڵاوی کووژەکەدار لەسەر بەشووڵێکی لاوێن ،هاوێری لەگەڵ دەکردن ، جارجار دەی دی ، دەستە چکۆڵەکانی لەئامێزی کاریلەیەکی،ڕەش بەڵەك ساوا ،چاوبزی زیت ، شان بەشانیەوه هەڵ دێ وکایە دەکا ٠

باسقەنەلە دەستی دا شل بۆتەوه، دەمارنیوه سووتاو کووژاوەتەوه دەستە چرچەکانی ویشك وبێ هێزن ، چەشنی تەختەیەکی کۆن ،لەنەکاو راپەڕی ! فرمێسکی سارد بە سەرگۆنایەوه ڕەخسی ، قەترەیەك سوێراوی

کۆن ، خوناوەی خویّواوك . ئاونگی بەهاری تێپەڕبوو ، هەناسەیەکی هەڵکێشا وکوتی : ـ کوڕم ! بریا مردن هەبا ، پیری نەبا ، ئەویش پیری و دەس تەنگی ، پیری وپەرێشانی ، پیری ودەرد . بەناشکوری نالێم ، مالاتێکی وام لە دەرکێ نەماوە ، زەوی وزارەکەم لەمێژە گاسنی وێ نەکەوتوە ، کاردارگرتنم لە توانای دانیە .

ـ بۆیەش نالێم لەکۆڵە خۆمت کەمەوە ، پێم خۆشە لێرە بی ، ئەو نان و دۆیەم لەتۆ رەچاونیە ، هەتالێرەبی ماڵە خۆتە ،جارێ غەریبی چەند رۆژێك بمێنەوە ، ئەتۆش چاووگوێت دەکرێتەوە ، کاریش پەیدادەبێ .

یارە : ـ مامە گیان ماڵ هەرئاوەدان بێ ، پیاوبەکەم نەزانێ ، بەزۆریش نازانێ ، ساڵ درەنگە ، کاردارگیراوە ، دەبێ برۆم،ئەتۆش وەك بابی خۆم ، ئەگەر دەکرێ ماڵێکی باشم پێ بلێ بچمە لای ، دامەزرێم ، ئیزنت لەسەربێ ، زوو زوو ، سەرت لێ دەدەم .

سۆفی : ـ راست دەکەی رۆڵەم ، قسەی تۆ راستە ، ساڵ درەنگە با خاترجەم بی ، لەماڵە مەبەرەوخوار ، دارستان کۆتایی دێ ، ئەو دێ یانەی بەرەوە ، پـڕن لە مەردار ، ماڵی گەورە گەورەی لێن ، هەمووکەس منەتی دەبا ، کوڕێکی وەك تۆباش ،توندوتۆڵ ولەبەر دڵان ،پێیان رازی بێ ، هەوەڵ دێی سەر رێگات ، دۆستێکی منی لێ یە پیاوی چاکە ،گەورە ماڵن ، بەبێنە بێنەوسایە چەورن، تێروتەسەل وکۆك و پۆشتەن ، ئەگەر پەلەت هەیە ، سبەینێ زوو وەرێ دەکەوی ، دەچیە ماڵی ئەوان ، لەزمان منەوە دوعا وسلاوی پێ دەگەیێنی ، " حاجی حەمە " هاوالی منالی خۆمە، برادەرین ، هەزار جارمان گۆیێن وتۆپێن وئەو حەلەم قەلەمانە پێکەوە کردووە ،جارجاریش ئای بەخوای سەروگوێی یەکترمان تێك کردۆتەوە ، نێوی من بێنی دادەمەزرێی بۆخۆشم سەرت لێ دەدەم ، ئەندێشێ مەکە ، غەم مەخۆ، کارت دەس نەکەوت وەرەوە لای مامی خۆت ، کوڕم نیـە ، دەت کەمە کوڕی خۆم ، باوکێکی فەقیر چاترە لەساحێب ماڵێکی

دەوڵەمەند، حاجی حەمە زۆرپیاوی چاکە، ئەوەت پێ بڵێم لەهەموو کەس باشترە، دڵی بەقەت سێڵێکە، لەحەق وبەراتیش مەترسە وابزانە لە گیرفانت دایە، پەڵپ وبیانووی نیە، سەرچەوتی ناکا ،دووکوڕی هە یە دەڵێی مەڕی پێغەمبەرین، یەك لەیەك چاتر، دەجاخۆحاجی ژن باسی ناکرێ، جێی لێ نەبێ وەك حەزرەتی ئایشێ وایە.

جێگا راخراوە، لێفەوجاجم وسەنیر، نوێنی کۆن وخاوێن،چرای رۆن گەرچەك کزبووە، تائێستا سۆفی چەندجاری گڕی چرابەچیلکەیەك خۆش کرد، دایە پڕەلەلایەکی خەوتووە، پرخەی دێ، سۆفی سوێرقسەیە،چەنەی گەرم داهاتووە، بێ خەوی لێ بۆتە عادەت، روولەیارە دەکا ودەڵێ:بابی من ! شوانی ساڵ وزەمانان شمشاڵیان باش دەزانی، تۆهیچ فێر بووی ؟

یارە: ـ بەڵێ مامەگیان، منیش کەم تاکورتێك دەزانم،حەوت ،هەشت ساڵە لێدەدەم، سۆفی : ـ ئای لەچاوی منتکەوێ، ئەی بابم بی کوڕە، عەمەدرێژبی، ئەدی لەچی راوەستاوی ؟ ناتەوێ من گوێم لێ بێ ؟

یارە : ـ مامەگیان ئەدی د. د. دایەپیرە !

سۆفی : ـ رۆڵەگیان ! پیرە لەحەوت سالان راستەوەبووە، دەهۆڵی بۆ لێدەی وەخەبەر نایە، ئەوساڵ گوێ یەکانی بەتەواوی گران بوون،پرخەشی خەوی لێ حەرام کردووم، نەخۆشی دەستی پرخە پرخی ئەوم، وە دەزانی بەدەس چیەوە پێوەبووم ؟!

ـ خەمی ئەوت نەبێ ،دەی بابم، دەی باپیرم ،کۆنە برینم کولاونەوە، بەڵکە شمشاڵی تـۆ ئاوپرژێنی کڵی دڵم بێ.

یارە، تێی تووڕاند، شارەزا، وەستایانە، شمشاڵی دەلەرزاند لەگەڵ تەمەنی نەی دەخوێندەوە، پشووی لاوبەئەزموونی پیرانە، وەك ئەسپێکی وێرغە قامکی لەسەر کونی شمشاڵ دەگوێستەوە، نیسێی قامك و بلوێرەکەی، بەتارمایی وشەبەقی نیوە زیندووی پی سۆز، لەسەر دیوارە قوڕماویەکە، وەك جاڵجاڵۆوکەیەکی رەشی زلە دەچێ.



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

" سـوارۆ ! سـواری دمجـونـدیـه"
" بـابـی منـت بێتـموه بمقوربـانی ئەوێ قـمبطێ دمچاویــه "
" ئمتۆ نـازانی نێو ونیشانی چووکه لەسـواری مـن چیــه "
" سـواره ، سـوارەمـمبـموه لـه شێیـان، شێیـان خـمفـمكن "
"سـوار مـمبـموه لـمبۆران ، بـۆران وه ستـمكـن "
" ئـمـن دەمـرم لـمبمركوێتی داوین تـاریکی عمسلمه سم خری "
" ئەگمر ئەو سمر ئـمـوسـمری مـمیـدانــێ دێ و دمكـــۆرێ "
" سـمری عارمبه سوارمكەی به نۆلیـرەی گمرمێنێ دمكـرێ "

دەنـگ ، دەنگی ئاشنا ، دەنگی شمشالْ وەك کۆتری بەهاری دەگمێنێ ، بلێندونەوی دەبێ ، دەنگی دەخا وهەلْ دێنێ و دەمرێ ودەژێتەوه •

سلۆفی وەك حەقەپەلەی پاییز ، فرمێسك هەلْ دەوەرێنێ ، لـووشمـه لووشمی دێ ، سەری بەئەنیسكانەوه هەلْ دەقەندرێ •

دایه پیره پرخەی ریێی رۆژێك دەروا •

هەر یەکەی لەدنیای خۆی دا دەژی ، هەرکەس بەربەی خۆی دەپێـوێ ، پشووی بەتینی لاو وهەناسەی ساردی پیر رقەیانه ، دیارنیه کـامیـان دەبەزن ،هەرچی هەیەکولْ و کۆی دلْیان دادەمرکێ :

خەوبەسەر و لات دازالە ، هاشەو وشەی بای دارستـان ئـاهـەنگـی تایبەتی خۆی هەیه ، جارجار چەق ولووری سەگ، حەپەحەپی غەلْدی بێدەنگی شەو دەشكێنێ •

شەو راشكاوه ،چۆكی قورس و بەسامی شەو لەسەرسینگی کوری رۆژه ، شەو دنیای لەجم وجوولەخستوه ، چارشێوی وەك قیلی شەو ،هەمووجوانی و ناحەزی ،هەموو رەمزوراز ، هەموو دەردو داخ ،هەموو خێروخۆشی داپۆشیوه شەو قەلای بێ دەنگی یه ، بێدەنگی بەسەر و لات داسەپاوه شەو شەقلْی به شەقام ورێ وبانان داهێناوه ، بەرگی عەزای پۆشیوه •

ئەستێره یەك یەك رادەخوشن ، شەوهەمان هەلْ دەوێزنێ ،چاوترووكێن

نامێنێ . کاروان کوژه دەکووژێتەوە، ئەستێرەی رۆژێ ئاخرسەنگەرە ،
خەونەهاتۆتە وشیاری یەوە . ،

یارە ،دم و چاوشوراو ،دیسان قیت وقۆز، دیسان بێ فیزوپۆز بەریوەیە بەرەورێگای چارەنووس ، بەرەو دوارۆژی نادیاری . دەڕوا تازە هــەتــا و هەوەڵ گزینگی دەردەخا . دنیارەنگی زیوە. ئاونگ لاق و لــــــــەتــەر ی خووساندووە، تەزووی شەونەڕەویوە، سەرمای بەیان لەش ریك دێنێ ، ،
هەوای سووکی بەیان سینگی پڕکردووە. سی یەکانی هێندەی دی کردۆتەوە. ها لاوی پشووی لەدڵی سەرمادا بلاو دەبێتەوە. رێبوارە مێرمنداڵەکــــە ی ئێمە، هەنگاوی توند هەڵدێنێ ، سۆفی رێی قسەی بۆکردۆتەوە، بیانووی داوەتە دەستی ، ساحێب مەڕناڵێ نات ناسم ، سۆفی ناردوویەتی ،سۆفی ئەسپاردوویەتی ،خۆشی ،سەری لێدەدا . لەماڵی حاجی نیزیك بۆتەوە، ،
ئەورێ وشوێنەی سۆفی دەیکوت ، راست خۆیەتی ،هەوە ، دەرك وبــانــی ئاوەلا، سەرانگوێلکی گەورە ،قەلاغی پان وبەرین ،هۆڵ ،دانگەمەیدانــە ئەسپێك ، ماڵی حاجی لاپەڕە، قەراخ دێ یە ، گیشە گیایەك دەستی وێ نەکەوتووە، چلێی لێ رانەکشاوە، ئاوەڕۆی دەرچووە، بەسێ سوو وجەگـە ن بارانی کراوە،کەلاوەیەکی سواخ دراو بەشی ساڵێکی کاتێدا ، ئەوکابرایە دەبێ پیاوێکی پوخت بێ ، بەسەلیقەیە، بەمشوورە، رەنگە چەور وچلکـن بێ ، ناوەلا کاری چۆنە، دەرك وبانی چۆنە، بۆخۆشی وایە. سۆفی تاریفی دەکرد، کەیخودا ، دڵ ئاوا ، بەنان ، میوان گر ، سایەچەور، لەوفکرانەدا ، سەگێکی بەڵەکی چوارچاو وزاقی دایە، سەگی لەلاچ نیە، سەگی لەلاپنگە گۆپاڵی داربەڕوولەفریای دێ ، بەبێ ئەوەی شلوێ بێ گۆپاڵ بــــە دە ور ی خۆی دادەسووڕێنێ ، بەلام غەریبە، هەنا سەساردە، نابەڵەد، سەبەڵەك بە هۆی خۆی دەزانێ ، بەدەوری دا دەسووڕێ ناوێرێ ئانگژای بێ ،یەکــی دی بائامبازی دەبوو، یارە کوری مێگەلە، شوانە ، سامی لەسەگ شکاوە ، چاوڵە چاوی ناکا، چەلاغی ناکا، لێشی نادا ، وەك سەری پێوەنەبێ ،

بەهێندی ناگرێ ٠

زەلامێك دەگاتێ ورەوانەیدەكا ،دەیباتەژووری،سلاووماندوونەبینی ، بەخێرهێنان، نان لەپێش دانان ، ئەگەر رای گرن جێی خۆی گرتووە ، مالێكی سەرئاوەلایە٠

حاجی رووی تێدەكاودەلێ : ـ كورم نێوت چیە؟ كوێندەری ؟

یارە: ـ مامە حاجی نێوم یارەیە، خەلكی سەریم ، لەشوانی دەگەڕێم ، سۆفی حەوالەی خزمەت تۆی كردووم ٠

حاجی : ـ كام سۆفی ؟

یارە: ـ سۆفی ئەحمەد، تاقەمالی پەناداربەرووەكە، مێردی پیرە،

حاجی : ـ دەی دەی سۆفی خۆلامان ،چۆنە؟ ناساخ نیە ؟

یارە: ـ شكور چاكە، سلاوی دەگەیاندی ، شەوێ میوانی ئەوبووم ٠

حاجی : ـ چەند سالەشوانی كوڕم ؟

یارە: ـ لەوەتی هەم ، بابم خواحافووی كالەگەل مردووی ئێوە، لە مندالی را رەگەل خۆی خستم ، واهات دوای ئەویش دەستم لێ هەلنەگرت، بۆكاری دی پشتم رەق بووە، بەلام هەزار مەرم وەپیش كەی نەهۆمێ ناهێنم ، سەرێك بێ شوێن بێ ،بەراتم ناوێ٠

حاجی : ـ وادیارە كوڕێكی توندوتۆلی ، جگەلەوەش سۆفی ئەحمەد ئیختیاری سەرومالی منی هەیە، قەولی وی ،قسەی منە،بەخێرێی٠

ـ قسەی لەسەرنیە، بەلام بڕێك درەنگ هاتووی ، شوانم گرتووە،تازە حەیبە، پیاوقسەی كردتەواوە، بەرخەوانیم هەیە، لەقەدەر ئەوسال باشە ، كە تێك بەلەد بووین، سالێكی دی چۆنی پێت خوش بوو وادەكەین،ئەگەر ئەتۆ كوڕی چاك بی ، شوانێكی پسپۆربی ،خەلك منەتێ دەبا ، كاردار ی چاك كەمە، ئەوی هەیە دەبێ بەزێڕی سووربیكڕی،بەرخەوانی ئاسوودەترە ، بەراتەكەشی فەرقێكی وای نیە٠

یارە : ـ دەی باشە مامە حاجی ، دەفەرمووی دەبمە بەرخەوان ٠ بەرات و

بەرگ و لیباس وحەقە پیلاو قسەکرا ، نان وپێخۆرونوێن وپێخەفیش لەماڵی حاجی ۰

کەرەسەی پێویست هاتە گۆڕێ ، قاپووت، زەنگاڵ ،توربێن، شـــووڵ گۆچان ۰

بەرخەل لەداردرا وەك گوێزی بەئەژمار وەپێشیان کرد ۰یـارە بەرخـەل نێری کێش دەکا ، بەدەشت وچیاوەی ناوە، شمشاڵ دەژەنێ ،نەرم ولەسە رخۆ لەسەرەخۆ ،کاری هاسانە ،بەرخەوانی بۆوی گاڵتەیە ،کارێکی نیە، ئــــاو خواردنەوەیە، بەیانی دەری دەگا ، قاوەڵتوونێ دەێنوێنێ ، هەرۆژەی لــە جەوشەیەك ،هەرکاتەی لەدەراوێك ۰ بەرخ کاوێـــــژ دەکـەن ۰ یارە بلوێر لێ دەدا ، وڵات کەروبێدەنگە کاریلەهەڵبەزدەکەن ، شەیتانن ، شۆخن ، بازبازەکێیانە بەرخ هێدی وئارام ،خولەبەرتاوێ هەڵدەخەن ، زۆربـــە ی رۆژان ، یارەدەس دەداتە پیشکەقەزوان ،لەقەراخ بــــــەرخەل دەگـەڕێو دەدۆزێتەوە، ئاڵەکۆك ، کەنگر ، ئەسپنگ ،جارجاریش خۆبەپێشە قـەزوان دادەدا ، ئەوەندەی بڵێی یەك ودوو، چەند جـــەڵلەکیفۆك هەڵ دەقەنێ ، چڵ چڵەکیفۆك جەڵلەدەکا ، راستوچەپ ،وەك فیشکدان دەیهاوێتە ئەستۆی بەراست وچەپ دا ، کیفۆکەکان دەدا بەحاجی ژن، لەشیردا دەیـــــان کولێنێ ، کیفۆك کولاوی نێوشیر خۆشترە ،لەئاوریش دادەی پیشێنن۰

هەموو رۆژێ گژوگیای کێوی پێ یە، دیاری شوانە ئاڵەکۆکە، رۆ ژ ی وایە دەیان دابە" خەزاڵ " خەزاڵ تاقەکچی حاجی یە،حاجی دووکـــوڕ ی جحێڵ وبەژن ومالی هەیە" ئەولە" و " نەسە" خەزاڵ پاشە بەرەیـــــــە ، نازدارە، خۆشەویستە،میرمنداڵە، تازەدەگاتێ ،کاتی پێکەنین زۆرمنداڵ دیاری دەکا ،قژی کاڵە، چاوی کاڵە ،لێوی ئاڵە،وشیاروتوندوتۆڵە، لەکـار هاتۆتە دەرێ۰، کاری مەزرایەی نەکردووە، لەکاری ماڵێ بــــەتـەواوی شارەزایە۰

کاتێك یارە بەرخەل بەحەوشەوە دەکا ، دەرکی کۆزی بۆهەڵ دەگـــرێ

بەرخەلی لەگەڵ دادەکا ، چڵەتیکانێك ،پنچکێك ، شوولێك ،هەرچـــــی وبەر دەستی بێ ، دەس دەداتی پخ پخی لەبەرخ وکاریلان دەکا ،جا ر جاریش بەپاڵەوپەستۆ دەیان هاوێنە کۆزێ ،کۆزی بەرخان لەگۆشـەیەکـی حەوشە بەسەرهۆلێکی درێژەوە هەڵکەوتووە٠

هەتا مەردەگاتەوە، نان وپێخۆری لەپێش یارە دادەنێ ،لەگەڵ یـــارە لەتەمەنێك دایە٠

بێرە دۆشی چاکە،لەگەڵ یەکێك لەبرا ژنەکانی مەڕدەدۆشن ،بەرخەلی تێبەردەدەن ،هەموولەدەوری کۆدەبنەوە ،یەك مەڕەنەبان دەگرێ ، ، یەك مێچکە دەمێژێ ،یەك بێچوە لاوازتێردەکا ویەك خەریکی مێژۆکە،بێ کار ی تێدانیە،بێ کارجێی نیە" دەستی ماندوولەسەرزگی تێرە "یارە،کوڕێکی باشە، لەسەرد دلانە، بەدەستەوەیە، قالب سووکە زیانی خرۆنیە،خەوخەو نیە، سەرگران وخەرسەك نیە٠ سەرەڕای ئەوانە،شمشاڵەکەی ، مەعرەکە دەکا ،کەس شتی وای نەدیوە ! منداڵی وا ! دم رووتی وا !شمشاڵی کوێرا زانی ؟ لەکێ فێربووە ؟! ٠٠٠ بۆخەڵکی ئاوایی جێی سەرسوڕمانە ، سەیرە، عەجایبە، ئەوشمشاڵە نابێ کاری یەکی وابێ ! کەس وای نازانێ، هەرکەس پێی بڵێ بۆی لێدەدا ، قۆڕەدەماخ نیە، لاسارنیە، بەگوێ یە٠

ماڵە حاجی خۆشیان دەوێ ، خەڵکی دی خۆشیان دەوێ ، شەوا نە لەماڵێ یە،لەدەوری کۆدەبنەوە، بانگی دەکەنە ماڵی خۆیان ، وەبەر ناکەوێ ،هی وایە نەخۆشە داوای شمشاڵی یارەدەکا ، بێزوبۆی نیە،دەچێ، لەسەردلانە ،کەس نازانێ لەکوێ راهاتووە کوڕی کەس نیە ، بەلام روح سووکە، خۆشەویستە٠

ئەوشەوانەی، بانگێشتنی دەکەن ، ماڵیحاجی رەنگیچۆڵی لێ دەنیشێ ، هەموو دڵیان دەگیرێ ،جێی بەتاڵە، یارە بۆتە شەوچەلە ، جێی خۆی کردۆتەوە٠

بەتایبەتی خەزاڵ ، شێتوشەیدای شمشاڵەکەیەتی ، دەگەڵ نانی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

خوارد دەلێ : يارەشمشاڵت لەبيرنەچێ ! ،رەحمەت لەدايك و بابت ، واى گوێ دەداتێ ،وەك لەگەڵى لێدا ، فيرەى لێ هێنا ، دەزانێ چ هەوايەكە، سرنجى دەداتێ ، پێى عەيب نەبا ،دەى كوت:فێرم كە!

بلوێرى يارە وەك تۆپ دەنگى داوەتەوە، دێ چكۆڵەيە،لەدێ دافكريش چكۆڵەيە، شتێك نيە خەڵك پێى بخافڵێ ، كاروكاروكار،ئەوكارە والەسەر يەك ،ماندووبوون دێنێ ، حەسانەوەى دەوێ ، فكريش هەروەها ، ، دەبێ بحەسێتەوە، جاچۆن ؟ بەچى ؟ شمشاڵ خەرجى تێ ناچێ ،يارە بۆتەمامە خەمە،خەمى هەمان ، ماندوويى هەمان لادەبا، بۆيە لەدڵى خەڵك داجێى كردۆتەوە،غەريب نيە، بەبزەوە چاوى لێ دەكەن ، ماڵە حاجى پێى رادەگەن پاروزيادەكا ، كولێرەى چەورتردەبێ ، شيرێژورۆن دەچێ لەتوربێنيەوە ، سەلكەپەنير ، كەشكەفەريكە، كـەلانە،كوليچە،هەرمێشك .

هەرئەو خۆشەويستى يە بۆتە هۆى ئەوەى بەعزێك بەخيلى پێ ببەن ، كوڕوكاڵ ، هەتيومەتيو، قۆشمە ، لاپرەسەن قوون هەڵدڕاو.. ئـەورۆژە " ساڵە سەركەڵ" دەيكوت : ـ لەخولاى نەترسيم ،يەك دووەيەكى لـەحەمرى دەسريوێنم ، شمشاڵ دەزانێ ، خەريكە گوومان لەسەربكا ، بێ داى وبابى بەرەڵلاّ ... كوڕە خۆبۆتە شێخى قوون رەش ، كردويانەتە چاك وپير ! ئەوەچيە؟ نازانم لەكوێ راهاتووە؟ سەلكەسەگ ! هەتيوەى قوون دەركان ! وەلاّهى كوڕى خاڵم بلوێـــرێكى لێدەدا ، دەبێ سەتى واى لە مزگێنـــى دەى ، جائەوە چووزانێ .

يارەى فەقير دواى ئەوەى سەعاتێكيان بلوێرپێ لێدەدا ،حەق وشاباشى ئەوەبوو ، يەكێك دەيكوت: ـ رەحمەت لەداى وبابت ،بەوحاڵەوە بەعزێـك لەداخانى ئەستوور ببوون .

دنياوايە ،بەشەر رازى نابێ ، هەركەس لەدڵى خۆى رادەڕوانـــێ ، بەداخەوە، ئينسان گيان لەبەرێكى باش نيە،دەيتوانى باش بێ ،دەكرا ، زەحمەت نەبوو، بەلاّم كوا ؟ كەى ؟ بۆيـــەكتر دەخۆن ؟ بۆ يـــەكتـر

دەكووژن ؟

ئینسانم دیوەوەك دڕەندە ،وەك حەیوان ،خراتر، دڕەندەتر، بۆگەن ، نێوزگ رزێو ، ئاخ لەدەست ئینسان ،ئینسانی خراپ ،باوکە ئادەم ، دووکوڕی بوو " هابیل " و " قابیل " یەکیان ،یەکیانی کوشت،لەودنیـا زەلامەدا پێکەوە نەحاوانەوە، هەڵیان نەکرد،تەماح ،خۆبەزۆر زانین ، خووگەملە،کەڵەوەکێشی ،زۆرهۆی تر ،هەرلەودەمەوە، ئەو ئاوەمان بۆڕژا ، پیاوکوشتن، ئازایەتی یە! کڵاو لەسەرخەڵك کردن ، وشیاری یە! ، درۆ کردن سیاسەتە !خۆزگە رۆژێکمان دیبا : کەس کاری بەکەس نەبا . کەس کەسی نەکوشتبا ،کەس حەقی کەسی نەخواردبا.

# ٢

نیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی بانەمەڕە ،مەڕلە پالێن دایە،مەرپشتی گەرم داهاتووە، شوان خەریکی نان خواردنە، ریخەمەڕ و لاتی داگرتووە،جێ جێ عەرزی خاوێن بەدەرەوەیە، گەرچی تینی تاوکزری کردووە، دیسان ڕۆیشتن بەنیوێدیێ دا ئاسان نیە، مەڕبەتەواوی تەڕەکی گرتووە،ریتکە بـــــە بن پێلاوەوەنووساوە، بۆنی بەهار، تاوی بەهار ،مردوو زیندوو دەکاتـــەوە ، چۆلەکەیەك جیکەجیك دەکا، پۆلێك مێشەسەگانە قەڵسەلەسەگێکی کولکن دەگێڕن ،ناهێڵن چاوێك گەرم کا ٠٠٠ یارە جل وجۆری تێك ناوە بـــــەرە و سەحرابێ ، هاوێری کردووە ،نانی خواردوە مەحتەلی ئەوەیە،مەرهەستێ، پاشان وەرێکەوێ ،بەرخ بۆڕبوون،مەچەك ئەستوور ،رەنگی بەرگنەکـەیـان گۆڕاوە، تاو رەنگی گۆڕیوە،رەنگی ساوایی نین ، لەوەڕ زووری کردوون ، هێندێك چلمن بوون ، بەعزێك ریخن ، ئەوانی ساوازێ هەرواژیکەڵەن ، سەحەت سووك ،خاوێن ،نەرم و نۆڵ ، سەرپشتیان لەبەرخاوێنی شەبـــە ق دەدا ،بەرگنی نەرم ولوولوو ،سمی وردی زەرد، خەپاڵ ،قشمیلانە٠

حاجی حەمە هەرای یارەدەکا : ـ ڕۆڵە گیان بەرخەلەکـــە زۆردوور مەخەوە، لەوەڕ خۆشە، شەوێ میوانمان دێ ،گوێزەبانەی ئەو کوڕەیە ، گیسکێکی نێرلەهەراشەکان،بەجێ هێلە، بۆخۆشت زوووەرەوە،زووتر لـــە

جاران ، تێری خوارد بەرەومالْ بە .
یارە: ـ بەلێ مامەحاجی ،ئەی کەنگێ داغیان کەین؟ سالْ درەنگە .
حاجی : ـ بارەکەلاْ کوڕی من راست دەکەی،دەبێ داغ کرێن،سبەینێ.
یارە وەڕێکەوت ،لەدلْەخۆی دادەیکوت: ـ گوێزەبانەی نەوەی حاجی،کوڕ ی ئەوەلە،حەوتوویەکە بووە،ئەوعەمەدرێژنەبووە شەوانە نانوێ ،وەك بێچوە پشیلە هەرمیاوەی دێ ،دەنگی چەندناخۆشە، دەولْەمەندی جوێ یە دەنا ئەمن سەد کوڕی وام لێ بکەوێ بۆی ناگەڕێمەوە، ئەوحیزبابە هەر بەقەد بێچوە چۆلەکەیەك دەبێ ، نێونەداتەوە، هەی،راستەوەنەبی دەی .
بەلاْم قەیدی چیە، ئەومالْەزۆرم بۆباشن ، خواهەلْ ناگرێ لەمالْەبابم فەرزترە، رەبی ئاوەدان بێ ، مزگەوتە ! خانەقایە ! حاجی چۆنی بوێ وابا شە، زوودەگەڕێمەوە، بەرخەلیش چاك تێردەکەم ،شەوێك ،شەوێکە.
سەعاتێك زووتر لەرۆ ژان، لەسەر جۆگە ئاوێکی ،دەستوچاوی شوت، دەستێکی بەسەروگوێلاکی داهێنا ، پێچ وکلاْوی بەتیلاگی سەریەوەنا ، دوولقی خاشخاشکە مارانەی سوور، لەلاقەدی پێچەکەی راکرد ، وەپێش بەرخەل کەوت ، بەشمشالْ لێدان، یاری یاری ، بەرەومالْ بۆوە . خەزالْ لەبەردەرکە، گوێی بۆ دەنگی بلوێر هەلْخستووە، ماندوونەبینی لێکرد ، دەرکی کۆزی بۆکردەوە، یەك دووبەرخساوا ، لەدووی هەمان هێدی هێدی دەڕۆن ،حەوشە چۆل وهۆلە، یارەداهاتەوەلەباوەشیان کا ،گولێ لاسەری لە چاودەدا ، سوور وپڕئاو، گولێ سوور ،خونچەی نەپشکووتوو، خەزالْ سەبرێکی لە لاسەری دەرکێشا ،یارەسەری هەلْێنا ، گولْەکان بە دەست خەزالْەوە، وەك گولێ نێو گولاْن دەچوون،لەبەرچاوی ئەو ،گولْەکان، لە پەنجەی ئەودا بۆن خۆش دەبوون ،گولْ بۆنی گولێ دەگرت ،گولْ رەنگی گولێ دەگرت، بەهار ،گولْ ،کچ ،بۆن ،جحێلْ ،هەست ، مەبەست ؟ یارە سوورهەلْگەڕا ، یانێ چی ؟ قەت وانەبووە؟ قەت هێندەجوان نەبووە! خەزالْ رەنگی گولْە، بۆخۆی گولْە، گولْە،لێوی ئالْە ،چاوی کالْە، زەمان

ڕاوەستاوە،نایارە پێی وایە، یانێ چی؟ بۆ! قسەی پێ نەدەکرا، ڕاما، تێما، : ـ خەزاڵ، گوڵ، سوورەگوڵ. هەرچۆنێك بێ، قەیدی چیە، سەری داخستبوو، سەری هەڵێنا خەزاڵ، پەلەوهەلە، خەزاڵ پەشیمانە، گوڵ لە دەستی دا شل بوون، حەیبە! بۆوام کرد، بیدەمەوە، فڕێی دەم، لەسەری چەقێنمەوە، حەیب تر!

دڵە خورتە هەردووکیانی داگرت، شەرمی مندا ڵانە، دەست و پێ ونبوون، ڕەنگ گۆڕین، سوور هەڵگەڕان، زەردهەڵگەڕان، دڵەتەپە، بێ هێزی، زمان قفڵە، ترس، شەرم، حەیا، چاولەشەرمان هەڵ نایە، بێدەنگی یە بێدەنگی پڕلەخۆشی، بێدەنگی سستی، مەستی! ئەوکاتەی کەدڵخۆشە، ئەو وەختەی کە، ئانێك سەدەیەکە، سەدەیەك ئانێکە، زەمان، جێ، وەخت، کات، مانالەدەست دەدا. بێدەنگی بەهەزار دەنگەوە، سکووت بە سەد ئاهەنگەوە، هەڵفڕین، باڵ دەرهێنان، پەلەپووش، پەپوولە، بۆن، بۆنی خۆش، بەرامە جوانی، پاکی، نەخش، سستی، مەستی!

ئەو سکووتە سەدان قسەی تێدا، هەزاران بەیت، باڵۆرە، لاوك، ، حەیران!

بێدەنگی، دەنگی هەیە، دەنگ ئاهەنگ دەڵێ، بێ زمانی، زمان زانە، گە لایەك گوڵ، گوڵدانێکە. پەڕێك پەڕتووکێك، خونچەیەك، خەرمانێکە، جاری وایە، وشەیەك، پیتێك، بەقەد کوڕەی ئەرزە! کوڕەی ئەرزچووکەبۆ ئەوین!

هیچ کام، نازانن چەندە ویستاون، تێپەڕبوونی کات هەست ناکرێ کات ویستاوە، هەربزەیە، شەرمە، لەرزە، لەرەیە، هەناسەیەولێك هەڵبڕان. هەریەکەی بە لایەك دا، ڕۆین! بەسەرکشان، تێپەڕین، بێ قسە، بێدەنگ، بێ چرپە.

بەهەزار قسەوە، بەهەزار قسەی لە گەروودا خنکاو، بەسەدان هەستی، بێ هەست، شلەژاو، پەشۆکاو، داچۆڕاو، فەنا، حەل بوو، نەماو!



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ئامانج بۆ ئەنجام، رێگابۆرووگە، وەك دووپەپوولـــەی نـەخشیـن ، وێستان ،بێ بال لێکدان، نەکەوتن ،نەفڕین، نەسریوە،نەسرتە٠

یارە ،سەری داخست، نازانێ چ دەکا ، بۆکوێ دەچێ ؟ خـەزاڵ ، گوڵەکانی لەبەرپشتێنی نا ، سەری داخست ،بێ مەقسەد٠ شێواوە٠میوان، یەك و دوودێن، مەلا ،میرزا ، سۆفی،حاجی ٠٠٠٠٠گوێزەبانە،جێژنی لـە دایك بوونە، سەدەقەیە بۆگوێ وزمان ،یارە گێژوخۆڵ ،تاساو ، دێ ودەچێ، کاردەکا ، خزمەت بەجێ دێنـێ ،کوڕی ئەولە لەپێش مامۆستا داندراوە ، مەلۆتکەیە، پێچراو ،سوورسوورە،وردە، چووکە،حەوت ڕۆژەیە سەری نەبێ، ئازای بەدەنی بەدەرەوەنیە، دەگری ،بێ هێزانە دەگری ، دەڵێی لەهاتن! لەهاتن پەشیمانە ! ، بانگی بەگوێی دادەڵێن ، سـێ جـار، بـانگـــی محەمەدی ،ئومەتی ئەوە، نێوی دەنێن مستەفا ، دەیکەنە مچە٠

خەزال لەگەل دایکی خەریکە ،تەندوور ، ئاورگ ، نان و کێشت،بەلام دلی لەوێ نیە، ـ بۆ وام کرد؟ حەیبە! گوڵەکان سیس بوون ، لـەبـــە ر پشتێندی داوەك ماری سوور، پاپووکەیان خواردۆتەوە،ـ

ـ بۆدەستم دا ئەوگولانە؟ لەبەرچی دەلەرزیم ؟ نۆبەتێ!شەوتێیـی ! نا ، ساغم ،چم نیە، ئەی بۆ دەترسێم ؟ لەکێ ؟ لەشوانە! چـی کردووە ؟ فەقیرە،چی نەکوت، بەحەدەبە، سوورهەلگەڕا ، سەری داخست، ڕۆیشت ، داخوا بۆکـێی هێنابوو؟ ئی من نەبوون ،لەلاسەری دا ، خـاشخـا شـك ، خاشخاشکەمارانە، گولی سوور، چی لی بکەم ؟ بی دەمەوە؟ فڕێی دەم ؟

یارە دێ و دەچێ ،خزمەت ،خزمەتی میوانەکـان ، گێـژ ووێـژە ، خەجالەت، دڕدۆنگ ، ـ یانی چ بوو؟خەزال بۆ وای کرد؟ خۆشی دەوێـم ! منی خۆش دەوێ ! من ! شوانی ئەوانم ، کارداری ئەوانم٠ "کەنگروقوماش نابنە یۆلداش " ! من لەکوێ وئەولەکوێ ،لەبیرم پچێتەوە چاکە،غەیـر ی دەردو داخ چـــی تر نابێ ، بێ سەمەرە،کچە حاجی ! کچە دەولەمەند!! چەند جوانە!

خەزاڵ دڵی رفاندووە،خەزاڵ گوڵی رفاندووە خەزاڵ ویارە هەر دووك ، بەجووتەشێوا ون،هەریەکەی جۆرێك شێوان، خەزاڵ شەرم دای گرتووە، ، نازانێ بۆ؟ هەوەڵ جارە کاری سەربەخۆ،کاری بـێ شەرمانە دەکـا ، بـە بێ شەرمی دەزانێ ،لەدڵ دا " یارەی " خۆش دەوێ ،شێتی شمشاڵەکەیەتی دڵ پیسی لێ دەکا ، پێی وایە ئەو گولانەی بۆیەکی دی بوو .

یارە،دەترسێ ، لەحاجی ،لەحاجی ژن ، لەخۆی ، لەئاکامـی ئـەو کارە،پێی وایە گەپی پێ داوە،گاڵتەی پێ کردووە،سەری خستۆتە سـەر ، فەقیری دەردی گرانە،خۆبەکەم زانین میراتی فەقیری یە ،نەویستن بەپێـی نەبوون، رازی بوون بە کەم، ریشەی لەنەبوونی پێشوودایە، " کەم خوارد ن لەکەم دەسەلاتی یە" دەست کورتی بیرکورتی یە، دەست کورتی یانـێ د ڵ کورتی " کەوای سوور پلاوێ دەخوا " فەقیری دەردە، نەداری ناسۆرە،برینی تەشەنایە، دەردی گەورەیە، نەبوون مەرگە،مەرگ نەبوونە .

" نەداری گولی یە" لەهەموو زەمانان دا ، حەول و دەولی بەشەر بـۆ گوزەرانی باشترە،گوزەرانی باشتر، یانێ فکری باش تر .

" یارە" بەرخەلی بەسەحرایەوەرکردووە، بەرخەکان تازە داغ کراون، هێندێك گوێ یان کون بووە، بەعزێك ماستیان بەگوێ یەوە ماوە، بەرخـی گوێ کوڵکن جێ داغی زوو پردەکاتەوە، بەرخی سپی داغی لێ نـاحـەزە ، بەرخی کەرە ئاسوودەیە ،گوێی داغ ناکرێ .

برسیایەتی ئەو رۆژە ، ژانی داغ کردنی ، لەبیر بەرخ بـردۆتـەوە ، بەرخەل وەك هاران دەلەوەڕێ ،بەلێـوولیچ ، بەزمان ،بەددان ،دەپچڕێ، ورد دەکا ، قووت دە دا .

" یارە" چووە لە فکروە: ـ خەزاڵ کچە دەولەمەندە،کچە حاجـی یە ، لەنازو نیعمەت دا ،لەخێروخۆشی داگەورەبووە، ئەمن هەژار و بێکەس و کارم ، رووت ورەجاڵ وبێ ئەنوا ،گیـای من نیە، واچاکەفکـــری لـێ نەکەمەوە .

بەلام هەرچی دەکا ، لەوفکرە رزگار نابێ ! ـ خوایە چ دەبوو ، منیش کوڕە دەوڵەمەند بام ؟ کوڕەمەڕداربام ؟ چ دەبوو ئەمنیش دایك وبابێکی تێر وتەسەلم هەبا ؟ یان مووچە ومەزرایەکی باش ٠

ئاخ ، نانا ، قەت وانابێ ،فەقیری بەبەژنم بڕاوە ، منیش وەك بابم ، ئەویش وەك بابی ، نەداریمان بەئیجارە هەڵگرتووە ، حەقی خۆمە ،ئەوەم کەهەم ، بەخۆم وشمشاڵێکەوە ،تا مردن دەبێ شوان وگاوانی خەڵك بم ، من لەکوێ وخەزاڵ لەکوێ ؟

ئەگەر حاجی بۆن بکا ، دەرکرانم ، وەك ئاوخواردنەوەیە ،هەرئەوڕۆ ، جائەودەم ، حەرەلا وبەرەلا ، لەودێ بۆ ئەودێ ، لەوماڵ بۆئەوماڵ، یەك دەڵێ دزە و یەك دەڵێ درۆزن ٠

ـ بڵێی سۆفی ئەحمەد ! بڵێی چی پێ نەکرێ ؟ ناوەلا ئەویش وەك من دەس کورتە، نەدارە، رووتە ،فەقیرە ،دەناپیاوی چاکە ،لەگەڵ پیـــرە ، هەردووکیان، وەك دایك وبابی خۆم ،ئەوانیش وەك دایك وبابی مـــن ! نەدارن ،دڵ پاکن، سۆفی ئەوەی بزانێ ،چ دەڵێ ؟ رەنگە بڵێ ، سپلـــە ی بیژووکوێڕا ! نانت خواردونا ندێنت دڕاند ،بەکێوێم دادەکا ، کوڕە لێـــی گەڕیم ٠

ـ ئەوفکرانە شێتیان کردووە ،لەدەستیان هەڵ دێ ، کەچی دەیگرنەوە ، چەتوونە دەربیا ،ئەوین ئاورە، ئەوین بلێسەی دڵە ،گڕەمەشقەڵی روحە ، سووتمانە،سووتمانی خۆیانی لەش ٠ ئاگر، ئاگر ،ئاگر ،گڕ ٠

بەرخەل تیژی خوارد لەسەر جۆگە ئاویك کەوت٠ " یارە" وەخـــۆ هاتەوە : ـ ئای ئای کوڕەخۆهیچ ئاگام لەخۆنیە، لەکەنگێ وە لیرەم ؟بڵێی زیانی کەسم نەکردبێ ؟ ئەوە نیزیك ئێوارەیە٠ بەرخێکی " خەزاڵ " لـــە نیزیك یارە،سەبرسەبرکاوێژ دەکا ، چاوی پێ دەکەوێ ،خەزالی دێتـــەو ە بەرچاوی ، کززەی لەجەرگی دێ ، هەرچی لەبەرخە خەزاڵ ورد دەبێتەوە ، پترشێوەی خەزالی لێ دەکا ،دەستی بەسەروچاوی دادێنێ ،دەیلاوێنێتەوە،

- خەزاڵ ،خەزاڵە، فەرقی چیە ،ئی من نین،چ ئەوە ،چ ئـەوی تر ویـك دەچن ،نەخشین ،خوێن شیرن ، ڕەزا سووك، منداڵ ، شلك ،نەرم ونۆڵ ، بۆن خۆش ،چاو جوان .

دوێنێ وارۆیی ،ئەورۆش وایە، بەرخە خەزاڵ ،خەزاڵی وەبیردێنیێتەوە بەرخە خەزاڵ دەبێتە خەزاڵ، دەیباتە دنیایەکی دی ، دەست دەبا بۆ لای شمشاڵ ،ئەوەی لەدڵی دایەهەڵی دەڕێژێ ، شمشاڵ دەگری ،بەهەناسەی پەیتا پەیتا فرمێسکی دەنك دەنك دەکەونەخوار، شمشاڵ شمشاڵی جاران نیە، باڵی گرتووە، دەناڵێنێ ، بەسۆزە، بەکوڵە،برینداره،بنەوبێره .

ئاوری جەرگی برژاوو بینی تیدادەخواتەوە،تینی بڵێسەی دێ ، ، دەسووتێ ،دەسووتێنێ ، قامکەکانی بەئەسپایی لەسەرکونی شمشاڵ رادەگوێزێ ، ئاگای لەخۆی نیە، ئەفسوون دەخوێنێ ، سیحر دەکا ،دەناڵێ دەگری ،دەبارێنێ .

بەرخە خەزاڵ ئەوڕۆش لەپەنایەتی ، هێدی ولەسەرەخۆ چاوە جوانەکانی لەسەریەك داناون، سەبرسەبرکاوێژ دەکا ، گوێی بۆ دەنگی شمشاڵ شل کردووە .

کامیان بۆ لای کامیان چوون ؟ بەرخەخەزاڵ ؟ ! نا ، ئەوە "یارە"یە جل و جۆری لە لای بەرخە خەزاڵ بەعەرزی داداوە، چۆن ؟ خۆشەویستی بەو رادە ! قسەکردن لەگەڵ بەرخ ! کوڵ وکۆی دڵ هەڵ رشتن بەگوێی بەرخ دا !

هێزی ئەوین، بیستوونی هەڵ کەند،چل پلەی عومانی چوو ،لەشکری تەپە وتورکمانی شکاند، بەرازەوانی کرد .

لەسەرئەوهەموو خۆشەویستی یە ، دوای ئەوخۆفریودانە، لەگەڵ بە رووکاری دێدا دەکەوێ ، خەزاڵی راستی لەبەر بێلادەبینێ ، ریسەکەی دەبێتەوە خوری ، دیسان بەرخە خەزاڵ وە لادەنێ وخەزاڵی راستی دینەوەبیر .

" خەزاڵ " دووراو دوور چاوەرێ یە ،یارەش هەر ئەو دەبینێ ،خەزاڵ

وخەزالٌ ۰

کەچی لەماندوونەبینی بەدەر ، قسەیەکیان پێ ناکرێ ،دلّەخورتە ، سوور هەلّگەران، دەست وپێ ون کردن ،سەرداخستن ،هەریەکەی بە لایەك دا۰ بەوفرێتە، شەوورۆژ دەڕۆن ، ئەومانگە ومانگی تر ،کاوەڕگەل لـــە گۆشتی دا سوور بووە، ساکەتەی دووگەی هەلّ ناگیرێ ، بەرخە خەزالٌ زۆر ئۆگری یارەیە، دەستەمۆیە، بەدووی دادەڕوا ،بستێکی لێ دوورنابێتەوە ، فێرەشمشالّە، دەکاڕێنێ ، دەپڕمێنێ ، تەقەی گوێی وەك بەنی قۆچەقانـــی دێ ، لەگەلٌ ، دەنگی شمشالّی بیست، گوێ شل دەکا ، دەکەوێ،کاوێژدەکا ، چاولەسەریەك دادەنێ ،هەمووجارێ یارە، قسەی لـــەگـــەلٌ دەکـا ، لێـی دەگۆڕێ دەبێتە خەزالّی راستی ۰ دەلّێ : ـ خەزالّی ، چاوکالّی ، لێوئالٌ، چی ترم نیە بتدەمێ ، دلّێك وگۆپالّێك وشمشالّێك ، بەلاّم خەزالٌ ئەگـەر تۆبفرۆشن یا ئاوەکی بی ، یابت دزن یاگورگ لێت دا ،من چ بکەم ؟ ! پەنابۆکێ بەرم ؟ خەزالّی دی ! بێتووحاجی بزانێ ، چی ، دەرم دەکـا ، ئابڕووم دەبا ، مالٌ وهێلکەم پێ دادەدەن ۰۰۰۰۰۰ کاوڕە خەزالٌ چاوی لـە چاوی دەبڕێ،کاریلەیەك هەلّدەبەزێ ،شۆخەچاوبزە، گیسکێکی مـــەرەز ی ریندۆلٌ درێژ خۆ لەبەریەك دەکێشێتەوە، خەزالٌ دەکاڕێنێ ، " یارە " دەست دەداتە بلوێر وتێی دەتووڕێنێ : بلوێر بەبەیتی لاس وخـــــەزالٌ وەگریان دەخا ۰

" کوردە دەلّێ : ئەمەخودایە،بری بام بەبری تۆ،منتکردیا بەریشە ـ "
" دارێك ، لەوی دە دارە قەیسی یە،شین ببام لەتیرەگی دەکوێستانان "
" لەرندۆلّی زەرزایان، لە مۆلّی بەرانان،لە قوولّی قەزەنی ، هەرلە ـ "
"داوێنی دەکێوی یە،هەموورۆژی بەبنم داهاتیاشوانە گچکە لاّنەکەی ـ "
" یای خەزالّ ،ئەمنی هەلّ بڕیبابەکێردێکی ،لووت قوولّی پـــوولـەکەدار"
" لەوانی دەعەسلّە هەمزەیی یە، ئەنجاردابایانمەوە دەستی ئـەوان "
" وەستا و وەستاکاران، دایان نابامەوە بەردەمی تەشوێ و مشـارو "



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

" رمنده وههى بابه كوشتمرى يه ،كردبايانم بمكلكهتهشىيه ،دابايانمهو ه"
"دمستى ئهوان ژنه دۆمان،هۆبه بمهۆبه ومالْ بمىالْ و دالان يه "
"دالان يان پێ كردبام نهفرۆشرابام ،تاكوو هۆبهى خمزالْ وخمزالْه "
" شۆرى مهلانمبى يه، خمزالْ كرِيبامى بمچمنگه خورِى يمكى ،حموتسالان"
"تهشى پێ رستبام بهشلكهى دمرانى يه ،پێى رستبامهوه رانك و "
" چۆخهى ، زاخۆيى وگمرمێنى يه ،لمبۆكورته لاسىَ ئهحمـــمد خــانــــى بالْمكى يه "
" ئـهوه كورده دملێ : ئمگمر خمزالْ ليم قطس بووبا ، تيكى روشاندبام "
" هاويت بامیهوه بمر دمرى ئهوان پيرمكانيان ،به حوكمى يارى تمعالاى"
" بووبامهوه پۆلايهكى رمق ،ئهوه دايانبامهوه دمستى ئهوان "
" وستاو وستاكاران حموت سالْيان نابامهوه له بنى كوورهى "
" لموانى دمفمرمنگيى يه ،گرتبايانم بمگازهوگيركى ،دايانتابام لمسمرـ"
" دمزگايمكى پشت كوورِى لموى دمعمسلْه بلْباسى يه، دابايانمه بمر "
" چمكچى دووسمر ، ئهى بابم كرد بايانم بمبزماريك لموانى سمربمـــــدوو قرانى يه"
" دايانبامهوه لمپانيهكهوشى ياى خمزالْ وشۆرمخمزالْى چملمبى يه "
" ئهى بابه كورده دملێ : بهمن گمرابا ، گاگهش وباوهمـــمرِو "
" بێ همنگوين و پانه سمر ولمند وكوێستانى دهشالْــه بـمگـى يـه "
" ئـهو جارفرِيێ دابام له سمر دمرك وبانى دهمــــــا لان ، حـموت ـ "
" سا لان ليێى دابامهوه بهفروبارانهكهى دمزستانى ،ژمنگـــــــــم هملْێنابا "
" ئمنچمل هملْيانگرتباوه، دابايانمهوه دمست وهستايهكى لــهوى ده ـ "
" قابيل ،ئهويش كردبامى به نووكمتيروكهوانێكى نهسيرى يه، بابه ـ "
" دايانبامهوه دمستى ئاشقێكى گملێ گملێك بمقهوهت ، له بلْێندانى "
" هملْدابام بۆنهوى يه، لمنهويانى هملْدابام لمبۆكهوى يه، لمكهويانى "

" هەڵدابام بۆ زەوی یە ،لە شاخانی پێ کوشتبام تاق تاق و یەك یەكی "
" نێری یە كێوی یە، بەحوكمی باری تەعا لای كەوتبام لەدەركی مـــە لا
داود"
" و مەلانەبـــی یە، شین بیام لە دەركی خەزاڵ وخەزاڵە شۆڕی هـــە ر
مەلان و "
" مـە لانـەبـی یە "
" ئەنجەل بە حوكمی باری تەعا لای ، ببامەوە پۆلەدارێك لەوانەی "
" دەشـەنگەبی یە، هەی بابە حـەوت لكم لـەخـۆ دەركـردبـا ، "
" لكێكم ڕۆیبا بۆسەهەنـد ومـاین بلاٌغی ، لـەبـن ئـەولكەم دانیشتبانەوە"
" بـووزە لـە بـووزەڵە وبـەردەبێـری دەشـا رویـّرانـی یە ، "
" لكی دیم هاوتیباوە لەبۆبن گەڕی سـنجوان ، لەبنی دانیشتبانەوە- "
" جوان چاك ومەحبووبی خوێ فرۆشی دەمەمەندی یە ، یـەكی - "
" دیكەم خۆی هاوتیبالەبۆگەدەی مەنگـوران ، لەبن ئـەو لكـەم - "
" دانیشتبـان سوار چاك ولفكە شۆڕی دەكـا دەرویـّشـی یــە ، "
" هـەی بابـم لكـی دیكەم ڕۆیبـاوە لە بـۆ سـەر غـاری دەبـەردەپـانـان "
" لەبن ئەولكەم دانیشتبانەوە كـەلاٌشـەلـە پیـّی دەمـــەرگـی یی یـە "
"لكـی دیكـەم ڕۆیشتبـالە بـۆ شەخسـەكـەی ماڵی مۆسی،پشتی هەڵشوێ "
" لـەبـن ئـەو لكـەم دانیشتبان ئـەو سوێئـدخۆر وپیاو كـوژی دە - "
" میراو دەلی یـە ٠ چ بلێـّم خودایە ، لكی دیم ڕۆیشتباوە لەبۆرندۆڵی "
" زەرزایـان ، بۆمۆڵــی بەرانـان ، قووتێ قـەزەنی و كـوسـرەتـی - "
" دەشاڵە بەگی یە، لەبن ئەولكەم دانیشتبـان ، سـوار چـــاك و "
" عاقلەمند وپیاو چـاكی دەسوورچی و زوراری یـە ، نـاوە لاٌئـــی "
" دەباڵەكییە، لەوێیان كردبانـەوە مـەسـڵەتــی دەخـەزاڵ و "
" خـەزاڵە شـۆڕی مەلانەبـی و لاس و لاسـی ئـەحـمـەد خـانــی "
" دەبــاڵەكی یە "

" یاره " کاوڕەگەلی قولەپێچ کردووە، بەرەومالە،خەزاڵ لە پەنـا ، خەزاڵ لەدوور، دوور دەڕوانێ ، جارجار نیزیك چاو لێدەکا ، دنیاهەمووی خەزالە، چاوی چاوێکی تر نابینێ،خەیالی خەیالێکی دی نابڕێ،کاوڕ ە خەزاڵ دەڕوا ، ئاوڕ دەداتەوە ،خەزاڵ چاوەڕێ یە،خەزاڵ هاوڕێ یە ٠

خەیا لاوی خەزاڵ ، خەز ڵ وخاك وخۆڵی سەر ڕێ دەشێلێ ،پیێـــــی بەسەردا دەخشێنێ ٠

خەون ،خەیاڵ خەزاڵ خەیالی خەزاڵ خەو وخۆراکی کرد ۆتەخرمانی خەم ، خەفەنگی خامۆشی خۆڵەمێش دەکاتە سەر ئاگری ئەوینی لاوی ، دەوری خەزاڵ وەك مانگی خرمانەدراو دەبینێ ،خولی زەمان وەك خـو ل خولە دەیخولێنێ ولــە خەوی دەکا ٠

ئیفلاتوون مەکتەبی عیشقی رازاندەوە ،مەجنوون ئاوارەی کێوودەشت بوو، فارس گوتەنی " درس راکەدرسینەبود، درسی نبود ""یاره "ی ئێمە نەخویندەوار ،نەعاملاو،کورد. پەتی ،وەستای مەکتەبی عیشق و مــەلای ئەوینی ئاسمانی پاك وبێ خەوشە ٠

خۆشی دەوێ وداوایەکی تری نیە. ، رۆژو مانگ تێدەپــــەڕن ، شەودەڕوا و رۆژ لەئاسۆ دێتە دەرێ ، هەرپشوو وهەناسەیەك هەودایەکی دی،چندرا و بەتاسەوئەوین لەدلی یاره قایم دەکا ٠ کاوڕە گەل بێ شوانە، شـــوان بــێ کاوڕەگەل ، تەنیا خەزاڵ ، دەبینێ ، کاوڕەخەزاڵ ،جارجاریش خەزاڵ ٠

ساڵ تێدەپەڕێ ، ساڵێکی پڕلەئاخ وداخ ،بەناکامی تەنانەت قسەیەك، ئیشارەیەك ، پرسیارێك ،وەلامیك ، نیە ،کۆشکی ئەوین بێ چـورتـە و سرتە ،بەرزدەبێ ، شکلێ دەگرێ ، یارە تەنیا شمشاڵ لێدەدا ، خــەزا ڵ حالی دەبێ ، ئەوئاهەنگانەی لەبەرە، تێگەیوە، شمشاڵ پردەبازی ئەوینە شمشاڵ رازی دلە، هاوڕازی دلە، زمانی دلــە، دەنگی ئەوینە٠

" یارە " هەموو جێژنان ســـەرلەمالی سۆفی دەدا ، جێژنەیان لەگەڵ دەکا ، پیرەو سۆفی خۆشەویستی کوڕە جوانەمەرگەکەیان خستۆتە ســـە ر

یاره، ئەویش ئەوان بەدایك وبابی خۆی دەزانێ ،نامۆیی لە گـــۆڕی دا نەماوە، یەکەتی ،باب وفرزەندی ،دایك وکوڕی ٠

حاجی ، یارەی کەوتۆتە بەردڵی ،دەیەوێ لەدەرکی نەڕوا ، دەیەوێ بۆ ساڵەکانی داهاتووش لەلای بێ ، زۆرجاران دەڵێ :

- کوڕێکی باشە، بەعەدەبە ،بێ قسەیە،بێ باس وخواسە، ئەمینە ، شەرمێونە، پسپۆڕە، دەبێ دڵ خۆشی بدەمەوە، ئی وام وەگیر ناکەوێ،ئەو هەتیوانەی خۆشم شوانی ناکەن ، قوونیان لەکەندالّی توند کردووە،لەماڵێ دوورکەونەوە گورگ دەیان خوا ، ئاڵین ئەمن وانە بووم ، نازانم وەکـــێ دەچن ؟ !! لەسەر ویستی حاجی ، رۆژ بەرۆژ تورببێنی یارە پڕتر دەکرێ ، کولێرە چەورە،کەلانە، کولیچە،کەشکەفەریکە،شیرێژو رۆن ، ساڵ بەسەر راستی چۆتەسەرێ ، حاواونەوەو دڵ ئێشی نیە ٠

# ٣

مانگی رەشەمەیە، خاتووزمەهەویر شینی برایانی کردووە، دەلووجە هەڵی کردووە، بای وعدە بەتەپڵەوە هاتووە، بەفرلە حەمێلکان گیراوە ، بەرەدێ رەش بۆتەوە،فرمێسکی مەیلەورووونی رنوو، دڵۆپ دڵۆپ لەعەرزی دەنیشێ ، زەوی ئەژنۆیەکیان قوڕتێدا ،کەڵ دەرناچێ :لەرێگای رەق قوڕ کەلاشەی دەکا، کوێستان خاڵ بەڵەکی تێکەوتوە، پشیلەلە میاوە میا و چوونەوە، بۆنی بەهاردێ ، بەهارێکی خۆش ،پنگ وکووزەڵە سەرجۆگە و کانیان شین داگیڕاوە، وەنەوشە بەرێوەیە، سەران گوێلك هەڵمی لێ هەڵدەستێ ،نیوێدێ کزرە، پشت دێ خاڵ خاڵە، بەردێ رەشە •

ئاوری نەورۆزی کراوەتەوە، هەتەرێ وەمەتەرێ وهەلاوە وەمەلاوە ئاشی دەگێڕێ ، کوڕو لاو دەستەدەستە وکۆکۆ هێلکەشکێنە وخلۆرەکێن دەکەن ، مەزرەق هازەی دێ ، هۆڕهۆڕە ،هۆڕە وشێلاقە، شەقە• مێشێن و جگێن قوولەی دەکا •

سەرسەکۆ وبەربەروچکەپڕن لەگەورە وچووکە، کیژی شەنگ و شۆخ سەرکانی وسەرجۆگەیان وەك وەنەوشەی بەهاری رازاندۆتەوە •

* * * * * *



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

حاجی حەمە بانگی یارە دەکاو دەڵێ :
- کوڕم ! من تۆم بەقەت کوڕەکانم خۆش دەوێ ، هەتائەتۆ بەمن رازی بی دەستت وەبەر دەستی ناهێنم ،لەکاروکرگاری پارەکەت رازیم،ئەوحەقەی لەمنت وەرگرتووە، حەلاڵت بێ ، بەکاردارت نازانم، خواهەڵناگـری ساحێب ماڵانەت کارکردووە، رەبی قالبت ساخ بێ ٠
کوڕم ! ئەوسەرەبەهارە، واباشە خاترجەم بین ، ئەگەر دێیەوەلام ، قەراروبڕیەی خۆمان بکەین ، پێم خۆشە ئـەوساڵ ببیە شوانی مەڕی ، مەڕەکە شکور زۆر بووە بەتۆ نەبێ ناحاوێتەوە٠
یـارە :
- دەی جا باشە مامە حاجی ! چۆن دەفەرمووی وادەکەم ، قەراریش کەیفی خۆتە ،ئەتۆ وەك کوڕەکان چاولەمن کەی ،قەراری چی ؟ ! خۆ ئیشلا تەماح لەمن ناکەی ، ئەمنیش نانم بەسەر سێلێ وە نەسووتاوە، سەڵت و رەبەن ، هەبێ بەزیاد بێ ونەبێ بەزیاد بێ ٠
حاجی :
یارە ! بائەوەت پێ بڵێم ، کاری ئەوساڵت لە پار قورسترە، شوانی مەڕێ شەووشەو نخوونی هەیە، شەوبەکێوی هەیە، دەبێ قولاغێ نەدەی ،دەزبێنی بگری ، لەسەر هەست بنووی ،جاری وایە هەرنەنووی ! بابم ئەمن ئەوی هەمە لەبەر تۆی دەکەم ، ئەتۆش دەدەمە دەست خولای ، مەڕلەسەرت رانەدا، ئاوەکیت نەبێ ، لاوەکیت نەیە ٠
یـارە :
- مامە حاجیئەوەی ئەتۆ دەفەرمووی وایە، بەلام ئەمنیش ئەو رۆ نەبوومە شوان، دەزانم ، کردوومە ،شوانی بۆمن ئاوخواردنەوەیە ٠
حاجی :
- کوڕم ! لە قەرار و بەراتیش مەترسە ، شوانی تاقەماڵ لەو دەوروبەرەی هەر چۆنێك گیرا ، پترت دەدەمێ ، چاوم لەوەی نیە، دەست وگۆچانت

باشە ٠

چەند رۆژی دیکەشینکەبەچاکی دەبووژێتەوە، مەڕی دەر دەکــەی ، چوارپێ یەکان بڕێك لاوازن، سەولەی زیادی وەرگرە، بەحاجی ژنـــم ئەسپاردووە٠

بەمام برایمی دەڵێم شمشاڵێکی تازەت بۆبێنێ ، دەبڕۆ رۆڵە گیان ، خوات لێ رازی بێ ٠

* * * * * *

سێ شەشی بەهارودەشــەوەی شوقاقی تێپەڕیوە، رۆژگار درێژ بوون ، ساڵی تازە گەرم داهاتووە، خوێــن و گۆشت ژیاوەتەوە مەڕ دەرکراوە ، یارەشوانی مێگەلە ٠

دیسان کێو ودەشت وتەلان وبەندەن ، دیسان شوان وبلوێر ومەڕ، دیسا ن شەکە خەزاڵ ٠٠٠٠٠٠

شەکە خەزاڵ ئۆگری شوانیە، نازداری شەش گونە، بستێکی لێ جیانا - بێتەوە ، بەدووی دادەڕوا ، بەتەواوی دەستەمۆیە ، شوانەش خۆشی دەوێ ، وەك چاوی خۆی ئاگای دەدێرێ ، هەموو ئەوین و خۆشەویستی " خەزاڵی " خستۆتە سەر شەکە خەزاڵ ، بلوێری بۆلێدەدا ئەوەی دەبووبە خەزاڵی بڵێ بەوی دەڵێ ، ئەوەی لەدڵی دایە لە لای ئەو هەڵی دەڕێژێ ٠

مەڕەکان هەموو بەسەر دەناسێ ،بەبێ ئەوەی لەداریان بدا ،چاویـــان لێ دەڕوانێ :

ـ خەزاڵ ، کەوێ سێر، بەربەگوار، گوێ بەگوار، بەش قەشان، دوڕەزەرد٠٠ بەوچەشنە بەسەریان دەکاتەوە، قەت تاقێکی لێ ناگۆڕێ ، شوانێکــــی پسپۆڕە، بەلام وەخت وبێ وەخت چاوی لە شەکە خەزاڵە، نــــەوەك خوای نە خواستە بەلایەکی بەسەربێ ٠ کەمێلی دەکا، دەست بەسەر وگـــوێی

دادێنێ ، دەم ولووتی دەشوا ، دارفــزەی لەمل دەکا ، نەکوو داروبەرد گوێی کەڕ بێ ، پشوو سواری و فزفززە بگرێ .

کاتێ بەرەومال دەبێتەوە ، شەکەخەزال شان بەشانی دەڕوا لە سەر بەردەبێر ، شەکەخەزال لەتەنیشتی وەردەکەوێ .

کاتێ بلوێر لێدەدا ، شەکە خەزال چاولە سەریەك دادەنێ وئارام ئارام کاوێژ دەکا .

" خەزال " ئاگای لێ یە ، دەزانێ جارجار ئێرەیی دەبا ،تێی دەسرەوێنێ ، ئانیشکێکی تێدەکوتێ ،جارجاریش بەهۆی دەستەمۆیی وهاونا وی یالەبەر دلی شوانە خۆشی دەوێ .

هەستی بەوە کردووە، شوانە هەموو خەزالێکی خۆش دەوێ ، شەکە خەزال بیانووە، شەرمە، دەست نەڕوێشتنە .

* * * * * *

" خەزال " بەرلە هەموو بێرەدوشێك ، دەست دەداتە شیرمەشك وجامــە مەڕی و بەرەوپیری مێگەل دەچێ .

شــوانە لەگەل مەڕی نواند .لەسەر بەردەبیر دادەنیشێ ، دەست دەبا بۆشمشالەکەی ، چاوێك لەخەزال دەکا ، لەشەرمان چاو دەباتەوەسەر شەکە خەزال .

" خەزال " بزەیەکی نەرم وشەرماوی دێتە سەرلێوان، سوورهەلدەگەڕێ و گولی دەکەوێتە روومەتان .

* * * * * *

ئەوین و ئەویندار ی ، سینگ ئێشە، دلە کوتە، گەیوەتە ئەوپەڕی جوانـی و

پاکی یەوە ،زمان توانای دەربڕینی نیە، زمان لەبەست چووە،چاوهەڵنایە، میژۆڵ لێ نادا، برۆکەوانی شەرمی بەسەرداهێناون، هەموو ئەسیـــری دەستی حەیان دڵ بۆلای دڵ ڕێگای کردۆتەوە دڵ بۆتە ئاوێنەی با لاونوێنـــی دڵ، دڵ ڕاست دەکاو دلاو دڵ ناکا. لەوکاتەنا سکەدا، لەووەختەحەستەمەدڵا لەتەنگاوتەنگی بێدەنگی ودەنگ وکاتی گوێ هەڵخستن بۆهەستی مەبەست " خەزاڵ " خوازبێنی کەری دێنە سەرێ!!.

شوانە، ئاگادارە، خەمبارە، خەففت بارە، دڵ ئێشە وادەزانێ شەکە خەزاڵ ئاوەکی بووە، بێ شوێنە، گورگ لێی داوە، دزراوە. ڕەنگی بزرکاوە تێکەڵی کردووە، باری لەسەرلێوانە، چاوی پرووشن، دەستی دەلەرزێ، قامکە ویشك وبێ وازەکانی دەخاتە سەرشمشاڵە تۆزاویەکـــــەی و بـــە هەناسەیەکی ساردەوەتێی دەتووڕێنێ :

**" ـ هەرکەس یارەکەم لێ دەگرێ بەدۆست. حەوت کۆستی کەوی کـۆسـت لە بانی کۆست "**

خەزاڵ بزەیەکی دێتە سەرلێوی ولەدڵ دا دەڵێ :

ـ گێڵە بژیم هی تۆم، بمرم هی گڵیم، دڵ یەکەو دڵەوان یەك .مەڕدۆشیـــن دەستی پێکردووە، شیر دڵۆپ دڵۆپ وەلێواری جامەمەڕی دەکـــەوێ، خوشەی شیر وکوشینی گوانی مەڕ، ئاهەنگی هەیە، ڕێك و پێك وبێ هەلا وبەپەلە، شوانە دڵۆپێك فرمێسك هەڵدەوەرێنێ، خەزاڵ سەر هەڵدێنێ، شوانە سەردادەخا، خەزاڵیش سەرلەبەر خۆدەنێ، هەموو ماتن،شـــەکـــە خەزاڵ لەفرە کەوتووە، بلوێر دەگری، شوانە زەوادی نابڕێ، پاڵێنیـش وەك مەڕی گێژسەری لەبەرخۆی ناوە وبێ هەستە.

شوانەی سەرلێ شیواو نازانێ چە نابۆکێ بەرێ ،خەزاڵی خۆش دەوێ، پربەدڵ، هیوایەتی، ئاواتیەتی، مەبەستیەتی، بیرلەوە ناکاتـــــەوە ڕۆژیکی ببێتە هاوسەری، ئەوە بەخەیاڵ پلاو دەزانێ، غیرەتی ئەوخەیاڵە شی نیە، دەیەوێ هەروا لە ماڵەبابی بێ، هەرواکچ ودەست لێ نەدراو،

مێرد نەکا ، نەبێتە هاواڵی کەس ، حەقی کەسی بەسەرەوە نەبێ ، ، هـەر بەرخەلی زاوەماك کا • هاوێربکا ، لەپەنا بەردەبیرمەربدۆشێ ،قوڵچـا خ و بەربێنکەی لەبەردابێ ، مەشکە بژێنێ ، شەوهە لێست وشەنگ وشۆخ، بەژن وبا لاّ بنوێنێ ، وەك تاووسی مەست بەلار ولەنجە ئاوەدانــــی ، ئاوەدان راگرێ ، گوێ بۆشمشاڵی راگرێ ، شوانە خەزاڵی هەرئەوەنــد ه دەوێ بی بینێ ، هەرئەوەندە مەڕی لەپەنا بـدۆشێ ، جـار جـار چـاو ە شەرماویەکانی هەڵێنێ وبڕوانێتە شمشاڵی ، خرمەی بـازنــە و خـــرخـاڵ تێکەلاّوی بلوێری بێ وسەربەندی بۆبگێڕێتەوە •

"شوانـە " هەرئەوەندەی دەوێ چاوی بەچاوی بکەوێ ، لارولەنجەی چاو لێکاو ماندووبی رۆژێ بەماندوونەبینیەك لەلەش بباتە دەرێ •شوانـــــە بیرێ ترناکاتەوە، ئەس کورتە ، نەدارە ، بێ دایی وبابە ، بێ پشـــت و پەنایە ، کارداری ماڵی حاجیە ، هاوشان و هاوماڵی ئەوان نایەتـەوە ، خۆشەویستی حەقی ئەونیە ، گاڵتەی پێدەکەن ، بە خۆی دادەشکێتەوە زگی بەخۆی دەسووتێ •

کوڕە دەوڵەمەندێکی دێتە بەرچاوی ، لکەسۆرانـی هەڵ کردووە دەسرەی هەڵوەشاوی لەبەر پشتێندی چەقاندووە ، تەسبێحی لە دەسکی خەنجــەر ی ماهی ها لاّندووە ، بەکیسەدراوان دەیان خنکێنێ وخشڵ و زیوەری بەرتیــل دەداو شیربایی رشتۆتە بەرپێ یان •

بزەی دێتێ وگاڵتەی پێدەکا ، پۆزو ئیفادەی لەسەر لێدەدا ،ڕوومەتــی سوورن وسمێڵی قنج ، چاوی گەش و روون ،شەووشەو نخوونی نەکێشاوە ، خەولەچاوی دانەمردوون ، بۆدرنی دێ وپیاوەتی لەنێو چاوانی دیارنیە •

هاتووە شەکەخەزاڵ بکرێ ! بە زۆر بیستێنێ ! نانا ! ئەوشەکەخەزاڵی لەلاپنگە ، هەزاری وای هەیە ، مەرداره ، دوڵەمەندە ، دنیای هەیە ،دنیـا ی بە دەستە ، پەپارە کایە دەکا ، پووڵ قەدری هەیە ، ماڵ شەرەفی هەیە ،کە و ا پلاّو دەخوا •



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

هاتووە خەزاڵ بەرێ ! خەزاڵ بخوازێ ! خەزاڵی چاوکاڵ ، خەزاڵی لێو ئاڵ ، خەزاڵی خۆم !

هاوار بەماڵم ، رەنج بەخەسارخۆم ، ماڵ وێران خۆم ، کوڕەجاچۆن ؟
خۆمن نەمردووم ! یاخی دەبم ، پاڵ وەشاخی دەدەم ! دەیکووژم ! هەرچی دوڵەمەندە دەیکووژم ، سەگباب ! بۆگەن ! چڵکن ! ئەوەندەم هەبوو ، لەودنیاگەورەیە ، گوڵێك ، دڵێك ، دۆستێك ، تەماحی لەوەش کردووە ! چم پێدەکرێ ؟ قسەی من قسەی وی نابرێ ، ئەوحیزە !

نە بەخوا خەزاڵ هی خۆمە ! جاچۆن ؟ دنیاوێران دەبێ ، ئاسمان دەقەڵشێ ! رۆژ دەگیرێ ! یانی ئەمن خەزاڵ نابینمەوە ؟ ئەی دنیاکێی لێ دەمێنێ ؟ چۆل دەبێ ؟ نەفخی سوور ؟
بڵێی خەزاڵ لەگەڵم نەیە ؟ ئەگەر هاتبا هەڵم دەگرت ! دەچوومەگەرمێنێ . لەسەر بەردی رەق نانی پەیدا دەکەم ، لەکێوی ئادێ ئاوی حەیاتی بۆدێنم ، ئەگەر لەگەڵم هاتبا ! ئای فەقیری ... گولی یە !!
ئەگەر بێ ! بڵێی بێ ؟
لەشاخێکی بەرز ماڵی بۆ درو ست دەکەم ، بەرز ، زۆر بەرز ، گۆشتی مەرە کێوی دەدەمێ ، گۆشت کەو ! کورکورە ! هەوێردە ! کورادە ، مەندێ ، هەڵز ، بیزا ، کارگ و رێواس ، ئەوەی خۆشە ، نیعمەتی کوێستانی ، چ زۆرە خواردەمەنی ، ئەوبزنانەی خۆشم دەبەم بەبەراتی پارکریومن ، ماڵی کەسم ناوێ .
مەخمەری لەبورسایە بۆدەکرم ، حەریر ، چیت قەرەچی ! سۆلی ناڵچەدار جووت مێخ .
کارێکی وادەکەم ، کەم وکووڕی نەبێ ، برسیایەتی نەکێشێ ، فەقیری نەزانێ ، ئەی باوکە ئادەم ودایە حەواچیان کرد ؟ چیان هەبوو ؟ لەوان زیاترنین ، زەووزووی ئەوانین ، کوروکچ نەوە ، نەتیجە ، نەدیدە .
بەلە پی دەست لەنێوچاوانی دا وبۆلاندی :

- دەچمەوە نێودێ ! ئەوەی لەدڵم دایە پێی دەڵێم !
نانا ! بە خوا من لەرووم هەڵنایە ! چی لەگەڵ بڵێم ؟ لە حاست ئەو لاڵ وپاڵم ، سوور هەڵدەگەڕێم ، تازە درەنگە !! من لەکوێ وئەو لە کوێ ؟ واچاکە وازلەخەزاڵ بێنم ، فەقیری بە بەژنم بڕاوە ، درەنگە ئەستۆم شکێ! دەنگم نەکرد هەتا وای لێهات ، چۆن بکەم ؟
- کوڕە وەڵاهی لێی گەڕێم چاکە !
با ئەویش وەشوێن چارەنووسی خۆی کەوێ ، با وەك من کۆڵەوار نەبێ ، شەکە خەزاڵ هەڵدەگرم ودەڕۆم ، لەوو ڵاتە دەچمە دەرێ ، شوانی وگاوانی لەجێی دیکەش هەیە ، باخەزاڵ وەك من هەناسە سارد ولەقوون دەرکان نەبێ ، ئەو کچە دەوڵەمەندە نازدارە ، هێلکە و ڕۆن خۆرە ، جازرخۆری بن تەبەکی یە ، کەس پێی نەکوتووە پشتی چاوت بڕۆیە ، کەس نەیکوتووە هەستە لەوەی دانیشە ٠
- تازە من چلۆنی پێ بڵێم ؟ چ بڵێم ؟ رووی ئەوەم نیە ، هەر دەگەمەحاستی ، سوور هەڵدەگەڕێم ! لاڵ وپاڵ دەبم !ناتوانم ! ناوێرم چاولە چاوی بڕم ، ئەویش هەروایە ! چەندە دڵناسکە ، چەندە خان ومانە ، چەندە تەرزە ، چەندە بەرزە ٠
- ئاخ خەزاڵ ! خەزاڵی خۆم ! چ بکەم ؟ دەستم کورتە ، دنیا بە پوولە ، دەستی کورتم ناگاتە بەژنی بەرزت ، توولەنەمام !ماڵەبابم ! خەزاڵی خۆم ! پارە ، پارە ، جەرگ بڕە ، پیاو خنکێنە ، پارە تۆم لەقیس دەدا ، گولە، گولە دەتبا ، دەتبا ، چم لەوەی کەمترە ؟؟٠٠٠٠٠٠
- پێم خۆش بوو بێیە ماڵم ! پێ لەسەر چاوم دانێی ، لەودڵەچووکەم دا چۆن جێت بووە ؟
- پێم خۆش بوو ، هەم بایە ! دەوڵەمەند بام ! بەقورسایی ئەوکێوە زێڕی سوورم دەدا ، دنیام دەدا ! تەنیا تۆ! تۆ !
کاتێ دەڵێ ماندوونەبی ! لێوەکانی دەلەرزی ، سەردادەخا ، بزەیەکی

شەرماوی دێته سەر لێوان ، سوور هەڵدەگەڕێ ... بریا جارێکی دیکـە ش گوڵی لێ رفاندبام ! بۆ وای کرد ؟ پەشیمان بووە ! چی دیم لێ نەدی ! بریا دڵی شکاندبام ! بریا جنێوی پێ دابام ! بریا بەهێندی نەگرتبام! بریا توانیبام لەدڵە خۆمی دەراوێم .

خوایەگیان پەنات بۆدێنم ، خەیاڵ شێتم دەکا ، تەنیا خۆت دەردم چارەکە! کەسی بێ کەسان ! ئەوی تۆنەیکەی نابێ .

ـ ئەگەر ماڵ وحاڵێکم هەبا ! ئەگەر سەروەت وسامانێکم هەبا ! ئەگەردایك و بابێکم هەبا ! وانەدەبوو.

چ بکەم ؟

روو لـە کام دەرگا ؟

کواپیاوێك دەستم بگرێ ؟

کێ رەفیقی تێ شکاویە ؟

رووناکایی یـەك بەدڵی داهات ! سست بوو! هەڵبەزیەوە! رێ ! چارە ! دەرمان ! کەس ! چاوسوور !

لەبەرت مرم ! کوێر بووم ، شێت بووم ، لەبیرم چووبوو ، ئای گێـــژە درەنگە ، زۆر درەنگە بەلاّم هەربەوی دەکرێ ! هەرئەو ، ئەو !"میرزا" !!!

یەك بەخوی گوڕاندی ، میرزا ! ، کێودەنگی داوە، کێوەکانی تریش ، .

ـ میرزام وەگیر کەوتبا ، رێی چارەی پێدەکوتم !

ئەو زۆر ئاقڵە ، شارەزایە ، دنیای زۆرقـــوونە کەوکردووە ، هەمووشتێـــك دەزانێ ، پسپۆڕە، لێهاتووە، وەستایە، لێزانە، سەوادداره،بەیت بێژە ، حەکایەت خوانە، هەموو وڵات بەڵەدە.

ـ قەدەرێکە نەهاتۆتە لام ! بۆ؟ ئەگەر نەمردبێ ؟ جابۆ دەمرێ ؟

ئێستا جحێڵە ! مردبایە دنیادەنگی دەداوە ! پیاوێکی کەم نیە ،نـــانـــا نەمردووە، چ بلاّبوو !!

ئای چۆنم لێ تێك چووە، خەرێـــکم میرزا ش لەقەبری نێم ، خێـــــر،خێـــر

نەمردووە ٠
زەق و زیندوو : ، وەك جارانە ، قیت و قۆز ، ئاقڵ ٠٠٠٠٠
ئەرێ ئەوکابرایە چی لەمن دەوێ ؟ ئەوجارە هاتە لام چی دەویست ؟ لە قسەکانی باش حاڵی نابم ! ئەو رۆژە هاتبووە لام چی دەکوت ؟
- هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە دەناسێ ! وەك چەرمی ئاوەسووواییە ! باسی هەرکوێ بکرێ لەوسەری دەگەڕێتەوە !
خودایە میرزا چیە ؟چە کەسە ؟ بۆواجوانە؟ بووەکەس ناچێ؟ ئای لەو پیاوە ! ئەی لەبەرت مرم ، دەرمانی دەردەکەم ! کەس بێ کەسان "میرزا "!
شوانە راست دەکا ، میرزا وەکەس ناچێ ،سەوادی بەتەواوی هەیە ، ئەزموونی زۆرە ، پیاوی موتا لاو شیعروشەرع و عورفە ، کەس نازانێ لەکوێ راهاتووە ، خزم وقەومێکی لەوو لاتە دانیە ، هەموو دێ یەك دەچێ ، سواڵکەرنیە ، سەیاح نیە ، بەپاروە نانێك رازی یە ، خەڵك قەدروحورمەتی دەگرن ، دەچێتەهەردێ یەك بەپیریەوە دەچن ، لەسەر میوان کردنی شەڕە ، لەهەرماڵێك بێ لەدەوری کۆدەبنەوە ٠ کەم قسەیە ، زۆر فکردەکاتەوە ،کەم دەدوێ ، بەلام لەگەڵ دەستی بەقسەکردن کرد ، عالەم بێ دەنگ دەبێ ،کەس هەست وخوستی لێ نایە ، قسەی رێك وپێك وپڕمانا ، پڕلەپەندوئامۆژگاری زانایانەو وریایانە ، دەنك دەنك ، لەسەرەخۆ ، بەئەدەب ،ئاقڵانە ٠
پیاوی وەك میرزای لەومەلبەندەدانیە ، تاق تاق مووی سپی لەسەر و ڕدێنی کەوتووە ، کەچی پیردیارنادا ، بەگوردە ، توند وتۆڵ وقیت وقۆزە ، هەرکەس لەپشتەوەراچاوی پێ بکەوی وادەزانێ زۆر لاوە ، لیباسەکانی بلش نین ، ئەمما پاك وخاوێن ، وەك هەموو رۆژێ بیان شوا ٠
میرزا چەرمە سەرەی زۆر دیوە ،تەنگ وچەڵەمەوگیرەوکێشە ، لەکاڵ هاتۆتەدەرێ ، ئاکاری تەجروبەی لێ دەبارێ ، بەلام زۆرکەم وایە باسی رابردووبکا ، جاری وایە لەپڕمات دەبێ ،دڵی گەرم دادێ ،فرمێسکێك هەڵدەوەرێنێ ، دوایە زوو وەخۆ دێتەوە ، قسەیەکی خۆش دەکا ، هەمان

وەبزە دەخا ، هومێد دەدا بەناهومێدان ، دوارۆژی روون مزگێنی دەدا ، چوار کەلیمە قسە لەگەڵ هەرخەمبار وهەناسە سارێك بکا ، خەمی لەدڵی دەروەوێنێ ٠

زۆر جاران لێی دەپرسن ، بۆژن ناهێنی ؟ سەبرێکی دەڵێ :

- جاری پەلەمەکەن، ئیستا دەستی راست وچەپی خۆم نەناسیوە، بزانین و لات چی بەسەردێ ؟ !

چ زۆرە ژن ٠

بەرواڵەت دڵی بەشتێکەوە نیە، بەلام کەوردتێدەفکری ، هەمووکەسی خۆش دەوێ ، دەکرێ بلێی بەراستی ئاشقە ! ئاشقێکی تێگەیشتوو ،ئەویندارێکی شارەزا، ئاشق ، عارف ، سەوداسەر، ئازا ، نەبەز، ورد، ژیروپیاو ، داوێن پاك ، خوا ناس وعابید، سەرەڕای تەواوی ئەوانە ،بەوهەمووئاقڵ وهۆش وبیرەوە، لەروخساری دا ، قووەیەك ، جەزبەیەك ، کێش وحاڵەتێك خۆدەنوێنێ کەهەرکەس لەگەڵی بدوێ ، خۆشی دەوێ ، وەختێ بزەی دێتێ، ددانە سپی وخاوێنەکانی دەردەکەون ، دوودەدانی پێشەوەی ، کەمێك کەوتوونە سەریەك ، میرزای سەدهێندە شیر ن کردووە، چاوەکانی قاوەیین وەك چاوی مەڕ، بریقەی دێ و روونن ، ئینسان بۆ لای خۆی دەکێشێ ،میرزا لەوپیاوانەیە کەهەمووکەس لەخۆڕا خۆشی دەوێ ، دڵ لەلای دەحەسێتەوە، بێ تەماح ودڵ ئاوا ، راست وبێ فڕوفێڵ ٠

بە عومری کەس خراپەی لێ نەدیوە،لە هەرجێگایەك شەڕوکێشە و دڵ ئێشی بێتە گۆڕێ ، کەیخودایە، هەمووکەس جوابی دەداتەوە، کەس بێدڵی ناکا ٠

میرزا لەخەڵکی دەوروبەری خۆی پێش کەوتووترە، وەپێش زەمان کەوتووە، چەندساڵ لەپێش خۆی دادەژی ، میرزا نموونەی پیاوی کامڵ وتێ گە - یشتووی و لاتی خۆیەتی ٠

بە ڕواڵەت حاسڵ وداهاتێکی نیە، وەدەوڵەمەند ناچێ ، کەچی دەستی

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

خەڵك دەگرێ ، بەدزی یارمەتی خەڵك دەكا ، نایەوێ كەس بزانێ ،لەخۆ ی دایە، ماتە، قـسوولە، مەندە، رەندەمیرزا خێری خولایە، میرە،مەزنە و مەزنایەتی لێدەوەشێتەوە ٠

میرزا ئەوكەسەیەكە بەكەڵكی ئەوڕۆی شوانەدێ ، دەردەدڵی هەمـو و كەس لەلای میرزا دەكوترێ ،پیاوێكی قووڵ ومەندە ، قسەیەك لـــەلای میرزا بكوترێ وەك لەگۆمی هاوێن، بێ قسەوباس وبەیت و باوە، رێ و شوێنی باش وەپیش خەڵك دەكەوێ ، جابۆیە كەوتۆتە بیری شوانە٠

ئەو ئەویندارە، زمانی دەرد دەزانێ ، زمانی بێ زمانی شارەزایە،هەست بە ئێش وئۆف دەكا ، پەی بەكەم وكووڕی دەبا ، دەرمانی دەردە،ئەوحەكیمە ئەولوقمان ، ئاگالەژان وبرك ، ئاشنابە رەمزوڕاز ، بەشەرنیە،فریشتە و پەری یە!

میرزا خوێ بێ كەس وكارە، كەچی كەسی هەموو كەس ، كۆنە كتێب ، ، جێگای رازونیاز ،پشت وپەنا ، باب وبرا ، رۆشن ، چرای تاریكایی ٠

شوانە كوتی :

- فكری میرزا رەنگە رەشاخیم خا !

بریا ئەوڕۆژە ، ئەوڕۆژەی لەلام بوو، رازی دڵم پێ كوتبا ، جاچووزانم ! دەستی شكاوم ، گردەڕانی وردبووم، پیاوچووزانێ ! چووزانێ كەنگـــێ دەمرێ ! ئەودەم ئەوبەیت وباوە نەبوو، ئەمن چووزانم وادەبێ ، كواقەرار بوو ، ئاگام لەمردنی خۆبێ ، ئاگام لەوە نەبوو٠

ئەگەر ئەوجار تووشی میرزا بم هەمووشتێكی پێ دەڵێم ، كوڕە خۆلێمنادا ! ئاقڵە رێم پێ نیشان دەدا٠

وەلاهی رەنگە ئەویش بڵێ ، رۆڵەگیان بیری خەزاڵ لەسەرت وەدەرنێ ، گیای تۆنیە، كوڕم ! وازبێنە، جائەودەم چ بكەم ؟ پەنابۆكێ بەرم ؟

لەوانە شە هەتا میرزا دە دۆزمەوە، خەزاڵ شوو٠٠٠٠٠ نانا ،كەس حەقـــی نیە ، مەگەر بمرم ، بەخوا وەك گورگی بیچووخوراو، وەك ماری كـلــــك

پەڕاو ، وەك بەرازی بڕەك ، بەگژیان دادێم ،جاچۆن؟خۆلەمن خوێن نایە لەوان ئاو ، دۆست لەدەزگیرانی ناخوازرێ ، چم لەپاش جێ دەمێنێ •
ملك و ماشەكەم ! مەڕوما لاتەكەم ! دایی وبابەكەم ! قەلاوبالەخانەكەم ! مالم بەكۆلمەوەیە، جادوای خەزال بۆبژیم ، كوادەژیم !

" میرزا " لەلای حاجی حـــــەمە زۆر بەڕووە ، پارزستانێ مانگێكی رەبەق لەمالە حاجی بوو، وەك شایان میوان بێ ، لێفەیان بۆ چوار قەد كردبوو، لەسەرچۆكان نەبالەلای دانەدەنیشتن ، تەشت ومەسینەی بۆدەچوو، مەنجەلە ئاو وئاوگەردانیان بودەبردە شۆركەی ،حاجی ژن هەموو جەمان دەیكوت : " میوانی خۆشكی رۆن لەئانیشكێ " هـەوەل مانگی زستانێ لەوێ ماوە، رۆژلەگەل رۆژ وجەم لەگەل جەمجێگای خۆشتردەبوو ، دەست وپێوەندیش لەسایەی ئەودا حەسابوونەوە،قسەی خۆمان بێ ،مالـــە حاجی وەك خانەقایە، هەمووكەس رووی تێدەكا • میوان گرە،بەبێنەبێنەیە، خاووخێزانیان خۆش خۆر وخۆش پۆشن ، وەمالە كانی ترناچـــێ •

نازانم حاجی بۆهێنـدەی دلی میرزا مەنزوورە، هەتائیجازەی نەدا رۆنابێ ، خۆحاجی لەمیرزای زۆر بەحەمرترە!

ئەی بـۆ وایـە ؟

كەس نازانێ ! كەس ئاگای لەسوڕی میرزای نیە، هەردەلێی ودمی پێ یە ، رەنگە جگە گورگی پێ بێ !

ئەری بلێی وەلی نەبێ ؟

وەلی چۆنە ؟

ئەوكابرایە سەری بچێ ، نوێژی ناچێ ، لەتاعەت دایە،تەماحی نیـە ، چاولەئافرەت وشتی واناكا ، ئەوخەزالە جوانە دێ ودەچێ دەلێی ئاسكە، چماقەت چاوی لێدەكا ، سەردادەخا وەك ژن سەری پێوەنەبێ ، لەشەرع دا ماموستایە، نێوچاوانی نووری لێدەبارێ ، خەریكە وەك عەبدی سۆفیـا ن بەری دەستی كون بێ ، وەلاهی ئەگەر وەلیش نەبێ ، چی وای كەم نیە•

کەسی وام نەدیوە،کوڕەجائەمن چم دیوە ! مەروبـزن •
بەراستی ئەوکابرایە وەکەس ناچێ ! بریا ئەوئاقڵەی لەپێی ئەودایـە لەسەری من دابا ، ئای نەخوێندەواری چەند دەردێکی بێ دەرمانە، کوڕەخۆ من هەتا میرزام نەدیبووچم نەدەزانی ، ئەوپیاوە هەردەڵێی لەدنیایەکـی دیکەوەهاتووە، وەك کەس نیە ! هەرکەس بیبینێ لە بیری ناچێ ، نەحاجی حەمە وادەفامێ نەسۆفی ئەحمەد، مام برایمی چەرچی ئەوهەموو وڵاتە ی گەڕاوە، ساردوسەودای ئەومەڵبەندەی کردووە کەچی بەنینۆکـی ئەویـش نابێ " هەرئاقڵەی لە خەسارێکی " ئـەوجار میرزای بگرمەوە تازە بەری نادەم ، کوڕە بەخودای پیاوی واکەمن ، ئای بابم لەبەرت مـرێ !دەك بـە نۆکەری ئەوکە لاشە قولاغە کراوانەت بم ! لە خوڕانیە بۆتە گەورەی ئـەو وڵاتە ، ئەوقەدرو حورمەتە ئی ئەو ئاقڵەیە، هی ئەوتێگەیشتنەیە•
میرزای ڕەبەنی بێ حاسڵ وداهات ، بێ خزم وزێد،بێ خێڵ وتایەفە ! ئەی چۆن ! چاوبەستە ! نەوەڵڵاهی پیاوی والەسەرەخۆ وراست هەرنیە ، بەهێزی ئەوئاقڵ وسێوادەیە ئاوە ماقووڵە ، ئاوا لەسەرد لانە، ، ئاوا گەورەیە، ماروئەژدیهای لەلاڕام دەبێ ، کوڕە بڵێی خدری زیندەنەبێ !
ئەوی جاری مامۆستا دەیفەرموو، لەکتێبی دایە، وەباڵ بەستۆی ئەو ، دەیکوت : ـ خدری زیندە، زیندووە، دەگەڕێ و دیار نیە، ونە ، جاری وایە لە جێیەکی سەروەدەر دەنێ ، کەس نازانێ ئەوە، حەلامەتی ئەوەیــە جونگەی دەستی ئێسقانی تێدانیە، دێتە فریای لێقەوماوان ، پیاوی خولایە ئیدی ! مەحمووری خولایە !لەسەر هەموو شکڵان زاهیر دەبێ ، بڵێـی میرزا ، مام خدرنەبێ ؟ ئەوجار بیبینم جونگەی دەگرم •
بەلام ئای کوڕە نەوەڵڵا ، جونگەی چی ، ئەوێ دەمێ زستانێ لەماڵەحاجی! خۆمن کوێرنیم ، شوانە وێلەش چاوی هەیە ، تەشت وەمەسینەم بۆ برد ، دەستنوێژی هەڵدەگرت ، کوڕە جونگەی دەرپەڕیبوو، برێکیش کزە،بەتەواوی دیارە، نابابم میرزا هەر میرزایە، پیاوێکی گەورەیە، ئەگەر بیەوێ بـۆ

دەردی من دەبیتە خدر ، خدری زیندە٠

ئەریٚ ! ئەوهەشت نۆدەبزنەی هەمە بیدەمیٚ بلیٚی باشتر نەبیٚ ؟بلیٚی لیٚم وەرگریٚ ؟ بریا وەری گرتبا ٠

دەلیٚن بەرتیل بەردی نەرم دەکا ، بائەو بزنانەی دەمیٚ و بە قوربان و سەدەقەی بم ، بەلکە دلی نەرم بیٚ وخەزالم بۆبستیٚنیٚ ٠ میرزاش پوولی دەویٚ ، هەرشایییەی سەدکاری پیٚ یەتی ، دەلیٚن : " نوشتەی بیٚ سەرقەلەمانە کارناکا " جائەو بزنانەم بۆچیە ؟ هەمووم بەبەراتی پارکرپیوە، دەی جا قەیدی چ دەبیٚ شوانی دەکەم بەراتەکەم دەدەمەوە بەبزن ، بزن چیە ؟لەشاخی بسەم ، گوو بەکلکی ، خەزالم وەگیر کەویٚ ، شام ، لەسەرتەختم ، کورە جابزن چیە، لەریٚی خەزال ، سەرومالم ناویٚ ، چاوم دەریٚنن وئەوم دەنیٚ، هەرحاجی دلی نەرم بیٚ ، هەتاهەم بیٚ حەق وبەرات شوانی بۆ دەکەم ، کالەی ئاسن وگۆچانی ئاسن هەلدەگرم ، وەك فەرهادی کیٚوی دەبرم ٠

وەلّلاهی بەبنمان زۆرە، چەتوونە رازی بیٚ ، کوا خوا ئەوەی دەکا ! چارەنووس ، قسمەت ! مەلادەیفەرموو کولل وسەبەب بۆی هەیە ،جاچۆن؟ یانی بلیٚی میرزا ببیٚتە سەبەب ! ئەریٚ کورە بۆنابیٚ ، بزنەکانی دەدەمیٚ، بلیٚی توورە نەبیٚ ؟ توورە دەبیٚ ، شتی کەسی ناویٚ ، پیٚم وایە ئـازای بەندەنم رەش وشین دەکاتەوە٠

جاریٚکی پیس لەحاجی حەمە توورەبوو ، حاجی متتەقی لیٚ نەهات ، جاریٚکیش دووگۆچانی چاکی لەمام برایمی راکیٚشا ، دەستم لەگەلّ دەستی بیٚ ٠تەك دەستی خۆش بیٚ ، ئەوگلاوە ئاوا دەولەمەندە ، بەخودای نەبیٚ بە عەبدی موحتاج نیە ، گۆیا شیربایی خواردبوو ، ئیدی مام برایم هەر هەلات ، ئاوری نەداوە : بەقوونی دادا ورۆیی ٠

کورە کەس ناویٚریٚتە میرزای ، کەلە، ئیشارەبکاخویٚن دیٚتە گۆریٚ ، مام برایمی چی وشتی چی ، هەزاری وابەلینگەکەوشەکەی میرزا نابیٚ ، رقی لەکەس نیە، چاکەی خەلکی دەویٚ ، لە سەربار راستی ئاوەدانی یە٠

کاری ناپیاوانەی پێ ناخۆشە ، جنێو فرۆش ودم شڕنیە ، تووڕە دەبێ ، قسەی ناحەز ! خوانەکا ، ئەوکابرایە سەیرە، زۆر سەیرە پووڵ و پارەم پێ نەدیوە، بی بێ دەی دابەخەڵکی ، نایەوێ هەیبێ ویستبای هەزار هەزاری دەبوو، هەرساڵێکی شەکەزەکات وەرگرێ ، دەبێتە حاجی یەلار ، خەرمانێ بۆفەقیروهەژاران دەکا ٠ بە هەرکەس دەڵێ زۆری تێداوێ،خەڵکی رزگاردەکا ، بۆخۆشی ئاوابێ تەماحە !

زۆر جاران دەڵێ من چی لێ بکەم ، زۆرم هەیە، کوڕو برای من هەر ئێوەن ، خەڵکەکە هەربۆیە دەیانەوێ ،چاولە دەست نیە، پووڵ وپەینی لەلا وەك یەکە٠

جارێکی مام برایم دەیکوت :

- میرزا سەردەمێکی پیاوی حکوومەت بووە، زۆر ماقووڵ ودەست رۆیو ، نازانم دەریان کرد! ئەی کەوتە بەندیخانە ! ، چلۆن بوو! هەڵاتووە ، رای کردووە، ملك وماشی لەشارماوە، دەولەمەندە، هەیەتی ٠

- رەببی هەر خودا بیداتێ ، جاحەیف نیە پیاویوامەحتەل بێ؟ زۆر دێتەلای من، شمشاڵی زۆر پێخۆشە، قسەی خۆمان بێ هەر دەڵێی مەڕە ، بلویری بۆلێدەدەم ، مات دەبێ ، متنەقی نایە، چاوی وەك چاوی مەڕ قاوەیی یە، مەڕی هەڵکەوتووە ٠

جارجاریش دەگری ، کەڕەتی وایە وەهادەگری ، بەخۆم نیە غوربەتیم هەڵدەستێ ، لەگەڵی دەگریم ، میرزاش وەك من بێکەسە ، ئەویش ژنی نەهێناوە ، بۆ ؟

لەتەمەنی ئەودا ، کەسم پێ شك نایە، سەڵت بێ ،ئەویش ئاوا جوان چاك ، ئەوجارە پێی کوتم : - شوانە ! تۆم خۆش دەوێ ،بۆخۆت نازانی ئەوشمشاڵەت چ جەوهەرێکە ، بریا وەك تۆم زانیبا ، بریا زۆری وامان هەبان ، بریا تۆ کوڕی من بای !

پاشان دەیکوت :



@kurdica

- رۆڵە گیان ! ئەو بەیتانە بەتەواوی فێربە، دەزانم هێندەێکان دەزانی ، بەلاّم زۆرمان هەن ، وەدووکەوە، فێربە، هەتا مردن هەرفێربە، باون نەبن، زۆریان لەبیرچوونەوە، زۆریان فەرامۆش کراون، زۆریان دەست لێدراون ، زۆریان بەتالاّن چوون ، ئەوبەیتانە دوڕ وگەوهەرن ، یاقووت ومەرجان و ئەلماسن ، جەواهیراتن، خەزێنەن ، بگرە پتر ، زۆرپتر زێڕی سوورن ، بەقورسایی کێوە سوور .

- کوڕی من ! ئەوبەیتانەی هەواکەیان لێدەدەی ، بەباشی فێریان بە، بەگۆرانیٚ ، بەدەنگ بیان لێ ، ئەوانە تەسبێحێکی پیرۆزە ومرواریـــن دەیانهۆنیبەوە، ئەوانە هاواری گەلێکی دڵ بریندار وزۆر لێکراون،ئەوانە بەسەرهاتی باب وباپیری ئێمەن ، رابردوون ، دەنگێکن لەدووڕادێن ، دەنگی لەگەرووڕا خەفەکراو، ئەوانە هاواری هەژارین ، چریکەی بێکەسی، زمانی لەبن دابڕاون، دەستی کورت بوەوەن زووخاوی زەمان وزاخاوی دڵن، زەرداوی زوڵمـــن ، ئاسەواری کۆن تۆزی بەربای باڵی سووتاوی پەپوولەن، گەلاّی گوڵی پڕووکاون ، لەتەدنووکی بولبول ، کتێبی دڕاو و قەڵەمـــی شکاون .

شتی سەیری دەکوت، زۆرلەوەی پتر ، زۆرلەوانە جوانتر ئەمنی شوانە وێڵەی قوڕن هەڵدڕاوچووزانم ! کوا لەقسەی میرزای دەگەم ! لەهــــەزاران یەکم لەبیرنەماوە، ئەوەندەی دەزانم ئەو رۆژێ ئاوری گرتبوو ، بڵێســـەی دەهات ، گەرم گەرم دابیسا . سەری خۆی هەڵگرت ، رۆیی ،لەدەستم چوو ، نەم وێراچ بڵێم . بەهەیبەت بوو، ترسام ، لەرزیم .

میرزا بەوهەموو جوانی یەوە قرژ هەڵگەڕابوو، تووکی لێ بب--وو ە نەشتەر، کەفی دەچاند قەلاّفەتی پیاوانەی سەدهێندە نێرتربوو .

دەمەویست لەئامێزی گرم ، وەك باوکم ، وەك براگەورەم وەك میرێك وەك مەزنێك، دەستەنەرم وشلەکەی ماچ کەم ، نەموێرا ، خەجلاّم ،سووتام ، پووچامەوە .

میرزا ئەگەر قەڵس بێ کەس زاتی نیە بیدوێنێ ،ئەگەر بەکەیف دەبێ هەموو منداڵێك دەچێتە قەڵاندۆشی ، شتێکی سەیرە ! ئەی بە بابەوەت لەبەرمرم ، ئەودەمەی لێت حاڵی نابم بەنۆکەری ئەو قەدوگیپاڵەت بم ، بەخولامی ئەوچاوە قاوەییەت بم ، بۆیە کوتوویانە :

"کاسب کارت بمرێ ، مشوور خۆرت نەمرێ " ئەتۆ نەبی کێم هەیە ؟ بەس نیە بەدەردی دەردەدارێکی رادەگەی ، خوات لێ رازی بێ میرزا ، خوالەگەورەییت کەم نەکا ، هەرنەکەی و بتداتێ ، دەستت بەحەمرومالی گرێ ٠

ئەدی ، ئەدی ،راست وادەکەم ، میرزا دەدۆزمەوە، ئەوەی لەدیزەدایە بەئەسکوێ دەری دێنم ، سفرەی دڵم دەکەمەوە، بۆی هەڵ دەرێژم ، چی دیم بۆراناگیرێ ، بەسە هەتاکەی ! خەزاڵ شووبکابەجارێك ماڵ ویران دەبم ، ئاخ خەزاڵی خۆم کەس حەقی تۆی نیە ، دنیا بەپەندی سیام هەڵێنێ ،دەست هەڵگیرنیم ٠

# ٤

بەهار لەوپەڕی جوانی دایە، دەشت وسەحرا ، مێرگ ومیرخوزارکێو و تەلان ،بەندەن وبنار ، زەردوماه، نەرمان وکراڵ ، کێڵگەوبەیار وخروشیوو لێرەوار لەباوەشی نەرم وهەناسەی گەرمی بەهاری داسەوز وشین وبنەوش وگەش خەملاو وخوڵقاو ،دلۆپ دلۆپ شەرابی شەونمی شەو پاتە بەلێو و لێواری سروشتەوە لەگەڵ کەمێك خەوالوویی وخوماری ،شەوگەڕی وشە و داوەتی ، بەشەپۆلێك دەسکەوتی شەوارەوە شینایی شەتلانی ئارەقی جوانی کردووە٠

گیاوگوڵ وەهاتێك ها لاوە چەتوونە گێژەلوولەی چەوتی خەزان لێکی جیا کاتەوە٠

چیا ئەوەندە سەوز وسەربەرزە ، زەحمەتە ئیدی زەمان وێژینگ و وەنەوزی پێ بدا ٠

ئاوهەڵدێر هێندە لەگوڕە، حەستەمە گۆم وگێژاوی مەندخۆی لەبەر بگرێ ٠

ئەستێر کەلاوی کردووە و کەلاوی رووناکی یە، وەها رووناکێك کە خێز خوری لافاو ئیدی لێڵ وقوڕاوی ناکا ٠

هەوری رەش وکولۆ کولۆ بەپشت و وڵات داگربرووسکان دەدەن گرمەو شریخەیان، شۆڕابەی باران دەخاتە بناری شاخ ، بنار وەك بەهەشتی خوا سەوزی سەوزە٠

نوێژە بارانە، بەختەڵ باران ، رەحمەتی خوا ، بارانی روون،فرمێسکی ئەڵماس ، هەردوێنێ منداڵە سەرقژن وچاورەشەکان دەیانکوت :

**- بووکە بارانە ئاوی دەوێ ، ئاوی نێو دەغڵانی دەوێ ، هێلکەی باڕۆکانی دەوێ ، دەرزی گەورەکچانی دەوێ ٠**

باران دەبارێ ، چرتە چرت وخرمە خرمی بێ وچانی باران ، بۆنی بلاوێنی گڵە سوور تێکە ڵاوی عەتری گژوگیای کێوی دنیای جوانی سەدهێندە جوان و بۆن خۆش کردووە٠

لەپەنا بەرگی نازوچاوی باز ونەغمەی سازی تەبیعەت بە نێو دڵی بەهاری دڵگرودڵڕفێنی پڕلەبۆن وبەرامە دا ، تاقەماڵی پەنادار بەڕوەکە دیارە ، لەژێرباران تەڕوتلیس ،بەتەواوی خووساوە، چڵ چڵەکای زەردی سواخ سەریان دەرخستووە، لووساوکێك لەقیوە تەڕایی داوەتە قەدی دیوار ، دیوار مۆرەیە، قەڵەش قەڵەش وکۆن ، لەعومری سوفی دا ، ژووری نێوماڵی چوارکولەکە سارد وسڕوشێواو ، داپرژاو لەوجێگایەی شوانە پێڵاوی غەریبایەتی لێ کردەوە، هەرئەوماڵە کەروژێك کانگای دلداری و ئەوین ، مەکۆی تین وگەرمای ژیان پاڵەوپشتی حەسانەوە و وچان دانی پیرە وسۆفی ئەحمەدبوو، جگە لەناڵە ناڵێکی نیوە زیندوو، جگە لەکرکەو نرکەیەکی بێ هێز، دەنگێکی تری لێ نەدەهات ، ماڵ سارد، وەك ژیان کۆچی لێکردبێ ٠ لەژێر لێفەیەکی چرووك پشت بەهەرزاڵ ، پیرەکزو لاوازو زەردورەنگ پەڕیو دەینالاند، دەینووزاند، نووزەیەکی سەبروقوڵە، پڕلە ژان و دەرد، دەنگێك راکێشراو بەناوبرك وئێش دا ٠ دەنگێکی نیوەزیندوو بێ هێز، وەڕەز، شل بۆوە٠

چاوەکانی جارجار بەئەسپایی سەبرێك هەڵدێنێ ، چاوگێڕان،چاوی

مات بێ رەنگ ، ناهومێد، ئاخردیتن ، ئاخر روانین، زۆر بەشلی مژۆڵی بەسەریەك دا دەكەون •

لێوی شین وچرچن ، چرچی بارلە سەركەوتوو ، سواخ دراو بەبار • شوێنەكانی سەرگۆنای تێكەڵ وپێكەڵ وگنج ولونج ، ناوچاوانی خەت خەت وبێ رەنگ،چەند تاڵ مووی سپی كرووزوژاكاو لایەكی برۆیان داگرتووە، سەری بۆزوئاڵۆز تەنك ولێك هاڵاو• دەستێكی لەژێر لێفەبە نابەدڵی وەدەرخست ، نینۆكی سپی ، سپی ،قامكی ویشك ولەرز ،جومگەی رەق و دەرپەرپیو، بێ ئیختیار دەستی خشكاوبەسەرلێفەكەداكەوت•

سۆفی دەستەشلەكەی لەنێو دەستی گرتووە، بەلێویەوە ناوە و بۆنی پێوەدەكا ، مشەی دێ وفرمێسكە ساردەكانی هێدی هێدی بەسەر ریشە سپیەكەی دادێنە خوار•

دونیالە سۆفی ویرانە، هومێدێك بەدی ناكا ، چارەرەشی وتەنیایی خۆی دێتەبەرچاو، ئارەزووە وەدی نەهاتووەكانی یەك بەشوێن یەك دا ناشتوون ، پیرەوەكازی پیری وهاورێ وهاوالی رۆژان وشەوانی درێژایی تەمەنیەتی ، پیرەئاخر هیواو دڵگەرمی ژیان وبناوانی ماڵی تێك رماوی ئەوە•

دەستی توند لەدەستی گرتووە، ئێستاش ئەو دەستانە هاواری هەوڵ دان و پشوونەدانیان لێدەبارێ •

دێتەوەبیری هەرئەو پیرەیە چەندی جەزیاكێشا ، چۆن بەپیری ونەخۆشی دەجووڵاوەوئیشی دەكرد، ئەودەستانەئێستاش شوێنەواری ئیشی زۆر ولە توانابەدەریان پێوەماوە• ئەودەستانە، دەستێكی كارلێهاتوو و كارامە بوون، بناخەی ژیانیان دادەنا ، داهاتوویان دەخولقاند، ئەو دەستانە جێی ماچ كردنن ، ئەودەستانە جێی لەسەر سەردانانن ، دەستی پیرەی وەها رێك كوشی دووجاری چاوپێ هەلێنا ، بەڵام تەنیاهەناسەیەك ، تەنیا تروووكاندنێك ، ئاهێك ، پشوویەك ،دەیەویست زەمان لەبەریەك


@kurdica

بکێشێتەوە، دەیەویست زەمان راگرێ ، دەگەڕاوە دوایە، خـوێ دەدی ، کاتێك لاو بوو، لەبەرچاووبـوو، قیت وقۆزو توندوتۆڵ ، ساویلکەوساکار، بەکار ،لەش پڕبوو لەگەرما ، هێلکە لەبن هەنگڵی دەکولا،سمێڵی زوقمی لەسەر دەکەوت ولەگوێ سوانەنەدەهـاتە خوار، ئەودەم لاو بوو،ئەودەم پیاو بوو، ئەودەم بەبڕشت وبەتاو بوو ٠

ئاخ چی لێهات ، بۆ کوێ رۆیی ، چ زوو رۆیی ، ئەو رۆژانەی کایەم دەکرد، ئەورۆژانەی پەنجەم وەك پۆلا بەردی دەهاڕی ، ئەو رۆژانەی،بەهار بوون ، جوانی بوون ، شایی بوون، شادی بوون، مراد بوون، هومێد بوون، هیوابوون ، بوون بوون ، داخی گرانم چ زوو رۆیی ، چ بێ مەودا ، ئەو رۆژانەی ، پیرەکیژبوو، شەنگ وشۆخ ، جوان ولەبار ناز ونازدار، بەکار، بەکار٠٠٠٠

ئەو دەستانە هەر ئەودەستە ویشك وساردە، سالانی زوو، گەرم وگـور بوون، خڕوپڕبوون ، نەرم ونۆڵ وتورت وپاراو، توندوخاراو، ، زەوی زەمان ! دوورە بەش بی ، چارە رەش بی ٠

ئەو دەستانە ، هەرئەودەستەن گورمیان دەدا ، مەشکەی گاوسیـان رادەدا ، قۆڵچاغیان هێندەلێ جوان بوو ، سەری منیان لێ میوان بـوو ، بەلێ ئەودەستانە٠٠٠٠٠

سۆفی ئاگای لەخۆنە ماوە، لەرابردوودا دەژی ، یادی ئەودەم وگریانی ئێستێ دەگریا ، وەهابەکوڵ کەهەموو دەستی پیرەی بەفرمێسك تەڕکـرد ٠ کەوتە وە بیری کوڕە جوانە مەرگە کەیان :

- بریا ئەومابا ، ئەگەر مابا ، ئەگەر ئەوغەدرەم لێ نەکرابا ، ئـەگەر نەمردبا ، بووکم دەبوو ! نەوەم دەبوو ، مالەکەمان ئاوەدان ! گڕوگالـی مندال !تاق وتەنیا نەدەبووم ، تەنیایی دەستی لێ نەدەوەشاندم، شێتـی نەدەکردم ٠ئەومابا ، رەنج بەخەسار نەدەبووم ، ئاە رۆڵەم پیرەش دێتە لات منی رەبەن وخۆیانێك خەم ، مال چۆل ،مەزرا چۆل ، دلی پـڕم لەو

چۆلی یەدا ، چ لێ بکەم ٠

بریا مابا ، لەتەمەنی یارەدا دەبوو ، هەروەك ئەو ، چوست وچا لاك ، هەروەك ئەوشیرن ورەزا سووك، لەبەردلان ، خۆرێك خەر٠

ئاخ یارە !! هەودای خەیالی پسا :

- لەبەیانیی یەوە ناردوومەتە شوێنی !بۆچی نەگەیوەتێ ؟بریاگەیبا سەرپیرە، بێ شك بەخاترجەمی دەمرد ،چاوی لەرێ یە، ئەویش خۆشی دەوێ یارەوەك کورەکەی خۆمان دەچێ ، وەك ئەوم خۆش دەوێ ، ئەویش وەکوومن بێکەسە، بریادیدارئاخرنەبوایە٠

- چلۆنە بۆخۆم بکەومەشوێنی ؟ ناناپیرە تەنیا دەبێ ، مردن بەسامە ، ئافرەتە ، نەوەك بترسێ ، بەشەرع باش نیە، پیرەگیان ! زەمان لێکمان هەڵدەبرێ ، بریا لەگەڵ تۆمردبام ، بۆچی بژیم ؟ چ بکەم ؟ تاکەی دەردە - سەری ، تاکەی کوێرەوەری ، قەت وچانمان نەدا ، نە حەساینەوە، لەمێژە چم بۆنەکریوی ، بەرووتی دەمری ، فەقیری ئەو دا خەشی لەدڵم داهێشتەوە خەجاڵەت خۆم پیرەگیان ! رووی نەداری رەش بێ ، قەدری تۆم پێ نەگیرا ، لەدەستم چووی ، دوراندم ، دووگەزەجاو ئاخر دیاری من دەبێ ، بە جلکی سوورهاتی ، بەجلکی سپی دەروی جەرگم قەشار قەشارە، پشتم قرچە قرچی دێ ، ئەگەر بێ شەرعی نەباهەتا دەمردم لەسەرت دەگریام ،منـی فەقیو لەگریان بەدەرچیم لەدەس دێ ، حەکیم ! دەوا ! مەلحەم ! کوا ؟ چ هەیە ؟ کێ هەیە ؟

سۆفی سەری هەڵێنا ، باران بێ وچان دەباری ، ئاسمان دەگریا هەور دەگریا ، دونیای شین شینی دەکرد، بۆپیرە ؟ بۆسۆفی ؟ بۆئەوانی تر ؟ هـەرگیان لەبەرێك مەحکووم بەفەوتان ونەمـانە٠ پیرە دەینا لاند ،بەرە بە بەرەی نالەی شلتر دەبوو ،نالە دوور دەکەوتەوە، نالەی دووری، نالەلە تاو دووری ، نالەی جودایی ٠

سۆفی چورێکی ئـاو بەزاریەوە کرد، بەباشیبۆی قووت نەدرا ،دەستی

لەسەر سەری دانا ، سەری گەرم بوو ، پیرە جارێکی چاو هەڵێنا ،پڕبەچاوی تەمەشای سۆفی کرد ،چاوی خۆشەویستی ، چاوی ئاشنا ، روانینی ســـە ر مەرگ، ئاخر روانین، ئەوچاو لێکردنە سەدمانای دەدا ، لێوی داخراوی بۆ قسەیەك کردەوە ، دەیەویست شتێك بڵێ ، نەیتوانی ،راما ،لێوی جووڵە ی هات ئەمما بۆڵەی لێ نەهات ، نالاندی بەسپایی چاوی لەسەریەك دانا ٠

رووی مانگێکە پیرە ، بنەوبێرە ، نەخۆشی بەجارێك بڕستی بڕیوە ، خۆی بۆمردن شل کردووە ، ئەسلیمی مەرگ بووە ، بەڵام ئەو ڕۆڵە هەمـــو و رۆژان هیلاك تر وشەکەت وکە لەلاترە ، لەبەیانی یەوە جواناوی دەڕشت ، ئاواتی سەرەمەرگی چاوێکی تروتاوێکی تر ، قسەیەك لەتەك سۆفی ، دیدارێك لەگەڵ یارە ٠

یارە هەر رۆژ نارۆژێك سەری لێ دابوو ، حاجی وحاجی ژن ، خەزاڵ و بای نازیش نێوە نێوە دەهاتنە لای ،ژنـەکان ماڵ وحاڵیان خڕهەڵدەدا و شیووکوڵیان بۆدەکردو دەرك وبانیان بێڵ ماڵ وگەسك ماڵ دەکرد ، مـەلا ی دێی بەرەوە رۆژێ جارێکی یاسین دەخوێند ، ناڕەحەتی ئەورۆلە لـــە رۆژا ن پترهەست دەکرا ، زمانی شکابوو ، تەنیا هۆشی هەبوو ٠

سۆفی دەیزانی شەوێ رۆژناکاتەوە ، دەیزانی تازە کاری کراوە ، چاوەرێی یارەیە ، باران بەغوڕەم ،باران بەڕێژە ودەبارێ ، لووساوك پڕاو پڕ ئاوهەڵدەدێرن ، نێوماڵ لەدووجێ یان دڵۆپە دەکا ، سۆفی جامی مسی وەبەر داون ،مسەکان باقربوونەوە ، لەمێژە مسگەریان نەدیوە ، دڵـۆپـــە بێ وچان زرینگە لەجامی مـــس دێنێ ، دەنگی ناڕێك و بێ نەزمی دڵۆپە و زرینگەی مس گوێ ئازار دەدا ٠

چرتەی دڵۆپە ونالەی نیوە زیندووی پیرە سامێکی تایبەتی خستۆتــە ســـەر نێوماڵ ،وەك ناقووسی عەزا دەچێ ، خۆفی مەرگی لێ نیشتووە ، بۆنی مەیتە ، ئاهەنگی نەمانە ، مردووشۆر وقەبرهـەڵقەن لەبەرچاوی سۆفی رەشکە و پێشکەیـــانە ، زرمەی پاچ وکڕڕەی بێڵان دێتە گوێی ، ســـۆفی

پیاوێکی دونیا دیدەو بە ئەزموونە، هەوراز ولێژی ڕۆژگار ،تاڵ و سوێری تەمەن ترسیان لە چاوی ئەودا کوشتووە ٠

وەك ڕۆژ بۆی روونە بەمەرگی پیرە بەرەو قۆناخێکی تاڵی تر لەژیانی پڕلە ناکامی خۆی دەڕوا ، خراپتر خراپتر لەخراپ ، لەبەر خۆیـــــــەوە دەیکوت :

- هەرچی دەبێ ببێ ، خواساردتری لەکنە، چاکە زەلیلی سەرجێ نابێ ، مەرگی بەهاسان باشترە لەوژیانە، ئەوساڵ گیسکەنێرمان هەبوون دەمکوت بەرگ ولیباسی بۆدەکڕم ، ئاە وای لێهات ، دەردم گرانە، پیاوی رووت ، نەژیانی ژیانە ونەمردنی ، مردن ،هەمووی داخ وحەسرەتە، هـــەمـــوو ی زووخاوە، هەمووی جواناوە ،ئەستۆو گردەڕانی .شکاوم ٠ لەدەستـم دا ، نەمزانی ، نەمناسی ٠

لەنەکاو دەنگە دەنگ وگرمەی پێی چەندکەس ، لەگەڵ جیرەی ویشکی چەپەر سۆفی هێناوە حاڵ ، باران ورد ورد دەبارێ ، پەڵەی داوە ، ئەگەر پـــەڵەشی نەدابێ ، گاسن کرڕەی ناکا ٠

یارە لەگەڵ مەلاوحاجی وحاجی ژن بەپەلە وەژوور کەوتن ، هـــەمــو و گیانیان تەڕە، ئاو چۆڕە چۆڕ لەتەشك و داوێنیان دەتکێ ، جێی ویشـــك ددانیانە٠

حاجی ژن بەپەلە ئاورگی هەڵکرد ،یارە چۆکی داداوە ، باوەشی بـە پیرە داگرتووە، بەکوڵ دەگری ، پیرە بـــۆنی پێوەدەکا وبزەیەکی ساردی لەسەرلێوە، بەهاتنی یارە دەردی سووك بووە ، چاوەرێ نەماوە ، بـــەلاّ م زمانی ناگەڕێ ، سۆفی ویارە بەجووتە دەگرین ، سۆفی پێی وایە کوڕەکەی هاتۆتەوە لای دایکی ،یارە هەست دەکا جارێکی دیش دایکی دەمرێ ، هەردووکیان وەك مەنجەڵ دەکوڵن ، پیرەلە گیانەڵلا دایە، ئاویلکـــــە ی مردنێ ، جوانا و دەڕێژێ ، لاقی ساردبۆتەوە، رەگی ملی بەحال لێدەدا ، ئەنیسکی دێتێ ٠

مەلا یاسینی دەخوێنێ ، حاجی روولە سۆفی ویارە دەکاو دەڵێ : ؛
- بابم یاسین شفایە، بەخۆتان بوەستن " دونیا بەخەمان پێك نایە "دوعای بۆبکەن ، گریان گوناحە، هەرچی خوا نەیکا ، نابێ ، بەگریان ناگەرێتەوە، ناشکوری مەکەن، کەس وکاری ئێمە بۆ کوێ چوون ؟
حاجی ژن مەنجەڵێکی زنجیرداری ئاولەسەر موغاری داناوە، گەڵ و چرپی وەبەردەدا ، گرەمەشقەڵ بەگژ لێواری موغاری دادێ ،کونە بوغاری یەك بەخۆی دووکەڵ دەکێشێ وقووت دەدا . ئاور بڵێسە دەکێشێ ، حاجی ژن چاوی هەڵدەکوشێ ، دەگری ؟ یا دووکەڵ چاوی پرکردۆتەوە ؟ یابۆ مردووەکانی خۆی دەگری ؟ کەس نازانێ .
پیرەدەستێکی لەدەستی یارە ودەستێکی لەدەستی سۆفی دایە ، دەستیشی بەرەوساردی دەڕوا ، یاسین نیوە بووە، مەلا بێدەنگ بوو ، قورئانەکەی ماچ کردو لەسەر سەری دانا ، رووی لەسۆفی کردوکوتی :
سۆفی ئەحمەد ! ئەتۆ موسڵمانی ،ئەهلی نوێژوڕۆژووی ، بنیادەم دەمرێ ، ئەتۆمەحرەمی ، چاوی لێك نێ ودەست و لاقی راکێشە، سۆفی لەرزی ئەوشەوە بەجارێك پیری کردووە، چاوی وەك گۆمی خوێنە ، بەگریانەوە کوتی :
**بەڵێ** ماموستا ! خواعافووی کا ، گەردنی ئازابێ ، ژنی چاك بوو ، دڵی کەسی لێ نەبوو ،بەناشکوری نالێم بەپیری لێم قەوما ، خوایە لێم بەهێندمەگرە .

باران ، راوەستاوە، پریشکەیەك خوناوەی وردجارجار ،سەر و گوێلاکان خاودەکاتەوە، هەوای پاش باران سووکە، نەرمە ،خاوە ،خەڵکی دێ یەکانی دەوروبەر ، تاق ولۆق هەریەکەی لەلایەکی را لەدەرکی سۆفی کۆ بوونەوە، بەیان ئەنگووتووە، رۆژ بەتەواوی مەعلوومە، بەرەبەیانێکی تەرە وەك چاوەکانی سۆفی ویارە، خەم قورسایی خستۆتە سەرشانیان ، وروکاسن لێك هەڵبڕان دەردێکی گرانە، چاکە گڵ مەیل بڕە دەنا مردوو

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

زیندووی دەکوشت ٠سۆفی لەمێـــژ ساڵە تەنیا رۆژێکیش لەپیرە دوو ر نەکەوتۆتەوە، وەبیری نایە دڵی شکاندبێ یادڵی لێی ئێشابێ ، پێکــەوە ژیاون ، پێکـەوە پیربوون ، پێکەوە دەوڵەمەند وپێکەوە فەقیر بوون،پیرە ژنی چاك بوو ، هەرگیز نەیهێشت سۆفی گەردی لێ بنیشێ ،هەتا مـرد ماڵێکی پـاك وخاوێن وپوخت وپاراوی هەبـــوو کـابـان و مـاڵـدار ، بەناموس وبەشەرم و حەیاوەژیا ، قەت جل وبەرگی کۆن نەدەبوو ، نـەدار ئەمما دڵئاوا ، ئەوەی سۆفی دەیەویست وابوو ٠

باران بەتەواوی راوەستاوە، تاو لەپەنا پـەڵـە هـەوران سەری وەدەر خستووە، تاو زۆر بەتینە، وڵات لەنەکاو گـــەرم داهاتووە، عەرز هەڵمی لێ هەڵدەستێ ٠

منداڵێکی سەرقژن بەشوێن پەپوولەیەکی نەخشین دا هەڵدێ وکایـــە دەکا ، دەیەوێ بیگرێ ، پەپوولە وەك پەلەپووش بەرەو دارستان هەڵـدەفرێ باڵ لێدەدا ، لەوپنچك بۆ ئەوپنچك ، مناڵ ماندووە، سوور هەڵگەراوە ، هەناسە برکەیەتی ، بەڵام وازناهێنێ ، لۆقاوی توند هەڵدێنێ ،دەستـــە بچکۆڵەکانی لەهەوا دا دەسوورێن ، دەستی ئامادەی گرتنە، لەسەرپۆلێك نوودرك پەپوولە دەقۆزێتەوە، بەهانکە هانك دەقیژێنێ ودەڵێ :

ـ پەپوولەزێرم دەیە بەرت دەدەم ، پەپوولەزێرم دەیە بەرت دەدەم ٠

سۆفی رادەچڵەکێ ، ئەو دەستانەی خۆش دەوێ ، دەستی چووکەی منداڵ ، کورە زۆر سەحەت سووکە، قشمیلانەیە، سۆفی سەردادەخا ٠

قەبر حازر نیە، گاگۆر گەزێك قووڵە، قەبری ژنان دەبێ قووڵتر بێ ، گەیوەتە گۆریچە ، گۆر یچەیەکی تەنگ وباریك ، گڵەسوورخاوە،بەنووکـی پاچەوە دەنووسێ ، بەبێڵ وپێمەرە گڵەکەی دەردەدەن ، کـــــــــرەی بێـڵ بێ وچان دێ ، گڵ دەردان چەتوونە بێڵی بەچاکی تیدانا سوورێ ، دەڵێـــی عەرز قاتە، قەبر هەڵقەن بەرچاوتەنگە، دڵرەقە، لەچەرە، نانا مامۆستـــا چاوی بەسەریـەوە ، ئەو فەرموویەتی ، گۆریچەبستێك پان بێ ، ســەری

لە رۆژ ئاوا ، لاقی لەرۆژ هەلات ،لەسەر لاتەنیشت رووبەقیبلە، کەس زاتی نیە، هەموو بێدەنگن ، شوانە هێندەی دی هەتیووبووە لارەمل و بێدەنگ هەلکورماوە٠

زۆرپێ ناچێ ،مەلا نوێژی لەسەردەکا " فەرزی کیفایە " یالڵای لێدەکەن ، مامۆستا بەسۆفی دەلێ :

سۆفی ! بۆخۆت وەریگرە، مەحرەمی ، سۆفی لاقی لەگۆڕیچەئەوبەر ئەوبەردەکا ، مەیتی پیرەلەئامێز دەگرێ ، ئامێزێکی سارد، وەك جاران نیە، وەك کۆلکەدارێك لەباوەش کا ، سەبرێکی لەنێو گۆڕیچەرای دەکێشێ، لینگی دەلەرزێ ، دەستی دەلەرزێ ، چاوی تەڕ وگەرووی ویشکە، ، بەردی بەسەر رایەل دەکەن ، کەلێن بەردەکان قوڕ دادەدەن ، هەر پیاوەی چەندبێلێ گڵ تێدەکا ، پاشان دایدەنێ بۆیەکی تر ،گڵکۆ رێك دەبێ ، کێلی بۆ دەچەقێنن ، ورکەبەردی پێدا رێز دەکەن، مەلاتەلقینی دەکا ، فاتیحا دەخوێندرێ ، هەموو گەردنی ئازادەکەن ، مام حەسەن دەلێ :

سۆفی ! برالە گیان، خەفەت مەخۆ ،ئەتۆ دونیات دیوە، خواهەموو دەرکان ناگرێ ،پیاودەبێ هومێدی بەرنەدا ، سۆفی دەلێ : " هەوەل تەخت و هەوەل بەخت " تازە حەلالی دونیایە لەمن حەرامە ، بەپیری لێم قەوما، خودایە زۆر شکور٠

وەڕێ دەکەون ،سۆفی هەنگاوی شلن ، کەمێك دەڕوا ، دەگەڕێتەوە ، پێی نیە بڕوا ، شوانەلەپەنای کێلەکەی شمۆرکەی داگرتووە،

بەر لەوان ،منال پەپوولەی بەرەلاکردووە ،لەپی دەستی وەبەر تاو داوە، چاوی لێدەکا ، زێڕی داوەتێ ، لەهەموو رەنگان دەنوێنێ زەرد ، سوور، کەسك ،رەش ٠

سۆفی تەنیا رەشەکەی دیوە ،رۆژی رەش ،بەختی رەش ، جلکی رەش ، لەنێو ئەوهەموو رەشی یە دا ، ریشە سپیەکەی دەسکری زەمان وبەرماوی ئاواتە وەدی نەهاتووە کانیەتی ، بەدل ساردی لێك جیائەبنەوە، پێلاوبە

دوویان دادەخشێ ، سەرەوژێر، هەرکەس بەرەوکاولاشی خۆی وەڕێ دەکەوێ لەگۆرستانی داوێنی دارستان ، دڵێك بەهەزاران هومێد وئارەزووله دڵی خاك دا ، تەك وتەنیا ، بێدەنگ وخامۆش پیرەی نەخۆش بەجێ ما ، بۆ هەمیشە خاکی فەرامۆشی بەسەرداکرا .

ئەوخاڵە، ئاخر هەنگاوی ژیان ، ئاخر جێ ژوان ، ئاخرجیابوونەوەیە .

# ٥

بنـار ئەوەندەی چاو هەتەر دەکا سەوزە، هەوا ئارام ، گولْ بانـایبـا بەوێنەی بەهەشت ، دەنگ دانەوەیرەوەزیژووروو جارجاریش جیگەجیکـی مەل و بالْندەی بەرەلاو حەرەلا ، مەلی ئازاد لەقەیدوبەندی پاوان وسنوور، جگە لەکرمە کرمی لەوەرانی مێگەل دەنگێکی ترنایە ٠

قورینگان چلْ چلە وتاك ولۆ لەنێو دلْی پۆلێك مێژوەردوقەیاخ تێـك هالاو و دەستە ملانە، سەری بەمەردانواندووە و دمی تێناوە مـە ر وەها بەزەوی یەوە نووساوە وەك بزمار کرابێ و گولْ مێخ درابێ ، ملـــی پێوە ناوە وکرم وهۆر میوانی سفرەی رەنگینی کوێستان ،گیاو زەمەند، مەندێ وهەلْز وبیزا ئەوەندە زۆرە قەت تەواو نابێ ، لەوەرخۆشە، لەهەموو سالان باشترە، سولْتانی کیۆحاتەم بەخشی دەکا ، لەزۆر جێ یان گیا لــە ئەژنۆیە دەدا ، مەر زووتێردەخوا و پاشان بەنازەوە سەرپسێنی دەکا شوانە ترسی گیابری هەیە : ، سالْی وا گیابرزۆرە، بەپەلە بەرەوحەوشە دەنگیـان دەدا ، حەوشە مەر لەنێو دلْی گەمارو دراوی شاخ شکلْی گەوەی هەیە، تـاق تاق پشکەلْی کەت و رزە لۆکی سالەکانی پێشووی لەسەرماوە، پشکـەلْ و مێزەمەری پاروپێرار، حەوشەمەری کردۆتە چرگەن وچیمەنێك کە عەرزی بە

تەواوی تەنیوەوچنیوە میرگوڵەیەکی جوان وخاوێن پێکهاتووە ،
بە پەنای حەوشەدا سوورکێلێك خۆی راکێشاوە ، سوورکێڵ بەرەنگی خەنە ، رەنگی قاوە ، رەنگی مێخەك ، هەرمێشکی هەڵوەریو ،تیشکی تاو زرووقەیەکی وردی لێ هەڵدەستێنێ ، دوورا و دوورلەچاو دەدا ،چاودادەگرێ، نوورێکی ورد ، نوورێکی تیژ ، چەشنی وردە زێو ، عەینی وردە زێر ، زرووقەی دێ و وردە شەبەق دەپرژێنێ ، گڵی مێخەکی پەسندە ، زێری سوورە، تەلاّی دەستەوشانە ، بەرەکەتە ، خێری خوایە .
شوانە چەبکێکی کوڕادە لەگەڵ سەلکێك پەنیر لەپێشە و بەنی هەمبانە نانی شل کردۆتەوە ، پالی وەبەردیك داوە لە ژووری حەوشە مەڕ ،دەڕوانێتە پاناوکی بەرەوە ، سوارێك رکێف کوت ،سەربەرەوژوور بۆ لای دێ ،ئەسپەکە شین بۆرەیە ، بۆرەی گوڵ گوڵی نێو دەستی پان وسەروکلك گر ، سمی زە لام وخڕ ، چەپۆکان دەکا وشۆخە ، وەك چی بەپشتەوە نەبێ ، سەری سوارێکە و کلکی سوارێك ،کلك ویاڵ درێژوخاوێن ، ئاوریشمی پەرێشان ،ئاوریشمی کراوەی،کراوەی بەربا ، ران ورەفیچکەی گرێ گرێ و گولۆ کولۆ ،گرێ دار ، چوار پەل قایم وخۆش تاش ،پشت وکەفەلّی پان ، ملی قوڵە و باوەشێك ئەستوور .

شین بۆرە ، نەخشە ، رەخشە ، دول دوڵە ، حدوودە ، مەڕی دەڕوا ، نەرمە غاری وەك سەمادەچێ ، شین بۆرە ، رەسەنە ئەسپی عەرەبە ، کەمێك بەدرکێفە ، بەسواری خۆی نەبێ رکێف نادا ،میرزا خۆی تەعلیمی داوە ، بەگرێوە ئەسپ کەس وەپێشی نەکەوتووە فێرەدارە ، فێرە تەقڵەیە ،لەگەڵ هەویان لێکرد ، وەك ماری رەش خوارەکەوپێچەکەی دەکا ، خۆلەبە دار دەبو یێرێ و سواردەپارێزێ ،بەدەنگی دەهۆڵ و زوڕنا وەرمبازێن دەکەوێ ، بەدەوری داوەت دا دەسووڕێ ،بەهەوای دەهۆڵ بازدەدا ، سەدتفەنگی لەسەر باوێن ناسڵەمێتەوە ، گوێ یەکانی لەمووچەوە دەبا وسمی وەك پولاّدادە - گرێتە سەر عەرز ، چاوەرێی رکێفی سوارە ، لەراوەکەرویشك دا زۆرجاران



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

کەرویشکی شکاندەوتەوە، بەبازوبوردە ولەسەر گولی مــــــافـووره ی دەگەڕێتەوە٠

سەرسم و کەوتن نازانێ ، سەرکێش نیە ، وەك چەنگ ونینۆکی هەبێ بەهەموو جێ یەك داسەردەکەوێ و چەمانەوەی نیە ئەسپی میرزایە ولــــە خاوەنی دەچێ ٠

شوانە زوو سواری ناسی ،مەودای فکر کردنەوەی کەم بوو، بەمردنی پیرە، مەسەلەی خوازبێنی خەزاڵ پووچەڵ بوو، خوازبێنی کەرچووبوونەوە ماڵی خۆیان ، بەوزوانەش قسەی لێ نەدەکرا ٠

شوانە چاوەڕێی میرزابوو بەڵکە بوێرێ رازی دڵی پێ بڵێ ، ، کاتی سەرەخۆشی ئەو هەلە هەڵ نەدەکەوت ، جگە لەوەی ئەودەم جێگــــای ئەو قسانە نەبوو، کوا ئەو دڵ ودەروون وکەیف ودەماخە؟ مردنی پیرە رایەڵ و پۆی لێ تێکەل کرد، بەجلکی رەش وچاوی سوور باسی دڵداری ناکرێ ، جابۆیە تائێستا دێزە بەدەرخۆنەی کردبوو٠ ئەو رۆ وەك شتێك بە خەیاڵی داهات ، رووی خۆی هەلاوێ و سفرەی دڵی لەلای میرزا بکاتەوە٠

شوانە لەسەر ئەو باوەڕە سووربوو کەئەوگرێ یە تەنیـا بەدەستـی میرزا دەکرێتەوە ، ئەوگرێ پووچکەیە کاری هەموو کەس نیە،بۆرە پیــاو کاری گەورەی پێ جێ بەجێ نابێ ٠

نەیدەزانی لەکوێ رادەس پێکا ، شەرمی دەکرد، میرزابەسام بوو ، لەوانەیە دەست وپێی ون کا ، دەلەرزی ، دەیخورا و دەی ئێشا ،دەیەویست ونەی دەویست ، بیلێم یانەی نەیلێم ؟ لە بەرامبەر میرزا ئەوەندە خۆی بە چووکە دەدی خەریك بوو با بیبا٠

زرمەی سمی شین بۆرە شوانەی لەو دوودڵی یە ئەستاندەوە، وەك فیشەکی دەرپەڕی ، وەك خەدەنگ راوەستا ، پڕی دالغاوی ئەسپ، ، وەك شای میوان بێ ، وەك بازی لەسەر نیشتبێ ، خەجلا شێوا ، سوورهەڵگەڕا، لغاوەکەی بە هەردوو دەس گرتبوو، سەگەل دەورەیان دابوون ، شوانەتێیان

راخوڕی ، سەگ کلکیان لە گەڵوەزگرت و دوورلەوان وەرکەوتن ، میرزا دابەزی ، شوانە خێرا ئاتەگی زینەکەی هەڵداوە و ئاوزەنگی بەسەرداهێنا، لغاوی دارنی ودەسکەوساری لەژێر بەردێکی زللە مەهارکرد، زینی بۆرە یایلی بوو، تەڕلگی تازەی پێوە، دەستێکی بەسەرویالی شین بۆرەی داهێنا و بەپشتی دەست سەبرێکی لەلاملی دا، پاشان دەستی میرزای ماچ کرد ، میرزا چاك وخۆشی وماندوونەبینی لەگەڵ کردوگوتی :

ـ لەخۆڕا دڵم گیرابوو، خەم وخەفەت خەریك بوو سواری شانم بێ ، جارجار ئەوحاڵەم بەسەردادێ ، رابردوو کارێکی وای بەسەرمێشك ودەمارم هێناوە، خۆشەوەنەبێ ، لەناوپەرێشانی هەلاتووم ، کوتم دەچمە لای شوانە وکەمێك شمشاڵی پێ لێدەدەم ، بەڵکە دڵم بکرێتەوە ئەی کوا شمشاڵەکەت ؟

شوانە بەمینگە مینگ گوتی :

ـ لە دوای پیرە دەستم بەشمشاڵ نەچووە ، ئاخر لەدایکی خۆم باشتربوو .

میرزاکوتی :

ـ نا رۆڵەگیان ئەوکارەتم بەکەیفی نیە ، تازیەی شەرعی سێ رۆژە، سێ روژ و بڕایەوە، بەشەر دەمرێ کوڕی من ، مەرگ حەقە ، مەرگ میوانی هەمو و کەس دەبێ ، مردن هەنگاو یکە بەرەو قۆناخی کامڵ بوون ، هەرچی گیان۔ لەبەرە تا لاوی مەرگ دەچێژێ ، مەرگ رەها بوونی گیانە لەزیندانی لەش، ژیان مەیدانی گێرەوکێشە، تەنگ وچەڵەمەیە، مردن زاڵ بوونە بەسەر ئە و مەیدانە دا، هەتا تەمەن درێژتر بێ مەیدان بەربلاوترە و سەرکەوتن چەتوونتروگەورەتر ،وردە بەردێك لەئازگێڕێك ئاوی خوڕێن داچی بەسەردێ؟ ئەوەندە بەولا ولای کەندەلان دادەدرێ ئاهێکی پێوە نامێنێ ، تووشی بەردی گەورەدێ ، زللە ونەقورچی توندی و ێدەکەوێ ، ئاوهەڵدێر سەرمەقولاتی پێدەدا ، گێژئاو، گیژی پێدەدا و دەیخولێنێ ،جارجار دەکەوێتە قوولایی وکەڕەت کەڕەت دەکەوێتە قەراخ ،بەلام دەگەڵ گەیشتە گۆمێکی قووڵ ومەند

دەبێتە " بەردی بن گۆمێ " ون دەبێ و وچان دەدا ، جێ برینی سارێژدەبێ و شکڵ دەگۆڕێ ئارام دەگرێ و دەحەسێتەوە ٠

مردن حەسانەوەیە کوڕم ، وچان دانە رۆڵەم ، هەرگیز خەفەتی مردن مەخۆ : ، ئەگەر مردن نەبایە پیری بنیادەمی هێندە شەکەت وکەلەلا دەکرد کەس بێزی نەیە ئاوری لێ بداتەوە ، کورنەدەگەڕاوە سەرباب ، بەشەر لە حورمەت دەکەوت ، ژیان بەرێز وحورمەتەوە ژیانە ، ئەگینا ژانە هێندێك بەزیندوویی مردوون و بەعزێك بەمردوویی زیندوو ، ئەوانەی بۆئەبەد زیندوون لەدڵی خەڵك دادەنێژرێن ، یادی ئەوان ،خەیاڵی ئەوان ، شوێنەواری ئەوان وەك حوزووری ئەوانە ، ئەوکەسانەی خزمەتی عیلم دەکەن ، عیلمێك کەلەخزمەتی بەشەرییەت دابێ ، ئەوانەی دەرمانی دەرد دەدۆزنەوە ، ئەوانەی مەبەستیان رەزای خوایە ، ئەوانەی بەکردەوەخواناسن گڵکۆی ئەوانە نێو دڵی خەڵکە ، خەزێنە دەچێتەدڵی خاکەوە بەلام نافەوتێ ، زێڕهەتاکۆنتربێ بەبایخ ترە ژیان حەقە ، مردن حەقە ، ئەوکاروانە بێ پسانەوە دێ ودەچێ خۆزگە لەوخۆزگە دارەی لەمەبەستی ژیان گەیشت ، تێگەیشت وپاشان مرد ٠

هەستە رۆڵەم ،هەستەکەسی مامی ، بلوێرەکەت لەتوربێنێ دەرکێشە و وەك نەفەسی عیسا لەشی مردووم زیندووکەوە ، رابەدڵم مەشکێنە ، ئارەزووەکانم وەك بڵقی سەرئاوی یەکبەدووی یەك دا دەتەقن ، ، دڵم گۆڕستانی مەبەستە ، چاوم کۆلی چاوەڕوانیە ، مێشکم هێلانەی مەلی ئازادی یە ، وردە وردە بەنامرادی پیردەبم ، لەوانەیە تەواوی ویست و داخوازەکانم لەگەڵ خۆم بەرمە ژێرخاك ٠

شوانە بە قۆنەقۆن هەستا ، وەك لەشمشاڵەکە زیزبێ ، لەدڵە خۆی داگوتی : ـ بەخاتری میرزا ، بابێ دڵی بشکێ ، باعاجزنەبێ ٠

شوانە رووی لە میرزا کردوگوتی :

ـ بەڵی قوربان ، ئەوەش شمشاڵ ، ئەتۆ بەوفیکە فیکەی من رازی بی‌هەتا

دەمرم دەیژەنم ، چت دەوێ ؟ چ هەوایەك ؟ نەرم ؟گشت ؟ هەڵپەڕکـێ ؟ بەیت ؟ شەڕناخێوی ؟ سوێسکەیی ؟ حەیران ؟ داواکە، ئەمرکە ·ئەوجێیەی پێڵاوی تۆی لێ بێ ، سەری من لەوێ یە ، میرزاکوتی :
- ئەوەی من دەمەوێ یەیتە، خۆت هەڵبژێرە، بەیتێکی کوردی ، رەسەن و پڕ مانا ، بارۆژەکەمان بەفیڕۆ نەچێ ·
شوانە ئاوای دەست پێکرد : مام میرزادمدمی زۆرپێ خۆشە

" دم دمـــم بـەردی لـە بــەردی ! "
" لیـێی دەن بـە تـۆپـی نـەبـــەردی "
"تــار رۆژی مــەردی و نــامـــــەردی "
" دمـدمـم بـە ردێکـــی پـانــە "
" لــێی یـــان‌دا تــۆپ و تــۆپخـانــــە "
"قـەڵاتـی پــێ بکەن و یـْرانــــە "
" دم دمــم بــەردێکــی خــڕە "
" چــوار تــەرەفــی لیـْـوە بـــڕە "
" بـە هـەشتـێ بـەشیربکـــڕە "
" خـان بـە خـەزایـە مـەشغــووڵـە "
" دمـدمـم بـەردێکـــی شینـــە "
" چــوار زستـانــە ، پێنـج هـاوینــە "
" تێیــدا خــانـی لــەپ ز یـْڕینـــە "
" زەفــەریـان پـێ نـە بــردینـــە "
" خـاتوونیـْك دێتــە مـەیـدانـــێ "
" لـە دڵـی خـانـێ دەدا تــانـــــێ "
" لیـْـت حـەرام بـێ جیـْـی کـابـانـێ "
" خـاتـوو نیـْـك دێ و دەبـــەزی "
" رەبــی خـانـە ، مــارت گــەزی "

" لیـّـم رەش بـــوون ســـەروكـــەزی "
" خـاتـوونیـّـك دێ بـــە فـــەقیــــری "
" چـۆكـــی دادا لـــە پیـّــش میـــری "
" خـــان ســـەلاّ لـــەمنـــی فـــەقیـــری "
" ئـاونـبـەپیـّی بكـەیــن هـەویــــری "
" بـانگـــم وەبـەر میـــری میــــــران "
" خـان بـۆخـۆی دەكــا تــەگبیـــران "
" حـــەوت پـــۆلـی دایـە بـەرشیـــران "
" بـانگم وەبـەر پـادشـــای قـــودرەتـــێ "
" خـانیـان شەهیـدكرد بـەكوتكـی خیـّوەتـــێ "
" هـاوار و رۆ رۆ دەمـدەمـــە "

شوانە ئاهەنگی دمدمی باش دەزانی بەلاّم پاش وپیـّشی بەشیـّعرەكان دەكرد ، میرزا بەكیـّش وقافیەی شیـّعرەكان دەیزانی بواردوویەتی،میرزا سەری راوەشاند، شوانەراوەستا میرزاكوتی :

چەند جارم پیـّكوتووی باشی فیـّربەكورە ! تۆدەزانی چ دەلـّیـّی شوانە :

ـ بەلـّێ مام میرزا ، ئەوەی مامۆستا كەم فیـّری كردووم •

میـرزا :

ـ رەبی وەستاكەت كویـّر بێ كورە ، هەرداخی ئەوە دەمكووژێ ، هـــەزاری وەك من دەمرێ ، یەكی وەك تۆ ئاقلّ نابێ ،

شوانە :

مام میرزا ئەوە ئیـّشی نەخویـّندەواری یە •

میرزاكوتی :

ـ نەخویـّندەواری دەردیـّكی گەورەیە بەلاّم خویـّندەواری نەزان، سەدهیـّندە دەردی گرانە، ئەوانەی چوونە، ریـّزی خویـّندەواران وحوجرەومەكتەبیـــان دیوە ، ئەمما زمانی خۆیان ، زمانی دایكی خۆیان فیـّرنەبوون، ئـــەوان



تایبەت ترین بنكەی كتێبی كوردی
@kurdica

چی ؟ ئەوان بۆتێ ناگەن ؟ کەی تێ دەگەن ؟ ڕۆڵەگیان ، ئەوەسەوقاتی فەرەنگە ، لەوسەری دونیایەرا هاتن ، داب ورەسمی خۆمانیان لەبیر بردینەوە وئێ وانیش فێرنەبووین وەك کوردەی لەهەردوودینان بووین ، ئێمەلە ، ئەسڵی خۆمان دوورکەوتووینەوە ، لەداب ورەسمی خۆمان ،عیلاج گەڕانەوەیە بۆ لای ئەسڵی خۆمان ۰

دەگێڕنەوە لە سوڵتان مەحموودی غەزنەوی ، شەیتان وشۆفارچوونەبن هەنگڵی وپێ یان کوت هەیاس بەتۆ خەیانە ، هەموورۆژێ هودەیەکی هەیە گلیلەکەی بەخۆیەتی ، لەخەزێنەی شای دەدزێ ولەوێ قایمی دەکا ۰

سوڵتان مەحموود فەرمانی دا ، هەیاسیان لەبەندیخانەکرد ، پاشان بۆ خۆی وچەند وەزیر ووەکیل دەرکی هودەکەی هەیاسیان شکاندو چوونە ژووری ،جگەلەدەستێك بەرگی شوانی چی تێدانەبوو ، هەموو سەریان سوڕما ، سوڵتان رووی لەوەزیر ووەکیلان کرد ، کەس بەوسوڕەی نەزانی سوڵتان ناردیە شوێن هەیاس ۰

هەیاس کوتی :

ـ هەتا سوڵتان بۆخۆی نەیەلەدووم نایەمە دەر ۰ سوڵتان لەدووی چوو ،بەڕازو گلەیی هێنایە کن جل وبەرگی شوانی وکوتی : ـ هەیاس هەمووشتێکم بۆ روونە ئەو بەرگ ولیباسە نەبێ بلێ بزانم ، ئەوانە چن ؟ پێم بلێ رۆژێ جارێکی بۆسەرت لەوکۆنە لیباسانەدەدا :

هەیاس کوتی :

قوربان ئەگەر لەبیرت بێ وەختێك ئەمن هاتمە خزمەتت ئەوبەرگانەم لەبەردابوو ، بۆیە رۆژێ جارێکی سەریان لێدەدەم خۆم لێ نەگۆڕێ، بۆیە رام گرتوون ئەسڵی خۆم لەبیرنەچێتەوە۰

بەڵێ کورم ئێمەئەسڵی خۆمان ون کرد ، لەخۆمان دوور کەوتینەوە ، تێداچووین ، بووینە سیپاڵ، بووینە گەبجار ،ئەو ئاهەنگەی بۆت لێدام ، وەك پێم کوتویی بەیتی دمدمە ، سەرگورەشتەی ئەمیرخانی برادوست،

مێژووی باب وباپیرانی تۆ، ئەوە رابردووی تۆیە، ئەوەرابردووی منە • بۆیە دەڵێم باشی فێربە، ئەوە بێ سەوادێك كوتوویەتی، ئەتۆش بەمن دەڵێی هەڵەم خەتای بێ سەوادی یە! بریا ئەوەی بێ سەوادەكان كوتیان ئێمە رامان گرتبان، رۆڵە گیان بێ دەفتەری حەیاتی لێ بڕین كەمتەرخەمی تالانی كردین، بێگانە پەرەستی ئابرووی پێ نەهێشتین، دەردی منزۆرن لەئەمیرخانی برادوست دەدواین، ئەوپیاوەگەورە موكری بوو، خەڵكی ولاتی موكریانی ئێران، هەتاگڵەبانی چاوم دەكەن لەیادم ناچێتەدەر، لەهەمووكەس زاناتر بوو، پالەوانتر، لەخۆبردووتر، تێ گەیشتووتر، هەستی بەوەكرد كەسوڵتانی عوسمانی وشای سەفەوی، دایمە خەریكی شەڕی مەزەبی بەقازانجی خۆیانن، سوڵتان بەنێوی سوننی,وشابە نێوی شیعە ئەوەی لەونێوەدا ماڵ وێران وخانەخراپ دەماوە ودەبووبەشەڕگە وپێ شێلی هەردوولا، كوردەفەقیرە لێقەوماوەكەبوو لە لایەك مەزەبی سوننی هەبوو، سوڵتان حوكمی خەزایەی دەدا، لەلایەكیش ئێرانی بوو و پاراستنی سنووری وە ئەستۆوە بوو دەجا خۆشاعەبباس بەنێوی سوننی كوشتن چ كارەساتێكی بەسەر خەڵك دینا خوابۆخۆی دەزانێ •

ئەو دووتایفە بەرواڵەت موسوڵمانە، كەنەشیعەبوون ونەسوننی ونە موسوڵمان، ئەوەی بێ حورمەتی وسووكایەتی بووبەنێوی مەزەب بەسەر خەڵكێكان هێنا، جەماعەتی خاوەن تەعەسوبی و یشكی مەزەبی ملیان لەبەر ملی یەك دەنا، ئەوەی كوژرابا شەهید دەبوو، ئەوەی دەیكوشت خەزای دەكرد، هەردوكیشیان هەزار ماشەڵا لەڕەف ڕەفان بوون، كەس نەبوو بڵێ دەی برادەر ئێوەی موسڵمان بۆیەكترقڕدەكەن، كەس نەبووبڵێ شەڕی بەینی دووموسوڵمان نەخەزاكردنی هەیە و نەشەهید بوونی تێدایە، سەرێكی ئەوكوردە مەزڵوومە، كەلە مەرزی ئێران وعوسمانی دادەژیا ئەوبەلایەی بەسەر هات وەك ئەومەسەلەیە :

**ئەو لام تات و ئەولام تات ئەی بابە جیقم دەرهات**

لەوحاڵەدا ئەمیرخان لەفکری درووست کردنەوەی قەڵای قورس وقایمی دمدم کەوت ، گۆیا هەرلەومەڵبەندە لەزەمانی ساسانی یەکان دا قەڵایەك بەونێوە هەبووە، قەڵا سازبوو، بەزم سازبوو، ئەمیر خان لەترسی لەنێو چوون ، لەئەندیشی لەبەین چوون ، بۆدیفاع لەحەقی لەدست چوو وی خۆی قەڵای سازکردەوە ، ئەمیر خان دەیکوت : " لەزەمانی هوخشتەرەودیاکۆوە هەم !! ؟ " سینگم مەتاڵی بەلابوو ، پێشی لەشکری تاتار ورووسم گرتووە، شان بەشانی نادرشمشیرم کێشاوە، دەگەڵ مەحموود تەختی تاووسم هێناوە، فەتحی هیندووستانم کردووە،وەك د یواری گۆشتی لەمە پێش دوژمنانی ئەوخاکە راوەستاوم ، ئەدی کوا حەقم ؟ ئەدی کوا بەراتم ، کۆتم دی ، زیندانم دی ، دوورخرامەوە، وەلانرام ،هەتا کاریان پێم بوو، کاك بووم ، پشت بووم ، هاوپشت بووم ، دەگەڵ کارنەما ، لەبیر چوومەوە،فڕی درام ، فەرامۆش کرام ، بوومە دوژمن ! کورە خۆتۆ نازانی پاشایەتی چی بەسەر هێناوم ، ئێستا پێت وایە مام میرزای خۆت لەچی دەگەڕێ ؟ دەرویشە ؟ ماڵەلای دەوێ ؟ سواڵکەرە ؟ سەییاحە ؟ پیاوکوژە ؟ چەتەیە؟ دزە؟٠٠٠٠ کورە کونی مشکی لێ بۆتە قەیسەری ! ، ئاوارەیە ! ، دوورە ولاتە ! رۆژێك منیش ماڵم هەبوو، پیاو بووم ، بەبێنەبێنە وکۆك وپۆشتەبووم گەمەم دەکرد، گاڵتەم دەکرد، هەڵپەڕێکم دەکرد، دڵشادبووم ،بەکەیف و دەماخ وەك ئەو جەماعەتەی دەیبینی ، دەگەڵ سۆسەیان کرد، خۆم ناسی وە ، فامم کردۆتەوە، دەستی راست وچەپ دەناسم ، دەزانم کوێم دێشێ ، هەڵیان بڕیم ، لەوبنارەیان کردم ئێستە وەك باروونی قاچاخم وەك ریێوی لای کونی یان ،لێگرتووم ، پارێزی بدەم کەولم لەحەباجەت دەکەوێ ٠

پێت وایە قوون دەرکانم زۆر پێخۆشە ؟ ئاشقی شەو ڕەویم ؟ تازە دەترسم ئاواش لەکولم نەبنەوە ، لێرەش دەرم پەڕێنن ،واوەتر، زۆرواوەتر٠ وڵاتی خۆم پێخۆشە ، ئاووخاکی خۆم خۆش دەوێ ، ئەو خەڵکەم خۆش

دەویٚ ، دەس هەڵگرتن لەو وڵاتەدەردێکی گرانە، نامەویٚ پەنا بۆبێگانـــە بەرم ، ئەوکارەم لە لانەنگە ، عەیبە شوورەیی یە. یارە کوتی :
- مام میرزاکیٚ کوتوویە پەنا بەرە بۆبێگانە ؟
میرزا : - جاریٚ کەس ، بەلاٚم خۆفیەیەك ، سیخوڕێك بزانیٚ،کارم تەواوە ، خەبەر دەداو بەشوێنم دا دێن ، دەزانم خەڵك حەشارمدەدەن ،ئەمماتاکەی ؟ ئەودەمی دەبیٚ واوەترچم ، واوە وواوە ئاخری ئەو رۆژە دەبـــیٚ کــە لیێـــی دەترسانم .
شوانە : - وەلاٚهی مام میرزا ،ئەوەی نێوت بێنیٚ ، خەنجەرێك نەبیٚ لەسەر دڵی نادەم ، مەگەر ئەمن بمرم .
میرزا : - بەکوشتنی یەك و دووان کارجیٚ بەجیٚ نابیٚ ، کوشتن دەرمـانـــی دەرد نیە، بۆیەهەڵدیم کەس نەکووژم ، براکوژی قازانجی نیە، کەس لـــە براکوژی قازانجی نەکردووە ، براکوژی شەڕی خۆتڕێنە،پێت وانـــــەبیٚ ناوێرم ، پێت وانەبیٚ پیٚ یان نەکوتووم ، حازرم بکووژریم ئەممانەکووژم. کوڕی من ، داردەست ، ئەتۆ نازانی داردەست چ خەتایەکی خراپە،
شوانە : - مام میرزا ، کام داردەست ، داردەستی چـی ؟
میرزا : - رۆڵەم داردەست ئەوەیە ، وەك شووڵێك بەدەس بێگانەوەیە ،پێیی لەخەڵکی دەدەن ، پشت وپەراسووی پیٚ دەشکێنن رەگ وریشەی پـیٚ هـــەڵ دەقەنن ، پاشان یەکی تر دێننە جێی . ئاخ وسەد ئاخ لەدەستی پـایـزەبرا، ئەوە ئافەتێکی دیکەیە ، بەهەزار کوێرەوەری خەرمان سوور دەبیٚ ،کیلەی لەبەر دەنیٚ و نیوەی راستت لیٚ دەستێنیٚ ،لەتت دەکالەکەلك وکـــــارت دەخا .

یارە : - مام میرزا ئەگەر ئەو رۆژەت لەبەرچاویە، ئەی بۆچی لەفکری دراوێك ، پەس مەندەیەك ، نەغدینەیەك ، دانی ؟
میرزا : - رۆڵەگیان خۆمن ناچم بۆشت کڕین ، پـــــــــــارەی چی؟ ئازادیخوازی یانی : نەویستن و نەبوون .

شوانه وەبیری هاتەوه، دەبێ ئەورۆ قسەی دڵی لەلای میرزا بڵێ ٠ نەی دەزانی چۆن دەس پێ کا ، حەیای دەکرد ، بەقۆنەقۆن وای کوت :

ـ مام میرزا لەمێژه شتێکم لەدڵی دایه پێت بڵێم ٠

میرزا : ئەدی لەچی راوەستاوی ، ئەمن لەدنیایەدا ئەوەم پێخۆشه، هەرکەس ئەوەی دڵی دەیەوێ بیڵێ ٠ بڵێ کوڕم ، شەرم مەکه ، پیاووشەرمیان نەکوتووه ٠

یاره : ـ دەترسم تووڕەبی ٠

میرزا : ـ کوڕه بۆ تووڕه دەبم گێله؟ دامنا تووڕەبووم ، ئیدی کوتیان تووڕه بەم چ وڵات نامێنێ ٠ قسەکەت بڵێ وبڕایەوه ٠

یاره : ـ مام میرزا تۆقەت ئاشق بووی ؟

میرزا : ـ ئەی چۆن رۆڵه ، ئەگەر ئاشق نەبام ، بۆلێرەدەبووم ٠

شوانه : ـ مام میرزا ، ئەمن عێشقی واناڵێم ٠

میرزا : ـ ئەها ، ئاشق ، ئاشقی ئافرەتێك بووی ، دەی جا مەبارەکه ، نێوی بڵێ هەتابۆت بستێنم ، هەرکەس بێ لەخەڵکی ئەووڵاته، من تۆم خۆش دەوێ چ بڵێی وادەکەم ، بەوشەرتە کچە شووت پێ بکا ٠ کەس وکاری لەئەستۆی من ، خەرج وموخارجیش هەروا ٠

شوانه : ـ راستیەکەی مام میرزا ، قەتم ئەوقسانه لەگەڵ نەکردووه٠

میرزا : ـ ئەدی چی رۆڵه ؟ من بۆت پێ بڵێم ؟

شوانه : ـ خوانەکامام میرزا ، حەدم چیه ، من خۆڵی بەرپێتم ٠

میرزا : ـ ئەدی لێت رائەسپاردووه ؟

شوانه : ـ ناوەڵا ، لەرووم هەڵ نەهات بەکەس بڵێم ، بەلام ،بە٠٠٠٠٠

میرزا : ـ بەلام چی ، قسەکەت بکه، بی بڕەوه، بۆدەلەرزی ٠

شوانه :ـ وەڵاهی مام میرزا ، چت لێ بشارمەوه، بەشمشاڵ پێم کوت ٠

میرزا : ـ چی ؟ جاچۆن ؟ تۆشمشاڵ دەزانی ، خۆئەونازانێ ،چۆن ؟

شوانه" : ـ قوربان بەباشی حاڵی دەبێ ،٠ وەك من حاڵی دەبێ ٠



@kurdica

میرزا : ـ ئەوەکێ یە هێندە ئاقڵ ؟

شوانە : ـ مام میرزا ناوێرم نیێوی بڵێم ، دەترسم لێم دەی ،بەکێویم داکەی

میرزا : ـ بڵێ کوڕم ، ئەگەر کچی شای ئێران بێ ، خۆڵەوەی قاچاختر نابم •

شوانە : ـ مام میرزا ، خەخە خەزاڵ •

میرزا : ـ دەی لۆغە لۆغە لۆغەت لەزمانی بێ ، خۆتۆمنت کوشت، دەوا بڵێ ، راست و رەوان بڵێ " خەزاڵ کچی حاجی حەمە "

باشە ، زۆر باشە، تۆهونەرت هەیە، تۆگەوهەرت هەیە، هەرشوانێك نی ، هەرکاردارێك نی ، دەبێ حاجی بەباشی حاڵی کەم •

لەپێش دابەحاجی ژن دەڵێم ، بزانم خەزاڵ لەشمشاڵ حاڵی بووە یانا ، تەنیا ئەوە باوەڕناکەم •

خەزال پێت بکا ، ئەوی ترلەئەستۆی من ، پەرۆش مەبە

کارنیە خولاچاکی نەکا ، ئەویش کاری وا ، کوڕوکچ هی خۆمن بەلام پێم بڵێ بزانم بۆچی هێندە لەوهەیس وباسە دەترسای ؟

شوانە : ـ وەلاهی چت عەرز کەم ، ئێستاش کەتۆم لەپشتەلەخۆم رانابینم ، ئەوکچە دەوڵەمەندە ، من کوڕەفەقیرم ، ئەودایك وبابی هەیە، من بێ دایی وبابم ، ئەوکچە مەڕدارە، من شوانم ، شوانی ئەوان، زۆرشتی دیش، جاچت عەرزکەم ، دەترسم بەکێویم داکەن ،

میرزا : ـ لەقسەکانت دەگەم ، بەداخەوە لەوکۆمەڵە دواکەوتووانەدا ئێستاش محەك ماڵی دنیایە، محەك مەڕە ،ماڵاتە،پارەیە زەویە،مەزرایە و زۆرشتی دیش •

ئەوەی بایخی نەبێ ئینسانە،بەشەرە، بنیادەمە، بەتایبەتی بنیادەمی دەست کورت ونەدار، من لە شمشاڵەکەت خاترجەم نیم ، ئەگەر خەزاڵ رازی بێ ، وەك خۆت دەڵێی ،ئەومحەکە دەشکێنم ، ئەو سوننەتە پێ رێ دەخەم ، بۆجارێکیش بێ هونەر بەسەر گەوهەردا زاڵ

دەکەم ، تۆهونەرمەندی ، تۆوەستای تۆبێ دایی وباب نی ،تۆکوڕی منی ، جگەرگۆشەی منی ،خۆشەویستی منی ، ئاخ وسەد داخ خەزاڵ رازی بێ ، بریالە شمشاڵەکەت خاترجەم بام •

شوانە : ـ قوربان خاترجەم بە ، بەتەواوی ، باوەڕکە ،ئەو شمشاڵـە لەلای خـەزاڵ وەقسە دەکەوێ •

میرزا : ـ رەنگە راست بکەی ، زمانی عیشق جیایە ، پیت ووشەنیە ، عیشق زمانی حاڵە ، عیشق زمانی ناوێ ، سەوادی ناوێ ، پارەی ناوێ ، عیشق ، عیشقە ، ئەوین رەمزی حەیاتە حەیاتی هەمیشەیی ،هەتاهەتایە ، هەتاهەتایە •

# ٦

وهختێك ژیان تاڵ دهبێ ، وهختێك تاڵ تاڵتر دهبێ وهختێك هومێد دهڕوا ، وهختێك هیوا دهمرێ ،كاتێك ئاسمان رهش وبێ ئهستێرهیه ،كاتێك شهوهزهنگ بهسهر ولات دازاڵه، تهنیا پیاوی شهو، تهنیاكوڕی تهنگانه ، تهنیا مرۆی مهردوگهرووتاڵ ، شان و باهۆو دهست ومهچهك ، هێز و تین و گوڕوتاقهت رێنوێنی رهواندنی تهم و تهگبهته .

پیاوی نهبهز گۆشتی تهمبهڵی و بهزی تهوزهلی ناگرێ ، مرۆی ئازا ، ئازا ورزگار دهگورێنێ ودهلێ :**( ئهزم ، ئهزم ههڵدهبهزم )**

زهمان تێكهلاوێكه ، لهتاڵ وسوێری ، لهچهور وشیرینی ، لهههوراز و لێژی ، لهبڵیند ونهوی .

زهمان رۆژێك سووره ورۆژێك شینه ، ساتێك ههوره و كاتێك ساوه.

زهمان ، سێ شهشی بههارێیه .

بنیادهم وهك تۆپی كایه ، جینێك رادهدرێ و جارێك له باوهش دهگیرێ ، دهكهوێ و ههڵدهستێتهوه، دهگیری و بهردهدرێ . بهلێدان بهرز دهبێ بهگرتنهوه نهوی دهكهن ، ههر بڵیند بوونێك نهوی بوونێكی لهبهره و ههر ههورازێك لێژێكی لهپێش دایه .

مەرگی پیرە رووداوێکی چووکە نەبوو ، بەتایبەتی بۆ سۆفی ،سۆفی تەنیا وبێ کەس ، تەنیاوبێ هاواڵ ، بێ بەر وبوو ، دەس کورت ونەدار ، پیری زاڵ و بەڵازالم ، " سەگ و شوانی بە جووتە هاتنەوە " خەرمانی خەمانی کۆکردەوە و " بێڵی لەبەری میچی چەقاند " .

مردنی پیرە ، سەری سۆفی بەبەردی ئەلحەدێ دادا ، تانیزیکی سەرمەقولات ، تالێواری هەڵدێر ، هەتا سنووری خیچان و کەوتن رۆیی ، زۆرکەس پێیان وابوو سۆفی بێ پشتیوان وتەنیا باڵ ناژی ، هێندێك بە قازانجی سۆفی و بەعزێك بەمەنفەعەتی خۆیان ، دەیانەویست لەو رووداوە کەلك وەرگرن .

سۆفی تامی زاری هەمانی دەزانی ، ئەوەی بەدڵ دەیکوت ، دڵ ئێشی نەدەکرد و ئەوەی بەپێی مەسڵەحەت و قازانجی خۆیان هەوڵیان دەداجوابی توندی دەدانەوە و دەی رنین ، " بە فیتووی خۆی دەزانی " وباش شارەزا بوو" کوێ نیسکان دێنێ "

مام برایمی چەرچی ، دەوڵەمەند وساحیب ساردوسەودا وخاوەن قەرز و قۆڵەی ئەومەڵبەندە ناردبوویە شوێن سۆفی وهەواڵی دابوو :

- سۆفی بەپیاوێکی ئەمین دەزانم، راست ودەس خاوێنە ، واباشە بێتە لای من ، کاربۆمن بکاو دەس لەوچۆل پەرستی یە هەڵ گرێ ، ئاخەر بنی ئادەم خۆکوند نیە بەتەنیا بژی ، هەر ئەوەندەی بەدێ یانەوە بگەرێ و قەرز و قۆڵەم بۆخڕکاتەوە، چی ترم ناوێ ، ناشمەوێ بەپێ یان ئەوکارە بکا ، دەزانم پیرە وئەو تاقەتەی نیە ، پارە بەرهەرچی بیەوێ دەیدەمێ ، گوێ درێژ، قا تر ، بارگین ، وشتر ، هەرچونێك دەلێ ، هەمووشتمانزۆرە دەردو بەلانەبێ ، خودا زۆری داوە، ساڵدەری دوازدەی مانگێ بە خێوی دەکەم ، بەرگ ولیباسیشی بۆ دەکڕم ، پێم خۆشە خزمەتی پێ بکەم، دەنا چ زۆرە پیاو ، سۆفی حەقی لەسەرمنە بابم نان ونمەکی ئەوم کردووە، پیاو نابێ سپڵەبێ ، خۆی لێ ناخەمە سەرپشت ،سۆفی لێرە بێ ولێرە نەبێ

بومن تەوفیر ناکا ، مالیٚ من وەك قولەتیٚنە ،نەپیس دەبیٚ ،نەبە مستە ئاویٚکی کەم دەکا ، ئەویش کاری دی پیٚ ناکریٚ ، ئاگام لیٚی دەبیٚ ، ئاوریٚ ویٚ دەدەم ،لەسەر قەراریش نەبیٚ بەلٚکە زەکات وسەرفترەو ئەو جۆرە شتانەشی بدەمیٚ ، لەتاعەت دایە وحەقی خۆیەتی ، سۆفی هەموو رۆژیٚ لیٚی ناقەومیٚ ، مالیٚ من لە هەندران باشترە، حەزدەکەم بەقسەم بکا ، بەقازانجیەتی ، سۆفی ئی خۆمە پیٚی خۆشبوو بیٚ ، رازی نەبوو هەر ساحیٚب ئیختیارە.

سۆفی تائیٚستا فکری ئەو رۆژەی نەکردبوو، لەمیٚژبوو نەدارکەوتبووە ئاهیٚکی لەمالیٚ دانەمابوو، فەقیری وەك دۆلٚپا لاقی بەسەرملی داهیٚنابووە خواریٚ ، بەلام بەبوونی پیرە عەیبی داپۆشرابوو، خەلٚك وایدەزانیدراوی کۆنی ماوە ، دەیانکوت سۆفی چاوی روونە، لەخۆرانیە، بنەمالٚە سەد جاریش تالان کریٚ هەرپیٚی دەمیٚنیٚ ، کۆنەچالٚە،جیٚی شکە، ،ئەمما ئەوانە هیچیان وانەبوون، خەزیٚنەی سۆفی لەژیٚرخاك نرابوو، خەزیٚنەی سۆفی پیرەبوو کەبەگژوگیای کیٚوی بەخیٚوی دەکرد و لەلای کەس نەیدەنالاند.

وای خۆهەلخستبوو ، سەرسوالٚکەروکچەتیوە نەبوو،سەروروخۆش و میوانگر، مالٚداروبە مشوور، بەهەرجۆریٚك با بەشی میوانی پەسمەندە دەکرد، سۆفی بەراشکاوی هەرای دەکرد ، بیٚنە، هەتاجاریٚکیش بەسۆفی نەکوت : چ بیٚنم ؟ لەکویٚ بیٚنم ؟ نەماوە ! ، نیە ! ئەوانەی نەبوو،کەسی بەناهومیٚدی لەودەرکە بەریٚ نەکرد.

لەسەرەخۆشی پیرەدا هەمووشت روون بۆوە، نەسۆفی پوولٚیٚکی رەشی پیٚما ،نەمالٚ تلٚپاتی تەریٚ، " ئاش هەرئەوەندەیە ئاشەوان بی قەپیٚنیٚ" " مانگامردو دۆبرِا " ئەوەی پیٚی دەکوترا مالٚ لەگەلٚ پیرە رۆیی ،دیاری کرد، سۆفی لەمیٚژە هەرپیرەی هەیە ، نەسەروەت ونەسامان ، نەمالٚ ونە حالٚ ، کەندووگەسك دراو هەمبانە بەتالٚ ، بن هەرزالٚ چۆل وهۆل کەری


تایبەت ترین بنکەی کتیبی کوردی کوردیکا @kurdica

لێ کەوتبا دەدانی دەشکا ، ماڵ هەرنەبوو پیرە لەوەشی کرد ٠

سۆفی ما و زۆرە وانی لەگەڵ دەس تەنگی ، تۆپ وتەشەری خەڵکیش لەوێ راوەستێ ٠

خەمی مردنی پیرەلە جێی خۆی ، قسەو پێشنیار مام برایمیچەرچی بەجارێکی برینی سۆفی کولاندەوە، سۆفی گورگ خواردبای هاواری مام برایمی نەدەکرد، وەك پێشوو نێوی بە " بلەچەرچی " هەڵدەدا ، دەولەمەندی مام برایم لەلای سۆفی نرخ وقیمەتێکی نەبوو ، دەیزانی چۆن پێگەیوە، سووت وسەلەم پەرەی گرتووە ، بەدەس بڕی وگوێ بڕی، ، وەك دەبەگلوو سەحات بەسەحات و رۆژ بەرۆژ پەرەدەستێنێ ، دەیزانی ئیمانی لەتای تەرازووناوە، حیسابی لەدەس دابوو ، تەواوی پوولێ ئەو وڵاتە دەچێتە وەلای بلەچەرچی ، بەڵام سۆفی پووڵ وپەینی لەلا وەك یەك بوو ، مام برایمی بەچەرچی گەری وقوون هەڵدڕاوی زۆردیبوو ، ئەودەمەی دەهاتە وەبیر :

ـ بلە چەرچی وردە واڵەی لەشانی دەنا ، دەرك بەدەرك ، کۆلان بە کۆلان ، سەگەل ومنداڵە ورکەی وەشوێن دەکەوتن ، هاواری دەکرد :

وردە واڵە، وردە واڵە، یان دەیکوت " بنێشت بەنان ،بەختی ژنان " لەهەر حەوشەیەك ، دووگوڵە دەزوو یازارجوە بنیشتێك فروشرابا ،ئاوێنە وکل چێوکێك ،کل تووروکلدانێك رۆیبا ، وەچەقڵە سەمادەکەوت، ، جاری وابوو گۆرانی ولاوکەیەکیشی لەسەر دەکوت ، بلەچەرچی قوونی شەپان ، هەر پیاو نەبوو، ژنانیلەیەك ، دەڵەچەیەك ، هەتیوەیەك، ، مالان گەڕێك ، کەس شەرمی لێ نەدەکرد، وبەهێندی نەدەزانی ٠

هەتا چووبا ماڵەسوفی ، زگیان پێی دەسووتا وتیروتەسەلیان دەکرد، سۆفی حورمەتی ئەوجۆرە پیاوانەی لەبەربوو، چەرچی ، لۆتیسواڵکەو دەروێش ، زەلیل ، نەقوستان ، دەیکوت :

ـ لەلای خودای هاسانە منیشی والێکردبا ، بۆخۆشیان تێ نەگەن لە

لای خوا ون نابێ ، نان پێخۆریان بدەنێ وبالێره وەحەسین ، ئەوده م مالی سۆفی وەك مالی قەرەتاژدینی بوو ، دەرك وبان ئاوەلا ، نان وپێخور بەپێی کەلان ، دڵ ئاوا چەشنی حاتەم ،چەرخ گۆڕا ، قەیرانێکی نالەبار بەسەر سۆفی داهات ، بلەچەرچی وەباوکەوت ، بانگی دەرچوو ، بسووبە حاجی یەلار ، نێوی بوو بە مام برایمی چەرچی ،سەروەت عەیب بسره ، دەوڵەمەند رەزاسووکە ، مالی دونیایەسەنگی محەکە .

بەلام لەلای سوفی هەر " بلە چەرچی " پێشوو بوو : بۆیە قسەکانی لەگوێی سوفی گرانهات ، قەت پێی وانەبوو وای لێ بێ !! لەدڵە خۆیدا دەیکوت :

- بەزەیی خەڵکم ناوێ ، پێم خۆشە بمرم و کەس بەزەیی پێم دانەیە ، ئای ئای ئەو هەتیوەش دەیەوێ . بمکاتە وەرویلکەی خۆی ، سەگ لەپووڵەکەی ری ، بەسندانم بێ نانی پیاوی وا ، " کەس نارەجەب " دەزانم دراوچاوی کوێر کردووە ، وای لێکردوە بەمنیش بلێ ببە کاردارم !

خێرو خێراتیش بۆبابی دەکا ! سەدەقەش دەدا بەمن ! من لەوژووورەدا رەق هەلێم سەدەقە وەرناگرم ، شەرتەبۆ ئەونانە زگی یە لەبەر خواش نەپارێمەوە .

هەتاماوم ئیش دەکەم ، ئیشی پیاوانە ، شەرتە کەرکوڵ و بنەگوێنی پخۆم وکاری حیزانە نەکەم ، چوار رۆژ تەمەن وناپیاوی ، سۆفی ونانی سووت خۆر ، سۆفی ودەرکی بلەچەرچی ، چ خێربوو ،کوڕە چم لێهاتووە بلەچەرچی خێرم پێدەکا ، ئەو خوێڕی یە زەکاتم دەداتێ ، مالی ئەوگلاوە خۆزەکاتی تێدانیە ، زەکات لەپەین ! زەکات لەشیاکە ! ئاخر زەمانە ! رێ ورەسم گۆڕاوە ، زەکات لەمالی حەلال دەکەوێ ، لەبنەتوو ،لە جووت بەندە ، لەمەڕدار ،مالی وا وەك پیستی سەگ گلاوە ، سووت وسەلەم چاوی کوێر کردووە ، خۆی لەبیر بردۆتەوە ، لەوانەیە چاوەرێش بێ ، نەقلی چاکە من دەکاتە بەردەستی خۆی ، ، تازەبەپیری سەری بە جحێلی

کاری وام نەدەکرد ، ئێستا پێ یەکم لەسەر لێوی قەبرە جاچۆن ! خوائاقڵـم نەگۆڕێ ، سۆفی هەر ئەوە دەبێ کەهەیە ، ئێستا ش سەتی وەك بلە بە پیا و دەگرم ، من خەڵك بەخێو دەکەم ، من خەڵك نان دەدەم ، هەرمێردەبم،هەر شێر دەبم ، رووتی تۆسقاڵێك کارم لێ ناکا ، ئاویلکەی مردنیم بێ ، ئا و لەدەستی پیاوی وا وەرناگرم •

جوابی مام برایمی ئاوا داوە ، بە بلە چەرچی بلێن سۆفی دەیگوت : پووچی کرد •

سەرەخۆشی زۆرجوان بەرێ وەچوو ، هەمووماڵ سفرەیان هێنابووەماڵی، خەڵکی دەوروبەر ، حاجی حەمە وحاجی ژن ، شوانە ودۆست و دراوسـی ئەوەی دەکرا کردیان ، خزمەت نەما نەیکەن ، ئاخر شەوی سەرەخۆشی حاجی حەمە زۆری حەول دا سۆفی بەرێتە ماڵی خۆی ، دەیکوت :

ـ برالە من و تۆ ئەوقسانەمان نەبووە ، ماڵی من کاو لاشی خۆتە ، ، لەحاست تۆکەس ساحێب سەرنیە ، سەدسالان نۆکەریت دەکەم ،وەرەپیاوەتی بکە ، سروسیپاڵی هەڵدەگرین و بزنەگەلی وەپێش خۆمان دەدەین ، ئاخەر ئەتۆ بێ بناوان وبێ کابان چۆن بەرێ دەچی ؟ چۆن گوزەران دەکەی ؟تەنیا باڵ و تاقەماڵ بەشەرعیش باش نیە ، بەشەرە ، پیری یە ، ئەجەلە ، ، خوا پاروە نانێکی داوەپێکەوە دەیخۆین وسەرپێکەوە دەنێن ،پێنج ودوورۆژێك عومری پیری ئەوەی ناهێنێ ، خۆتۆجاران وانەبووی ،کورەسۆفی پیربووی گۆڕاوی ، کوائەمن لەحاست تۆساحێب ماڵم ؟ حاجی ژن دەیکوت :

ـ کاکەسۆفی : حاجی حەمە دونیای روونی بەتۆوە پێخۆشە ،نیوی تۆی لەزاری ناکەوێ ، وەك برایەکی گەورە پیاوەتی پکە ودڵی مەشکێنە •بەخۆم وکچمەوە قەرەواشیت دەکەین ، رەبی کوێربم لەوەتێ براژنم مردووەخەزاڵ زەوادی نەبریوە ، چاوەکاڵەکانی وەك گۆمی خوێنێ سوور بوون،هەردەڵـێ مامەسۆفیم تەنیایە ، دەجا شوانەشی لەو وڵاتەدا تۆدەناسێ ، تۆبەباوکی خۆی ئەزانێ ، خۆتۆ لەماڵی ئێمەغەیرە نی وەرە گەورەیی پکە پێـلا و ت

لەسەر چاوەکانم ۰۰۰۰۰۰۰
شـــوانە بەگریانەوە دەیکوت :
ـ مامە گیان ئەگەر تۆنایەی ، من دێمە لات جاچۆن تەنیا دەژی ؟
سۆفی لەمێژبوو سەری لەبەرەخۆ نابوو ، قسەی هەموانی پێ باش بوو ، بەلاّم دلّی رازی نەدەبوو ، لەدلّ دا دەیکوت :
ـ ناچمە قوون دەرکان ، نانی بەمنەت ناخۆم " کشە ، کشە مریشکـە رەشە میوان رۆژێك و دوان خۆشە " " هەتا دووری پووری " خۆم ماوم ،خۆم پیاوم ، قەیدی چیە کـەمێك پترکار دەکەم ، " کەم دەخۆم وکزدادەنیشم " بائەو قەدروحورمەتەم لەکیسەی دا ببێ ، کوڕە جاچۆن ؟ سۆفـی ومـالّـی خەلّـــك ، ئەی حەمرت نەمێنێ ۰۰۰۰
" پوولّی سپی بۆرۆژی رەش " بزنە گەلی لەبازاڕی دەکەم هەتاهــە م بوو دەخۆم نەمبوو دەمرم ، دوورۆژ عومرو سەردانە واندن ،هەك هەلاهەلابی سۆفی ۰۰۰ بزنەکان دەفرۆشم ، دەیدەم ؟ بەجووتێك گا ، زەویەکەم دیــارە کەمە بەلاّم بەراوە وزۆر لەمێژساڵە گاسنی وێ نەکەوتووە ، هەمووی بۆتەوە بوورە تاچەند ساڵێکی دی دەغلّی چاکی دەبێ ، لەمن زیادە ، خواگەورەیە " کەمی من وکەرەمی ئەو " نانا بەخواتاماوم نانی ناپیاوی ناچــێ لـــە گەرووەمەوە ، بەخوامەرد ژیاوم ، مەرد دەژیم ومەرد دەمرم ، کوڕە جـاچـۆ ن مالّی من جێگای لێقەوماوان ، مالّی دەرکراو وبەش خوراوان ، هــــومێدی سەغیروبێ دای وباوان بوو ، ئەوبناوانە نابێ کوێر بێتەوە ، دەرکی ئـەو نێومالّە نابێ داخرێ ، ئەوڕێ وبانە ئەوبێنە بێنەیە ، ئەونان ودۆیە ۰۰۰۰ ئەی سۆفی دەگ غیرەتت سەگ بیخوا ! کوڕە خۆتۆ " هەوێنی نۆ مـەنجـەلّ شیری " پرس وڕای هەموو کەس لەلای تۆ بوو بوویە پیرێ ژن !بوویەسیپالّ! بوویە گەبجار ! نانا بەخوا زەوادی کەس نابڕم ، هێشتاماوم ، "شێـــو و وەردی کە لەسەر بەردی کە " خوایە ئەگەرپیرەت بردەوە زەلیلم مەکـە ، تاسەرم دەدەی رۆزیم بدە خۆت فەرمووتە " لەتۆهەرەکەت لەمن بـەرکـەت "

بێدەنگى يەكى تەواو بەسەر نێومالّى سۆفى دا زالّ بوو حاجى وحاجى ژن وشوانە چاوەرێى وەلامى يەگجارى سۆفى بوون، لەمێژبوو چاويان لە سۆفى بڕيبوو. سۆفى سەرى داخستبوو، رەگێكى لاملى جارجار بەتوندى لێى دەدا گنجەكانى نێوچاوانى گرێ گرێ ببوون، رەنگى رەش هەلگەڕاو مژۆلّەكانى لەرزەيان دەهات دلّ شكاوى وهەناسە ساردى لەسەر روخسارى لاچووبوو بەهەيبەت بوو، قورس بوو، مەردو گەرووتالّ وەها دەست و مەچەكێك كە پيرى وكزى ولاوازى جێ هێشتبوو، وەك كەلێ كۆتانێ، سۆفى وەك بەرازى پير غەززى بوو، وەك كەلێ بوغە، دەت كوت گرێ دارە، ، هەستى نەدەهات، چورتەى نەدەكرد سۆفى لەو هەورازەش سەركەوتبوو، سۆفى لەوگرێوەش بردبوويەوە ئەوجاريش بەلا لەبەرى بەزيبوو، ئەوجاريش بەردى بەرپێى بەپێلاقەيەك هاڕيبوو.

كەس زاتى نەبوو هەناسەيەك هەلكێشێ، هەموويان چووك ببوونەوە، سافى سۆفى بەسەريان كشابوو.

وەك هەورێكى رەش، وەك مۆتەيەكى بەسام، وەك پالّەوانێكى چبە جەرگ سەرى هەلێنا.

هەموو راچلّەكين، بەتايبەت حاجى حەمە ئەو سۆفى باش دەناسى زۆر زوو تێگەيشت سوالەكەيان بێ ولامە. سۆفى رووى لەشوانەكردوگوتى:

- كوڕى من، رەنگە پێت وابێ پيرە پياوێكى دەستەوستان و لێقەوماوميان ئەگەر تۆلە لام نەبى لەترسان خەوم لێ ناكەوێ، تۆم بۆچيە؟ تۆهەر لەلاى حاجى دەبى منيش هەرلەمالّى خۆم دەبم، بزنەكان دەبەمەبازاڕى دەيان دەم بەجووتێك گا. زەويم هەيە بەكولێرەى جۆ رازيم، لەتۆش هەلّنابڕم رۆلّە ئيشا لا رۆژێكى بەژن ومالّەوەدەت هێنمە لاى خۆم بەلام جارێ وەختى ئەوباسە نيە، هەمووقسەش قسەى كوتنى نين تۆبەراستى بە كوڕى خۆم دەزانم، وسيەت بێ ميراتى من بەتۆ دەبرێ، بەلام بەومەرجەى: دەركى ئەومالّەى دانەخرێ، چراى ئەومالّە نابێ بكووژێتەوە، رۆلّەگيان حاجى



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

باشم دەناسێ ، رۆژێك لەو وڵاتەدا لەمن پیاوتری تێدانەبوو، سەروەت و سامانم هەبوو، ئەو تەپۆڵکانەی دەوروبەری ئێرە هەمووی هۆڵ و کادێن و تەویلە وکەلاوەگیای ئەومالەبوون، ئەگەر پیاو کوژرابا ، ئەگەر ژن هەڵگیرابا ئەگەر لـێقەوماو و هەناسەساردێك هەبا، رووی لەماڵی من دەکرد، جێی هاوارو بانگان بووم ، تاریفی خۆکردن ئیرادە چی دی ناڵێم ٠

داخی گرانم خوا مەیلی وابوو چم لەدەوری نەما تاقەکوڕەکەم جوانەمەرگ بوولەپاشان قلّپ بووینەوە، یەك بەدووی یەك دا ، هەرچی خوا دابووی بردیەوە، ئاخریان پیرە بوو، بەقەت هەمانم خەمە بەقەت هەمان پشتم چەماوە، بەقەت هەمانی پێ تێك چووم ٠ بەلام خۆم هەرماوم و تۆ ش هەی ، ماڵی دونیا وەك چڵکی دەست وایە، مال پەیدادەبێ ، پیاوپەیدا نابێ خەفەت مەخۆ بابی خۆت ئێستا زیندووە ( سەری بێ رۆزی لە بن گڵی دایە)

خوا یاربێ ومەرگ مەودابدا دەتکەمەئەوپیاوەی خۆم دەمەوێ ،پاشان بەخاترجەمی دەمرم ٠

پاشان رووی لەحاجی وحاجی ژن کردوگوتی :

ـ ماڵی ئێوەش ئاوەدان بێ وەك ماڵی خۆمی دەزانم ٠ بۆخۆشتان لە خۆشك وبرای خۆم فەرزترن ، خەزاڵێشم بەقەت شوانەخۆش دەوێ ، ئەمما ئەو نێومالە قورماویەی دەیبینن گلکۆی تەواوی ئاواتەنێژراوەکانمە،بۆ من لەهەموو جێ یەك خۆشترە، وەك بەهەشتە، بۆنی کوڕەکەمی لێدەکەم ، بۆنی رابردوومی لێدەکەم ، بۆنی پیرەی لێدەکەم ٠٠٠٠ سۆفی قسەی تر ی پێ نەکرا ، گریان ئەوکی پیاوانەی گرت هەموویان لەبانگیان دا بەبێ خواحافیزی بەئەنیسك ولوشمەلوشم سۆفیان جێ هێشت ٠

سۆفی تەنیا مایەوە، بێدەنگ وخامۆش ، بەهەر لایەك دادەروانی نە رەنگێك ونەدەنگێك ، حەزی دەکردتەنانەت کەسێك هەبا و بەگـوژ ی

داچووبا ، پیاوێك لەخۆی بەتاقەتتر پیاوێك لەخۆی بەسامتر یاژنێك لە تەكیا گریابا یامناڵێك كایەی لەگەڵ كردبا ٠

بەلام تەنیا ی تەنیا ، ژوورێكی ویشك وبێ روح ، دڵ شكساو ، بێ دەرەتان ، پەنجەی لەپەنجەی دێوی خەم وپەژار ە دامانداووكردبوو ،جارجار چی نەدەما بەردەستی بێ ، دەهات لینگی بلەرزێ ، كز دەبوو ، پشتی دەچەماوە ، دەهات تەواوبێ ،دەهات بكەوێ ، هەرمووێكی دەما ،هێرش بێ ئامان وشەرگسە بەرتەنگ ، حەریف بەتاقەت وسۆفی پیروتێك رماو ، هەر ئاهێكی دەما ، باوێكی دیكە ، پەلام پیتكەیەك فێلێك ، فەدەرێك ، هەڵ خلیسكانێك ، سەرەنگرێ یەك ٠ رابردووی لەدەس دابوو ، تەواوی ئەوانەی جێی دڵگەرمی بوون وەك خاو وخێزان وەك سەروەت وسامان وەك قەدر وحورمەت بەرواڵەت جێ یان هێشتبوو ٠

لەجێی ئەوانە ، نەداری و گۆشەگیری ولەهەمان خرابترپیری حاسڵاتی عومری بوون ، ئەمما شتێك وەك هێز وەك تین وەك ئیحساس لە گەڵی دەژیا ئەویش گەورەیی ئەندێش ( غیزەتی نەفس ) یاهەر نێوێكی دیكە ، ئەوحاڵەتە بەتەواوی بەسەرمێشك وخەیاڵی داحاكم بوو ٠

- من دەتوانم لەهەمو كەس بەهێزتربم ، خۆم بەكەم نازانم ،لە رابردوودا وا بووم ، ئێستاش وام ، فەقیری ناتوانێ لەپیاوەتیم پخا ، ماڵی دنیاچڵكی دەستە ، من دڵم دەوڵەمەندە ، جەرگم بەقەد سێڵێكە ٠ لە سەر پێی خۆم رادەوەستم ، حاسڵی رەنجی خۆم دەخۆم زەوی دەچێنم وبەرهەم هەڵدەگرم ، من كوری ئەو زەوی وزارەم من رۆڵەی پیری ئەو ئاو وخاكەم قوژبن بەقوژبن وپنچك بەپنچكی ئەو مەڵبەندە وەك بەری دەستم دەناسم ، عومری درێژ شەرمی لەكەس نەكردووە شایەد رابردوو جارێكی دیكەش دووپات بێتەوە ئەگەریش نەبوو ، نەبوو ، من زەرەر ناكم ، كەس لە پیاوەتی دا بێ ئابروو نەبووە ، سەرێك لەگوڵمەزان دانەبێ سەرنیە ، چەرمەسەرە پیاوی لەكڵ دێنێتە دەرێ ودەی زرینگێنێتەوە ، لەپێناو هەر

قۆرتێك قەوەتێك ، من تەسلیمی زەمان نابم ، من زەمان دەپێچمەوە، ملەی لەگەڵ دەکەم ، مەلەی لەسەردەکەم .

فکری ئالۆز وبلۆز خەویان لەچاوی دامراند ، تەنانەت سەرخەوێکیش میوانی چاوە ماندووەکانی نەبوو ، هەنگاوبە هەنگاو هەرسۆفی بوو بەسەر خەم وخەفەت دا سەردەکەوت تاریکایی‌مەیدانی بۆ رووناکی چۆل دەکرد

شەوی بەهار بەچوارناڵە بەرەو بەیان دەرۆ یی چاوی پارشێـــو بـە ئاونگی نیزیك بەیان تەرو‌خاو دەکرا ، بەهار وبەیان ، دارو دەوەن، گـوڵ وگەلا مێرگ ومەززا ، تەزووی دارستان ، تەبیعەت وهەرچی دەسکردی‌خوای جوانی یە پیرۆزبایی سەرکەوتنیان بەسۆفی دەکوت، سۆفی بە تـــەواوی سەرکەوتوو بوو چاوەکانی وەك ئەڵماسێك لە دڵی نیوە تاریکـــی شـــەو دا دەترووسکان ، هەنگاوەکانی چوست وبەگور لکەسۆزانی هەڵکراو ،پشتێنی توندی گرێ چن بەسەر وشەدەیەکی تازە پێچراو بەتەمای دەس نوێژ بـەرەو کانی یەکەی بەرەوە دەچوو ، سۆفی سۆفی دوێنێ نەبوو ، روحێکی تازە لــە پاڵ قاپۆرێکی کۆنە ، پیربوو ، جحێڵی دەنواند یاجحێڵ بوو پیـر دەهاتــە بەرچاو ؟

هەرچی بوو ، بوو ، پیاوەتی و قوە وتاقەت و ئازایەتی‌لێدەباری سۆفی وەك پاڵەوانێك دەرۆیی ، زەوی منەتی دەبرد سۆفی فەخری بەسەردادەکرد هەر چەند جار شڵپەی لەئاو دێنا شەیتانی شەو رمبێکی لێ دووردەکەوت .

مەزرا چۆل وهۆل ، رێگا نەرم وخاو ، تاق‌تاق فیتە فیت ، هـۆهـــۆ ی شوانی خەواڵـــووی مەر دەرکردوو لەقەراخ وبیجاخی پاوان وخەت دراوا ن دەنگی دەداوە . سۆفی بزن وکاریلە لەپێش بێ کەپەنك وقاپووت بـــەرە و بازار دەچوو لە بەینی ریشی سپی ویەخەی دادراوی هەڵمێکی تـــاز ە هەڵدەستا هەر هێندە چاودەی دی ونـــــەی دەدی ، ها لاوی یەخەی بوو .

هەنگاوی قورسی مێرێکی ئازا بەرەو قۆناخێکی تازە .

# ٧

سۆزی بلاوێنی زریان ،رووناکی پێش تاوهەڵات ،ئەنگووتنی بەیان دەگەیەنی ، ورده ورده دێ ئاڵۆزدەبێ ، کۆنه سەوه لەزارکی کولانه مریشك لادەچێ ، قیژه وقاڕەی قازوقەل گوێی ئازار دەدا ، پۆلێك مراوی بە تەپەتەپ وشەلە شەل بەرەوئەستێر دەڕۆن، دووگوێلکه ساوا لەگوێلەگەل جێ ماون ، شیاکەیان پیۆەنیە، زەردی چاوڕەش ، رەزاسووك ، گێل گێل بەرەوماڵ بوونەوه کولانه دووکەڵیان لێ هەڵ دەستێ ، دووکەڵ و هەڵم وبۆنی تیژی شیاکە گرانایی خستۆته سەر هەوای سووکی بەیان ،هێندێك جاربۆنی نانی گەرمه تەندوور پێ بەهەرریبوارێك شل دەکا .

دێ ونان ودۆ ؛ نان پاڵەوپشتی ژیان، نانی گەنم ، نانی جۆکولێرەی هەرزن ، کولێره گەنمەشامی ، هەرچی وهەرچۆنێك ( زۆربێ وبۆربێ ) .

لە ژووری نیۆماڵەوه، دەنگی یای نازدێ بەدەنگێکی نەرم ودڵگەر بە کوڕەکەی دەڵێ :

- رۆڵەگیان ، قزلباش ورۆم ، گۆشتی شاییەت خۆم ، دەبەرئەو چاوانەت مرم ، باوانه کەم ، لەجێی گوڕی هەموانم ، بێم وه سایەقەت ، کوڕی ئازا ورەشیدم ، رەش وبرشەی بەری بای لەخەرمانان بەجێ مای ،

دایکی چوو بۆخۆی هێنای ، ماڵەبابم سەبرێکی بگرە" هەوڵ نانی مەخۆ، هەوەڵ ژنت دەمرێ " ئێستا هەرمێشکت بۆهەڵ دەشێلم ،هەتا ئەتۆ لە کانیی دەست و چاوت دەشۆی لەقەراخ ئەو ئەنگوتکانە لەسەر کەوڵەکەبۆت دادەنێم •

کوڕە کەلاشە چووکەکانی بەسەر پێوەکردوبەرەو سەرئاورۆیی • یای ناز هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا ولەبەرەخۆیەوەکوتی :

ـ بریا بابت مابا •، دەك کوێربم چەند بەئاوات بوو لەگەڵ خۆی بتباتە مەزرا ، وەتمانی لەزار نەدەکەوت لەخوای بەزیادبێ ، ئەلحەمیلا ، چ کەم وکووڕی وناتەواویکمان نیە، لەقەدەر خۆمان دەولەمەندین ،چبەیت و باوێکیشمان بە دووەوە نیە بەلام وەتمان زۆر منالە، باوکی دەوێ،دامنا دووسالی دیش لەمالێ وەدەر نەکەوت، ئاخری چی ؟ وەتمان کوڕە، دەبێ فێری چۆل وچۆل پەرەستی بێ ، دەبێ مووچەومەزرا هەڵسووڕێنێ ،کێ هەیە فێری کا ، لە لای کێ دلم دەحەسێتەوە ئای خوا ، سەغیرباری چەند ناخۆشە، بەناشکوری نالێم کوێرا هێلانەکەمان شێوا ، هەموو کەس ئێرەیی پێ دەبردین ، چەند خۆم بەبەختەوەر دەزانی ، چاوقوولکە چەند بێ رەزایە ، باوکی وەتمان بەرەحمەت بێ دەتکوت پالەوانە ، منی بەهەردووك منالەوە لەبن هەنگلی دەنا دەتکوت مێشێکی لێ میوان نیە، ئەوکەلە پیاوە چ زوو پێ راهات ..........

وەتمان لەدەرکەوە زریکاندی : دایە نانەکەت سووتا یای نازپیری دا قەلانگ و رۆبووە تەندووری ، وەتمان کوتی :

ـ دایەگیان ئەوەچت دەکوت :

ـ هیچ رۆلەم وەبال بەستۆی ئەوانەی کوتوویانە دەلێن نان کاتێك لە تەندووری دا نیوەسووت دەبێ ، لەپێش دا هاواری "توو چین" دەکا ، پاشان هەرای " پالە" ، ئەوجار هاواری " شەن کەر " ئەوکایەی داوا لە " ئاشەوان " هیچ کام دەفریای نایەن تادەگاتە " نانکەر " نانکەر لێی



@kurdica

دەکاتەوە ، وەك ئەونانە ٠
- دایە گیان نان قسە دەکا !
- نارروڵە ،نان قسە ناکا ، بۆنی سووتانی دێ ، جائەودەم نانکەر دەزانێ ٠
- ئەی تۆ بۆچی بۆنت نەکرد ٠
- کورم هەلامەتم گرتووە ، ئەو ئاهۆپیسە هەرکەس بیگرێ هەتا بازارێك بۆن ناکا ٠
- وەرە کورم نانەکەت پخۆ سەرێك لەدادت هەڵێنە بزانە ئەو دەرك و بانەی ئاوپرژێن کردووە ، دەوەرە رۆڵەگیان رەبی بیکەی بەگۆشت ٠
یای ناز بێوەژنە ، کورێك وکچێکی هەیە ، کورەکە منداڵ وکچەکە کەمێك باوخۆش ترە ، چەندساڵ لەمەوبەر نەخۆشیچاو قوڵکە لەو لاتی کەوت ، حەکیم و دەوا ودەرمان نەبوو ، تەنیا نوشتە ودوعا وپەنابردن بۆ چاك و پیران هەبوو ، زۆر کەسپێ چوون ئەوەی ژیا ، ژیا وئەوەی مرد ،مرد مێردی یای ناز یەکێك لەوانەبوو کە سەدەقە وبەلاگیری ژن ومناڵەکەی بوو ، نازی حجێڵ بەکوروکچەوە بێ چاوسوور وبێ داشدارماوە ٠
نازئێستا زۆر جحێڵە ،کەمتر لەسی ساڵ ، بگرە لەوەش جحێڵ تر دیاری دەکا ، کەڵەگەت و بەژن وبالاجوان ، شەنگ و شۆخ وقەدباریککەسێك نەی ناسێ وە دەزانێ گەورەکچە ٠
سەوزەیە ، سەوزەیەکی برژانگ درێژی چاووبرۆ رەش ، نێوچاوانی کەوانی جووتە برۆی کێشراوی سەد هێندەی دڵگرکردووە ، ددانی سپی و لێوی ئاڵ لەقسەکردن وبزەهاتن حاڵەتێکی پێ دەدا ، بەتەواوی مانا شیرن ، شیرن وەك قەند وەك هەنگوێن ٠
سەوزەی رەزاخۆش ، قەبنانێك وردەتووکی بۆر ، رەنگێك لەبەینی خورمایی وبۆر ، نەرم و ورد لەبان لێوی خۆ دەنوێنن لەگەڵ خاڵێکی رەش لە لایەکی چەنەگەی ، لێوی کەمێك گۆشتن ،ئاڵی ئاڵ کەدوای هەربزەیەك

خونچــەیی دەکردن ، قسەخۆش ، زمان تەڕوپاراو ، ئارام ولەسەرەخۆ ، ناسك وزەریف ، ئەندامی خۆش تاش وبلوور ، دەنگی نەرم ودڵ لەزریـــن لەومەڵبندەدا پیاوێك نیە لەحاستی نەلەرزابێ ، دڵی کەڵ لەلای دەبێتــە مێوژۆکە دڵ بزوێنی لاوکوژ ، وینووس وێنەی لێ هەڵ دەگرت ، ئاوێنــە ی با لانوێنی جوانی ، تابلێی تەرزو بەرز وشیرن ومەزەدار نەرم و نۆڵ وناسك ونازدار ، جوانتر لەکچی کافرۆش ، خۆرست وخۆکردی دەستی وەستـــا ی نەوستاوی تەبیعەت ، گوڵی سەوز و سووری گوڵستانی جوانی ،بـــووکی باوەشی خەیاڵ ، شیعرێك ناسکتر لەهەستی شاعیرانە ، کۆلکە زێرینەك ، پەری یەك ، حۆری یەك ئافەتێك کەسولەیمان هەزار بلقیسی لە مزگێنی دەدا ، پەیکەرەی خەیاڵی لاوی ، خەونی خۆشی منالی ، بەهاری جوانی ، جوان ترلە بەهار ، واوەتر لەئەفسانە ، ناسك تر لەپەری گوڵ ، ئەوپەری دڵگری ، سنوورشکێنی ئیحساس ، مەرز پەڕینی ئیلهام ٠ تابلێی جوان و شیرن ، جگە لەوانەش ،ئارام ، لەسەرەخۆ ئاقڵ ، کابان ، بەمشوور ، ماڵدار ، وداوێن پاك نازژنێك نەبوو بمێنێتەوە ، پیاوی ماقووڵ و دە س رۆیو نەمابوو خوازبێنی نەکا ، دەیان کەس لەتاوانی شێت ببوون ،هەمو و کەس منەتی دەبرد ، بۆ ژنێکی واچ زۆر بوو پیاو ،بەلام بەخاتری کوڕو و کچەکەی وازی لەشووکردن هێنابوو ، خۆی فیدای ئەوان کردبوو ، دایکێکی تەواو بوو ، لەپێناوی منالان خۆی بەخت دەکرد ، بۆ ئەوەی نازیان نەشێوی بۆ ئەوەی زڕباب کوندەجەرگیان نەکا ، دەیکوت :

- تائەوان دانەمەزرین ، من خەیالی شووکردنم نیە ، ئەویش ئــەو بۆرە پیاوانە بەخوا مەیتی خۆمیان پێ هەڵناگرم ،سەدمێردی وادەکەمە سندووقی سەری کوڕەکەم ، چ خوداهەڵ دەگرێ ئەو تفلە سەغیرانە هەناسە سارد و چاو لەدەستی خەڵك کەم ، پیاوجێگای بڕوایە نیە ، ماڵە کەیان دەخـوا و دەیان کاتە نۆکەر وقەرەواشی خۆی ، کوڕم لەگۆڕی مردووم خۆشتر دەوێ ، نۆرەی ئەو قسانەیە ، شەرتە مێرد لەمن حەرام بێ وەك شەراب لەشێخان ،

تازه منیش کچۆڵەیەك نیم بەو قوزبان وسەدەقانە هەڵ فریویێم ، هەمووی درۆ ودەلەسەیە ، " سەدقەل و بــــەردێك "

ـ خوایار بێ ئەستی زۆری نەماوە ، هەرخۆی بناسێ لەملی هەتیوێکی دەخەم ، پێم وابوو وەدایە خۆی دەچێ ، بەلآم چاوەچاوی زۆرە ، ئەوچەتیوە هەرلەئێستارا دلتەرە ، کلاو سوورانێکی دەوێ دەلێن حەجەم تەپلەی بـە کچێ دادەدەن هەرنەکەوت بەشووی دەدەن ، منیش ئاوام پێ باشترەئافرەت زووگەورە دەبێ ، ئەستێ دەڵێی خەرمانەی گولانە ، هەمووکەس منەتی دەبا ، بابیشی پیاوێکی کەم نەبوو ، جەرگم رەش بێ ، بریا مردبام وجێی تۆم بەبەتاڵی نەدیبا ، ئای گلە مەرگت بێ چەند خەفەت برێ ، خوایەگیان خێروخۆشیم لەخۆم نـــەدی هەربووك بووم پیرت کردم ، بابی ئەستی پالەوان بوو ، کواپیاوی وا ،ئەوجۆرە پیاوانەی لەباخەڵی دەنا ، ئێسکی دەتگوت مسە کەس پشتی لەعەرز نەدەدا ، زۆرانی مەچەکەی دەزانی ، پشتێندەی دەزانی ، فرێ دانەی دەکرد ، خوایەگیان دەتکوت "جگی پەلە " کەوتنی ئەبوو ، کێوێك ، لادیوارێك ، کۆلکەبورزێك ئەوجارەی ماڵی حەمە مراد کێشەیان پێ کرد ، بەتاقی تەنێ ئەوسەگەل وگورگەی چۆن لەمـــاڵێ کردەوە ، ئەوەندەی بلێی یەك ودوو ، سێ چوارێکی لێ خستن، یەکـــەو زوخاڵ دەکەوتن ماڵی ئاوەدان بێ مامۆستا قورحانە سوورەکەی هێنا ئاوی بەئاور داکرد ، سەید سەلام وحاجی حەمەش بەینیان کردن ، چابوو لــەو ئاخریەی داپیاوی بەدەس زایە نەبوو ، هەگ داوەشێم پاش ئەو کەلەپیاوە ، جاچۆن لە رووم هەڵێ باسی مێرد بکەم ، مەگەر بەسەر مەیتم دابڕۆن ، تازە ئەوچلکن وچلمنانە بەخوادەس نوێژم ناشکێنن ٠

یای ناز لەگەڵ دووبەرەکی دەروونی بەتەواوی پێوە بووە ، منداڵەکانی بەدڵ خۆش دەوێ ، خۆشەویستی ئەوانی گەیاندۆتە رادەی فیداکاری ، هەموو شتێك و هەموو خێروخۆشی یەکی بۆوان دەوێ ، ناتوانی وچـاوی ئەوەی نیە بیان داتە دەس زرباب ، پیاو بەجێی مەتمانە نازانێ وبــــێ

وەفایـی تێدادەبینێ ، بەهەربارێك دابۆی دەچێ بەمەبەست ناگا ٠

لەلایەکی دیکەوە، جحێڵە، جوانە ، زۆر بەشەرمەوە دڵی دەیەوێ ، دڵی نەمردووە، دڵی بۆتەکووژراوە، فکری بۆ زەوت ناکرێ ،جێ یەکی بەتاڵ لەپەناخۆی هەست دەکا ، سێبەرێکی دەوێ لەپەنای بسوکێ ،کەسێکی دەوێ پێی پشت ئەستووربێ ، پیاوێکی دەوێ ئاگای لەخۆی ومنداڵەکانی بێ ٠

هاوار لەدەستی دڵ ، ئامان لەویستی دڵ ، ئەوچنگەگۆشتە چۆن دەتوانێ جێگای ئەو هەموو رازونیازەبێ ، دڵ یەکەو دەردی هەزار ، فکری دوا رۆژی کورەکەی ، ئەندێشی سەرئەنجامی خۆی پتری برد لەفکرەوە٠

- ئەستی زۆری نەماوە، نازدارە شێتوولکەکەی خۆم ئەو چاوەچاوەی لێ دەرچێ لەگەڵ مـن دەڵێی سێوێکەلەت کراوە، هەتا ئەستی دەبینم منداڵی خۆم وەبیر دێتەوە ، ئەوساڵ هێندەی دی بلێند بووە،بەوزوانەخۆی دادەرێژێ ، کچ زوو دەگاتێ ، وەك بەگوێ یانی هەڵکێشی ، دەجالەکار و کرگار وتەون وخوری ومالداری وکابانی دا چ نەماوە فێری نەکەم ، رەبی بەمەخسوود ومرادبێ زۆریش توندو تۆڵە، یەك دووساڵی دی هەتیوومەتیو لیێ گەڕابان ژنێکی باشی لێ دەردەهات بۆهەموو مالان دەبێ ، " دایکان ببینە وکچان پخوازە" شەرت بێ جوابم بداتەوە بیکەمە ژنێك هەمووکەس قوڕاوی پخواتەوە٠

ئەوەی لەبەرم گرانەداهاتووی وەتمانە ، ئێستا حەوت ساڵی رە بەقە مووچەکەمان گاسنی وێ نەکەوتووە ، بەوکەرتکە مەڕەی هەمانە کەمان خواردووە وکز دانیشتووین ، کەم خواردن لەکەم دەسەلاتی دایە ئاخر ئەو کوڕە، چۆن فێری کاری مەزرادەبێ ؟ خۆمن چ نازانم فیـری کەم! ماڵە بابم تەنیا مەڕداربوون وساحیب پاتاڵ ، ئەوەی بەکەلکی ئەستی دی دەیزانم ئەوەی بەقازانجی وەتمانە شارەزانیم ، بلێم رۆڵە شێوبڕە! بلێم کوڕم ئاو بدێرە! شەن بکە! باڵەکەو وقوونەکەو بکە، خۆیانی هەڵدەوە،گێرە

وكێشی وشەغرە ومەلۆو سواڵە وباقە وسەدان کاری دی ! دەڵێ چۆن دەبێ ؟ چی پێ بڵێم خۆبراکانیشم هەرخەریکی ئاژەڵدارین وکاری وایان نیـــــە ئەگینا لەگەڵ خۆیان دەخست وەك دەڵێن " خا لان خوارزا مەزن کــــرد " " مامان برازا بزرکرد " بەنا شکوری ناڵێم وتمان مامیشی نیە ، تەنیا بلە، دەی خۆقەت دلم نایە بینێرمە کارداری خــەڵك ،نەبەخوا ئەوەهەرنانا ، چاوم بەرایی نادا ، دەڵێی چەپکەگوڵە، یۆسفی میسرە،رەبی دایکت کوێر بی ولەقوون دەرکانت نەبینێ ، بریا ئــــەوندە مابام و وەتمانم بەپیاوەتی دیبا ، بریا وەتمان جحێڵ با ، کوڕە رەشە رەزا شیرنەکەم ، رەنگەسەدکچی بۆشێت بێ ٠

ئاخ وسەد داخ بریا بەبریای خو لابا ، پیاوێکی تێگەیشتووەك میرزا، وەتمانی پێگەیاندبا ، لەهی وادلم دەحەسێتەوە، ئەویش لەوو لاتە پیــــاوی وەك میرزای کوا ! کەس وەمیرزاناچێ چەند ئاقلەچەند بەماریفەتە،چەنـــد رەزاخۆشە ، دەڵێن ژنی نەهێناوە ، بۆخچەی نەکراوەوەیە پیـــــــاوی وا بەعەدەبم نەدیوە ، ئەوجارەی لەگەڵ مامۆستا وحاجی ومام برایم هاتبوون ماڵمان بۆچاك کەنەوە، هەرسەری هەڵ نەدەهێنا ، دەگەڵ وەقسەش دەکەوت دەتگوت مەلای دوازدەحیلمە، قەدەرێ ئەو لای پەریزادەشەل بەسرتە پێــــی گوتم ، حاجی حەمە حەز بەوەدەکا خەزاڵی بداتێ ، پێم وایە سەگەگێــڕە درۆی دەکرد، دەنا میرزا دەس لەشانی هەرکەس دانێ دەیــدەنێ ، هیـــچ وەوەی ناچێ ژن هێن بێ ، تازە ئەوکچۆڵە باجوانیش بێ ، بـــا ئـــاقڵ و کابانیش بێ ، بەکچی میرزای دەشێ ، میرزا ژن هێن بێ یەکێ ئەکابر ، یەکی ئاوا لەتەمەنی مندا دێنێ ، ئاه ئەوە چم گوت کوا ! کواخــوا ئەوەی دەکا ئەوبازە لەسەرشانی منی چارە رەش بنیشێ ! ٠٠٠٠٠٠٠٠٠

جەمێ حەفتا سوارم ســیوان بۆبەڕێ دەکرد، وەتمانی بۆدەگەیاندمــێ دەبوو بەچرای ماڵەکەم وەك کەس وکاری خۆم لێی خاترجەم دەبووم ٠

بەوخەیالە هەموو گیانی وەلەرزەکەوت، وەك مێوژۆکە دەلەرزی سەری



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

شەوبوو ، وەتمان خەوی دەهات ، هەردووك دەستی لەنێو یەخەی دایكی نابوو ، هەموو شەوێ دەبوو حەكایەتی بۆبكا • وەتمان بەخەوالوویی گوتی
- دایە گیان ، ئەوە بۆ دەلەرزی ؟ نۆبەتێت گرتووە ؟ شەوتێ بی ؟ رووناكی مانگە شەو لەكەلێنی دەلاقە ولەكونی كولانەوە تیشكی رۆهێشتبووە ژوورێ ، ئەستی كەولەنان وقاپ وجامە ماستی لەگۆڕێ وەخر دەكردشەوزوو بوو ، ئازە مەلابانگی خەوتنانی دەدا ، نازجوابی پرسیارەكەی وەتمانی نەداوە ، كوتی :
- رۆلەگیان مات بە ، ئەوشۆ حەكایەتی مام گوڕنەتەڵەت بۆ دەگێڕمەوە
مام گوڕنەتەڵە رۆژێكی لەگەڵ دەستەیەك مندالی سەروپێچكە بۆهێنانی گەڵ وچرپی و بن ئاورە چوونە سەحرایە لەوێ هەركایەیان كردوخافلان هەتاشەو بەسەر دەستان داهات رێگایان ون كرد ، چ بكەین ؟ چ نەكەین ؟ مام گوڕنەتەڵە كوتی :
- روو لەچرایە دەكەن هەرجێیەك ئاوری ئایسا ، ئاوەدانی یە ئەوانی دیكە دەیانكوت :
- بەرەودەنگی چەق ولووری سەگان دەچین ، دەگەینە ئاوەدانی ، مام گوڕنەتەڵە كوتی :
- سەوەر هەرهی ئاوەدانی نیە ، شوانیش چوارپێی لەكنە واچاكە روو لەرووناكی ئاوركەین •
ئاورێك لەدووردابیسا ، چاویان پێكەوت ، روویان تێكرد ، دێلەدێوێك لەپەنائاور پان ببۆوە ، مەمكی راستەی خستبۆ سەرشانی چەپەی و مەمكی چەپەی خستبۆ سەرشانی راستەی ، لەدلە خۆی داكوتی :
- بەپێی خۆیان هاتن ، دەخەویان دەكەم ودەیان خۆم ، مام گوڕنەتەڵە كوتی :
كوڕینە تازە پێوەبووین ، مەترسن ، چارەئەوەیە فێڵی لێ بكەین ئێوە دەنگ مەكەن تابزانین چ دەبێ •

چوونە پێش سڵاویان کرد، دێوە کوتی :
- وەرن دانیشن شێوپخون ، پاشان پخەون رۆڵەگیان •منداڵ شێویان خواردو درێژبوون ، دێوەکوتی :
- کێ خزی ؟ کێ نەخری ؟ منداڵ کوتیان :
- مام گوڕنەتەڵە نەخزی •
دێوە کوتی :
- مام گوڕنەتەڵە بۆناخزی ، گون ومونت داخزی ،
مام گوڕنەتەڵە کوتی :
دایکی مە هەموو شەوێ ، گایەکی بۆدەبرژاندین ، دەمان خـــوارد جـا دەنوستین•
دێوە چوو گایەکی هێنا ، سەری بڕی وکەوڵی کرد ، شیشەی لێ راکێشا و تەندووری داخست ، گۆشتی برژاند وهەمووی تێرکردن ، ئەوجارکوتی :
- رۆڵەگیان نۆرەی خەوە •
منداڵ راکشان ، دێوەکوتی :
- کێ خزی ؟ کێ نەخزی ؟ منداڵ لێکراکوتیان:
- هەموو خزین مام گوڕنەتەڵەنەخزی ،
دێوە کوتی :
- مام گوڕنەتەڵە بۆناخزی ، گون ومونت داخزی
مام گوڕنەتەڵە کوتی :
- دایکی مەهەموو شەوێ برێشکەی بۆدەکردین، بەقەراخ تـەنـدووری وەر دەکرد هەتا نەمان خواردبا نەدەنوستین •دێڵەدێوملی بەلاوەنا ،برێشکەی بۆکردن و بەقەراخ تەندووری وەرکرد ، منداڵ قەدەرعەیامێکی خەریکی برێشکە خواردن بوون ، هەتاتەواویان کردو لێی راکشان •
دێوە بۆڵەیەکی لێهات وکوتی :
- کێ خزی ؟ کێ نەخزی ؟ منداڵ کوتیان :

- مام گورنەتەڵە نەخزی ٠
دێڵە دێو بەتوورەیی گوتی :
- مام گورنەتەڵەبۆناخزی ، گون ومونت داخزی ٠
مام گورنەتەڵە پێی کوت :
- دایکی مەهەموو شەوێ بەبێژینگێ ئاومان بۆ دێنێ ، ئاوی دەخۆینەوە پاشان دەنوین ٠
دێوە دەستی دابێژینگ و بەرەو ئاو رۆیی ، لەرێ یە دا دەیکوت :
- بیانوویان لێ دەبڕم ، پاشان دەخەون وهەمان دەخۆم ،
دێوە هەر بێژینگی لەئاو هەڵداوهەڵی هێنا ، چێ تێدانەما ، هێندەی ئەو کارە کرد هەتاماندوو بوو ، پاشان گەڕاوە لای مندا ڵان ، هەرلەزارکی ئەشکەوتەکەهەرای کرد ، :
- مام گوڕنەتەڵە ، هەرچی دەکەم ئاولەوبێژینگە داراناوەستێ ٠
مام گورنەتەڵەکوتی :
- دایکی مەکونی ، بێژینگ بەگەڵادار دەگرێ ، پاشان ئاوی پێ دێنێ و دەماندادتێ ٠
دێڵە دێو بەرەو گەڵا دار هێنان وەرێکەوت ، وردە، وردە لە بەرچاوون بوو. شەویان بەوفێڵانە تەواو کردبوو ، سپیایی رۆژێ وەدیار دەکەوت ، ، مام گوڕنەتەڵەکوتی :
- منداڵ بەبابەوە لەبەرمرم ، راستەوەبن ، ئەوە رۆژە رێگە بدۆزینەوە و هەتا دێوە ونە باهەڵێین ، دەلاقان وەرێنین و " لاقە قوونەی نەجات دە " ماوەیەك رێچکەیان بەست وهەڵاتن ، بەسەرچۆمێك داکەوتن، مام گوڕنە - تەڵە زۆر گەڕا بەشوێن بووار دا جێ یەکی دۆزیەوە قولاپەی تەڕنەدەکرد ، هەموو پەڕینەوە ئەو بەری چۆم ٠
دێوە گەیشتە لێواری چۆم وهەرای لێکردن :
ئێوە نانی بەیانی ناخۆن ومال ئاوایی ناکەن ؟

مام گورنەتەڵەکوتی :

- بەپەلەین و دەبێ بڕۆین ، ئەدی تۆمیوانی ئێمەنابی ؟ دێوە دڵی خۆش بوو کەئەوجار بەخاترجەمی دەیان خوا هەرای کرد :

- بەکوێ دا بپەڕمەوە ؟ مام گورنەتەڵە جێ یەکی قووڵی پێ نیشان دا ، ئەوجێ یەی بووار نەبوو ، پێی کوت :

- ئێمە دەرپێ کەمان دەرینا وپڕمان کرد لەخیزوبەوجێ یە داپەڕینەوە ٠ دێوە وایکرد ، خۆی لە ئاو هاویت ، دووجاری بڵقە لەئاوهێناولەنێوگۆم داخنکا ، منداڵەکان بەدایك وبابیان شادوشکوربوون وکاڵەم دڕاچم پێ نەبڕا ٠

وەتمان لەباوەشی گەرمی خەودا ئارام ولەسەرەخۆ بشووی دەکێشێ ، چاوەکانی لێك ناوە وروخساری منا لانەی ئەوەندە ڕەزاسووك ومەحسوومە دەڵێی لەدەستی دێو رزگاری هاتووە دەستی شل ونەرمی لەیەخەی دایکیدا بەسەریەك دا کەوتوون٠ لەپەنا نازلەخەوی نازدا ناسك ونازدار پرخەیەکی نەرم وسەبری دێ ٠

یای نازهێدی ولەسەرەخۆ دەستەبچکۆڵەکانی لەیەخەی دەرکێشا ، بۆنی پێوە کردو خستیەوەژێر لێفەکەی خۆی ، پاشان لەجێگاکەی هاتە دەرێ بەدەنگێکی نەوی بەوجۆرەی وەتمان وەخەبەر نەیە بەئەستی کوت :

- کچۆڵەکەم ، خەرمانەگولان، سبەینی زوو هەڵدەستین ئەوخوریانە ئێستا نەشۆراون ، ساڵ درەنگە ، دەبێ بیان شوێن و ئەو ژنانەی نێو دێ بانگ کەین ، بەڵکە بەڕۆژێك بەشانەمان کردبا ، ئەوساڵ چمان بۆنەکراوە ، بەرماڵێك و پۆپەشمێنێك لەقەدەر ئەوساڵ باشە ، جابەڕە و جەوال و لبادیش ئەوی کرا ، کرا ،جارێ مەحتەل نین ، دەستێکی ڕەولاتی خەین و بنووین هەتا سبەینی یاعومر ٠

# ٨

بازار بەرەوچۆل بوون دەچێ ، ماڵ باش رۆیی، بازارنەشێوا ،سارد و سەوداگەرم بوو .

بازارچی ،مامڵەگەروچۆدار، تاك ولۆجێ بازار جێ دێڵن ،هی وایە دراوەكانی دەژمێرێ ، هێندێك مەری لەدار دەدەن ،بەعزێك كەل وپەلیان بەكۆڵەوەیە، ئی واش هەیە كەلاشەكانی قولاغە گرتووە یاسەر درووی كردۆتەوە.

سەبەرەلا ، یەسك وپرووسكان دەكرۆسنەوە، خوێنی جێ كەولی كوشتار دەلێسنەوە.

پەلەوهەلە لەگۆری دایە، هەركەس بەفكری خۆیەتی " هەركەس لەفكری دزی گای خۆی " رێگا ئێستا تۆزی نیە، باران وقورەشێلی بەهاری، ، رێی وەك مەفرەقی لێكردووە، مەفرەقی گرێ گرێ ، قولكەوتەپۆڵكی چووكەی نالەبار .

جێی سمی كەڵ وگا ، مەروما لات، جێی نالی یەك سم جێ پێی وشتر وەك " شوێنی عیسانێك دەچێ قوونی خستبێتە سەرعەرز ، قولكە ئاو و گۆمیلكەی قەراخ رێ ، ویشك بوونەوە، لیتاوی بنەوەیان قەڵش قەڵش و


@kurdica

شەقار شەقار بووە، عەرزی بەهار دم ویشکە، وەکووقەتی لیێ نەباریبێ٠

میرووله بەرماوی زستانی رابردوو وەدەر دەخەن، وردە پووش کویّز ر و بەربا، زیزانه، نووسەنەکە، کویرّوە رەقە، کەپەك، کەپەکی گەنـم و جۆ ٠ ئی وایان تیدایه باری لەخۆی قورس ترە، راکیّش راکیشە، فـڕیـن فرینە٠ میرّوولەترکانه، میرّووله وردە، میرّوولەی بالّدار، هەموولەگەڕدان، هەموو لەکایەدان، رۆژی کارە٠ جەنگەی حەول ودەولە" دەستی ماندوو له سەر زگی تیرّە "٠

سۆفی جووتیکی گاکڕیوە، قولّەپیّچی کردوون، بەرەومالّە،گایـەکـی قیتە وگایەکی پیلّە، گای بەرنیرین، فیرّە جووتن، بە شەرتـی کـاریـی کریون، ساحیبی پیشووی ناسیاوە، مالّی دۆستی یە، مالّی گاریّـن ٠ سۆفی بەدەماخە، قنجە، گالەبەری دەرناچیّ، ئەژنۆی نافیزن، پشـوو ی سوارنیە، دلّخوشە، مەستەوسەرخۆشە ٠

ئەو بازاڕەی وردەمالّ بەبرەوبوو، ولاغ کەساد، سۆفی بزنەکانی گران فرۆت، گایەکانی هەرزان کڕی، پیاویّکی راستە وراست دیتە ریی "راستی رەوتی، چەوتی کەوتی " لەگاپیلّە خاترجەم نیە، پیلّەپەسندنیە، تـرك کوتەنی " ئالّمە پیلّە،ساتمە پیلّە" یانی " پیلّەمەکرە، پیلّە مەفرۆشە" گای پیلّە نابی بکڕی، زۆریان تەپ وسندان کوشتوون، بەلام ئەگەرکڕیت وبیّ عەیب لەکار هاتەدەریّ، مەیفرۆشە، پیلّەی بەکار لە هەموو گـایـەکی باشترە ٠

گاپیلّەی سۆفی گایەکی، شەقەدار و تەنگەدار، قاچ وقول و سـەر و ملیکی جوانی هەیە، شاخەکانی بەتەنیشت گوییّ دا هاتوونە خوار،چاوی رەشە، نووکی لمبۆزی سپی یە، رەنگی زەردە،بەروالّەت دەبیّ گای چاك بیّ جیّ نیری لەسەرملی دیارە، کابرای ساحیبی دەیکوت: ـ سۆفی ! بەزامنی کاریت دەدەمیّ، سالّی ئەوسالّ لە جووتی بەرم نەداون، لاقایشی نەخەیـە سەرگاپیلّە، گاقیتە لەگەلیّ ناکا، عەیب لەچاوی من دابیّ لەگاپیلّەدانیە،

لەپێڵەی بەشك نیم ، قیتەش وەبالْ بەستوّی خوّت ٠
- گالەکن خەڵکی کارێ بکا ، لەکن توّچوّن دە مێنێتەوە ؟ خەڵکی ئەو وڵاتەلە توّفیێری جووت وگای بوون ، ئەوگایانە ئێستاش دوای شێوی ئەو بەهارە ، قەڵەون ، دەکرێ بلێی مالی گوّشتین ، ئەگەر عەیبیان هەبــا ، دەم دا بەقەساب ، جاچوّن دروّیە عەرزی توّ دەکەم ٠
پێم حەیف بوو ، گایەکان گای کارین ، بوّخوّم فیێرە جووتم کردوون ، گوێلکی دەرکی خوّمن ، بەپێچەوانەی ئەوەی دەڵێن " گوێلکی خوّمالی بــە گاناشێ " ئەوانە بێ حەیبن ، رەبی خێر بدنەوە٠ نەزر وبەعیان کردوبوونە مالی سوّفی ٠
سوّقی گای وەپێش خوّی داوە ، قەرە بەقەرەی سێ چوار کەسی دی ، پاناوکی بەردێ دەبڕێ ، دەگاتە حاستی هەرکەس پێی دەڵێن :
- مبارەکە سوّفی !
- خێربداتەوە بەرەکەت کەن !
- سوّفی چوّن دەرچووی ؟
- سەودایەکی باشت کرد ، شەرتی مالی خێردانەوەیە ٠
سوّفی جوابیان دەداتەوە :
- خانەوئاوەدان بێ ، خراپ نین ، لەکاری من زیادن ٠
بازارچی خوّبەخوّ دەڵێن :
- بەرەکەت کەن سەودایەکی باشی کردووە ، سوّفی زیندوو بوّتەوە ، پیرێکی ساغە ، بەجەرگە ، هەرکەس لەجێی ئەوبا ، سوالی دەکرد ، دەیەوێ کاربکا ! وەك تازەهەوەڵی دندووك وپیالەی بێ ، سوّفی بەرەکەتە ! جەمالْ پاکە ، لە تاعەت دایە ، چاك ماوە ، کوڕە خوّکەس لەگەلێ دەرناچێ ! دەڵێــــی شاترە٠
- واچاکە خرّبینەوە ، هەرەوەزە جووتێکی بوّبکەین ، سالْ درەنگە ، با لێی نەبێتە " کالەشێو " غیرەتی ناهێنێ دم خوارکاتەوە ، بەکەس نــــالێ !

بۆخۆمان دەچین ، سۆفی حەقی لەسەر هەمووکەسە ، خواهەڵناگریٚ جیٚی هاوار وبانگان بوو ، کەیخودا بوو ، بەکاروبەمشوور ، ماڵ خۆش و نان خۆش ٠

ئیٚمەش چش لە رۆژە جووتیٚکی دەکەین ، بەبیٚ ئەوەی ئاگای لیٚ بیٚ ، یەك دەیکوت :

- ماڵم قەبرە جیٚی خۆیەتی ٠

یەکی تر دەیکوت :

- بابم ئەمن دوو جـووتم دیٚ ٠

ئەوی تریان :

- هەرسیٚك جووتم دەنیٚرم ٠

گایەکان برسین ، خاڵیگەیان قووپاوە ، قەپاڵیٚك دەکەن ، ، سۆفی دەیانهیٚنیٚتەوە سەر ریٚ ، پەلەی ئەوەیەتی نویٚژەکەی نەچیٚ ، لەپەنا ماڵە خۆی ، کەڵ سەریٚکی نابا ، گابەسەحاتیٚکی تیٚردەخوا ، و لات بژویٚنە ، لەوەر خۆشە ٠

سۆفی بەتەنیشت دیٚ یەکەی بەرەوەدا ، تیٚهەڵ دەبیٚ ، " وەتمان" لە قەراخ دیٚ کایەدەکا ، لەدوورەوە دەڵیٚ :

- هۆی مامە سۆفی ! ماندوو نەبی ٠

سۆفی :

- ئەی عەمە دریٚژ بی کوڕی مامی ، وەتمانە جوانەی مامی ٠

وەتمان :

- مامەسۆفی ! گات کلیوە ؟ سوالم دەکەی ؟

سۆفی کەمیٚك مات بوو پاشان کوتی :

- وەتمان گیان دەترسم بت خا ، نازانم فیٚرە بارن یان نا ،ئەورۆ سوارمەبە٠ سۆفی دەستی وەتمانی گرتووە بەقسەکردن لەماڵە خۆیان نیزیك دەبنەوە٠ سۆفی چەنگیٚکی میٚوژە رەشکە ، لەباخەڵی وەتمان کرد ، قوڵە دارەکەی

دا دەستی وکوتی :
- رۆڵە گیان هەتا نوێژەکەم دەکەم ، ئـاگایەکت لەگایەکان بێ،هەڵنەیەن پاشان بەرەوکانی وتاتە نوێژ وەرێکەوت •
سۆفی لەمێژە سلاوی نوێژی داوەتەوە، وەتمان لەبەر گایەکان وەك قولەسینگ چەقیوە، جارجار دەستێکی لەکلکی گا پێلە دەدا •
" وەتمان " لـه ماڵەخۆیان گای نەدیوە، ئەوان پیاوی مەزرایەیان نیە، هەرکوڕی خەلکی دەدی دەچوونە بەر ولاغان ، ئەوگایانە بە ئـی خـۆی دەزانێ ، ئاخر سۆفی بەوی ئەسپاردووە، هەتا نیزیك رۆژ ئاوابـوون ، پێیانەوە خافلا، لە پەنایان هەڵبەزی پاشان کوتی :
- مامەسۆفی! ئەمن ، ئەمن بلومەوە مالێ ؟ مامەسۆفی !کەیجووتیان پێدەکەی ؟
سۆفی : وەتمان گیـان ! رۆژ درەنگە، برۆوە بادایکت پەرۆش نەبێ، ، شێودەبرم، سبەینی نیروئامورر ساز دەکەمەوە، ئەتۆش وەرەکن مـامی خۆت ، بەیانی وەرە، ئەوگایانەم بۆتۆ کڕیوە، تێگەیشتی کوڕی خۆم ؟
وەتمان :
مامە سۆفی ! منیش ، منیش شێو ببلم ؟
سۆفی : - ئەرێ رۆلەگیان تۆش فێردەکەم ، جاکەفێر بووی ،ئەو دەم کوڕی خۆم ، ئەتۆش شێو ببرە •
" وەتمان " لەلاقانی وەراند وبەرەومال داگەڕا ، خێراخێرا ئاوڕدەداتەوە سەرگایەکان ، گاپێلەی خۆش دەوێ •
سۆفی هەتا نوێژی خەوتنان گای بەتەواوی تێرکردن ، پاشان وەپێش خۆی دان ولەحەوشەی کردن ، گایەکان بەکاوێژ کردن لێی کەوتن •
سۆفی جل وجۆری لەسەر سەکۆ بەعەرزی دادا ، پاروەنانێکی خوارد ، بەردی بەپشت چەپەری حەوشەوەنا ، خۆی هاویشتە سەر سەنیرەکەی ،گوێی لەکاوێژی گایەکان هەڵخست •

دەنگی کاویێژ مات ولـەسەرەخۆدێ ، سۆفی لەخۆشی گاکڕین خەوی نایە٠ هەزار خەیاڵی رەنگاورەنگ دەورەیان داوە، ریێزەسواڵە،مەڵۆ، باقەبێن ، باقە ، گێشە ، خۆیان ،خەرمان ، لۆدەکا ، کوێزروبەربا ، مالووسك و بـن خەرمان ٠

لەو فکرانەدا ، سەرخۆش وبەدەماخ ، جارجار بزەی دێتێ ، دەنکـــە گەنم بەقەد دەنکی تەسبیح گەورەن ، خۆیان ئەوەندە گەورەیە سوارلەو دیو ئەودیوی یەکتر نابینن ، کلۆش وەك جەگەن وایە بەزەحمەت گێڕەدەکرێ، سوور شەمامەی لەسەرە ، سۆفی سوورانەدەدا ، زەکات ،بەراتی مەلای٠٠٠ ئەوشەوە سۆفی بەدەم خەیاڵەوە خەوت، خەونی خۆش ، چەند جاروەخەبەر هات ، چاوێك لەگایەکان دەکا و دەخەوێتەوە گاهێندەی دی لەبـــە ریـەك رەویونەوە، هەمووشتێـــــك گەورەتر دەبینێ : ـ ماڵ ، مەزرا ، خۆیان ، خەرمان ٠٠٠٠٠٠٠دڵی گەورە بۆتەوە ، لەدڵ دا دەڵێ :

ـ جووت بەندەم ، بەراوکێڵم ، بەر وبووم هەیە، خەلەوخەرمان حاسڵ، داهات ، تووتن ، بێستان ،چ پەکم بەخەڵکە ، بلە چەرچی گلاو ، حەد ی چیە، چ ریێی دەکەوێ ٠٠٠٠٠٠٠٠

* * * * * *

کازیوەی بەیانی سۆفی راستەوە بوو،چاوێکی رەگایەکان خشاند ، بەرەوکانی وەرێکەوت ، چوست وچالاك ، هەنگاوی توند، بیری پیـــر ی لێ ناکرێ ، سەرئاو وتاتەنوێژ ، بەپەلەگەڕاوە، چەپەری کردەوە و گـــای هەستاند، دەری کردن، بردینە ئاوێ ، بەمەزرایەوەی نان ، مووچەی سۆفی لەمێژ ساڵە نەکێڵدراوە، قەیاخ ، سڵمۆکە، شێفەلەتە، کەلەم کاشوول ، سێوە ڵووکە، سێوڕە، لەوەڕ لێکی داوە، گاجێژنەیانە، کرمە وهۆڕوبڕیـن وپچڕاندنی گیاوگوڵ ئاهەنگێکی تایبەتی هەیە، ئەوئاهەنگە لەگوێی سۆفی



@kurdica

خۆش دێ ، زۆری کاربەوگایانەیە، ئارەزوەکانی لەو جـووتـە گـایــە دا خڕبوونەوە٠

" دنیا لەسەر پشتی گاوماسی یە" " لەئیشکایی دا بژیوی بەکشت وکاڵ بەرێوە دەچێ ولەدەریادا بەماسی "٠

قورسایی کشت وکاڵ لەئەستۆی گایە، گالەژیانی سۆفی دانـەخشی تەواوی هەیە، ئەوەی هەیبوو دای بەو جووتەگایـە ، ئـەوانیـش دەبـێ هەڵسووڕێنێ ، پێیان رابگا ، تێریان کا ، قەڵەویان کا ، لەبەرخـۆیـەوە دەڵێ :

- " باج لەباجی ناناڵێنێ " دەبێ وایان لێ بکەم سەرپشتیان لووس لووس بێ ، وەك ماسی ،تێرنەبن کارم بۆناکەن ، بەکلکێ بن بەکەڵکـم نایەن ٠

تاو وبان گەرم داهاتووە، وڵات ئارەقی رێ نیشتووە، وەتمان وئەستی سەبر سەبر بۆ لای سۆفی دێن ، ئەستی پرێسکەیەکی بەدەستەوە!

سۆفی چەند رۆژێکە ئاردی وەماڵە " یای ناز " ناوە، لەگەڵ خۆیـان نانی بۆ ئەویش بکەن ، نیزیك بوونەوە، ئەستی نانەکەی دا بە وەتمان و بۆخۆی گەڕاوە٠

وەتمان پرێسکە بەباشی ناتوانێ ، سۆفی بەپیریەوە چـوو ، لێـی وەرگرت ، نوردوێك نانی گەلاگەلا چەند کولێرەی پەنجەکێش ،کولێرەی بەزەردێنەی هێلکە، بەڕەشکەو کاخلێ ، سۆفی بوخچەی کردەوە،بۆنی نان وکولێرەی تازەی بەسەرداهات ، کوتی :

- ئای بەخێریێ کوڕی مامی ! دایکت دەست وچاوی خۆش بێ ، رووی سپی بێ ٠

لەبن پۆلەدارێك هەڵترووشکان ، وەتمان نانی خواردووە ، ، سۆفی کولێرەیەکی دەرکێشا ودەستی کرد بەخواردن ، وەتمان :

مامەسۆفی ! نانی ویشکی ؟ سۆفی :

ـوەتمان گیان ! قەی ناکا وام پێخوشە ٠
وەتمان : ـ دایکم لۆلك وپەنیلی لەنێو ، لەنێوخستووە٠
سۆفی بزەیەکی هاتێ و پێخۆرەکەی لەنێو قەدی نان دەرهێنا ٠

*　*　*　*　*　*

سوفی گایەکانی بەوەتمان ئەسپارد ، کەوتە شوێن کەرەسەی پێویست بۆسازکردنی نیروئاموور ، لە لایەکی حەوشە ، دەستێك داری کۆن هەڵپەسێراوە٠

دارەبی ، بووز ، چنار ، سوورەچنار ، سەختەدار ، سەرەداری رزەڵۆك هەموو بابەتێکی تێدایە٠

سۆفی چاوێکی وەستایانەی پێداگێرا ، بەشی وی لێ یە ،کارراست بێ ٠ باسکێشێکی بووز ، دەندێکی دارەقەیسی ، شیلەپەیەکی سێو ، پاش بارەیەکی سوورە چنار لەگەڵ هێندێك لك وپۆپ ولەت وکوتی سەختەدار ، بەشی دەستەکەوشەو بەرووڵە وسەرمژانەی دۆزیەوە٠

ئامووڕێك پێك دێ ، ماوەتەوە نیر ، دارێکی وەك ئالوودار ،لەچناریا لەدازەبی ، کەڵەوە وبەن کەڵەوەی پێشووشی ماون ، هەرچۆنێك بێ راستی کردەوە، وەرێکەوێ لەقەدەر ئەوساڵ باشە٠

لەبن هەرزاڵ ، تەشوێ ،مشار ،برغوو، مکارە، دۆڵەمکارە رەندە و کوشتەری ، زوورەو هەسانی دۆزیەوە ، جیای کردەوە ولە سەر سەکۆدایینان دەبێ خاوێنیان کاتەوە وتیژیان کا ٠

داری باسکێشەکە بووزە ، گرێ گرێ یە، نالەبارە، بەلام چارەنیە لەقەدەر ئەوساڵ دەگونجێ ٠

گای وەتمان تێریان خوارد، کەلەکەیان هەستا ، ئاویان خواردەوە لە ژێر سێبەری دارتوویەك خەوتن ، وەتمان حەز دەکا بیان لەوەرێنێ ،جوابی

نـادەنەوە " گـای بەدەنگی نـاڕوا " گـایەکانـی جێ هێشت ، بـۆ لای سـۆفـی داگەڕا ٠ بەخۆی دەنـازی ، ئەو رۆکاری کردووە٠ بەوکارە دڵخۆشە، گەرچی گایەکان جوابیان نەداوە، وەسەرخۆی نە هێنا ، لینگی لێك بڵاوکردوون ٠ وەك پاڵەوانێك دەڕوا ، پیاوی مەزرا ، گالەوەڕێن ! لـە ئـاوالـەکـانـی نـامێنێتەوە، بگرە بەکار ترە، قسەکانی میرزا وسۆفی وەبیردێتەوە :
ـ وەتمان ! ئازایە ، ئاقڵە ، کاردەکا ٠

سۆفی تەشوێ بەدەستەوە ، خەریکی گرێی باسکێشە ، دارەبووزویشکە، رەق وقرچ هەڵاتوو ، تەشوێ دادێنێتەخوارێ ،لەبەرپێی لەدارەکەی دەدا ، تەڵەزمێکی لێ هەڵدەستێنێ ، تەختی کەلاشەکەی لەسەر دادەنێ ، یەکی تر ، بەوجورە کار دەچێتەپێش ٠

هەتاتەشـوێ یەك دادێنێتە دارەکە، نرکەی لێ بلێند دەبێ ،نرکەلـە دەروون رادێ ٠

وەتمان گەیشتی ، گازی کرد :

ـ ماندوونەبی مامە !

سۆفی : ـ بۆخۆت ماندوو نەبی رۆڵە گیان !

وەتمان :

ـ گایەکان خەوتن مامەسۆفی ، ئای‌ئای مامەسۆفی ! قاچت ! قـاچـت نەبلی !

سوفی : ـ نارۆڵە مەترسە، مەترسە ، دارەکە دەبڕم، وەرە ئەو لایەباپڕیشك و لەتەدارت وێ نەکەوێ ٠

وەتمان لەسەر سەکۆکە هەڵتووتەکا ، سۆفی گرێ داری هێناوەتە حاڵ ، خەریکە جێ بەجێ دەبێ ٠

* * * * * *

باسکێش ساف و سووف بووە : ، تاشراوی سەرگرێ کانی لە دوور ڕا

دیاره ، خەت خەت و بەنەخشە، وەك نووسرابێ • جێی پاشبـاره و شیلەپەی بە برغووكون كرد، بەنووكی مكاره وێیان كەوت، ، گەوره ی كردنەوە ، چوار قولینچك دای برین ، بەرادەی پێویست، لای پاشبارەی دادا ، لای نیری بۆ سەرمژانە كون كرد • دووكون بەمابەینی قولانجێك •

دار دەندی سەروبن كرد ، بارەكەی دۆزیەوە ، لەهەوڵ را بۆ دەنـــدی بریبۆوە ، چوار پالووی كرد ، پێوای ، نووكەكەی تاشی ، گاسنی تێكرد ، كونی شیلەپە وپاشبارەی دابڕی •

كۆلكە قەیسی رەنگی خەنەیە ، سوور ، نەخشین، دەندەكەزۆر جـوان هاتۆتە دەرێ ، سۆفی دارتاشی لەبیرنەچۆتەوە•

شیلەپەی دارەسێو دەتاشێ بەكەیفـی نیـسه ، پێی باش نیە ،دەكەوێتە سوراغی پاشبارەو دەستە كەوشە، ئەوان لەچناری جەوهەردارن ، ، قایمـن تەڵەزم نادەن ، لووسن ، دەست دەپارێزن •

لەكاری وان سەرخۆشە زووتەواوی دەكا ، تەنیا بەرووله ماوە ،دەنـد و باسكێشی بەسەركرد ، شیلەپەی بەبرغوو كون كرد ، بەڕوولەی لـــێ دا ، لوولێنەیەكی ئاو پێداكرد ، هەر مبارەكی دەوێ ، ئامۆور عەیبی نیە ، نـه شەیتانی نەڕەحمانی ، نەخوار نەهێس ، نەرژدەنەماڵ وبابەتە• دەنـــد و باسكێش وەها جووتە مووی نابوێرێ ،گاسنی بەسەر كرد ،هەڵی پەسارد و لەدوور راچاوێكی لێ كرد بەچاوی " گاكرین "

" وەتمان " لەسۆفی دا غەرقە ، بەدڵ خۆشی دەوێ ، بەئازای دەزانێ ، پێی ئاقڵە ، پێی بەسەلیقەیە ، روولە سۆفی دەكا :

ـ مامە سۆفی ! تۆئاق ئاقلی ، تۆكولی چاكی •

سۆفی : ـ بارەكەلا وەتمان ! تۆش ئاقڵی ، تۆش كوڕی چاكی ، هەڵـــێ سەرێك لەگایەكان بدە و وەرەوە، نانی دەخۆین ، زووبە كوڕانم،هەزارساڵ بی ، عەمە درێژ بی ، دەبڕوكوڕانم ! ئازا ، ئازا•

" وەتمان " قوڵەداری بەدەستەوە، هەڕای كردە لای گایەكـــان •

گایەکان لە جێی خۆیانن ، نەبزووتوون ،بەپەلە گەڕاوە٠
سۆفی دەست وچاوی شوت ، کەوڵی لەسەر سەکۆراخست ، جامێکی دۆ لە دۆدانەی بەتاڵکرد ، کولێرەی پەنجەکێش ، پەنیر، لۆرك سفرەی رازاندەوە٠
سێ چوارهێلکەی لەسەر ئاور دانابوو ،ئەویشی هێنا ، گەرم گەرم ، دەست نەیدەویڕایە، دەنکێکی هێنادەرێ ،لەسەرکەوڵەکەسووڕاندی وەتمان هەرای کرد :
ـ مامە سۆفی ! خول خولە دەسوولێنی ٠
سۆفی : ـ ناکوڕم ! بزانم کولاوە یان نا ، ئەگەر کولابێ باش دەسووڕێ ٠
وەتمان :
ـ مامە گیان ! کایەی پێ بکە، بی ٠٠٠ بی ٠٠٠ سوولێنە
نانی نیوەڕۆ بەئاسوودەیی خورا ، سۆفی کەوڵی پێچاوە و وەلای نـا ، راکشا سەرخەوێك بشکێنێ ، وەتمان یاری یاری رۆیەوە بۆلای گایەکان٠
" سۆفی " دارنیری راکێشاوە، دارە چنارە، پێواي ، بەمشار بڕیەوە ، ئەوسەرئەوسەری پەلکرد ، رەندە وکوشتەری پێداهێنا ٠ تەلاش ، تەلاشی هەڵ وێزندراو، یەك بەدووی یەك دا لەنووکی رەندە ولەکونی تیغە دەکەونە خوار، بەرپێی سۆفی کۆیەکی تەلاش لێ یە، هێندیك بۆر و بەعزێك سپی ، لوولە دەبن ودەکەونە سەریەك ٠
سۆفی، دارنیری واتاشی وەك بەخرتی گەڕابێ ، حەولی ئەوەیە هەر دوو لای بەقەد یەك بێ ، ملی گا نەئەنگێوێ ، خوارنەبێ ، هێندەشی باریك نەکا ٠
لەشەش جێ یان بورغی لێ دا ، چوار کون بۆکەڵەوە، دووکون لەنێوە ـ راستی نیرەکە، بۆنیۆنیرە، گاگێڕە وەشی بۆدانا ٠
نیرسازە ، کەڵەوەوبەن کەڵەوە، قایش وبۆسە لەمێژە لەسەرهەرزاڵن ، ئەوانی هەیە، لەدڵەخۆی دا دەڵێ :

- سبەینی زوو بە هەوپای خولای دەچمە جووتێ ، ساڵ درەنگە ۰۰۰۰۰۰۰ ئێوارەیە، نیسێ بەسەران کشاوە، گاتێرن ، وەتمان بەکەیفە،سۆفی لە و کارەگرانە بۆتەوە، ماویەتی کاڵە هەڵبەستن، جووت ، کاڵەی دەوێ ، جووتێك بۆخۆی ، جووتێك بۆوەتمان ۰

هەرا لەوەتمان دەکا :

- کوڕانم ! وەرەوە، دەی زوو کوڕانم ! وەرەلێ یان گەڕێ کارم پێتە۰ دو و ڕۆژە زوێڵە چەرمی لەئاوناوە، وەك مۆسکی بەهاران نەرم وشل بۆتەوە ، بەچەقوو لەڕای دێنێ ، چوار لەت ، دوویان بۆ وەتمان ، دووی دیکەبۆخۆی وەتمان هاتۆتەوە، سۆفی بن پیلی دەگرێ ، لەسەر سەکۆدای دەنێ ۰ لەتە چەرمی لەژێر پێی دەنێ ، قالبی دەگرێ ، قەراخ وبیجاخ وخوار خیچی چە رمەکە بەنووکی چەقۆ رادێنێ ، کونی دەکا وبن بەنی تێهەڵدەکێشێ ، پاشان بەسەر بەن دەیچنێ ، بۆهەرلینگەکاڵەیەك دووئاڵقەی بەن لەخوا ر گوێزینگێ دادەنێ ، دووتاڵ بەنی جۆی بۆوە لەسەربەن ،لەوئاڵقانەرۆدەکا، ئەولینگە تەواوە، ئەوی دیش هەروا ۰

کاڵەی وەتمان ، پڕبەپێ یەتی بەنی لێدەکێشێ ،پێوەیان هەڵدەبەز ێ وە تمان بەکاڵەی تازەوە قلەی دەکا ، کەلاشەکانی لەبن هەنگڵی دایە ، وەك دنیایان دابێتێ ، بۆنیشان دانی کاڵەکانی بەرەوماڵ دەبێ ، ، بێ خەیاڵ وسووك چەشنی پەلەپووش ، بابردەڵەیەکی زیندوو، بەهەلاتن ، جارجاریش بەهەنگڵە شەلە، رووەتی وەك خاشخاشکی سوورن، بە رێ وە هەرادەکا :

- مامە سۆفی ! هۆی مامەگیان ! سبەینی دێمەشێو بلین ، زوو، زوو، نان دەخۆم ودێم ،باشە ؟

سۆفی : - باشە رۆڵە گیان ۰

سۆفی چاوی لێ یەتی ،هەتانیزیك ماڵەخۆیان ، دنیای منالی دەروانی منالی خۆشی هەروابوو، مندال وەك گوڵ وایە، بەبایەك دەژاکێ ، ، بە

چۆڕە ئاوێك دەبووژێتەوە ، سۆفی هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و دەڵێ :

- ئاخ ! چ زوو رۆیی ، چ بێ مەودا ، بەهەڕەمە ، وەك خەونی ناخۆش ، راپەڕین لەوخەوە ، لەوکاموو سەتێ میسك وئارەقەی سارد ،تاوتێ ولێـو و لیچ هەڵزرانی پێوە بوو ٠

- بابچمە لای گایەکان ، هەتاماوم کاردەکەم، بادنیاش وەك خەون ، خەونی ناخۆش ، چاوگەرم بوون و راچەنینێك بێ ، پارشێوی گـایـەکـا ن دەردەکەم ، تیڕیان دەکەم ، تاوهەڵاتێ جووتی دادەبەستم ، ٠

* * * * *

سۆفی خەریکی جووت دابەستنە ، لەو لا ولەولای زەویەکەڕاهەرەوەزچیێ سەروەدەر دەنێن، سۆفی سەری سوڕماوە ، قەرارێکی وای نەبوو ، بەکەسـی نەکوتووە ، ئەی چۆن ؟

کێ ئەوکارەی کـردووە ؟

هاتن و هاتن ، ئەوەی جووتەگایەکی هەیەلەوێ بە ، حاجی جووتـەکـانـی ناردووە ، بۆخۆشی هاتووە ، دێتە لای سۆفی ، سڵاو وماندوونەبینی رووی تێدەکاودەڵێ :

- سۆفی ئەو هەرەوەزە ، من پێلم نەهێناوە ، خەڵکەکە بەمنیان کـوت منیش جووتەکانم نارد ، حاجی ژنیش هاتووە ، لەماڵێ خەریکی کێشـت سازکردنە ، گایەکانت خێربدەنەوە ، گای چاکن ، پێم خۆشە ،سەودایەکی باشت کردووە٠

جووت دابەسترا ، هۆگان دامەزرا ، هەلایەکە خۆشەوەنەبێ ، زەویـان لە فرچکان گرتـووە ، لەهەموو لایان ڕاهۆهۆیە ، جووت خۆشە ، شیلەشێو نیە ، بەلام ناش بێتە کالەشێو ، گڵ هەڵ دەوەرێ گاسن قوڕی دەگرێ ٠

جووتێر شێوەکە بێ پەلەدەکێڵن ،بەدڵ سۆزی ، جووتی خـۆمـاڵی ،

خەڵك بەمەیلی خۆی هاتووە ، بەڕوودانەکەوتوون ، سۆفی لەخۆشیان دڵی پڕبووە، چاکەی سۆفی لەچاوان داماوە، ئێستاش لەسەردڵانە، ، لە بیر نەچۆتەوە، فەقیری گولی نەکردووە، ئەو هەرەوەزە هێندەی دی سۆفی زیندوو کردەوە ، تێگەیشت خەڵك قەدری دەگرێ ،حاڵی بوو پیاوەتی کاری خۆی کردووە،بەتایبەتی گایەکانی خۆی پێ کارخۆش وتوند وتولن ،دڵی بەوەش خۆشە ٠

وەتمان گەیوەتی ، لەپەنا سۆفی ، پێ بەپێی گایەکان دەڕوا ،گاسن دڵی زەوی هەڵ دەدڕێ ،گڵ لەبەریەك هەڵدەوەشێ ،بەهەر دووك لای دەندەکەدا دێتە خوار ، شیلەپە ڕێژە، زەوی بوورە بۆشە، گاگیری نیە، باڵندە و سێروو پۆل پۆل ودەستە دەستە ، شێوەردی تازە دەپشکنن، شێوی نوێ ڕەنگی مێخەك دەدا ، بۆن خۆش ، بۆخاو، بۆنی گڵەسوور، بۆنی ئاشنای لەمێژینە، دەنگی هۆهۆ، هۆوەحەوەرەوە بابم ، دەنگە دەنگ ، تەقەی نەقیزە، زرینگەی مەسا سە، شەقەی خەرەزەن ،سۆفی مەستی سەرکەوتن کردووە٠

وەتمان دەلی :

ـ مامە سۆفی ! شێوەکە هەموو دەبلن ؟

ـ تەواو دەبێ ؟

ـ ئەی پاشان شێونابلی ؟

ـ مامە سۆفی ! کالە کالەکانم لێ ناستێنیەوە ؟

سۆفی باوەشی پێداکردووە ، وەتمانی لەئامێزی گەرمی داشاردۆتەوە ، دەلەرزێ ، دەکولێ ، لەتوپەت بەگریانەوە دەلێ :

ـ نا رۆڵە گیان ، ناوەتمانە ئاقڵەکەم ! ئیدی شت بۆ هەڵ دەبەستم،کاڵەی دیش ،هەمیشە ، هەمیشە ٠

وەتمان :

ـ مامەسۆفی ! عەزە دەیکوت، خەلەش دەیکوت ، ئەتۆ باوکت نیە،سەلە

خۆلەی ، کایەت لەگەل ناکەین ٠
ـ مامە سۆفی ! تۆ باوکی من دەبی ؟
ـ باشە مامە سۆفی ؟

سۆفی : ـ ئەرێ کورِم ، من باوکی تۆدەبم ، تۆش کورِی من ،ئاخە ٠٠ ر٠ منیش کورِم هەبوو ، کورِەکەی منیش وەك تۆ، دەستی چووکە بوون، رەز ا خۆش ، چاو رەش ،سەرخرِ، ئەرێ کورِم من باوکی تۆ دەبم ، هەمیشە ، هەمیشە ٠

لەمێژە سۆفی و وەتمان خافلاْوون ، حاجی حەمە دەستی کردووە بە زەوی کێلاْن ، گایەکان بەگای کاری دەزانێ ، جووتیێر نایان گاتێ ، ئامووره‌کە خۆش دەستە، هێس نیە، رژدنیە، مالْ نیە، بابەتەو حاجی لە هەمان رازی یە ٠

# ٩

مانگی گەلاوێژە، شەودرەنگانە، ئەستێرەیەك یەك رادەخۆشن،بەرەبە بەرە ئاسمان لەچاو تروکان دەکەوێ ، رێی کاکێشان چۆل وچۆلتردەبێ ٠

سیوەیل دیارنیە، زووزەنەبێك راخوشی ، هەوافێنکە،شیبا هەڵی کردووە، مەڕشەوبەکێوە ، شوانە تەنیایە، لەئەستێرەی لەیلی ومەجنوون دەڕوانێ ، چاوی لەئاسمان بڕیوە ، دوور دوور دەڕوانێ ،کۆوتەرازوو ، حەوتەوانە، ئەستێرەی ورد و دوور ، ئەستێرەی گەش لەدڵەخۆدا دەڵێ :

- خوایە ئەستێرە چیە؟
- دەڵێن ئەستێرەی " لەیلی ومەجنوون " ساڵێ جارێکی وێك دەکەون ، لەوکاتەدا بڵێی بیان بینم ؟
- بیستوومە! لەخۆڕانەیان کوشتووە! دەڵێن ، لەو وەختەداکە" لەیلی و مەجنوون " دەگەنە کن یەك ، یەکتر لەئامێز دەگرن ، هەرکەس بیان بینێ هەرمەجسوودێکی هەیەتی حاسڵ دەبێ ٠
- سەیر دەبوو بیان بینم !
- ئەرێ بڵێی وابێ ؟
- بیستوومە مەجنوون شێت بووە ! شێتوولکە ! رەنگە وابێ ،ئەمن چاك



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

لەوەی دەگەم ، رەنگە دەست کورت بووبێ ، لەیلی کچە دەوڵەمەند بووە و مەجنوون کوڕە فەقیر ، بەیتە کەشیم بیستووە ٠

ـ مەجنوون ، حەرەب بووە، یەکی رەشی لینگ درێژی قوون هەڵدڕاو، گێژوحۆل ، وەك کەڵ هەڵی هاویشتبێ ، لەق و لاواز ،پیاودیبایەی زەندەقی دەچوو !

لەبەیتەکەی دادەڵێ : ـ هەردەچوولەبن کەندەڵانی ئاودر وخڕو دۆڵان رادەکشا ، جاری وابوو کەندەڵانی بەسەردا دەڕووخا ، جاری واش بووە چووە لەنێو ماروودووپشك وداعباوماعبایان راکشاوە، هێندەرەش و چرچ و رەق وتەق بووە ، ماریش پێوەی نەداوە !

ـ جا باشە حەمری نەمێنێ ، سەدکەس ئاشق بووە ، خەڵك حەتر و گولاوی لە خۆی دەدا ، مێخەکی لەباخەڵی دەکا ، دم وچاوی دەشوا ،لفکەی شەدەی بەردەداتەوە، خۆقیت وقۆز دەکا ، بەڵکە کچەتێوئاشقی بێ ،دڵی نەرم کا ، دەبوو خۆی بۆلەیلی شل کا گوڵی لەلاسەری چەقێنێ ،ئاوابەڵکە لێی رفاندبا ٠

ـ هیچ نەبا ، دەچووم خۆم لەپەنا پیاوێکی گەورە، وەك میرزاداویشت دەیجا حەولێکی هەربۆدەدا ٠

ـ ئای رەنگە مەجنوون کەربووبێ !

ـ ئەرێ بڵێی ئەمنیش وام لێ نەیە ؟

ـ بەخولای میرزا نەمگاتێ ئەمنیش وام لێدێ ! لەوخڕودۆڵەی داون دەبم ، ماریش پێوەم دەدەن ! تووکی سەرم بادەیبا ! کوڕە میرزا پیاوی درۆیەنیە ، شەرمیش لەمن ناکا ، بۆم دەستێنێ دنیاو حالەم خرابێ ، ئەدی هاتوو جوابی میرزایان نەداوە ؟

ـ کوڕە حاچۆن جوابی نادەنەوە ؟

ـ حەڕەب دوای خۆشەویست وئیمامەکان وهێندێکی دی ، کواپیاوی وەك میرزایان بووە ! میرزاکەڵە ، دیوان دڕە ، نێرەپیاوە٠

- جادای دەنێم ، داروبەرد گوێی کەڕبێ ، خولائەو ڕۆژەی نەهێنێ وانەبوو، میرزاش چی پێ نەکرا ٠

- دەیجا خۆئەمن نەبوومە ئەومەجنوونە گێلە، وەلاهی شەرت بێ ، مۆرەی محەممەدی ، خەنجەرێکی لەسەر دڵی ئەوهەتیوەی دەم ، حەیاتی ڕەشی لێ بستێنم ٠

- کوڕە جاچۆن ! ئەدی ئەدی ، قەت دەچمە بن کەندەلانان ! نەوەلائەوەندەم پێدەکرێ دەزگیرانی خەزاڵ ، هەرکەس بێ ، بیکووژم ٠

لە لای ڕۆژهەلات "کاروان کوژە " سەروەدەر دەنێ ، جوانە، لە دڵی شوانەدا ، وەك چاوی خەزاڵ جوانە، نانا ناگاتە چاوی ئەو ٠٠٠٠٠٠ کاروان کوژە موچوڕکی پێداهێنا ، لەتەمەنی لاوی دا بەژەکی ژان وژاراوی ئیحساسی سەرکوت کراو مێژراوە٠

ئەوین ، شەو وخەو ، شەمی شپرزە وشێواوشلەژاوی تەمەنی ئەویان ، پێ شێل ولەجەرکردووە، بەقەد هەودایەك مووی کاڵ هومێد، ئەو شەمەی ڕاگرتووە، ئەوبپسێ ، ئەویش لەسووتان دەکەوێ ٠

لەئەشکەوتی سەرەوەی شاخ "مارێك " دەخوێنێ ، ماری توولەیە دەنگی جوولانەوەی بەرخەبەبەی مەودای دووری شاخ دەبڕێ ،وەها نەرم دەخوێنێ کەس وەهمی پێوەدانی ناکا ، نزم و ئارام ، نەرم و نەوی،ئاشقەیە هەرای ماشقە دەکا ، دەڵێی ئارەزووی لێك هالانی کردووە، لێك هالین و و پاپووکە بخۆنەوە، هاواری مارێکی توولەی تەنیایە، لایەلایەی نیوەشەوە بانگێشتنی باوەشی ئاوەلایە بۆخەو، ٠ بۆقێك دەقرێنێ ، بابردەلەیەك خشپەی دێ ، وەهاسووکە، شیبا دەیرفێنێ ، پۆلەگرالکێك دەلەرزێتەوە، سریوەیەکی ویشك وسەبری لێ هەلدەستێ ، قانگ لاشەك سیرەیەکی مات و خنگاوی لێدێ ، دەنگ لە باوەشی بێدەنگی دائارامی گرتووە٠

بەرزایی حەوشەمەڕ ، گابەردێکی زلەی لێ یە، لایەکی بەردەکەپنج پنج ومۆر مۆر خەنەتیلکەی گرتووە، شوانە دەستی بەسەردادەکێشێ،هەر

دەستی لەپۆلێك خەنە تیلکەگوێستەوە، ساردایی بەردە کەهەست دەکـا ، بەرد گەرمای ڕۆژی لەلەش چۆتە دەرێ ، سارد ورەقە ، ئەوبەردە گەرچـی سـاردە، بەڵام زۆر شەوان لەشی هیلاکی شوانە، لەپەنای دا حەساوەتەوە ، گابەرد بەسەر حەوشەکەدا سوارە، مێگەل وەك بەری دەست لەبەرچاویێتی .

یەگ ناگا ، چوارپێ یەك دەنووزێنـێ ، بزنە سوورمس دەرەوێتەوە ، شوان هەستی پێی کـرد ! قوت بووە ! لەپی دەستی لەپەنا شلکەی گوێـی ڕاگرت ، خشپەی پێ جارلەگەڵ جار ، هەنگاو بەهەنگاو نیزیك تر دەبـێ . یارە مچورکی پێدادێ ، ئەندێش دەکا :

ـ بڵێی چ بی ؟ ! چ کەس بێ ؟ ! بۆدێتە لای من ؟ ! بەو نیـوەشـەو ە ڕێگای هەتلە کردووە ؟! بڵێی دزنەبێ ؟ ! خوابکاچەتەنەبن ؟ ! بەرە بـە بەرە هەستی پێ دێتەپێش ، چوارپێ هـرووژمیـــان برد، چـەق و لـوور و غەڵەبایی ، ترس پەرەگرە، خەریکە سواری شانی بێ ،لەدڵە خۆی دادەڵێ :

ـ ئای ئای لەمنت نەکەوێ ! ئەتۆ پیاوی شەوی ، ئەتۆ وترس !زۆر جـاران مەرت شەو بەکێو کردووە، لەزۆر ئاوانت داوە قولاپەت تەرنەبوون،بابێنە پێشێ ! یاخولا بـــەمنی دەدا ، یابەوان ! ئەوگۆپالە ! خەنجەرەکەم ! کەڵ لەبەرشان وباهۆم خۆناگرێ .

ـ شەکە خەزاڵ ! جاچۆن دەیدەم بەخەڵك ! نابەخوائەو هی خۆمە،لەبـەری دەمرم ، لەگەڵی دەمرم ، مەرگم ڕەپێشی مەرگی کەوێ ، " گورگ هـاتـووە گوێنی بخوا " شـــەکە چاوبزەکەی خۆم ! نەرم ونۆڵەکەم ،حەوت ساڵـــت وە دوو دەکەوم ، مەگەربمرم ! دەنا بەکەست نادەم ، بت بەنە گـەرمێنـــێ دەتدۆزمەوە .

چەتە لە سەگەکان بێ حەیاترن ، کەربەپلالار داوێن ، مل هـوڕن ، بۆگەنیان دێ ، پیاو کوژ، بێ شەرم ، ڕووهەڵ ما ڵاو، بێ شەرەف ، بـێ ئابروو ، پـیاوەتی لەزاتیان دانیە ، خوانەناس ، بێ بەزەیی ، کێـوی ، هەست و ئیحساس لەوانە دامردووە ، پیاوەتی تاراوە، خۆیان دەوێ ،

قازانجی خۆیان ، بەشەرییەت کۆچی کردووە٠ چوارپێ چیان پێ ناکرێ ، چەتە دێنە پێشێ ، خەریکن گەمارۆی مەردەدەن ، کایە بە قازانجی ئەوان دەچتە پێشێ ، مەودابەر تەنگە، دڵ تەنگە، کات حەستەمە، هەرپشوو و هەناسەیەك چاوەڕێی رووداوێکی سامناکە، شەڕگە بەرتەنگە و حەریف بێ ئامان٠

هەرایان لە شوانە کرد :

- کوڕە هاوارێ نەکەی ! دەنا دەکووژرێی !

یەکێك بەتەنی هەرای کرد ودەستووری دا :

- دەست و لاقی ببەستن !

شوانە وەختی بەرتەنگە ، لەکەمترین کات دا دەبێ ساخ بێتەوە،

- هاوار بکەم ! دەنگم بەکوێ دەگا ؟

لەدڵە خۆیدا کوتی :

- ئەوان زۆرن ، تفەنگیان پێ یە، لەگیانی خۆیان بوور دوون،گاڵتەنیە ، کێشەی مان ونەمانە، دەبێ بیان خافڵێنم ، بەهەربارێك بێ ، بەشمشاڵ ! خەزاڵ لە شمشاڵەکەم دەگا ، بەڵکە نەخەوتبێ ! تانووتی لە خۆی دا ، ئازایەتی پشوویەکە، نەکەی !پیاوەتی لەدەس مەدە ، ئابڕووت دەچێ ، لەلای خەزاڵ ! لەلای خەڵك ! وریابە ! خولا لەسووڵتان مەحموود ی گەورەترە٠

یەکێ سمێڵ ئەستووری چاو دەرپەڕیو، هاتە لای :

- کوڕە دەستت بێنە ! چورتەت نەیە ! لێوت برینجەی بکارسارد ت دەکەمەوە !

شوانە خۆی فەقیر کردووە، بەپاڕانەوە دەڵێ :

- خۆکەس لەو وڵاتە باشاروناکا ، ئەمنی رەبەن چم لەدەست دێ ؟ چم پێدەکرێ ؟

- خۆمن باڵم نیە، بۆچی دەستم دەبەستی ؟

- هەلاتم ، جوولامەوه، هاوارم کرد، بەوتفەنگە بم کووژه،بەلام !
سمێلْ ئەستوور کوتی :
- بەلام چی ؟
شوانه :
- تەنیا تکایەکم هەیە ! دەستم مەبەستن ، ئەوشەکەخەزالەی لە پەنام کەوتووه، هی خۆمە ، خۆشم دەوێ ، خووم پێگرتووه ،لێم گەڕێن هەتا ئێوه کەمێك شیر دەخۆنەوه، تاوێکی شمشالْ بۆ لێدەم ، لەساوایی یەوه لێم جیانەبۆتەوه، خووم پێگرتووه٠
چەتەیەك قاقا پێکەنی وکوتی :
- " گاڕانیان بە خرەوه دەبرد لەمانگا بەلەکیان دەپرسی "
- دەی باشە ، هێندە مەلێ ! زوو بە٠
شوانه ، لەوەی دەگەرا ، ئاخر هومێدی هاوار بەشمشالْ بوو٠ لەباخەلْی دەرکێشا و رووبە ئاوایی تێی تووڕاند ، بەهەموو هێز وتوانایەوه،هاواری دەکا ، شمشالی وەزمان هێناوه٠ هاواره، هاواره ، بەره، بەره، وەره ، وەرن ٠٠٠٠٠٠٠٠
چەتە سەریان سوڕماوه، ئەو هەتیوه دم رووتە چەندە وەستایە ! !
گوێیان بۆ شل کردووه، لەبەرەوه شیری هەلْدەقوڕێنن ٠
شەوی رەش پۆشی بەسام ، شەوی رووناکی بڕی تاوتەرێنی تیشکە خنکێن ، کانگای دلْ رەقی وبێ بەزەیی ، هاندەری زولم، داپۆشەری جەور٠
سیرە وقرچەی ترس ، خۆف بەدیاری دێنێ ، خۆف لەناخی دەروونی شەو ، شەوی درێژ گەرووی ئەژدیهای رەشە، مۆتەی شەو پەرەگرە، گەرووگرە ئەژدیهای ترس ،بەهاشە هاش ولرفە لرف ، بەژنی نەمامی شلك وساوای غیرەت و پیاوەتی رەپێچەك دەدا ٠ لێی دەهالێ ، بەها لاوی پشووی نەمام دەبڕێ ، پەساپەسا هومێد کزدەبێ و هیوا دەتۆرێ ، غیرەت جێی


@kurdica

لێژ دەکا ، لەرزی ترس حاکمە وترس بێ رەزایە .

ویست و داخازکەمە، لەحەندی نەمان دا ، تەنیا خالێك !خالْ و هیچی تر ، هیچ لەجێگای تەواو، هیچ لەمیراتی هەموو. بادنیا برووخێ، زەمان راوەستێ ، کێو شەق بێ و خڕودۆ لاّن دارماڵ کا ، دەریا ویشك وبێ ئاو ، دارستان بپرووکێ و گەلاّبابیبا ، خونچەسیس وگولْ پەرپەرکرێ ، مەرساف لەسافێ بەتا لاّن بچێ ودنیا و بە پەندی سیای هەلّێنێ ، تەنیا ئەوخالّە راوەستاوبێ ، ئەو خالّەی کەخالّەکانی تر لەپەنای ئەو ،بەبۆنەی ئەو ، بەبۆنی ئەو ، بە بوونی ئەو بەردەوامن .

ئەوخالّە ئەوتەنیاخالّە " ئەوین " ئەوینی پاك وبێ خەوشە هەرئەو ئەو ینەی لەپشووی شمشالْ دا سیحردەکا .

هاواری شمشالْ نیە، هاواری ئەوینە خۆدەنوێنێ . ئەوین نامرێ ، نابەزێ ، ناشکێ وسەرکوت ناکرێ .

عیشق واوەی عەقلّە ، زمانی عەقلْ لەحاستی کەلەلایە، عیلم لەحاندی عاجزە.

لەوحالّەدا ، مەبەستی ئاخرو ئۆخری شوانە ، رزگار کردنی شەکەخەزالّە ئەوعیشقە مەجازی یەی کەدوو سالّە ئامانجیەتی ، ئەوەی بیانوو ە بەلاّم گرینگە، ئەوەی تراویلکەیە، کەچی تینو وبەمەستی گەیشتنی بە ئاو بۆ لای دەچێ ،ئەو خالّە لەدەم و چاوی شەکەخەزالْ دا خۆی نواندووە.

لەکاتی بلوێر لێدان ، لەدلّەخۆیدا دەلّێ :

- ئەو بپارێزم ، ئەونەجات دەم ، خۆی لەسەرگێرم ، خۆی بەسەرکێشم .

زۆری نەخایاند، لە ئاوایی دا هەرچی دەستی داری دەگرت بە شەنەوبێلْ ، خەنجەر، کەتەشیر وتفەنگ ، هەرچی وبەردەستیان دەکەوت ،هرووژمیان بەرەومەرهێنا .

شوانە زوو بەهۆی خۆی زانی ، دەنگی شمشالّی بەرزترکرد، خرمە خرمی نالْ و بزماران ، لەدواهەناسەی ناهومێدی دا شوانەی مەستی

سەرکەوتن کردووە ، لەدلْدا دەلْێ :
- ئەگەر بمکووژن بەس نیە شەکەخەزالْم رزگارکرد ٠
وردە وردەچەتە وەخۆ دێنەوە ، بەلاّم درەنگە ! جی بەبەرەوە نەماوە ، دەرچوونیان نابێ ٠
سمێلْ ئەستوور کوتی :
- هەمووی فیتی شوانەیە ! حەیف ، بریا دەستمان بەستبا ٠ ئەو مارە مردووە ریسەکەی کردینەوە خوری ، لەچی راوەستاون ! بیکووژن ! شوانە دەیەویست هەلْێ ، بەلاّم شەکەخەزالْ چی ؟
ئەو بەتەنی دەما ! رەنگ بوو بیبەن ، لاقی لەبەست چوو ٠ لەپرتەقەی تفەنگێك هات ، شوانە خۆی بەسەر شەکەخەزالْ کێشا ، ئەوجارتەقەیەکی دی ، لەپەناگوێی ، خوێنێکی گەرم وگەش بە دەستی شوانە داهاتەخوار ، هۆشی خۆی نیە ، چاوی بڕیوەتەسەر شەکەخەزالْ ، توندلەئامێزی گرتووە ٠
خەزالْ لینگە فرتەیەتی ، دووجاری زارپێك دادا ، خوێنی هەردووکیان تێکەلاّو ، چۆگەیەکی باریکی وەڕێ خستووە ، زەوی ساردوبەیار خوێن هەلْدەمژێ ، زەوی لەمێژە خوێنمژە ٠
شوانە :
- نالاّندی ، ئاخ خەزالْ ! ئەوەڕۆژە کەبوو لێی دەترسام ٠ ئوغلەمەدەستی پێکرد ، داروبەرد ئاوری لێدەباری ، شوانە بەرچاوی تاریکی تاریکە ، ئاگای لەخۆنەماوە ٠
چەتە لەپاشەکشەن ، بەقوونە شەڕ دوور دەکەونەوە ، گەمارۆ شکاوەوهەوا گۆڕاو ، چەتەلەهەلاّتنن ٠
" ئەولە " و " نەسە " لیبان چێن ، بەدوویان دا دەڕۆنەپێش ٠خۆ لە عەرز دەدەن وتەقە دەکەن ، لەوبن بەرد بۆئەوبن بەرد ٠حاجی دەگوڕێنێ :
- لەحەمری منووکەوێ ! دەری نەکەن ! مولەتیان مەدەن ! مەودای سەر هەلْێنانیان مەدەنێ ، دز حیزە ، سواریان بن ! هەلەوهەلْکەوتووە ،

لەو وڵاتە ناڵدارناڵ دەوەرێنێ ، باڵدار باڵ • هەی ! هەی ! هــەی !
ئاوریان لەسەر پشتی بکەنەوە ! روحمیان پێ مەکەن ! بیانکووژن !
وەك سەگ بیان تۆپێنن !

مەلا هەرایان لێدەکا :

- بابم وەرنـەوە ، شەرعەن باش نیە وەدووی دزکەوی ، بەقوونی بابیانەوە ،
هەموو رێگایان لێ مەبەستن ! باهەڵێن !

- حاجی بیان گێڕەوە ! پێم وایە شوانە بریندار بێ !

* * * * * *

خەڵکەکە لەدەوری شوانە کۆ بوونەوە ، شوانە بێ هۆشە ، خوێن وەك کانی لە باسکی هەڵدەقوڵێ ، خوێن لەبەر پێی بۆتە دەڵەمە ، وەك لـەتـە جەرگ دەچێ ، مەیوە ، لیچقە ، شوانە رەنگی بەروویەوە نەماوە ، وەك جاوی گازر کراو زەردە ، ئارەقەیەکی ساردی لەنێوچاوان نیشتـــووە ، شمشاڵەکەی لە لایەکی لەخوێن گەوزیوە ، سێ چوارکەس جەندەکی شوانە ، لەسەر کەلاکی شەکە خەزاڵ هەڵ دەپچـڕن ، شەکە خەزاڵ منداربۆتەوە •••

قوڵێ شوانە بریندارە ، برین دیوادەرە ، گوللەوەباسکـی شـوانـە کەوتووە ، چۆتە دەرێ ، کەللەی سەری شەکەخەزاڵی هەڵگرتووە • برینـی شواەنەیان بەشەدەکەی بەست •

یەکێك بەسواری ، تەقڵەکوت چۆتەوە نێودێ ، چووە دارەمەیت بێنێ ، قوڵە نێردیوان ، چەپەر ، هەرچی هەبێ •

مەڕ لە حەوشە مەڕدا پۆل پۆل بووە ، بەتەقەی تفەنگ سەری لەبەریەك ناوە ، بەسێ چوارکەسان بە زۆری خڕی دەکەنەوە ، وەپێش خۆیانی دەدەن •

تەرمی نیوە زیندووی شوانە ، بەکەژوو لەدارەمەیت هەڵدەبەستــن ، بـەرەو ئاوایی وەڕێ دەکەون •

پارشیۆیکی درەنگە ، سیوادی رۆژێ وەدیار نە کەوتووە، بۆنی بەیا ن دێ لەحەندە حەندی مەلابانگ دانێ دایە.

مەیدانەئەسپێك ماوە بگەنە دێ ، خەزالْ بەخۆڕنین وقـور پێـوان بەپیریانەوە دێ ، بەبێ ئەوە ی ئاگای لەخۆی بێ دەقیژێنێ ، دەگری و دەبارێنێ ودەڵێ :

- سەلاو قەت کەسم نەما !
- دەی بابانم خرابوو !
- بریا دەنگم نەکردبا !
- زمانم بەبڕین چێ !
- جەرگم رەش بێ !

شوانە ، وەك خەونێکی ئالۆز، لەت و پەت ، کەڕەت کەڕەت گوێی لە دەنگی خەزالْ دەبێ ، جارجار گوێی لێیە، دەیەوێ قسەیەك بکا ، بەلام هێزی نیە.

خەزالْ سەروبسکی دەڕنێتەوە، دەی هاوێتەسەر دارەمەیت،خۆڵ وخاکی سەر رێ بەسەری دادەکا ، زمان رەعەرزی دەخا ، سینگ دەکوتی ، هاواردەکا، پرچ و گەزیەی تێکەڵ بووە ،ئاوی لە ئاوەڕۆ دەرکردووە.

دەستی روو بووە، پەتەی کەوتۆتە سەر ئاوێ ، خۆی لەتەپڵێ بیعاری داوە ، هەرادەکا :

یـــارەی جوانە مەرگم ! شەرتە حەوت ساڵت کۆتەڵ بۆ بگێڕم ، شەرتە پرچی سپی لەماڵە بابم بهۆنمەوە، شەرتە پاوان وقەدەغەی تۆ بە پنج و مۆر بەرمە ژێرخاك ، شەرتە دوای تۆحەلاڵی دنیایم لێ حەرام بێ.

" ئەولە " کە چاوەڕیێ ئەو هات وهاوارەی لەخەزالْ نەدەکرد ، وەك براوباب وخەڵکەکەی دی ، سەری لەوکارەساتە گێژ و وڕ ماوە، لەپەنایەکی تێی راخوڕاند ولێی رەبادا وکوتی :

- بێدەنگ بە ! هەی قەرەچ.

- زمانت گرێدە !
- دەری بابانت خرابێ ! نەمردووە! بریندارە !
حاجی ژن لەگەڵ سێ چوار پروپیـــرێ ژنی نێودێ ، گەیشتنێ ،خەزاڵیـان قۆڵ گرت و بەرەوماڵ ڕەکێشیان کرد •

* * * * * *

بەری بەیانی بەر لەوەی سۆفی بگاتێ ، حەکیمیان لەسەرحازرکرد •
حەکیم برینەکەی برژاندەوەو بەستی ، حەکیم دەیکوت :
- برینەکەی زۆر نیە ، هیلاك نیە، بەلاّم خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیوە ، دەبێ جەرگی حەیوانی دەرخوارد دەن ، خاوێن رایگرن برینەکەی وەبـــن نەدا ، جحێڵە زوو خۆ دەگرێتەوە، شوکور بەخێر گوزەراوە، خـــودا داویەتەوە• خەزاڵ گویی لێ یە •••••••••• مات و بێدەنگە، بەخۆی دا شکاوەتەوە•

* * * * * *

قاوەڵتوونە، ماڵی حاجی وەك جێ بازاڕ هەر جمەی دێ ،شوانـــە چاوی هەڵێناوە، دەستە دەستە، ژن و پیاو دێنە لای •
ئی وایە ماچی دەکا ، ئی وایە دوعای بۆ دەکا ، بەعزێك هـــەواڵی دەپرسن •
شوانە رێــز وحورمەتی پێدراوە، بەچاوی رێزەوە چاوی لێدەکرێ ، وەك پالەوانـێك ، وەك پیاوێکی گەورە •
حەیس و باس وبەیت وباوی شەوی تەقەکە لەئاوایی ودێ یەکـــانـی دەورو پشت وەك بۆم تەقیوە •



@kurdica

باس باسی ئەو شەوەیە، دەنگۆ زۆر و زەوەندە، ئەوەندەی بیر رۆیوە ، هەرکەسەی بەجۆرێك ، هەموو چەشنە بۆچوونێك •

زۆر کەس پێیان وایە، شەوی تەقەکە خەزاڵ لەلای یارە بووە! خـۆی دزیوەتەوە !گەیوەتەوە ماڵێ وخەبەری داوە، کەس چی نەدیوە،هەرکوتەیە ، بازاڕی درۆ ودەلەسەگەرمە، شەو چەلەی شـەوانە و خەڵك لە تاریکیدا •

دێ و دەنگۆ ، دێ وبەیت و باو ، دێ و درۆ، جێی چووکـە ، مێشکی چووکە و فکری چووکە ، ئەوەی راست بێ بۆکەس روون نیە •

خەزاڵ چۆنی زانی چەتە لەسەرمەڕە ؟ بەکوێ دا ؟ چون ؟بەونیوەشەوە بۆنە خەوتبوو؟ مەڕ لەوسەری دنیایە، ئەولێرە !!

کێ شتی وای دیوە !! حەلامەتی ئاخرزەمانە !

" تری هەمەدانێ ، ئاردی خوراسانی "

دنیایەك پرسیار ! خەڵك سەری سوڕماوە ، کەس نازانێ چۆنە ! لەماڵی یای ناز، هەلایە ، خوری بەشانەدەکرێ ، سێ چوارێك لەبەرشانە دانیشتوون ، چەنەیان گەرم داهاتووە ، یای ناز ئەو قسانەی پێ خۆش نیە• بەلام چ بکا لەماڵی ئەون ، کار بۆوی دەکەن ، هاتوونە بەرشانەی ئەو ،، گوێ نەخەوێنێ کارەکە ناکرێ ، یای نازکچە دەوڵەمەندە، ئـەوکارانـە شارەزایە، دنیاش پێی دەوێ ، لەدڵە خۆی دا دەڵێ :

ـ هەتا دەدرێن بابڵێن ، درۆ وبۆختان بکەن ، کەس ناچێ لەقەبری کەسەوە، ئاخری چـی ؟ دەچن لەبستە خاکێکەوە•

مامۆستا دەیفەرموو :

بۆختان لەقەتڵ گوناحترە ! ئەوەفەرمایشی بینایی چاوانە ماشەلاخولایە، هەربۆخۆت دەزانی ، ئاگات لەهەستی مارو مێرووی هەیە، کەس سەری لە کاری تۆ دەرناچێ !

( پەریزادە شەل ) سەری داخستووە ، وەك مەکینەیەك ، خێراخێرا ، چەپکەخوری بەنووکی شانە دادێنێ ، دە نگێکی ویشك و کرەیەکی نەرمی

لیدینیٰ ، دەستی وەك بزووت هەڵدەسووڕیٰ ، ڕاست وچەپ لێکی دەدا ، دەڵێی حەزیا بە ، مێنەکەیەکی کۆن و چەور لە دەستی دا خو دەنوێنیٰ ، نەقیمەکەی پیرۆزەیە ، پیرۆزەیەکی ڕەنگ پەڕیوە ، پیرۆزەیەکی مـــردوو ، دیارە لەمێژە هەیەتی ٠

چەپکێك خوری سەرشانە داوێتە نێو بێژینگ بە هەناسەیەك هەناسەیەکی بەدرۆ دەڵیٰ :

- چمان دی وچمان چاوپێکەوت ! دنیای زوو چەندخۆش بوو ،کوائەو غەم و دەردانە هەبوو ! خەڵکی ئەودەم ئاوە زۆرزان نەبوون ، بەخولای ڕۆڵە گیان ! عەزەب بووم ، خۆم ناسیبوو تازە دەرپێیان بۆ دەکردم ، کێ لەوانەی دەپرسی ؟ ! لەوچۆم و دەراوانە ، لەگەڵ ئەو هەتیو مەتیوانە هەڵدەسووڕاین ، هەلووکێنمان دەکرد ، چەلێك هەمزەل ، هەڵوای بەشەقان کەڵەمستێن ، چووزانم ، بارە خویٰ ! جاری وابوو با لە شڕو شاقەلی دەدام داو دەلینگم وەدەر دەکەوت !!

بۆ کەس هەبوو قسەیەك بکا ؟ خوانەکا ! کەس چی نەدەزانی ، خەڵك دڵی خاوێن بوو ، ئەمن هەرپێم وانەبوو پیاو هەیە ٠ چ دڵم لێیٰ پیس نەدەکردن ، ژنی ئەودەمی حەوتسالان لەماڵە مێردی دەبوون منداڵیان نەدەبوو ، هی ئێستا جلکی بووکێنیان نەدڕاندوە دوو مەلۆتکان لەپەنایەك دادەنێن ، ملی دەگرن و دەیهێننە دەریٰ ، ئاخر زەمانە ! دنیا خرا بوونە ! جرجاڵ نیزیکە !

ڕۆژێکی چوو بوومە لای مەلاژن ، کچەکیٰ ! ئەوەندە ژنی چاکە ! دوو ڕۆژ بوو پێی دەکوتم ، خات پەریزاد خێرت دەگاتیٰ وەرە سەرم لە خە نەدە، تازە بیسمیلام دەکرد ، دەگەڵ کوتم " بەدەستی من نەبیٰ بەدەستی ئایشیٰ و فاتمان بیٰ " مامۆستا دەنگی بڵیند کرد ٠ وەلاهی خولالەسەرم نەنووسی پێم وابوو دەیەویست دەنگە دەنگمان نەیە ، قسەی بۆ پیاوێکی دەکرد ٠ ئێمە لەنێو ماڵەکەدابووین ، ئەوان لەسەر سەکۆ کە ، پێم وایە کتێبی

بو دەخوێندەوە و دەیکوت ، لەئاخر زەمان دا جرجالْ دێ ئـاجـووج و باجووجی لەگەڵە ، دنیای دەخۆن ، زۆر وردن ، حەوتیان لەبن چلەنۆکێکی دا جێ یان دەبێتەوە ، و لاتێ خلاس دەکەن ، ئەوی هەبێ دەی خۆن ، چ نامێنێ ! شینایی لە ولاتی دەبڕێ ٠

گوێ درێژەکەی جرجالی لەباتی تەرس خورما دەڕی ، ئەوەی خورماکە بخوا کافر دەبێ ، ئـەوەی نەیخوا لەبرسان دەمرێ ، بەعزەکەسێك ئەوانەی بەدینن ، ئەوانەی ئیمانیان قایمە ، تۆبەکارن ، ئـەوانـە دەچنـە ، مزگەوت ، تەکیە وخانەقا ، دەچنە پەناچاك و پیران ، ئەوجۆرە جێ یانە ، ئەوان بەنوێژ وتاحەت دەژین ، خـۆڕادەگرن ، دەمێنن ، پاشان حەزرەتی عیسا دێ ، جرجال دەتۆپێنێ و دەڕوا ، بەدووی ئەودا محەمەدی مەهدی دێ، چل سال حوکماتی دەکا ، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە ، و لات دەکەوێتە فەرعانی رسق و رۆزی زۆر دەبێ ، دنیا دەبێتە بەهەشت !!

دەترسم جرجالْ نیزیك بێ ، کچەکێ بەشێتم مـەزانن ، ئەوسەرەم لـە ئاشی دا سپی نەکردووە ، حالەم زۆرزان بووە ، ئاخرزەمان دەڵێن وادەبێ، دەوری مە وا نەبوو ، کەس چی نەدەزانی ، خەڵك ساویلکە وساکاردەژیا ٠ ئای بریا ٠٠٠٠٠٠٠٠ بریا ئەودەمی مردبام ٠ کچێ خۆچمان نەدەزانی ، جحێلْ بووم ، چووبووینە گێلاخان ، سێ چوار دەستە خۆشکی خۆم لەگەڵ بوون ، نازانم چۆن بوو لێك هەڵبڕاین ، ئەمن پۆلێکم گێلاخە لەوبەیارە ی پەنامەزرای " شەنگە" ئەو سۆفی ئەحمەدەی خۆمان دۆزیەوە ،دەنگم نەکردە وەك خەزێنەم دیبێتەوە ٠ دەستە خۆشکەکانم چوونە شوێنێکی دیکە ، بە قەنەکێشێك کۆشم پڕکرد لەگێلاخە ، بژارچنم لەعەرزی رۆ دەکرد ، سـێ چوارێکی بەدمیەوە دەهاتە دەرێ ، لەخۆشیان ئاگام لەخۆ بڕابوو ،کچەکان نەدیو ببوون ٠

ئاوڕم داوە ئەو سۆفی ئەحمەدە یاری یاری بۆلام دەهات ، ماندونەبینی لێکردم ، لەپەنام رۆ نیشت ، ئەمن هەڵتووتەکابووم ، هەر بەهێندم نەگرت،

پێم چ نەبوو ، تازە هەرچی بووە گەردنی خۆش وئازابێ ، پیری هەرکمانی فەوتاندووە ، ئەودەمی زۆر قوشمەبوو ، دەتکوت بـــزووتـــە ، بـەلام خوا هەڵناگرێ بەحەدەب بوو ، وەهمی چم لێ نەدەکرد، سەرم بەردابۆوە خەریکی کاری خۆم بووم ، لەنەکاو زریکەیەك لەرانم هەستا !! ئەوەندەی یـەك و دوو دنیام لەبەرچاوی سوورِا ، کەوتمە سەر گازەرای پشتێ ، لاق ولەتەرم وە دەرکەوت ، سۆفی هەروا دانیشتبوو .

هاوارم کرد مار! مار! شەنگە بمگەیە! شەنگە کوتی :

- راستەوە بە لانکەشکاو ، هەستە هەستە ئەو داو و دەلینگەت داپۆشـــە دەڵێی خەرارە کۆنی ، مارنیە ، ئەوە ئەمن بووم لێم ڕەبادای .

هەستام وکوتم : حەمە درێژ نەبی شەنگە! بۆلێم ڕەبا دەدەی ؟

کوتی : - دەمەوێ چەقوولەم بەدەستی تیژ بێ .

مانای قسەکەیم نەدەزانی ، رانم بەقەت دووقرانێکی رش وشین ببۆوە .

کچەکێ حەیفە جوانان بشکێنی ، خواهەڵناگری گێلاخە کەشی لەگەڵ خرکردمەوە، نەبام پێداهاتبوو نە بۆران سەبر سەبر بەرەوماڵ بوومەوە ، ئەو قسەم بۆ دایکم گێڕاوە ، رووی خۆیی رنی و کوتی :

- دەی خۆ چی دی نەبووە ؟ کوتم : - نەوەڵڵا جا چ دەبێ .لەوەیواوە دایکم بابمی توند کرد دووگەزیان جاو بۆ کردمە دەرپێ .

ئەدی رۆڵە گیان ئەمە ئاوامان پرچی سپی هۆندەوە ، کچەتیومچەتیوی ئەوزەمانەی چەندە شەیتـــانن ، ئەوکچۆڵە سەر قژنەی حاجی حەمە ، ئێستا پێم وانیە خۆی ناسیبێ ، دەڵێن شەوی تەقەکە لە لای شوانەبووە! چووزانم خواپێم نەگرێ ، خولایە گیان لەسەر منی نەنووسی زۆر شتـــی دیش دەڵێن ، ئیشا لا درۆیە ، بەڵکم ئەو درۆیەیان هەڵبەستبی دڵـــی میرزای لێ سارد کەنەوە ، ئاخەر بیستوومە میرزا بە هەویایەتی ،خوا ئاگاداری هەموو شتێکە ، چووزانم شەیتان زاڵمە و ئافرەت جێی بەقایە نیە ، هەتیوە کەش قیت و قۆزە ، وەك کوڕی قەراڵی فەرەنگ گول بەلابار

هەڵناگرێ ، شك دەپەڕێتە سەری ، ئێمەش لەتاریکایی داین ـ
ناز مچورکێکی پێداهات ، چی نەمابوو دەستێ بەشانە کون کا،وەك بێی زەرد بەڵام زمانی خۆی گری دا ٠
پوورئامان تائێستێ بێدەنگ بووە ، بەمینگە مینسگ و دەنك دەنك وەقسە کەوت :
ـ ئەوە دەڵێی چی خات پەریزاد ! ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەبا ،خۆتۆ دنیا ت دیوە ، دەروازەی شاران دادەخرێ ، زمانی خەڵکی نابەسترێ ، دنیابۆتە هەرچی پەرچی ، هەرکەسەی لەسەر هەوایەکە قسەی خۆمان بێ ولەنێوما ن دەرنەچێ ، وەباڵ بەستۆی کایرای وەلاهی ئەمن بەش بەحاڵی خۆم ما م برایمی بەپیاوێکی گەریدە دەزانم دنیای زۆر قوونە کەو کردووە ،شار و بازاران چووە ، سارد وسەودای ئەو وڵاتەی دەکا ، زۆرزانە ، بڕێك لە بنەوە بڕە ، سووت وسەڵەمیشی هەیە، ئای جارجاریش دەستی خەڵکی دەگرێ ، ئی وایە گای بەرنیری دەمرێ ، پەك کەوتە لێقەوماو، زۆرکەس دەچنە لای دەستیان دەگرێ بابە سەلەمیش بێ ، حیلاج نیسە ، کاردێتە پێشێ ٠
بەوحاڵە شەوە جار جار قسان لەکنە من دەڵێ ، بەدزیشی پێکوتم بەڵام قسە قسە دێنێ ، ئیدی قسەی ئەوتان بۆ دەگێڕمەوە ، مەیکەنە بەیتێ بلە و بەردێکی لەسەر دانێن ، دەیکوت :
ـ ئەو چەتە و دز و درۆزنانە ، تێگرا ولێگرایان برادەری میرزان ئە و کارانە گشتی لەبن سەری ئەودان ، سەرتەریدەیە ، خراپە کارە دەس پیسە ، دەس کیسە، چووزانم شتی سەیری دەکوت ، دەیکوت لەحاجی بەرەق دا ـ چووە ، ئەی کچی نەداوەتێ ! حورمەتی نەگرتووە ! بە پیری یەوە نەچووە، هەڵبەت بۆخۆیان دەزانن ، قسەکانی بەدڵمەوە نووسا ، جاچاکە ئەدی ئەگەر وانیە میرزا لەچی دەگەڕێ ، چی دەوێ ! ئاخر مەزرای هەیە؟مەری هەیە ؟ ئاغایە ؟ کوێخایە ؟ چۆدارە ؟ چیە ؟ دەس بەگیرفانی داکاو لاتی

بەدراویٚ دەخنکێنیٚ لەکوێی دێنیٚ ؟ ! بەملّك و ماشەکەی ! بەمووچە و مەزراکەی ؟ بەئاش وباغەکەی ؟ ! بەکام حاسلّ وداهات ؟

مام برایم دەیکوت : ـ میرزا خەلّکی دەس نیشان دەکا ، دایکە دزەیە ، چەتەی راگرتووە ، بۆخۆی پێیکەوتوون‌مەڕی رامەدەن ! دەیەویٚ حاجی بترسێنیٚ ، چاوترسێنی کا ، هەرالەسەر خەزالّە ، دەیەویٚ بەزاوابەندی پچێتە سەرمالّی ، کاودان لەپالّە خۆی دا ، لەتەڕی بخوا و لە ویشکی بخەویٚ ٠

یای ناز وەجواب هات : ـ تۆخولاّکەی پوور ئامان قەبری خۆت ئاورین مەکە ، ئەوحالەمە چاوی دەبینیٚ ، مام برایمی دەناسن میرزا ش دەناسن ، میرزا ئەوەندە بەحەدەبە سەر هەلّناهێنیٚ،جا تۆخولاّئەوقسانە حەیب نین ؟ میرزا چ پەکی بەمالّی خەلّك کەوتووە ، بۆخۆی دەولّەمەندە، هەرئەومام برایمە جارێکی کوتبووی لە شاری ملّك وماشی هەیە ، لەپێش دا پیاوی حکوومەت بووە ، قەت دەزانی ئەو پیاوە چەند بە خەلّکی یەوە ماندووە ! ئەو کوڕە سەغیرەی من بەنێوی میرزای شاگەشکە دەبیٚ ، رەنگە پێت وابیٚ دەیەویٚ ئەویش بکاتە چەتە، ناوەلاّ پیاوی چاکە وچی لە باران دانیە ٠

کچیٚ مالّت خرانەبیٚ کوا پیاوی وەك میرزا ؟ لالّ بم یاخولاّ ،چەرچی وقوون هەلّدڕاو باسی میرزا دەکەن ، جیٚی لیٚرەنەبا حوکماتی سەت شارانی دەکرد ، ئەوجار ژن هێنانی چی ! کوامیرزا ژن هێنە ! جائەو کچۆلّەی بۆچیە ؟ ! دەس لەسەرشانی کچی شای دانیٚ دەیدەنیٚ ، میرزا ئەوانەی پێوە نانووسی ، پوورئامان ! دلّت نەگۆڕیٚ ، پیٚ یەکت لەسەرلێوی قەبرە٠

پوور ئامان :

ـ وەلاّهی ئەتۆش ناحەق نالّێی ، بلّێم چی رۆلّەگیان وەبالّ بەستۆی ئەو ، وایدەکوت ، بەسوێندوتەلاّقانەوە رەش وشین دەبۆوە، دەجا لەنێو دێش ، تاریف تاریفی میرزایە ٠

خات شەرافەت :

- ئەمن نازانم میرزا چۆن پیاوێکە ،خەڵك دەڵێ پیاوی چاکە ، چ وە وە ش ناچێ چەتەبێ ، پیاوی خراپ دیارە ، ماڵم قەبرە نووری لەنێوچاوانی دەبارێ ، ئەوسەرەماش و برینجیەی لێ بۆتە نەخش ، مام برایم خۆشی ناوێ ، دەیانکوت جارێکی زۆری لە مام برایم داوە، ئازای بەدەنی شینو رەش کردبۆوە ، ئەوێ جاری شیربایی ئەستاندبوو، جامیرزا حەرام خۆر بایە چی لەشیربایی ئەو دابوو بڵێی پیاوی وا کاری ناشیرن بکا ؟

فاتە تەلاش دوێنێ لەسەر کانیە قسەی سەیری دەکرد، دەیکوت :

- خەزاڵ جندۆکەی لەبەردەستی دایە، ئەومالە بەجحێڵێ وان !!! هەتا دەگەرێنەوە لەگەڵیانە ، شتیان پێدەڵێ ، ئەوجندۆکە ئاشقی خەزاڵ بووە، قسەی لەگەڵ دەکا ، خەزاڵ نای بینێ بەلام گوێی لێدەبێ ، حاجی ژنیش بە جحێڵی ئەوەی لەگەڵ بوو، هەر بەوەش وا دەوڵەمەند بوون ٠

بابم بە رەحمەت بێ لەگەڵ مردووی ئێوە وای دەگێراوە :

- ساڵی گرانی یەکە ئەوەی برسیایەتی هێرشی بۆدینا ، دەرۆیشتە ئەودیو ، خەڵکەکە چی نەبوو، گرانی وردە وردە دەبووە قاتی ،ئێمەش وەتەنگ هاتین رۆژێکی دەستی دایکتم گرت و رۆیشتم ، ئێوە نەببوون ، بەخۆم وبە لینگی ژنێوە ، چووینە دێ یەکی قەراخ " هەولێرێ " بووینە کارداری ماڵێکی دەوڵەمەند ، گیرساینەوە و بووژاینەوە ، ماڵی چاك بوون ، پەنایان داین و باڵیان بەسەر کێشاین ، ئەتۆ لەوێ وەزگی دایکت کەوتی ٠ لەجیرانەتی ئەومالە دەوڵەمەندە ، ماڵێکی قاچاخچی لێ بوو ،ئەوکابرایە هاتووچۆی ئەم دیو و ئەودیوی دەکرد، ماڵی قاچاخی دەکری و دەفرۆشتەوە، بەبەرچاوی گەزمە ومەعمووراندا دەهات و دەرۆیی کەس نەیدەکوت چ دەکەی ، ئەتوکێی ؟ ئەوەچیە پێتە ؟

واهات ئەو کابرایە، لەنەکاو دەستی لەو کارە هەڵگرت ، عالەم واقی وڕ مابوو ، کەس نەید زانی بۆ وای کرد! ماڵی قاچاخی قازانجی

زۆره هەلێکی باشی بۆ هەڵکەوتبوو، ماڵی دنیاودەبرد بەبێ وەی بگیرێ، زۆر دەوڵەمەند ببوو کەچی ئەویشەی تەرك کرد.

منی خۆش دەویست، رۆژێك سفرەی دڵی بۆ کردمەوه، کوتی: - ژنێکی جندۆکه ئاشقم بوو، من نەم دەدی، ئەو دەی دیتم، قسەی لەگەڵ دەکردم، لەپێش دا لێی دەترسام، ورده ورده سامم شکا، لێی نیزیك کەوتمەوه، مارەم کرد، دەستم کرد بەقاچاخی، شت ومەکی بۆ هەڵدەگرتم، کەس نەیدەدی، لە هەرشوێنێك ویستبام بۆی لەوێ دادەنام، منیش دەمفرۆت.

هەناسەیەکی هەڵکێشاو کوتی: جارێکی لەنەکاو ون بوو، سەری تێدا چوو، زۆر چاوەڕێی بووم نەهاتەوه، نازانم مرد! زیز بوو! بردیانەوه! گورگ خواردی! ئەدی چی لێهات؟

زۆر چاوەڕێ بووم، گریام، بەئاوداهات وبەنان داخورا، ئەمنیش عیلاجم نەما قاچاخێم وەلانا، بابم وای دەگێڕاوه پوورئامان! بۆخۆشت دەتناسی پیاوی درۆیە نەبوو.

رەنگە خەزاڵیش شتێکی وای لەبەر دەستی دابێ دەنا چۆنی زانی مەڕ چەتەی لەسەره، دەڵێن لەلای شوانە بووه، ئەوەش درۆیه دادەزێـڕین دەیکوت ئەو شەوه بۆخۆم لەلای خەوتووم، پێکەوه لەسەر سەکۆکەی حەوشە، بستێکم لێ جیانەبۆتەوه.

بێژینگ پڕبوون لە" کولوو" یای ناز باوەشێکی " هۆرپە " لەسەر یەك دانا وه، تەشتێکی پڕکردوه لە " بنۆك " هەرای ئەستی کرد:
- رۆڵە گیان! کچۆڵەکەم! هۆشت بەسەریەوەبێ، لێت نەگۆڕێ وەره با حاڵیت کەم، ئەو " بنۆکە" بەجیا هەڵگره دەی کەین بە" سێ تا " بۆ گوریس وکەژوو، ئەوەی ئەرم و رۆنگال درێژه بەجیا، دەیکەین بە بەرماڵ و پۆپەشمین، ئەوەی پەناخات پەریزاد، "قرخ"و" قزڵ "و" شاسەیوانە " ئەوەش بۆ جەواڵ دەبێ، رەنگە بەرەشی ببێ بۆ ناعیلاجی باشە.

خوری خاوکەکەش بەجۆی هەڵگرە بەڵکە دارتەونەکانمان بدەینــــەوە مافوورەیەك هەلاوەسین ، خاوکی پارووپیژاریشمان ماوە ، رەنگــــــە لاکیشیك ، شتیکی وایان لێ تەواوبێ ۰

ئەوەی لیێی خاترجەمم ، " رایەڵ " و " پۆ " و " پشت پۆ " مـان ، زۆرە وکەم نیە ،جاکچی شیرنم وەخۆکەوە ماڵ داپرژاوە باخری هەڵ دەین ، ژنەکان لیرە دەبن ، لەپە و گۆشتەکە هەل وپەل بووە شیو زوودەگاتێ ۰

ئەستی و یای ناز وەك هەلۆتیێ رۆهاتن ، ولاتیان خرکردەوە ،نیومال گەسك درا وئاوپرژنیان کرد ، خوری لەسەر هەرزالێ وەك تەرمەك دەچوون ئیستا مەلا بانگی خەوتنانی نەداوە ، " وەتمان " لەجێ یەدا راکشاوە گرنەی حەکایەتی گرتووە ۰

یای ناز حەکایەتی " سوارەکەی مەندی مەندی " بۆدەگیرێتەوە :

**" رۆژیکی بەهاری ، پاش بارانێ ، سواریك بەریگایەك دا دەرۆیـی "**

**" سمی ئەسپەکەی لەقوررۆ دەچوو ، ئاوی باران جێ سمی ئـەسپـەکەی "**

**"دەکردە گۆلاوك ، سوار لەپردا دەنگیکی گوێ لێ بوو ،هەرای دەکرد : "**

**" ـ سوارەکەی مەندی مەندی ، عەبا لەچل وحەوت رەنگــی "**

**" ئەگەر دەچیە گوندی مە ، پێی بلێ بەمیرمشکێ مە ، قالـۆنچــە "**

**" بوڵغار خاتوون ، لەتەندوور ئاوێ کەوتووە ، بێ دەری بێنیتــەوە "**

**سوار قوتە قوتیکی کرد ، چەند جاری ئاور داوە ، چی وەبەر چاو نەهات "**

**" زۆر رۆیی هەتا گـەیشتە ئاوایی ، رووی کردە مـزگـەوتــێ "**

**" خەڵك بە پیـری یـەوە چوون ، جلەویان لێ وەرگرت و رکیفیـان "**

**" بۆ داگرت ، فەرمووی مزگەوتیان دا ، ئەسپەکەیان بردە تەویلە یەکی "**

**" ویشك ، لغاویان لەسەر داماڵی و بەریان پرکـرد لـە ئـالـك "**

**" میوان لە مزگەوتێ ویشك بۆوە ، رووی لە خەڵکەکە کرد و کوتـی : "**

**" ـ لەکەلەکەی پیش ئاوایی گویم لـە دەنگیـك بــوو ، دەیکـوت : "**

**" سوارەکەی مەندی مەندی ، عەبا لەچل وحەوت رەنگــی ، ئەگەر "**

" دەچیە گوندی مە، پێی بلێ بەمێر مشکێ مە،قالۆنچە بولغارخاتوون "
" لە تەندوور ئاوێ کەوتووە ، بێ دەری بێنێتەوە • ئێستاقسەکەی تەواو "
" نەبیوو مشکێك لەکونێ دەرپەڕی و هاواری کرد: ـ چ خەبەرە "
" لەماڵی دەوە ؟ چ خەبەرە لە ماڵی دەوە ؟ سووڕێکی مزگەوتی دا "
" و بۆی دەرچوو، باران لێی کردبۆوە ، وڵات کەمێك کزر "
" ببوو ، مشکە لەدێ دەرکەوت ، لەکەلەکەی قەراخ ما ڵان "
" ئاوا بوو ، خۆی گەیاندە قولکاوان ، چاوی کرد ئەوە "
" قالۆنچە لە جێ سمی پڕلە ئاوی ئەسپ کەوتووە و بە و هەرایە "
" هاواری بۆ مام مشك ناردووە ، مشك چووە سەر قولکاو "
" هەرای کردە قالۆنچەی وکوتی : ـ بدە دەستت • قالۆنچە کوتی : "
" ـ دەقەنێ ، کوتی بدە باڵت ، کوتی دەقەنێ ، کوتی بدە سەرت "
" کوتی دەقەنێ ، کوتی بدە ملت • کوتی دەقەنێ • مشك تووڕە "
" بوو ، لەقولکەکە کشاوە ، قوڕ وخۆڵی وەسەر قالۆنچە کرد "
" ولە سەر گڵەکەی هەڵبەزی وکوتی : دابقەنە ، دابقەنە ، دابقەنە "

وەتمان بەخەوالوویی کوتی :

ـ دایە گیان سوالەکەی مەندی مەندی ئازاتر بوو یا مام میلزا ؟

یای ناز هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا وکوتی :

ـ میرزا ، میرزا •

وەتمان پرخ و هۆڕ خەوی لێکەوت •


@kurdica

# ١٠

ئاخروئـۆخری هاوینە، هەوافێنکە، گەرماپاشەکشەی کردووە، تـەڕە کاری ، میوەوخواردەمەنی بەپێی فیلانە، بەلاشە، بێستانە دێم ، گڕکـە دێم ، چەندی زگت دەیەوێ ، چەندی دڵت دەیبا پخۆ وبڕۆ، کەس حەقی بە سەرکەسەوە نیە، هەتا دەنگت لەزگی دێ ، مەباحەو خۆڕاییە ،بێستانە دێم بۆخێردەکرێ ، ئەوەی خورا ، خورا ، ئەوەی ماوە بۆئەوەی زایەنەبێ دەکرێتە بەلەچەك تێشووی زستان ، زستانی بەرو بوودرێژ، زستانی بێ دەرەتان ، دانەوێڵەو قاورمە و زۆرکەل وپەلی دی گەرەکە٠

مێش کەم بووە، مێشوولەهەرنەماوە ڕەپستەی هەوەڵ گا بەچاکی لـە چاو دەدا ، مەزرا رازاوەتەوە ، چەشنی کلۆجەیەکی سەوزیکاڵ کلۆجەی تازە دوورواوی حەریر بووکی زەوی دەنوێنێ ، شین وشێوەرد، هومێد و هیوای جووت بەندەیە ٠

ئێوارەیە نیسێ وردە وردە دادەکشێ ، وڵات ئارام ، مەزرافێنك مەڕ شەو بەکێوە ، سەگەل لەدێ دانین ، خەرتـوڵە، غەڵدی ،قەپـــەگوڵی کەوتوو ونەخۆش وکەڵپ کەوتوو، لەقەراخ وبیجاخی دێ مڵ ومۆ دەکەن ، جارجار حپەیان دێ ، کاریان بەکەس نیە رێبوار بەهێندیان ناگرێ، بێ

ئازارن •

پشیله بێ خۆف وئەندێش بە سەربانان دا پەیا سەدەکا ،خۆلەبەریـەك دەکێشێتەوە، وەختی زیانی یە ئەگەر کیتلەماست ومەنجەڵە شیر دەرخۆنە وبەردیان لەسەر نەبا •

هاوین وەختی کارە، دێ نیوەچۆل و مەزرا ئاوەدان • خەلەو خرمـان لەگۆڕێ دایە، وینجەی ئاخر بەرخراوتە عەرزی ،کار وکرگار خەڵکـی لە ئاوەدانی پچڕیوەتەوە ، جەنگەی حەول ودەولە، گەرمەی کوێرەوەری یە، هێندێك گێرەی کوێزرێ دەکەن ، بەعزێك شەغرە کێشان و کاکێشان،کەشاوی زۆر مالان بەگایە، بۆئەوەی نەبێتە زرە کەش دانی ئێواریـش گای رادەبەستنەوە•

ماڵوو وسەرماڵوو ،خەت وکووز وبەرە وکەردووکێشان وەختی سـەر خوراندنی بۆکەس نەهێشتۆتەوە•

لەپەناقامیشەڵێنێکی تاك وتەریك ، سۆفی ئەحمەد خەریکی مەڵەغان رەقاندنەوەیە، دەسکەمەڵەغانی بەسەر کۆشی داڕەت کردووە، لاقی بەو لاولای کورسیلەداهێناوەتە خوار، تیخی مەڵەغانی خستۆتە سەر سندان، بەچەکچەکەی ورد ورد دەیکوتێ ، زۆر وەستایانە وشارەزا، تیژایـی مەڵەغان دەکوتی ، راست وبێ هەڵەوپەڵە، رێك ویەك دەست، پارەکـە ئەومەڵەغانەی کڕی ، دەسك وبۆسەی بۆخۆی لێناوە•

بەدەستی خۆی کاری پێکردووە، پاش رەقاندنەوە، قولێك وێنجەی شین شکڵی گەسکە کۆڵە، لەئاو هەڵدەدا ، ئەودیو وئەودیوی تیخەکەی پێ تـەڕ دەکا ، چەقەی شیر شیرۆکە وشیرەگیا و وێنجەی پێ دەشواتەوە،هەردوو لا دیوی تیخەکە زوورە ئاوی دەکێشێ لەسەر را بۆخوارێ ، لەخوارێ را بـۆ سەرێ ، نووکی قامکە گەورەی سەبرێکی لەلێواری دمی مەڵەغان دەدا ، تیژە بەتەواوی ، راستەوە دەبێ ، دووکەرخی بەپێوە ماوە، بنەوێنجەکەمە، کەچی زۆری کەوتۆتێ ، جێ وێنجە وەك شاری ئەژدیها کەرخی کەوتۆتێ،

کەرخ لەپەناکەرخ ، لقی باریك ودرێژ ، کەرخی رەش وئەستوور ،وێنجەکە بەپشتە، پشووی لاوی دەوێ ، سۆفی ناتوانی شانی بەباشی لێ بـا دا ، دا لانی کەرخەکانی چووکەن ، چلەوێنجـە بەقول دەکەونە سەریەك ،وێنجە لەزۆر جێ یان کەوتووە، گولەبنەوشەکانی نسکۆیان بردووە، کڕنۆشیـان کردووە، کڕنۆشی بەرهەم بەرامبەر خاوەنی ،۰

دەستی سۆفی لەگەڵ دەسکە مەڵەغان وبۆسە بۆتەیـەك،پێوەنوو- ساوە، لێك بوونەوەی ، لێ بوونەوە لەکارە، خرم وهۆڕ دەچێتەپێش،کەفی سـەرشانی کلۆکلۆ بۆتە شۆرەکات ، ئەرکی سەرشانی بەقەد کـەفـی سەرشانی یەتی ، لەگەڵ کارمەچەکی ئەنگاوتووە، لەگەڵ ئیش پـەیمانـی تازە کردۆتەوە، بەڵێنی داوە تامردن مرۆی مەیدانی ملەبێ ۰

پشتی راست کردۆتەوە بۆ ئاخر کەرخ، زرمەی سوار ودەنگی پیاوانەی میرزا ئاوڕی پێداوە:

- ماندوونەبی پیرە پیاو۰

سـۆفی : - خودا ئیمانمان داتێ میرزا ! راوەستا وبی رەبی ئەوە دو و رۆژە چاوەرێتم ، چۆنە پیروفەقیرت وەبیرهاتۆتەوە؟

میرزا : - پێشنیان چاکیان کوتووە" بۆز بەلەڕی " دوژمنت فەقیرە،هەتا ساحیبی ئەو غیرتەی بی ، نەپیری ،نەفەقیر، ئەمن هەرگیز ئەتۆ لەیـاد ناکەم ، بدە بدەبزانم ئەومەڵەغانەی ، بابەشی منی تێکەوێ ۰

سۆفی : - کاری تۆنیە مام میرزا ، باری گران وشتر دەیبا ، کاری توقەڵەمە، قاقەزە، دیوانە،خەریکی مەڵەغانەکەم لێ بشکێنـی ! شارستانی و ئـە و کارانەیان نەکوتووە دەستت رامەگرە نات دەمێ ۰

میرزا : - لەشاریش ئەتۆ وریاتری ، هەرئێستا بتەوێ دەچیە شاری لەمنیش بەڵەدتری ۰

سۆفی بەجەفەنگ کوتی : - میرزا ! بۆنایەی پێکەوەپچـین ؟

میرزا : - ئەی فێڵەزان لەدەستی مەعموورانم نێی وبێیەوە ۰بەجووتەپێکەنین

و ئامیزیان پێك داهێنا ، دووبرا لەئامێزی یەکدا ، پڕبەدڵ پێکەنین٠

سۆفی بەوقسانە ماندوویی خۆی حەساندەوە، دوای مەرگی پیرە ئەوە هەوەڵ جاربوو پێدەکەنی ، گڵ مەیل بڕە ،کێ ماوە؟کێ دەمێنێ ؟٠٠٠٠٠٠ سۆفی ئاخرکەرخی دروو، هەودای لەوێنجەی بڕی ، مەڵەغان و زووزە، ، چەکوچ و کورسیلەی وەلانا ،لەگەڵ میرزا لەسێبەری قامیشەڵێن دانیشتن ، سەبیلەی لەکیسەتووتنی هەڵداو دایگیرساند٠ بای ئێوارە کەڕەت کەڕەت قامیشە لێن شەق دەکا تیشکی خۆر بەکەلێنی بادا سەرو گوێلاکیان بەگەرمی ماچ دەکا٠ خۆرلەدڵی سێبەردا گەرمای ژیان وحەسانەوە دەخاتە لەشیان٠

سۆفی : ـ دەی میرزا ! سەفەرەکەمان نەکەین ؟

میرزا : ـ ئەدی لەچی دەگەڕێم براله؟ خۆنەهاتووم بۆبەردەپووتیەکەی٠رۆ ژ درەنگە، وابچین دەرکەمان لێ بکەنەوە، ئەمن پێم وابوو ئەتۆ وەك تا ی تەوەرداسی ساز وشا مادەی ! جل و بەرگت دەگۆڕی یاهەروادێی ؟

سۆفی : ـ چ بکەم میرزاگیان ! بەناشکوری نەبێ یەك تەنم،کارتەواوبوونی نیە، کوێرەوەری بنی لە ئاوێ دایە، پێم وایەبەرگەکانم بگۆڕم باشترە ، دەستێکم رانك وچۆخەی گرژاڵی هەیە، پیرە بۆزەماوەندی یارە بـــــۆ ی دانابووم ، ئاخر دەسکریەتی ،وەسیەتەکەی بەجێ دێنم ، خوایـــــاربێ لەوڕۆژا زەماوەندە ، بەبوونی تۆ زۆرخاترجەمم ، حاجی قسەت ناشکێنێ، ئەگەر ئەتۆ ئەسپە بۆرەم بدەیەی ، ئەسپەکەش رکێفم بـــــداتێ ،هــە ر قەننەکێشێکم پێدەچێ ٠

میرزا : ـ فەرموو! بۆخۆشم بۆت دەگرم ، کۆنە سوار! هەتا مـالـێ پێکەوە رادێن ، ئەمن لێرە چاوەرێتم ٠

سۆفي سواربوو ،ئەسپەکەزۆری نامۆیی نەکرد، سۆفی دەناسێ سە د جاری تفاق لەبەرکردووە، میرزاش رکێفی بۆگرت، توندوتۆڵ وەك مەزرە ق لەسەر زین چەقی ، بەنەرمەزین داپان نەبۆوە، قەوەی خستەسەر رکێفـا ن ، قیتەسوارێك ، غەدەنگێك ، وەجحێڵ دەچوو ، رکێفی هێنایە ،ئەوە نـــدە ی

بلێی یەك و دوو ، توزێكی كەمی لەپاش بەجێ ما ، وەك دووكەڵە شینكـە لەبەر چاوان ون بوو ٠

سۆفی گەیشتەوە ماڵێ ، یارەش لەبەیانی یەوە لەوێ یە، برینەكـەی سارێژ بۆتەوە، گۆشنەزوونی هێناوە، دەستەكەی جار جار دەتەزێ جـاری وایە كەمێك سڕدەبێ ، حەكیم پێی كوتووە كایەی پێ بكا ، عـەلـەمـی لێ دەبڕێ ٠

یارەلەدوور را بەپیرسۆفی یەوە هات، ئەسپەكەی لێ وەرگرت، سۆفی رانك وچۆخەی گرژاڵی هێناگۆڕێ ، خۆی راستەوپاستەكرد، گایەكان وماڵ وحاڵی بەیارە ئەسپارد، خۆی هاویتە سەرخوانی زین، ئەسپ هەڵقەندرا ، شۆخەو چەپۆكان دەكا ، ماوەیەكی پێچوو هەتا رێی داگرت، چی نەخایاند سۆفی گەیشتەوە لای میرزا ٠

رۆژ خەریكی ئاوابوونە، سۆفی ومیرزا ، یاری یاری ،ئەسپە بۆرە بـە دوەوە لەحەوشەی حاجی حەمە وەژوور كەوتن ، حاجی ژن بەپیریانەوەهات خەزاڵ ئەسپەكەی وەرگرت٠

میرزا زۆری حەول دا سۆفی وەپێشی نەكەوت٠ سۆفی كوتی : برالـە گەورەیی بەئاقڵە ، ئێمە هەموومان پاش ماڵەی تۆین، شتی وا مەفەرمـو و تكادەكەم فەرموو ٠

ماڵ وەك ماڵی جم جمەسوڵتانە، پاك وخاوێن ، پڕلەبەڕە ومافوورەی خۆماڵی ، دەسكری حاجی ژن وخەزاڵن ، پاڵەوپشت و دەستـەنـوێـن دەوراندەوری هۆڕەكە داندراوە:، نوێن لەجاجمی شەقەدا لەسەریـەك هەڵچندراوە، بۆنی میسك و عەمبەر لەو لاتی گەڕاوە، دەرك وبـانیش ئاوپرژین كراو وگەسك ماڵە، حاجی ماڵ خۆش ونان خۆشە، هەمووشتێـك بەجێ ورێ ورێك وپێكە٠

حاجی ژن بزەیەك لەسەر لێوی ، بەخێر هاتن وچاك وخۆشیان لەگەڵ دەكا ،لەمێژە دەستی خوێندوونەوە٠



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

میرزا رووی تێکرد : ـ دەی خۆشکێ ، چۆنی ؟ چاکی ؟سلامەتی؟ئەتۆ خۆشکی چاکی ، ئەمن برایەکی خراپ ،لەعەزیەت بەدەر چم بۆتۆنیە •
حاجی ژن : ـ کاکەمیرزا ئەمن سلامەتی سەری تۆم دەوێ ، کاتێ خۆم بەبەختەوەر دەزانم ، ئەتۆلێم رازی بی ، جا عەزیەتی چی ، هەتا ئەتۆ تەشریفت دێتە ئێرە ، وادەزانم خولاخەنی کردووم ، خواتۆمان لێ نەستێنێ • بەس نیە جارجار سۆفی لەخزمەت خۆت ڕادێنی ، مامەسۆفی قەدەرێکە گەسکی مالی ئێمەی دزیوە •
سۆفی : ـ حاجی ژن ! دەزانم گالتەدەکەی ، ئێوە ساحیب چاکەن بەش بە حالی خۆم لەحاست ئێوە سەرم هەلنایە ، هێندەمان مەشێلە ،ئەدی نەتکوت حاجی لەکوێ یە ؟
ـ جاچت عەرزکەم ، حاجی بەدەس ئەوشوانە تازەوە پێوەبووە ، رەبیجەرگم رەش بێ لەوەتی یارە ئەو بەلایەی بەسەر هاتووە ، حاجی نەحەساوەتەوە رۆژێ دووسی جار دەبێ سەری عەزەشەلەبدا ، ئەو هەتیوە زۆرخەوخەوە ، باشە مەرِیەك دانە ، دەنا هەر بۆی جێ بەجێ نابێ ، تاوێ دی سواربو و بەدووی دارۆیشت ، لەعەزەی خاترجەم نیە ، حەجمانی لێ هەلگیراوە •
لەوقسانەدا بوون ، خەزال لەحەوشەوە قیرەی لەمریشکێك هەستاند •
سۆفی : ـ ئەدی کورِەکان خەریکی چن ؟
حاجی ژن : ـ کاکەسۆفی بەسەری تۆ ، " ئەولە " و " نەسە " سێ رۆژە وچانیان نەداوە ، هەرخەریکی شەغرەکێشانن ، تفاقی ئەوسالمان زۆری عەدم بووە ، کارلەوەختی خۆی دانەکرێ بێ سەمەرە ، حاجی دەیەویست هەتا وەختی زوقم کەوتن دەستی لێ راگرن ، بەخودای هەتیو مەتیو وەقلنە کەوتن ودەستیان پێکرد ، جانازانم چۆن دەبێ خەسارنەبێ چاکە •
میرزا هەلی دایە : ـ دەی خۆشکێ لەدوای چوان مەچۆ ، بلێ بزانم چت کردووە ؟ ریسەکەت کردۆتە خوری ؟
حاجی ژن : ـ وەلاهی مام میرزا درۆت حەرزنەکەم، بۆخۆم رازیم ، " ئەولە"

و " نەسە" ش هەروا ،ئەوکچەش متەقی لێ دەرنایە، هەردەڵێ خاڵەمیرزام کەیفی خۆیەتی ، پێم وایە وەك خۆ دەمرێنێ پێی خۆشە زۆریش منداڵە ، ئەویش دەرجی دێ ، تەنیا بە" حاجی " م نەکوتووە ئەویان لەسەرەخـــۆت " شەرعی ماری بەداری " دەترسم لەمن تووڕەبێ ، لەحاست تۆناتوانێ ، میرزای لەزاری ناکەوێ ، دایمە میرزامیرزایەتی ، ئەوساڵ لەحاست من زۆر تووڕەیە، بەوسەرە شیرنەت جارجار بێ شکی خولای وەك منـــــا لا ن وایە ، دەهری دەبێ ، داری بە بەردی دادەدا ، کەس ناپا ریزێ ،جاری واشە هەردەڵێ مەڕی پێغەمبەری یە.

حاجی ئەوەی چاکەزۆر سەخی یە، دەست ودڵ ئاوایە، باوەڕ دەفەرمووی وەك حەتەمە، قەت بەمنی نەکوتووەئەوە چی لێهات ، بەئامان و زامـــان بۆلای دراوی ناچێ ، جارجاریش وەك عەرزم کردی دەهری دەبێ ، چاوی عەرزی نابینێ .

بڕێکیش پیربووە، بڵێم چی ، تازەوا راهاتووە ، ئاوێکە بۆی رژاوە جارجاریش دەڵێ ژنت بەسەر دێنم ......

میرزا : ـ مەگەر ئەمن بمرم .

حاجی ژن: ـ رەبی مەرگت نەبینم کاکەمیرزا ! کەیفی خۆیەتی ،یاخـــولا ئەو ئاوا ئازابێ ، کەیفی خۆیەتی .

خەزاڵ هاتە ژوورێ ، پڕی تەشتێکی مسی کاڵەك وشووتی و گـڕکەدێم لەسەر دەستی یە، لەپێش میرزای داناوگەڕاوە، حاجی ژنیش بـــە دووی ئەودا وەدەر کەوت .

سۆفی مشەی دێ ، بەددانە کەل وپەلەکانی ، کاڵەك وگڕکەی ئەوبـــەر ئەوبەرەکێن دەکا ، میرزا ئارام ولەسەرەخۆ بەنووکی چەقۆ خەریکە،سەریان بەتەڕەکاری یەوە گەرمە.

زرمەی سوار سرنجیان رادەکێشـێ ، دەڕوانـنە حەوشە ، " حاجی"یە ئەسپە کوێت بەدەستەوە ، وەژوور کەوت، بەدەنگێکی مێرانە سڵاوی کرد،

یەك یەك باوەشی پێداکردن، چاك وخۆشی وبەخێرهێنان وساخ وسلامەتی ، تەعاروف بەجێ دێ ، حاجی بەهاتنیان کەیف خۆشە ، لەخۆشیان دم وچاوی سوورهەڵگەڕاوە٠ دەڵێ :

- بریا ئێوەش لەگەڵبان ، " عەزە " شەلەم گرتووە بەشوان ، ئەو زەلامەکە لەحەمری خۆی دا شوان بووە، نێوبانگی پسپۆڕیشی هەیە، کوتم بالەجێی یارەی کاربکا ، بێکاربوو، منداڵی سەروپێچکەی هەن ،ئاوا ئەوانەم تێدا دەخوێندەوە، دیسانیش پەژیوان نیم ، بەلام تائێستا دووپەڵەی وێنجەی خەڵك لووس کردووە ! لێی دەپرسمبۆ وا دەکەی بەسوێندانەوە رەش وشین دەبێ کەوەلا وبیلا خەوم لێ کەوتووەومەڕ لەسەرم رای داوە٠

ئەوەش جەهەندەم ، ساحیب وێنجەم رازی کردووە، لەماڵی خۆم بۆم بژاردوون، هێندە فوو لەدوی ناکەم ، شتی واش دەبێ ، خەوزاڵمە،ئەویش فەقیرەبەرووم دانە داوەتەوە، ئەمما قەت دڵم لێی خاترجەم نیە ، وەك شتێك ئەندێشم لێ پەیدابووە، پێیەوە گیراوم ٠

ئەو رۆپێش هاتنی ئێوە ویستم سەرێکی لێ بدەم ، نەوەك خەوی لێ کەوتبێ - چووم ، مەڕم دۆزیەوە، عەزەلەوێ نەبوو، مەڕبێ ساحیب ،ئەولاو ئەولا گەڕام ، ئەوجێ یانەی شك دەیبڕی چووم ، وەك عەرز قووتی دابێ ، بەئاوداهات و بەنسان داخورا٠

مەڕەکە لەوخڕودۆڵەی ئەودیوی دابوو، رکیفم هێنا ئەسپەکوێت تێهەڵ بووم بەرەوشاخ، فکری ئەوەم دەکردەوە، لەهەرجێیەك خەوی لێکەوتبێ ، لەوبەرزایە را دەیدۆزمەوە، چاو دەکەم لەبن رەوەزی شاخی گردەنشین لێی تخێڵ بووە، کوتم کوڕە عەزە ئەوە لێرەچ دەکەی ،ئەومەڕەت بۆ بەجێ هێشتووە ؟

بەشەلە شەل راستەوەبوو کوتی : ٠ حاجی لێم قەڵس مەبە، نەهاتی شاتی گرتووم ، کوتم : - ئاخەر بۆ رۆڵەگیان ! ؟ لێرەچ دەکەی ؟شێتی ، ماخولیای ، لەخەزێنە دەگەڕێی ؟ لەوبن رەوەزە بۆمات بووی ؟ ئەومەڕەت

بە تەمای کێ بەرە لا کردووە؟

گوتی : ـ مامەحاجی سەبرکە لەهەوڵ را بۆت دەگێڕمەوە ، چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەزاراکی ئەو کونە ریویەی تەڵەم ناوە ، بەڵکوو بۆم پێوەبێ، دەڵێن کەولە ریوی بەقیمەتە، تەڵەکەم تەڵەی گورگی یە ، تەڵەی چاکە ، چەندرۆژ لەو دەوروبەرە سایەد بووم پێوەنەبوو : ئەو رۆهاتم تەڵەکەم بەرمەوە ماڵێ ، جێ یەکەیم نەدۆزیەوە، دەمزانی لەو دەور وبەرەیە ، نەدەهاتمەوە سەری ، بەسەری ئەوحاجی یە بەومەکەی زیارەتت کردووە ، لەنەکاو تەقەیەکم لەبەرپێی هات ! دنیام بە چاوی خۆم دی ، سەرم لە گێژەوە هات و دڵم سست بوو، بۆ بەدبەختیان چاو دەکەم بۆ خۆم بە تەڵەوە بووم ،•

میرزا وسۆفی لەبەر پێکەنین رەش وشین بوونەوە•

حاجی بەپێکەنینەوە گوتی : ـ لەبەر سەنعەتی خولای مرم، ، ئەو قامکانەی دەستی وەك یەك نین ، یارە ئاوا وریا وعەزەش ئاوا گێژ ، بەسەری ئێوە لەتاوانی قەڵسی وتووڕەییم لەبیر چۆوە، لەبەرپێکەنین کەوتم ، چاکە شکور لاق و لەتەری چ مـزەڕەتی نەدیوە، کارەکەی جۆرێك بوو، زگیشم پێی بسووتێ ولەبەر پێکەنینیش بکەوم • عەزە بەو عەیبانەشەوە شوانی چاکە ئەمینە، دەس پیس نیە، فەقیرە، ئەگەرهێندە خەو خەونەبێ زۆریش ئازایە•

مەڕەکەش ماشەلا زۆر بووە، کاری شوانێکی نیە، شەگەلی چۆتەوەبالێ، یارە گەڕاباوە باش دەبوو ، هەرئەوەندە چاوێکی بەسەر عەزەوەبێ و سەڕافەتی یەکی بکا ، چی دیم ناوێ •

میرزا گوتی : ـ تازە بە هەوبای " یارە " مەبە، سۆفی کردوویەتە کوڕی خۆی ، نات داتەوە•

حاجی : ـ سۆفی بۆخۆشمی بۆی دەچمە لای ، بەلام بڕواکە " یارەم " لەلانەبێ سەگم لەسەر دەڕی ، بەسەت پیاوانە، دڵم لێی دەحەسێتەوە ،

ئەوێ شەوێ ئەونەبا ، بیخەیان لەدەرکێ دەبڕیم ئـــەدی بۆ دیار نیە ! لەکوێ یە ؟

سۆفی : ـ لە ماڵەمنە ، ئەوشۆ ئەمیندارە ، ئەگەر چەتە نەچنە دەستەی٠

حاجی : ـ نانا بابم لەهەموو هەوران نابارێ ٠

میرزا : ـ حاجی ! ئەدی بۆنالێی لەچی دەگەڕێن ؟

حاجی : ـ جائەوە پرسینی بۆچیە ، ماڵی خـۆتانە و هاتوون ،خۆشکور چ نەقەوماوە ؟

میرزا : ـ چ دەقەومێ لەوەی پتر ، بەجووتە هاتووینە سەر بەرەی٠هاتووین " یارەی "ی بە نۆکەری خۆت قبووڵ کەی،قبووڵ کەی وخەزاڵی بدەیـــە ی هەر دووکیشیان بدەی بەسۆفی بۆئاودەنگی ، برالە سۆفی بێ بناوانــە ، یەك تەنە ، ئەدی دۆستایەتی بۆکەنگێ دەبێ ٠

لەو جەنگەی دا ، شێویان هێنا ، کوڕەکانیش هاتنەوە ، حاجی خـۆی بەنانیەوە خافلاند ، نان خواردن بیانوویەکی باش بوو ، دڵی لە جێ یەکی دیکەبوو : ـ ئەوکوڕە خۆی لەسەر ماڵی من لە هیلاکەت هاویت کوڕێکی وریا وباشە ، بابێ کەس وکاریش بێ ، باشوانی من بووبێ قەیدی چیە ، ئەمـــن لەهەوەڵ راچ بووم ؟

تازە قسەی میرزای چۆن لەعەرزی دەم ! ؟ لەوی ماقووڵ تر کێ دێتــە خوازبێنی ؟ چ ئیرادێکی هەیە ؟ سۆفیش کردوویە بەکوڕی خۆی ، جا بـاب لەوەی چاکتر چۆن دەبێ ٠٠٠٠٠٠٠

جارجاریش دەیکوت : ـ بلێی عەیب نەبێ ؟ خەڵك چ دەڵێ ؟زمانـــی خەڵکی چۆن ببەستم ؟ دوای شەوی تەقەکە ، ئەو هەموو بەیت وباوەدەشزانم خەزاڵ لە ئاوی شەوێ خاوێن ترە ٠٠٠٠٠٠٠ کوڕە جا بەخەڵکی چی ،شوانــە کوڕی چاکە ، خەزاڵ بلێی بیکا ؟ دڵم نایە بەزۆری بەشووی بـــــدەم ، بەستەزمانە ، ئافرەتە ، بەڵکە دڵی بەیەکی دیکەوەبێ ، واباشە کێشەکــە بخەمە ئەستۆی خۆی ،دەڵێم کچ رازی بێ ، میرزا وسۆفیم خۆش دەوێ ،



تایبەتترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

نابێ دڵیان نارەحەت کەم ، لەو وڵاتەی ئابڕووم هەیە، میرزا ئەو هەموو هەویایەی بەمنە، جاچۆن میرزای هەستێنم ؟ ! ئەو پیاوەگەورە٠
نان خورا وکەس هەستی لەبەر نەهات ٠
میرزاکوتی : ـ حاجی ! بابم قسە وسەدتمەنمان لەگەڵ ناکەی ،ئێمەنازمان هەیە، خۆ زۆرمان نیە، بۆنامان دوێنی ؟
حاجی : ـ وەڵاهی قوربان هێندێك شت هەن ، دەبوو باسیان بکەم ،بەڵام دڵی ئێوەم ئەوەندە مەنزوورە ، چ ناڵێم ، قسەم نیە ، کچ رازی بێ ئیختیاری من بەتۆیە، کچ کچی خۆتە، سەدکەسیش هاتبا خوازبێنی،ئەتۆ رازی نەبای نەدەبوو ، ئێستاش ئیختیار بە خۆتە، ٠ پاش تۆش سۆفی برا گەورەیە،و دەستم لەحاستی کورتە، براله گیان چوولەگەڵ بڵێم کەیفی خۆتانە٠
میرزا : ـ حاجی گیان !لەپێش دا هەموو شتێکم پاك و باراش کردووە، لەهەمانم پرسیوە،تەنیا تۆمابووی ، ئەگەر تۆش ئیجازەت لەسەر بێ ٠، ئەوە پایزە وکاتی زەماوەند ، نوێ گێژنی پیرەش بەسەر چووە ، کازی خێر هەتا زوو راپەڕێ درەنگە٠
حاجی ! کچی تۆ بەکچی خۆم دەزانم ، یارە کوڕێکی باشە، ئاقڵە،ئازایە، ئەمینە ، بۆخۆت باشی دەناسی ، لە هەمان واوەتر ، ئەو کوڕە هونەرمەندە ، هونەری هەیە، کەسم نەدیوە هێندە بلوێر ژەن بێ ،هونەر تێکەڵوی غیرەت وپیاوەتی ، بەکەڵکت هات ، پیاونابێ لەحەق لادا ، هەر ئەو شەوە هێندی دنیایەکی بایخ هەیە ، تفەنگ عومرێك لەکۆڵ دەکرێ جارێك بەکەڵك دێ ، من ئێوەم خۆش دەوێ ، بەزەرەری ئێوە کار ناکەم ئەوەشت قەول پێ دەدەم ، ئەوکوڕە تائێستا بۆ ئەو لانەی لە بزی لە لەبزی خەزاڵ نەگەڕاوە، کوڕێکی داوێن پاك و شەرمێونە، بەحەیایە، بەراستی براله زاوات زاوای چاکە، یاخوا پەشیمانی نەکێشن ٠
" حاجی ژن " هاتە ژوورێ ، هەربزەی دەهات ، گوێی لە قسەکان

ببوو٠ حاجی سەری هەڵێنا وکوتی : ـ برۆ کاشی یەك دۆ بێنە !
میرزا هەڵی دایە : ـ حاجی ! برالە گیان بلێ بزانم لەماڵی دابۆواخراپی،
ئێستا دەزانم دۆت ناوێ ، دەتەوێ حاجی ژن لێرە نەبێ ، بابم ئـــەویش
دایکە ! منداڵی خۆی خۆش دەوێ ، دڵی هەیە، ژنی تۆیە، خوا هەڵنـاگرێ
زۆریش ئاقڵە، کەیخودا ژنێکی تەواوە، جا حـەیف نیە ؟ !
" حـــاجـی " : ـ میرزاگیان ! لەدڵت گران نەیە، ئەوە قەڵەم وقاقەزنیـە
لەمن باشتر بزانی ، ئەمن ئەو فێڵەی باشتر دەزانم ، پێغەمبەر فەرموویە
" پرسیان پێ بکەن ، بەقسەیان مەکەن "
قسەکانم " رەقـن چونکە حەقن " شارستانی لەحاست ژن زۆر ئاڵین ،
ناوێرن بەبێ ئیزنی ئەو قاملە لە ئاونێن ، تکات لێدەکەم ئەودابە مـەخـە
ئەو وڵاتە، لێمان گەڕێ بالەسەرداب و رەسمی کوردەواری ژن ژن بێ و
پیاو پیاو، چاکم دامەزراند ووە، لێم تێك مەدە، ئەوەی وەك من نازانی ،
پیاو ئەگەر ئیختیاری ژن ومنداڵی خۆی نەبێ پیاونیە ماڵ هەر گەورەیەکی
هەیە ئەویش پیاوە٠
قوربان ! ئەگەر سەرت نایەشی نەقڵی زوو هیچیان درۆ نەبـــوو ن
دەگێڕنەوە !

**" پادشایەك دەبێ زۆر ساحیب قەوە و قودرەت ، ئەو پادشـایـە جگەلە "**
**" بنیادەمی هەموو وڵاتەکەی ، بەسەر داعبا وباڵندەی کێویش دادەسەڵاتێ "**
**" تەواوی هەبوو ،لەزمانی هەمانیش دەگەیشت ،کاری بە هەمان دەکرد "**
**" و هەموو لە ژێر ئەمری دابوون ٠ "**
**" رۆژێك ژنی پادشا دەچێتە سەفەرێ ، کـەژاوەی بودەرازێننەوە ، شـا "**
**" ئەمـردەکـا هەرچـی بـاڵنـدەیـە بـێ نیسێـی لـەسـەر بکـا٠ "**
**" بـاڵنـدە هەموو دێن ، پەپوو سلەمانکە ، نایە، نەخۆش دەبێ ، کـــاری دەبێ "**
**" خـەبـەری پـێ ناگـا ، هـەرچـۆنێـك دەبـێ ، نـاگـاتێ ٠ "**

" ژنی شای پێدەزانێ ،دەڵێ پەپوو داخت لەجەرگم هەتاگەڕانەوە ، "
" وای ناخۆی ! "
" لە گەڕانەوە دا بێ ئەمری پەپووی بەشای رادەگەینێ ، شادەنێرێتە "
" شوێن پەپوو ،حازری دەکەن ، شابەرگی غەزەب لەبەر دەکا و دەڵێ : "
" ـ پەپوو ! بلێ بزانم بۆبێ ئەمریت کـردووە،ئەو رۆژە چت دەکرد؟ "
" پەپوو لارەمل و پۆپە شۆڕ دەڵێ : ـ قوربان ببوورە ، ئەو رۆژە "
" کارم هەبـوو ، پێم نـەکرا بێـم ٠ شا دەڵێ : چ کـارێـك ؟ "
" پەپوو : ـ قوربان ! مـردوو و زینـدووم دە بـژارد٠ "
" شا دەڵێ : ـ ئەگەر راست دەکەی ، مـردوو پترن یازیندوو ؟ "
" پەپوو دەڵێ : ـ قـوربـان ! مـردوو پتـر بـوون ٠ "
" شاکوتی : ـ جا دەلیلت چیە ؟ پـەپـوو کوتی : ـ قـوربـان ! "
" بۆیە مردوو پتر بوون ، ئەوانەی لەژنەکەشیان دەترسان ،هەربەمردووم "
" دادەنان ٠ شا بەقسەی پەپوو بزەی هاتێ ولە تاوانی خۆش بوو "

مام میرزا ! بەسەری تۆ ئێستا وان لێ نەهاتووە، ژن ومن حوکماتـــن بـــە سەر دا بکا٠

میرزا : ـ کاك حاجی ! قسەکانت بڕێکیان حەقن ، بەلام بـەتـەواوی پسندیان ناکەم ، نەقڵ ونەزیرەی زمانی کوردی تەواو بوونیان نیە ، بەیتەکان بناغەی تەواویان بۆ ئەوزمانەدا ڕشتووە، کەمتر زمانی زیندووی دنیایە شتی هێندە رەسەن و رێك و پێك وپڕمانایـــان تێدایە ،لەنێوهەمان دا ، تەنیا لەبەیتی لاس و خەزاڵ ، حاجی کوتەنی ، داب ورەسم گۆڕاوە لەو بیتەدا ، بەدزی " حاجی " ژن حوکمات دەکـــا ، خـــەزاڵ و خـانـزاد هەردووکیان سەرعێلن ، لەسەر پاڵەوانێکی بەنێوی لاس کێشەیـــان لێ بلێند دەبێ ٠ خانزاد ژنی لاسە ، بەلام خەزاڵ چ حەقێکی بە سەریەوەنیە، خەزاڵ لاس لەخانزاد رەوگیر دەکا ودەیکاتە ئی خۆی ، ئەوعێلانەپیاویان هەبوو، بەلام دەسەلات بەدەست ژنانەوە بوو٠

لاسی پالّەوان ئەسیری سیحری خەزالّە، خەزالْ چ نامێنێ بەسەری نەهێنێ ، تەنانەت لەخانزاد وعیل وعەشیرەتی خۆی دەکا ، پاشان لەبەر چاوی دەکەوێ ، بیانووی پێ دەگرێ ، لەگریّوی نان و پەنیری دەنێ ، دەیّنێرێتە چل پلەی عومانێ گولّی ( شۆ ڕانیێی ) بۆبێنێ •

لاس دەچێ گولّیشی بۆدێنێ ، لەگەڕانەوەدا ، تیری نەبەدی دەیگرێ ،کەلە بەینەکەدا پیان کوتووە تیری چلّکنان ، برینداردەبێ و دەمرێ •

ئەو پالّەوانە وای بەسەردێ ، دەبێتە فیدای خۆ بەزۆرزانین و قوڕە دەماخی خەزالّی مەلانەبی ئەمنیش پێم وایە ، ژن،ئەویش ژنی ئەوڕۆ نەگەیشتۆتە ئەوحەدەی سەرعێل بێ •

بەلاّم برالەگیان ! جگە لەوەی بەشێك لەقسەکانت بەتەواوی پەسند دەکەم ، پێم وایە حاجی ژن بۆیە نابێ رۆژێ جارێکی بەزم پێ بگری یابلّی ژنت بەسەر دێنم •

حاجی : ـ کوڕەمام میرزا ژن هێنانی چی وشتی چی ، دەمەوێ بی ترسێنم ، دەنا تازە ئەمن بەردێنی سپییەوە، چ وەختی ئەوەمە ! رەنگە بەتەواوی ترسابێ ؟

لە دەرێرا حاجی ژن هەرای کرد : ـ کاکەمیرزا ! نەمدەکوت جاری وایە دەبێتە مەڕی پێغەمبەری ، ئەوە هەوە•

حاجی : ـ کچێ ! ئەوانە خەریکن بەشەڕمان دەن ، نەکەی ،نەخەلّەتێی، وەك عەزە شەلە تەلّەی بۆخۆت نەنێیەوە•

سۆفی تائێستا مات بووە، متەقی لەبەر هەلّنەستاوە، هەستا سەر چۆکان و کوتی : ـ کاکە گیان ئاش بەنۆرەیە، بائەوڕۆ ژێر باری حاجی بم ، کوڕەخۆحیزێ هەمبانەی کولوانە ، ئەوشۆ دنیاو شێو ووەردا ،ئێوە خەریکن خەزالّی مارەکەن ، یا حاجی ژنی تەلاّق دەن ، برالەگیان وەرنەوە سەر مەسەلەکە•

حاجی : ـ کوڕە تەمەشای سۆفی لەووەختەداچۆنی لەمە ترینجاندووە،

کاکه ! باسی چی ؟ کچ ئی خۆتانه وکورئی خۆتان، هەرچۆنێك باشه وا بکەن ، ئیدی دەڵێی چی فیله ! وەلاهی ئەتۆ لەعەزە شەلە گێژتری، ئەمن تۆپم بۆهەڵ داویشتی ، ئەتۆ لەکەللەمت رادەکێشا ، ئاخ لەئاخی دەدنیایە میرزات لەگەڵە دەنا شەرتە چڵێکم بەردێنەوە نەدەهێشت •

سۆفی : ـ دەستم خۆش بێ سەرم شکاندی ،سەرزل دەمزانی مێشکی تێدا نیە، بۆچیتە ، تەمەشای ئەوگوفت ولەفتەی ، ئەوەمیرزالێرەیەمایەی داناوە، جابزانە دووبە دوو بین چ دەڵێ ؟ حاجی گیان ! بە شۆخی رامەبوێرە، مەیکە جەفەنگ، کەنگێ بێین بۆ مارەکردن ؟ چۆنی بگوێزینەوە ؟ چ بکەم ؟

حاجی : ـ کاکەگیان ! لە سبەینی راهەر وەختێکی دەتەوێ ، وەرە مارەی کە، چم لە تۆناوێ ،تەماح نەیگرتووم ، کیسەشم بۆهەڵ نەدوروە ، جل وبەرگی هەیە، زێڕیشی هەیە، حەزێ دەکەی سبەینی بتدەمە دەستی ، ئەو قسانە چیە دەیکەی سۆفی ! خۆمن کچ نافرۆشم ، شوانە دەپاز دە بزنی هەیە، ئەمنیش ئەوەندەی مەڕ دەدەمێ ، راستەوە نەبی ! لەماڵی من هەرچیدەتەوێ بی بەو برۆ، سەدجارم پێکوتووی ، پێم وایە گوێت کون نیە، بەو هەتیوەش بڵێ ، بێتەوە ، ئەوشەرمە گێلاخەی وەلای نێ ، بە دەست عەزە شەلەیەوە ماڵ ویران بووم ، بێتەوە جار جار چاوێکی بە سەریەوە بێ ، بازاری خەزالێی لێ نەکەمەوە، کچی دایکیەتی، بێ رەزایە زمانی گەزێك درێژە، شاتەی دەچێتە ئەوسەری گەرەکێ ، رەنگە پێت وابێ بەرەو مافوورەت بۆهەڵ داوەسێ ، ماڵت بۆ دەرەنگێنێ "دایکان ببینەوکچان بخوازە" ئەدی گێلە ! حاڵی بووی ، تێ گەیشتی •

سۆفی : ـ جا ئەگەر وایە ، بابێم دەستت ماچ کەم •

حاجی : ـ دەستی من ماچ مەکە، دەستی میرزای ماچ کە ، خودا بە قوربانی ئەوت کا ، دەنا بەبێ ئارەقە نەجاتت نەدەبوو •

چ بکەم دەستی ویم کورتە •



@kurdica

کوڕه کانی حاجی ئاخر کەڕەتی شەغرەیان هێناوه حەوشه ،
حاجی هەرای کرد : ـ ڕۆڵەماندوونەبن، قالبوو ساخ بێ ، کوڕانم ! نـانـی بخۆن ، یەکتان بچێته کن مەڕی ، عەزه شه لـه بەتەڵەوه بووه ،بینێرێتەو ه مالێ ، فەقیره بــائەو شۆ وەحەسێ •
جێگای میرزا وسۆفی لەسەر سەکۆی حەوشه راخراوه ،ئـەستێره چـاو دادەگرن ، ئاسمان پڕەلەئەستێره ، گەوره ، چووکه، پڕشۆق ، کـز ،دوور، نیزیك ، شی بایەکی نەرم دێ ، چاو بەرەو خەو قورس بوون، خەو دنیـــای لەباوەشی نەرم وئارامی خۆی گرتووه، فەقیر ودەوڵەمەند ، تێر وبـرسـی، هەوای سووکی شەوی کوێستان هەڵدەمژن ، شیبای شەو، ئامێزی خەو•
هی واش هەن خەولە چاویان تۆراوه، " خەزاڵ " لەخۆشیان، " یاره " لەدەردی چاوەڕوانـی ، " عەزه" شەلە لەبەر دەردی پەنجەی •
یاره لەسەر سەکۆی پێشوو ، بەکۆڵێك بیرەوەری تاڵ وشیرن،ته واوی هەستی خۆی رشتۆته کونی شمشاڵ ، بەسۆز وکوڵ ،چەشنی کۆتر ،خەم و شادی ، ئەندێش وهیوا ، حاڵەتی غەریبی ئاشنای پێداوه ، دەگمێنێ ، گا گوێیان بۆشل کردووه ، هێدی هێدی کاوێژ دەکەن •
" یاره" ئەوقسەی خەزالێ کەوتـــۆتەوه بیر ،کەپێی کوتبوو :
ـ پێت وایه تێ ناگــــەم چ لێدەدەی

**" هەرکەسێ دەیکا مەعبەینی دوو دڵان "**
**" بە هارانی بمرێ کەڵێ بەر جووتـی ""**
**" پایزان بەرانی گـەڵ مـــەڕی "**
**"زستانان کوڕه جحێڵەی سەربانـی "**
**" ساڵدەری دوازدەی مـــانگـێ "**
**" عەزیەت کێش و رەنج بەخەسـاربـێ "**

شەو بەرەو بـەیانێکی روون بەدڵی تاریکی دا ، دەچێته پێش بـووکی رۆژ لەژێر چارشێوی شەو بەرەو دەرکەوتنه •

# ١١

لەمـــاڵە حاجی " حەمە" هەلایەکی سەیرە، نیوماڵ ، هۆدە، سەر سەکۆ، لەژن وپیاو ،گەورەو چووکە ژاوەی دێ ، وەك مێش شڵخەی دابێ ، سەحرای مەحشەرە، کەس بەسەرکەسە وە نیە،جەماعەت هەڵقولیوە، وەك زەوی زابێ •

مارەکردن ، خەنەبەندان ، شیرنی خواردن ، وجل هێنان، لێگرا بە رۆژێکە، تێگرا و وێگرا ، سۆفی چەندکێلی بە بەردێك ئەنگاوتووە.

" حاجی " پەلپی لێ نەگرتوون، خزمایەتی دۆستانەیە، خزمایەتی لەخزمایەتی دا •

لەسەرەوەی نێوماڵ یای " ناز" وەك خاتوونێك ، وەك پەری یەك ، گران و سەنگین ، چەشنی هەڵمێکی سەوز، هەورێکی نەخشین ،خەیاڵێك لەسەر رووبار دانیشتووە، هەر چەند جارچاو هەڵدێنێ و نیگایەك دەگێڕێ سەدنازی لەچاوان دێتە دەرێ ، ناز لەناز دەڕژێ ، جەماڵ وکەماڵی رێك کەوتووە • خۆی لەتەپلی گوڵی داوە، سەرتاپا جوانی یە ،جوانی لەنێو جوانی دا ، سەوزەیەك لەدڵی سەوزەڵێن ، وەشتاقیان ناچێ تەرزو بەرزە ، وێنەیە، نەخشە، نەرم ونۆڵ وسپی وسۆڵە، خڕوخۆڵە لە خوارەوەی وی ،

پوور " ئامان " ، " پەریزادە" شه ل ، دادە" خەجێ " ، یای "شەم " و ئەوانی تر •

منداڵ ئەوەندە زۆرە دووقڕانی هەلاویی وەعەرزی ناکەوێ ، ئی وایە گاگۆڵکە دەکا ، هێندێك دارەدارە، کووژەکەی شین لەسەر شانیان قایم کراوە، ئەوانی شیرە خۆرە، گۆشە گەرووی گەورە و چووکەیان لە مەچەکی گرێ دراوە ، چاویان رەشە وسەریان وەك گلۆڵە خڕ ، تاق تاق بەرلیکە لە مل وکۆچکە لەسەریش دەبیندرێ ، قاژ وقووژ و زاق وزووق مەیدانی بۆ قسەکردن نەهێشتۆتەوە •

" خەزاڵ" لەپەنا یای " ناز " دانیشتووە، یای ناز بە گەرمی ئەولا و لای ماچ کرد ، دەستی گرتوهێنایە لای خۆی و سەبرێکی پێی کوت:
- رەبی بەمەخسوود ومرادبی ! پیرۆزبی بەسەرودڵی خۆش ، پەشیمانی نەکێشی خەزاڵ گیان ، چەندەم پێخۆش بوو •

جارجار چاوێکی لەپەریزادە شەل دەکرد ، لەدڵەخۆی دا دەیکوت " سەگێڕەی بۆگەنیو " ئەدی ئەو درۆیانەچ بوو دەی کرد ،میرزا خۆی بۆیارە خواست، میرزا ژن هێن بایە، ئەو منداڵەی نەدەویست، دەمزانی درۆیە ، پێم سەیر بوو !

میرزا وکچۆڵەیان نەکوتووە ، باجوانیش بێ ، باکچە حاجیش بێ ، بامالەباب دەوڵەمەندیش بێ ، ئاە میرزا •••••• لێرەیە، بلێی چاوم پێی بکەوێ ؟ ! لەمێژە نەمدیوە، میرزای خۆم ! مەزنی مەزنان !

هۆدەی پیاوان یەکی دی نابا ، مامۆستا ، میرزا ،سۆفی مام جەسەن، کاك سلێمان ، مەحموود جووکوژ، حاجی ، کوڕەکانی ، یارە، وەتمان ، زۆری تر ، هۆدەی پیاوان بێدەنگە، " وەتمان " لەبەینی میرزاو سۆفی لەسەر چۆکان بەئەدەب دانیشتووە •

مامۆستا رووی لەحاجی کرد : - مام حاجی ئێمە هەموومان لە تۆ مەممنوونین ، ماڵت ئاوەدان بێ ، قسەکردن بەرەوروو باش نیە،نامەو ێ

زۆری لەسەر برۆم ، ئەوەندە دەڵێم ، کەیخودای وەك تۆ کەمتر هەیە ،ئـە و خزمایەتی یەش زۆرموبارەکە، کارێکی بەجێ یە، پیێم خۆش بوو ،قیسمەت بەکەس تێك ناچێ ، خودا وای نووسیبوو، مەسڵەحەت مەیلی ئەوە ، زاواشت کوڕی چاکە ، بەئەدەبە،جحێڵی لە تاعەت دا ، مەقبووڵی دەرکـی خودایە، بەسەری ئێوە بەقەت کوڕ و برای خۆم خۆش دەوێ ٠

دەمەویست عەرزت کەم ، ئەوکچەی تۆ وەك دەڵێن عەزەبە هەرچەنـد شەرعەن وەلی موجبرە، بەلاّم واچاکە بەشایەدی دووکـــەسان بابی بکاتە وەکیل ، ئاواقایم ترە، هێندێکیش رێ و رەسمی شەرعی دەبێ وەپێـــش کەوم ، جائـــەگەر بکرێ ، مام میرزا بۆ موبارەکی لەگەڵ بێ ، مـا م حەسەنیش یاری غاری منە، لەدیوێکی جیا بەئەدەب ترە، کچە و دایکـی لەگەڵ یەکێ ئامالّ کەیخوداژن ، لەوێ بن کارەکەئینشائەلاّ خەلاس کەین ، یارەش سۆفی کردۆتە وەکیل ٠

حاجی " حەمە" چاوێکی لە ئەولە کردوکوتی : ـ رۆڵەگوێت لێ بوو، ئەولە : ـ بەڵێ بــابـە ٠

حاجی : ـ دەبڕۆ بەدایکت بڵێ ، مامۆستا ومیرزا ومام حەسەن ، تەشریفیان دێتەژووری ٠

حاجی ژن ،لەحەوشە کێشتی لێدەنا ، سێ چوارژنی لەبەر دەستـــی دابوون ٠ چووە نێو ژنەکان ، قوڵچاغ و بەرەڵبێنەی فرێ داو سرتـەیەکـی لەگەڵ خەزالّ کرد٠ خەزالّ سوور هەڵگەڕا ، شەرمی مندا لاّنە ،بەتـــە واو ی مندالّ دیاری دەکا ، لەبەر لێوی یەوەکوتی : ـ دایەگیان لەرووم هەڵنایە ، ئەویش لەلای میرزا ! جاچۆن ؟

" ناز " بەنێوی میرزا وەدڵە کوتەکەوت: ـ میرزا لەوێ یە بریا٠٠٠٠ بریا دیبام ٠٠٠٠٠٠٠

خەزالّ مل نادا ، قۆڵی توند لەقۆڵی یای نازکردووە٠ یـــــای نـا ز دەلەرزێ ، زرمەی دڵی دێ ٠

خـەزالْ : ـ یای نازیش لەگەڵم بێ ، دەنا لەرووم هەڵنایە .
حاجی ژن : ـ باشەرۆڵەگیان، ئەویش ، منیش ، پێکەوە دەچین، ، زووکە رۆڵەگیان ! مەحتەلیان مەکە، حەیسبە ، خۆتۆ منداڵ نیی ، پاشان رووی لەیای نازکردو بەئیشارە پێی کوت لەگەڵ خۆی بیهێنێ .
پەریزاد ، خاکەنازێکی ئاور هێنا ، دووچلێ ئەسپەندەر لەسەر هەڵپڕیواند ، خەزالێ قۆڵ گرت، سێ جاری هەنگاو بەسەر داهێنا ،خەریك بوون لە دەرکەبچنە دەرێ ، حاجی ژن گەڕاوە ، رووی لە یای ناز کرد گوتی : ـ ئەتۆش ، دەی زووکە، هەنگاوی بەسەردا هەڵێنەوە،خەرمانەی گولان ! سەرتۆپی ولاتی ! رەبی نەخشەت لێ بێ ، رەبی رۆڵە رووی دایك وبابت سپی بێ ، بەخولای حاجی لە تاریفت تێرنابێ ، بێ چاوێنی بی .
وەڕێ کەوتن ، سێ ژن ، سێ شۆڕەژن ، دایك ، کچ ، ناز، ئەوحەوشە لەمنداڵی یەوە پێخۆستیی خەزاڵە ، هەرشوێنێکی بە سەدان جار کەوشی ناڵچەداری خەزالێ وێکەوتووە ، ئەورۆ هەوایەکی دیکەیە ، هەنگاوێکی تەرە، جاران کەس سرنجی نەدەدایە، ئەو رۆ بەرچاوە ، دیارە، لەبەرد ودار شەرم دەکا ، هەنگاوەکانی ئارام و بێ هەستە،زرمەی نایە، عەرز نالەرزێنێ ، لەسەرەخۆ، بێ هەست ،پێندرە ، بێ چرتە : ،
" ناز " دڵەخورپە یەتی ، میرزا لەهۆدەیە، چاوەڕێ یە، بێ خەبەر ، بلێی بزانێ ؟ بلێی ئاگای لەدلێ نازبێ .......
وە ژوور دەکەون ، وەك نیسێ بەکەلێن دەرکەدا ، قۆلێ مەلا ومیرزا ماچ دەکەن ، مام حەسەن بەخێر دێنن ، " خەزاڵ " و " ناز " سوور هەڵگەڕاون ، چەشنی گوڵووك ، خاشخاشك ، مێلاقە، شەرم بەهەیبەتی کردوون ، حەیا رێز و حورمەتی داونێ ، هەناسە ولەرە ولەرزەسینگ.
سینگی " ناز " پڕە لە وشەی خنکاو ، نێژراو ، بەلام ، زیندوو ، ئەو وشانەی دڵ لەباوەشی دەگرێ ،بەلام گوێی زەمان لەحەسرەتی بیستنی


تایبەت ترین ئەکەی کتیبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

دەمرێ ،ئەوەی لەدایك دەبێ ، کەچی نایەتە دنیا ، ئەوەی دەکوتـرێ و نابیسترێ ، رازی دەفتەری دڵ ، سوڕی سەرپۆشی تەنیایی ، خەونی بـە جێماوی شەوگار ، بۆنی بەیبوونی خەیاڵ ، خەیاڵی تیژی شیرن، ئەوە ی کە تەنیا ناز دەیزانێ ، ئەوەی لەتەك دڵی نازدەژی ، ئەو ئەستێـرە ی لەحاست ئەستێرەی خۆیەتی ژیان لەسەر بستوو ، ژیان بەرامبەر ئاسۆ ، شەبەقی دەرکەوتوو لەکەل ٠

دڵی میرزا ئاشنای دەردە ، هاوڕازی رەمزە ، میرزا ئەویندارە ،ئەوین سەرتاپێ ئەوین ! ئەو لەژێر ساتۆری جەلـلاد رای کـردووە ، کۆت و دۆستاخی تۆانیوە ، دەستی بەکەلەمچە تەزیوە ، شـانی خزیوە سەری گوروا وە ، ئەزمونی سەدان مەیدانی لەگەڵە ، تامی دەیـان تێشکانی چێشتووە ، زامی کۆنی لەدڵە ، کۆانی لەدڵە ، داخی لەدڵە ، هەرگیزخوریەی دڵی وانەهاتووە ، هەرگیز فکری ئەوەی نەدەکرد ،نیگایەك ،لەرەولەرزەیەك ، ئاشنایەکی دوور ، دوورێکی نیزیك ، ئافـرەتێك ، ئافەتێك ،نازەنینێك، نازێك ، ئاواقەلای دڵی بگرێ ، ئەودڵە هـەسی شتێکی دی بوو ، بـۆ مەبەستێکی دی ، بەڕێ یەکی تردا ، بەلام ئاە ئەو رۆ رۆژێکی ترە ، هەست چەتوونە بۆ هە میشەسەرکوت بێ ، زەحمەتەدڵ لەحاستی دڵ مەهارکرێ ، میرزا ئینسانە٠٠٠٠٠

تەنیا پشوویەك چاویان تێك هەڵەنگووت ، دنیایەك مەبەستی نەکوتراو ، ئەو مەبەستەی لەگەرروودا دەخنکێ ، ئەوەی ون و ئاشکرایە ئەوەی بە بێ هەبوون هەیە ، نیە و هەیە٠

میرزا زۆری هەوڵ دا ، قسەیەك بکا نەیتوانی ، ئەوکی گیرا ،تف لە گەرووی دا ویشك بوو ، نازی نازئەفسوونی کرد ، تەلسمی چاوی بازی ناز دڵی تەنی ، نیگایەك عومرێك بەتالای پڕکرد ، ئانێك بەقەد سەدەیەك٠

مەلانەبا پەتەی دەکەوتە سەرئاوێ ، مامۆستا گوتی : ـ خەزاڵ ! کچی خۆم ، ئەوەی من دەی لێم دووپاتی کەوە ، بەدووم دا وەرەوە٠شەرت و

شوێنی شەرعی ،حەوت پشتی پێغەمبەری، رازی بوون بۆمارەکردن٠

مام حەسەن گوێی گرانە ،بەحاڵ گوێی لێ بوو ،میرزائەوەشی نەبیست ئارام ورەنگ پەڕیو ،گێژوویژ بەدووی مەلادا ،نیونیگایەك لەنازهۆدەی جێ هێشت ،دڵ لەوێ ولەش لەجێیەکی تر ،وروکاس٠دیوی پیاوان مات و بێدەنگ هەمووچاویان لەزاری مەلایە ،دەست لەسەر ئەژنویان داندراوە ،تەسبێح لەگەڕان کەوتووە ،قۆناخێکی نوێ چاوەڕێی کرێدانێکی شەرعی یە ،مەلا ئیشارەی کرد ،حاجی وسۆفی دەستیان لەدەستی یەك نا ٠مامۆستاوەپێشیان کەوت: ـ ئینکاحم کرد، تەزویجم کرد، بەهاوسەنیری ، بەهاوکووفی ، بە مەزەبی ئیمامی شافیعی وئەوکەسانەی لەدواى ولەسەرقەولی ئەوفەرموویانە وەلی فاسق بێ ، شاهیدفاسق بێ مارەکردن دروستە٠ئینکاح و تەزویج ، ئیجاب وقبووڵدیاری کردنیحەق مارەییوتەواوی شەرت وشوێن سێ جاران کوترا ،هەرسێك جاردەستیان لێك بەرداوگرتیانەوە .پاشان بۆ مەبارەکی فاتیحایەك وپیرۆزبایی وزارشیرن کردن بەنوغڵ ونەبات ٠

* * * * * *

سبەینی زوو ،کەڕەی بەیانی ،دەهۆڵ وزورنا ،لەدەرکی سۆفی، نیزیك کانی یەکە ،سەحەری لێدەدا ، لەپێش دا "یارە"بەتەواوی خەڵکی دەوروپشتی راگەیاندبوو٠ قاپ ومەنجەڵ هاتۆتەگۆڕێ،دووکەڵ و لاتی داگرتووە ، مەنجەڵی زنجیردار ،کوچکاور لەپەنادیواری ریز وهەنگاوێك لێکتر دوور ، ،دامەزراون، سێ چوارژن قۆڵیان لی هەڵماڵیوە ،بازنەیان بەرەوئانیشك هەڵکێشاوە ،شەدە لاپێچن و پاتۆڵ لەپێدا ،توندوتۆڵ وئازا ولەبارن ،کاتێ دێن و دەچن زرمەلەعەرزی دێ٠

پوورئامان بەسەررادەگا ، لەسەرەخۆ وبەمشوورە ئەوساڵ پیری لێ دیاری دەدا ،بەلام ئێستا بەگوردە ،سەدسواری لێ میوان بێ ئەوەندەی بلێی یەك ودوو بەرێیان دەکا ،گایەکی بەساعاتێکی وەسەردەنێ،کۆنە کابانە، دروشمی کاری لەدەست دایە،خۆی چێژی ناکا ،دەزانێ ئەو

مەنجەڵانە چەندیان ئاودەوێ،چەندیان کەل وپەل دەوێ چەندەی گۆشت پێویستە وچەندی خوێ تێکا ،مستی عەیارەیە،ئاوگەردانی لەدەست ناکەوێ بەردەستی خۆی ناگرێ،ولاتی داپرژاونیە ،وەك ورپورەی جادوو بە سەر مەنجەڵان دا دێ ودەچێ،ئەوەی ژێردەستی بێ زمان دەکێشی ،بێ رەزایە ، نەفووراتە،پوختە،پاراوە،خاوێنە٠ فەرەنتی لەبەردەستی ئەوکار دەکا ، لەپاش پوورئامان تای نیە، پوورئامان هەر لەوی رازی یە، "خەجێ"لەژێر دەستی فەرەنتی دایە، ئەویش ئازایە و باش هەڵدەسوورێ ٠

سێ چوارژنی دیش وردەوردە خەریکن ، وەك هەرەوەز دەچێ٠ "ناز" یەك دوو راوەك نیسك ونۆك ولەپەی لەپەناخۆی داناوە،چاوی بەحوکمە، ئەوەندەی فوولەقەننەی دەکرێ،سەرکەشەفێك چیلکەو چاڵ دەبژێرێ ، دانەوێڵە هەڵدەتەکێنێ وخاوێنی دەکاتەوە،پوورئامان دەزانێ توندوتۆڵە، بەکارەوکارجوانە،بەلام لەرادە بەدەر خۆشی دەوێ،بە ماندووبوونی رازی نیە،جارجاردەڵێ :ـ نازێکمان دەوێ،کچۆڵەناسك ونازدارەکەم ، چ زوو نازی شێوا ، دیسان چاکە سۆرەوتۆرەی لەماڵ دانیە، منداڵەکانی خرۆکە کردوون ،چ باسی مێردکردنی نیە،وەك پیاو سەری پێوەنەبێ ، ناهێڵی ناز ماندووبێ،نایەوێ بشەمزێ،جاری وایە دەڵێ لەگەڵ دایکت مەمکمان پێکەوە خواردووە، پووری تۆم ٠

داوەت گەرمە،کورکچ رەشبەڵەك هەڵدەسوورێنن،سەروبنی دیارنیە بەهەمووهەوایەك هەڵدەپەرن، "چەپی" ،"رۆینە" ، "رۆینەی شارویرانی " ٠ کچ کەم تاکورتێك ماندوو بوون، هێندێك دەستیان ،بەعزێك لاقیان دیشی تاك ولۆلەگەر دەچنە دەرێ،کورگەل دەیکەنە چەپی٠ وادەنوێنن مەنزووریان نیە، چ دەربەستن ؟دەستی کەس ناگرن،داوەتی فەقێ یانە دۆمان بۆچیە ؟ شان بادەدەن ،خۆهەڵداوێن،خۆی پێدەکوژن،سەرچۆپی وەك بزماردەچەقێ، دەسری ریشوودار ،بەدەستەوە هەرادەکا ـ بەشان ،بەشان،خاوی مەکەنەوە ، خری هەڵدەن بادۆپێمان نەکەنن قورس وقایم هەڵدەپەرێن، هەرخۆشلۆی

ناکەن ،لەنەکاو دۆیەکی نەخشین ،قۆڵی دووکوڕان لەپشتەوە راشەق دەکا ، سەرچۆپی ،چاویلك لەلۆتی باشی دەخشێنێ ، هەڵپەڕین دەبێتە رۆینە ، رۆینەی شارویرانی " ٠ سـەگ شەلیشی دەوێ ،کچ یـەك بەدوویەك دا ، خێزەرە دەبەستن دێنەوە تـێوی ، کوڕئا وڕئا وڕیان وێکەوتووە،چا و هاتۆتەکایە ، ئەوەی قیت وقۆزەهەردوو دەستی پڕە ، ئەوەی پووخە پیا و قرپۆکە ، لەگاوانی نانی گوێلەگەل خـڕدەکاتەوە٠

لۆتی دەکشێتەوە ودێتەوەپێشێ ، زۆرنا لەساحێب دۆیان دەگـرێ شاباش دەستێنێ ، جاری واشە قۆندەرەکانی بەپاتۆڵەکەی دەسڕێتـەوە ٠ داوەت ئەوەندە خۆشە هەر گەرەی مەڕێکی دێنێ ، رەش بەڵـەك کـەسك و سوور ، کۆلکەزێڕینە ، کوڕوکیژ ، دڵپاك ، دوورلەفڕوفێڵ ، بیزارلە درۆ و بۆختان ، هەڵەو هەڵکەوتووە ، دۆیەك لەنێوەراستی دووکوڕ ، کوڕێك و دوو دۆ ، بەزمە شاییە٠ ئەوانەی تازەدەگەنێ ،دەهۆڵ و زورنا بەپیریانـەوە دەچێ ، شاباش وەك خۆڵێ دەڕژێتە سەر عەرزی ، ٠ تاق تاق بەختەوبەران، کاوڕوگیسك ، قەڵ و قاز و دانەوێڵە ، بەرەومالـی سۆفی دەڕوا ، حەوشـە پڕە لەوجۆرە شتانە ، یارە خۆشەویستە وسۆفـی جێگای رێز وحورمەت ، داوەت خۆمانەیەو هەموو خۆبەساحێب ماڵ دەزانن ٠ لەگەرمەی داوەت دا ، " میرزا " بەسواری ئەسپەبۆرە وەدەر دەکەوێ ، ئەسپە بۆرە وەسـەمـا کەوتووە ، چەپۆکان دەکاو وەرمبازێن کەوتووە ، لۆتی بەپیری یەوە دەچن ، شایەر شاباشی زۆر وەردەگرن " میرزا دابەزی ، یارە ئەسپەکەی وەرگرت، دەوروبەری دار بەڕوو راخراوە پڕە لەبەڕەولباد ، پیاو لەوێن ، لێگرابەپیر میرزاوە دەچن ، رەنگی بزرگاوە ، وەوەی دەچێ نەخەوتبێ ، دەست و موشتاخیان لەگەڵ دەکا ٠ بەرەو مەجلیس وەڕێ دەکەون ، میرزا وەپێـش کەوتووە ، یای ناز لەحەوشەڕا چاوی لێ یە ، لەبەر خۆیەوە دەڵێ :

ـ میـرزای خـۆم ، مەزنی مەزنان !

سوفی بەکەیفە ، رانك وچۆخـەی گرژالی لێداوە ، شەدەکەی تازەیە ،

ـردێنی بەشانە کراوە، پیرێکی زیندوو، بەگورد، وێچوو ٠جێی پیرە بەتاڵ دەبینێ ، لایەکی پێوەنیە، ئاواتی پیرە داوەتی یارەبوو قسەکانی لەگوێ سۆفی دادەزرینگێتەوە، بەلاٚم خۆڕادەگرێ ، دلٚخۆشی خۆی دەداتەوە : ـ دەبێ گوێی نەدەمێ ، دنیا بۆکەس هەتاسەر نیسـە، ئینسان دەمرێ، ، ئەوڕۆ دەبێ بۆیارە لەجێی دایك وباب بم ، ئەو خەلٚکەلەخۆشـیی مـن هاتوون ، داوەتی کوڕەکەم ، ڕۆژی شایی یە، خەلٚك قەرزداریان کـردم ، لەشین وشایم داهەن ٠

خۆلە خەیاڵ دەپچڕێتەوە، روو لەمیرزادەکا : ـ مام میرزا ! بـەخێـر هاتی ، هەرچەند درەنگ هاتی ، ئەوخەلٚکە میوانـی تۆن ، لەبەیانـی یەوە ملم هات ئەوەندەی سەر هەلٚێنم ، چاو لەتۆبگێڕم ٠

میرزا : ـ جەماعەت میوان نین ، ماڵە خۆیانە، من خزمەتکاری ئەوانم ، ئەوان نەبن میرزای کێم ؟

هێندیك وەجواب دێن: ـ مام میرزا شتی وامەفەرموو ،ئەتـۆ گەور ەی ئێمەی ، سەرعێلی ئێمەی ، براگەورەی ئێمەی ،چاو سووری ئێمەی٠٠٠

یەکێك بەتوندی کوتی : ـ نەخشەت لێ بێ میرزا ! ، شەرتەلەداوەتی تۆسەرچۆپی بەرنەدەم ٠

میرزا : ـ خوا ئێوەم لێ نەستێنێ،ئارەزووی مـن زەماوەندی گەورەیە،شایی من ، رەش بەلەکی ئێوە دەبێ ، شەرتە ئەوەی من دەلٚێم وابێ هەرلەورۆژدا، لەنێو ئێوە ژن بێنم ٠

مام حەسەن : ـ ئەودەم بەجێمان دێلٚی ، دەچیە وەشاری ، ٠

میرزا : ـ نامام حەسەن ! ، باوەڕکە ، وام عادەت پێگرتوون شارم لەبیـر چۆتەوە، سەفای دێ ، وەفای دێ وساکاری خەلٚکەکەی دلٚی گرتووم،شەرتـە هەتا هەم لەنێو ئێوە بژیم ، لەلای ئێوە، لەگەلٚ ئێوە ،وەکووئێوە٠

وەتمان هەلٚیدایە : ـ مام میلزا ! تۆ، تۆ، ژن دێنی ، منیشــــــش هەل دەپەلم ، باشە مام میلزا ، ! دەستم دەگلن ؟



تایبەتترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

- میرزا بەپێکەنینەوە کوتی : - ئەرێ وەتمان گیان، دەستی تـۆش دەگرن ، تۆش هەڵپەڕە ٠

خەڵکەکە لەقاقای پێکەنینیان دا ، یـەکێك هەڵیدایە :- منداڵ دڵی روونە، ئیشا لاّ وەدی دێ ، خوا لەزارت بڕوانێ وەتمان !

و ردە وردە ، دوو دوو و سێ سێ ، دەست دەکەن بەقسان ، لە هەمـو و بابەتێك ، ئەوانەی دانیشتوون هەموو گەڕاونەوە، جگە لەوەتمان ،پیاوی داوەتیی تێدانیسە، دڵیان دەکورکێنێ ، دڵیان دەیەوێ ، کەچی خۆ ناشکێنن ، وەتمان لە لای میرزایە، لەوەتی میرزا گەیوەتی ،قەراخ داوەتی جێ هێشتووە لەگەڵ میرزای کەوتووە، یەك پشوو چاوی لەچاوی بڕیوە٠

مەلا ومام حەسەن لەنیزیك میرزا ، لەسەرەوە دانیشتوون، باس باسی ئاژەڵداری یە، مام حەسەن ، هەناسەیەکی غەمناکی هەڵکێشا ، دەستی بە سمێڵە ماش و برنجی یەکەی داهێنا وکوتی : - ئەوساڵ گیابڕ زۆر بوو ، ساڵی وام نەدیوە، ئەو حەیوانەی بەکەیفیش نەبانەدەمرد، ئەمن قولاّغی چاردەسەرم بۆهاتۆتەوە، زۆریشی مەڕە ئەستێور بوو ، باوڕکە مام میرزا ، ئی وای تێدابوو، شوان دەبوو سواری بێ ، ساکەتەی دووگی هەڵنەدەگیرا ، خوریت لێ کێشا با ، ڕۆن دەهاتە دەرێ ، هەمووی دەتکوت بەختەوبەرانە ، کوڕە هەرخوڵقابوون ٠ بەسەری میرزای گوێشم لێ نیە، ئەوەی مەڕی نیە . مەڕی نەمردوون ، ئەوەی هەبێ دەمرێ ، ماڵ نەمردباعەرز هەڵی نەدەگرت٠

میرزا : - گیابڕخەتای زۆر خۆری یە، ساڵی وا لەوەڕخۆشە، ولاّت بژوێنە، شوان سەری خۆی پێوەنایە شێنێ ، مەڕهێندەدەخوا ، دەمرێ ، دەنا ئەوگیایانەی بۆ حەیوانی زەرەرن ، شوان دەیاننا سێ ٠

مام حەسەن : - مام میرزا ! هەڵبەت ئەتۆ باشتر دەزانی ، بەلاّم ئەمن پێم وایە، گیابڕبە زۆر خۆری نازانم ، بەڵکە لەگیای خراپ دانە، ، رووی لەیارە کرد، شوانە ! ئەتۆ ئەوساڵ چەند سەرت گیابڕداوە؟

- یارە : - وەلاّهی مام حەسەن دوو سەرم بەگیابڕچوون،ئەویش خەتای

خۆم بوو ، سالێ وا دەبێ مەڕی زوو بنوێنێ ، نەهێلێ زۆری بخوا ، مام میرزا چاکی فەرموو ، گیابڕ خەتای زۆر خۆری یە ، ئەمن لەمێژە ئەوەم تاقی کردۆتەوە ، ئی ئەو دووەش ئەستۆی شەیتانی شکێ قوون گرانیم کرد ، درەنگم بردنە سەر حەوشە ، وایان لێهات ، ۰

مام حەسەن : ـ برالە لەخۆڕانیە کچت دەدەنێ ، ماشەڵا لەوهەمو و مەڕەی حاجی دوو گیابڕ لەو کەرکە مەڕەی منیش " خلە " درێژ چاردەسەری قولاغ هێناوەتەوە ، گۆچان پیسی وەك خۆی لەدنیایە دانیە ، شوانی وایە دڵی بەمەڕیەوە ، ئی وایە دەڵێی بێگاری پێدەکەن ، دەك ئەو حەقەی لەمنی وەردەگرێ ، بیدابەهەنار ، ماڵتەحەیا نەماوە ، کافرستانی یە ، حەلاڵ و حەرام نازانن چیە ، ئەوەی دەغەڵی دەکا ، حەقەکەی حەرام دەبێ ۰

مەڕی بەرگۆچانی عەزە شەلەش کەم وایە بمرێ ، بریا ئاوە خەو خەو نەبایە ، شوانی چاکە ، پسپۆڕە ، بابم حاجی حەمە لەهەموو کەس ئاقڵترە ، هەتائێستا حەقی دوو پەڵەوێنجەی بۆعەزەی داوە ، خەڵکی دەناسێ ، نانی مشووری خۆی دەخوا ، ئەوی دەیگری بەشوان ، گوڵ بژێرن ۰

سۆفی ئەحمەد : ـ مام حەسەن ! برالەگیان ، خەتای کەس مەگرە ، مەڕحەیوانێکی ناسکە ، ئەوەندەی بەرەکەت کابەسەرفەیە ، ئەوەندەش کەم حەمرە ، ئەگەر دەتەوێ نەمرێ ، بزنی راگرە ، سەری پان کەیەوەنامرێ ۰

مام حەسەن : ـ کوڕە سۆفی چۆن نامرێ ، گووی سەی بەشاخی نەت دیوە خۆی رەدیواری دەخا وخۆدەخورێنێ ، ساحێبەکەی لەداخان خەریکە حەکەداربێ ، ئەرێ هێندێکم هەیە بۆلێم ناکڕی ، هەرزانت دەدەمێ سۆفی !

سۆفی : ـ دەی دەی ، فێڵەزان ! رسقەکەت خواردووە ، بوخورەدیوار ی خستنەکەی دەیدەی بەمن ۰

ماموستا : ـ برالە مام حەسەن ! ئەورۆ بەسۆفی ناوەستی ، دەست لە خۆت هەڵ گرە ، مەڕوما لات زۆر بووە ، زەکاتی بەچاکی لێ دەرناکەن ، بۆیە

دەمرن ، شەرعەن لەچل سەری زەکات دەکەوێ ، بابم ! زەکاتی بدەن ، ئەوەی دەمرێ مالّی تۆنیە ٠

داوەت بەربووە ، کەولّ وەعەرزی کەوتووە ، نان وکێشت بەپێی فیلانە ، کوڕەجحێلّە بەکەشەف وسەلە ومەجومعە ، لێگدا ، لێگدا ، نان وکێشت دێنن ، خواردەمەنی بەلاشە ، حەسارو دەرك و بان یەکی دی نابا ٠لەبەرەوە نەهار دەخورێ ،منداڵ وەك کوچك وکەلّەك لەحەوشە رژاون ، رێ نیە لاق هەلّێننەوە ، خەلّك بەوردو درشتەوە هاتوون ٠ دەرزی هەلاوێی وە عەرزی ناکەوێ ٠

پوور " ئامان " حوکماتی دەکا ، بێ نێوبڕدەشاتێنێ ، : ـ رۆلّەم وریابە نەکەوی ! ، کوڕەلەسەر رێ بەلاچۆ ! کچۆلّە دامەزرێ ! هەتیوە بێدەنگ بە ! ،بەشی پیاوان بەڕێ کرێ پاشان ، حەمەرەحیم ئاگات لە خۆت بێ ، ئەوجامەی تێکەن ، ئەوپیالّەی لەسەر رێ بەلابە ، ئەوەیان گۆشتی کەمە ، پیوازەکانوو لەبیر نەچێ ،شەرافەت دلّت بەسەریەوەبێ ٠٠

کوڕێك هەرادەکا : ـ وەتمان ! ،وەتمان ! ، وەرە دایکت ، یای ناز بانگت دەکا ٠

میرزا ، مچوڕکێکی پێدادێ ! لەدلّە خۆی دادەلّێ : ـ ئەی کوڕە ئەوە بۆوام لێهاتووە ، یای ناز بەمن چی ! ولاتی یای ناز بۆمن مەبەستە ، شەویش نەیهێشت خەوم لێکەوێ ، ئەو هەموو کچە جوانەی شاری دلّمیان رانەخوڕپاند ، چم لێهاتووە ، دەبێ لەبیرخۆمی بەرمەوە ، داهاتووم مەعلووم نیە ، خودا دەزانێ چم بەسەردێ ، ئەی ، یاعومر ،

وەتمان : ـ نایەم ! لەلای مام میلزا دەبم ٠

سۆفی : ـ لێی گەڕێ رۆلّەگیان ! بڕۆ بلّێ نایەتەوە ، بالێرەبێ ٠نان بە تەسەلی دەخورێ ، سمێلّ چەوردەبن ، تاق تاق دەچنەسەرکانی یەکەخەریکی خۆسازکردنن ، ئەسپ زین دەکرێن ، تەقەی ئاوزەنگی ، پڕمەی ولاغان ، حیلەی جانووی ساوا ، زەنگالّ هەلّکێشان وخۆراستەوپاستە کردن ٠

مەلا : ـ برادەران ! ئینشائللا ، ئەوەبێ وهەزاری دی،پێم وایە نوێژ ومویژان بکەین و ئەوەی دەچێ بۆ بووکێ سواربێ ، درەنگە ، مام حەسەن و سۆفی و یارە لەلای من دەبن ، ئەوانی تر کەیفی خۆیانە هەرکەس پێی خۆشە ، پچێ ، پەسلامەتی بەسەرو دڵی خۆش ، برێکیش لەسەرەخۆبن برالە، جحێڵەکان زۆرتر لەگەڵ ئێوەمە ، لەرمبازێن وتەقڵەوجلیت وریای خۆتان بن ، خۆبەهیلاك مەدەن ، نەوەك خوای نەخواستە شایی مان لێ ببێتە شین ، تکادەکەم ئاگاو لەخۆ بێ ، بەبێ ئیزنی میرزای کاری سەربەخۆمەکەن ، هەرزەیی مەکەن موسوڵمان دەبێ سلامەت بێ ٠

سوارە سواربوون، تێك داوێن ، پەلەوهەلە لەگۆڕێ دایە ، هەو هەوی سواران ، رمبەی دهۆڵ وزورنا لەگەڵ زرمەی ناڵ وبزمار گوێی پڕکردووە ، هەلایە ، بەزمە ، شایی یە ، زەماوەندە ، کەس ئاگای لەکەس نیە ، تەقڵە دەکەن ، جلیت ، رمبازێن، کێ جوابی کێ دەداتەوە ؟ میرزا بە سواری ئەسپەبۆرە وەپێش کەوتووە ، چەشنی رۆستەم و رەخش ، رێك وپێکی و لێهاتوویی لێدەبارێ ، وەها قیت وقایمە دەڵێی بەزینە کەوە دوروا وە ، کەچی قەوەی خستۆتەسەر رکێفان ٠

یای " ناز" غەرقی تەماشای میرزایە ، لەدڵ دا دوعای بۆدەکاوبە قوربان وسەدەقەی دەبێ ٠

حەسۆ : ـ مام میرزا ! " تەقڵە ئاغاو نۆکەری نیە " پێم خۆشە ، ئەسپەکان رێك خەین ، بزانم ئەسپە بۆرەئەو هەمووەی تاریف دەکەن لەگەڵ ئەسپە " سوورخون " دێتەوە ؟

میرزا : ـ حەسۆگیان ! من تۆم خۆش دەوێ ، ئەسپەبۆرە " عەرەبە " ئەسپی والەو ولاتەی دانیە ، لەوەتی هەمەکەس وەپێشی نەخستۆتەوە ،پێم خۆش نیە گرێوە ئەسپت لەگەڵ پکەم ٠

حەسۆ : ـ ناوەلا مام میرزا ، وامەفەرموو ،بلێ ئەسپەکەم لەگەڵ سوورخون نایەتەوە، دەنابرالە لەسەر ئەسپەکان ، ئەوەش مەیدان ٠

میرزا : ـ حەسۆ ! کوڕە نامەوێ ئەسپەکەت قەڵب کـەم ، وەك بیستوومە بەجووتێك کەڵ گۆڕیوتەتەوە ، ئەسپێکی باشە ، بەلاّم ئەسپە بۆرە ، چنگی هەیە ، باڵی هەیە ، ئەوانەلەگەڵی دەرناچن ، بالەبەر چاوت نەکەوێ ، ناش پارێمەوە .

حەسۆ : ـ میرزا بابم ! گرێوە ئەسپ حەلاڵە ، لەسەر ئەسپەکان .

میرزا : ـ من بردمەوە ، کەدەی بەمەوە ، سوورخون دەدەمەوە بەخۆت ، تۆبردتەوە ، ئەسپە بۆرە پێش کێش ، بەراستی بەوگرێوەش رازی نیم .

مەیدان دیاری کرا ، مەودایەکی دوور ، لەپاناوکی بـەرەدێ هەتا گۆڕەپانی کێوەسوور ، مەیدان درێژە ، مەودای زۆرە ، حەسۆ ئەومەیدانەی دیاری کرد ، پێی وایە سوورخون جحێڵە ، پشووی پترە ، دوورتر چاترە ، دەبێ ئەسپەبۆرەی ماندووکا .

رکیفیان لەئەسپ دا ، سوورخون وەك گوللە هەڵقەندرا ، تیژ ،بەباز و بورد ، زۆرپێ نەچوو دوو مەیدانەئەسپ دوورکەوتەوە .

" میرزا " لغاوی ئەسپەکە شل ناکا ، ئەسپە بۆرە خۆدەخواتـەوە ، هەڵدەستێتە سەر پاشوان ، دەسوورێ ،بەلاّم میرزا حیسابی لەدەست دایە ، رای دەگرێ ، بەنەرمەغار دەڕوا ، هەتا داوێنی کێوە سوور ،حەسۆلەپێش دایە ، دەهۆڵ وزورنا ، بێ وچان دەیکوتن ،سوارە پەرۆشی میرزان ، مام حەسەن نەبێ هەموپێیان وایە دەیدۆڕێنێ ، والێك دوورن دەنگیان ناگاتە یەك .

هەتاداوێنێ کـێوە سوور ، میرزا لەپاشە ، لەگەڵ سمی سوورخـون چوو لە هەورازی بەوە ، میرزا رکیفی هێناشین بۆرە ، جلەوی بۆشل کرد . ئەسپە بۆرە وەك هاران ، دووکەڵێك ، تۆزێك ، تارمایی یەك ، هەڵقەندرا ، لەچاوان دوورکەوتەوە ، دم لەسەرپشت بەرە بەبەرە ، دەگەیشتەسـەر ، سوورخون ، وردە وردە سوارەکان دڵیان گۆڕا .



@kurdica

- لەنێو قەدی كێوە سوور، سوورخون بەتەواوی ماندوو بووە،دەكرێ بڵێین وەستاوە، كونەتفنێكی لێ ئاوەڵا بوون، ئارەق لەسمی دەتكێ ،زۆری لە كورتی داوە، حەسۆ وەپەلەكەوتووە ، خاڵیگەی بەركێف هەڵدڕیوە،لەداخان قامچی لێدەكێشێ ٠

ئەسپەبۆرە تازەگەرم دادێ ، باوی لاق وپەلی خۆش دەبێ ، ماندو و نەبووە، ئارەغگیری تەڕ نەكردووە، هانكەی نایە٠

لەنێو قەدی كێوەسوور ، " سوورخون" تێدەشكێ ، میرزا لەبەرامبەر " حەسۆ" شلی دەكاتەوە، قەمچی یەكی لە" سوورخون" دەداورەد دەبێ٠ كێوە سوور ، نەرمانە، بەیارە ، گۆڕەپانی هەیە، جێ لەوەڕی ئەو وڵاتەیە، مەودای هەوراز زۆرە ، رژدە٠

شین بۆرە ، وەك چنگی هەبێ وەسەر دەكەوێ ،لەسەرگۆڕەپان دەست دەكا بەنەرمەغار، میرزا دەیحەسێنێتەوە ، میرزا دادەبەزی سەبر سەبر بەدووی خۆی دا دەیكێشێ ، دەست بەسەر ویاڵی دادێنێ ٠ جار جاریش دوو هەنگاو لەپێشداهەڵ دێ ٠

" حەسۆ " گەیشتێ : - سڵاو میرزا! ئەسپەكەت ئەسپی چاكە، پێم وانەبوو، بەڵام بۆخۆشت لەمن سوارتری ، ئەمن ئەسپەكەم لەدەشتێ ماندوو كرد، لەشاخی وەستا ، دۆڕاندم بەڵام لەگرێوە ئەسپ حاڵی بووم ٠

میرزا : - پێم كوتی ، بەكەڵەگایی گرێوت پێكردم ، ئەسپەبۆرە پێش كێشە ٠

حەسۆ: مەبارەكی ساحێبی بێ ، وەخاوەنی دەچێ ، لایقی تۆیە ، ئەسپی میرزای دەبێ وابێ ، فەرموو ئەوەش " سوورخون" جڵەوی بۆ راداشت ٠٠٠

میرزا : وەری دەگرم ، دەیدەمەوە بەخۆت، سوورخونئەسپی چاكە ، لێی دڵسارد مەبە، بێ عاملێنە، ئەسپ هەتا دەساڵی ، لەتەڕقی یە، ئە و ئەسپە جاری جحێڵە ، لەكار نەهاتۆتە دەرێ ٠

میرزا وحەسۆ لەگۆڕەپان هاتنە خواریٚ ، هێدی و لەسەرەخۆ سـوار بەتەقەی دەهۆڵ وزورنا ، بەرمبازێن و نەرمەغار بەپیریانەوە دێن ٠

پێچ و کلاویان بۆرادەوەشێنن ، گوڕەیان دیٚ ، کێودەنگ دەداتـــەوە هەرادەکەن : ـ ماندوو نەبن ! قالبت ساخ بیٚ میرزا ، ئەسپە بۆرە بەرەکەت کا ، حەسۆ ! ئەسپەکەت نافرۆشی ؟٠٠٠٠٠٠

میرزا : ـ کـاکە گیان ! ڕۆژ درەنگە ، وەرێکەوین حاجی چاوەریٚیە ، نوێژی ئێواریٚ لەویٚ دەکەین ، ئیشا لاٚ بەسەرودلێ خۆش دەگەڕیینەوە ، با " یارە" ش پەرۆش نەبیٚ ، مەعلووم حەجمانی نیە٠ وەرێکەوتن،زۆری پیٚ نەچوو گەیشتنیٚ ، لەدەرکی حاجی دابەزین ، بەپیریانەوە هاتن،حاجی دەستی لەئەستۆی میرزای کرد :

ـ میرزا ! دەبوو لیٚرەبی ، خەزالٚ لەلای خۆی خۆشکە زاتە٠

میرزا : ـ فەرقیان چیە حاجی ! کوڕ وکچی خۆمن ، حەسۆ کێشەی پێکردم ، وەدرەنگیٚ کەوتین ، ئیزن بدەی نوێژی دەکەین و دەڕۆین ، وەڕێمان خە ، ڕۆژ درەنگە، سۆفی چاوەڕیٚ یە٠

حاجی : ـ ئەی سۆفی بۆنەهاتووە ! ؟ کاکەمیرزا خەتای تۆیە،ئەتـۆ شك دەبا، بەتۆپشت ئەستوورە، دەنا چلٚ چلەی ردێنی هەلٚ دەقەنم ٠فیلە بۆنەهاتووە ؟ مەگەر نەیگەمیٚ ، قوڕە دەماخیم لەسەردەکا ،

زۆر پیٚ نەچوو بەبی پەلٚپ وبیانوو ، " ئەولە" و " نەسە" قۆڵی خەزالیان گرت هێنایانە دەریٚ ، تارای سوور هێندەی دی جـوان کردووە ، نەرم نەرم دەگری ، حاجی ژن دەگری ، ژنەکانی دیش هەروەها مالە باب هومێدە دوورکەوتنەوەگرانە، خۆشی وناخۆشی تێکەلٚ بووە ، ماینێکی کوێت چاوەڕێی بووك بەسەرکێشەوە ڕاگیراوە، سەبر سەبر بۆ لای وی دەچن ، لۆتی نایەتەدەر " لیٚدەدەن ، میرزا زیڕوەشان دەکا ، وەك ئەستێرەی ئاسمان دراو هەلٚداویٚ ، حاجی دەستـــی دەگـریٚ

ـ بابم زستان بەروبوو درێژە، کەمێکی بێڵەوە ! ٠ منداڵ تێك داوێن ، لەحەوای دەیقۆزنەوە، هەرکەسە وگوێچ ٠

گوێ پچڕ گوێ پچریانە، تێ رۆدێن ، سواری سەری یەك دەبن ٠بووك سوار دەکەن ، بەربووك ، بارگەوبنە، میرزا خوداحافیزی دەکا ، سوارە سوار دەبن و ماڵ ئاوایی دەکەن ، لۆتی " تەدارەك ومەبارەك "لێ دەدەن، سوار دەوری بووکیان داوە، بەرەو رۆژ ئاوا وەرێ دەکەون ، تیشکی خۆر لەچاویان چەقیوە ، دەست لەسەر چاویان دەکەنە نیسێ ، بە دەست تێلیسان سازدەکەن ، ئارام ئارام پێ بەپێی سەرکێش دەڕۆن، پیاوەتی و گەورەیی حاجی " حەمە" وەشەرمی خستوون ٠

لەپشتەوەی دێ ، دەستێك سوار وەدەر دەکەون، قۆشمەی دەم رووت ، جحێڵی ساکار ، دارتەقڵە بەدەستەوە، سڵاو دەکەن:

ـ مەبارك بێ ! ئەوەبێ و هەزاری دی ! کوڕەکان نەخشەولــــێ بێ ! برازاوا ! گیسکە کوڕانەمان دەوێ ، دەنا حازربن بۆ" دار " کردن٠

میرزا : ـ برادەر ! دارکردن خەتایە، ئێمە داوەتمــانە،ئێوە ش دراوسێن، داوەتی ئێوەشە، سوال وجوابی جیرانی لەجیرانی دەکەن ، ئێوەش برای ئێمەن ، دەست هەڵگرن ، لەدارکردن گەڕێن، هەرچی دەتانەوێ ئەمن دەودەمێ ٠

" عەولاسوور" : ـ مام میرزا ! قەدری تۆلەسەر سەران ،ئێمەچووکەی تۆین ، خەلاتی تۆش وەرناگرین ، نەش هاتووینە سواڵ ،ئەوە رەسمە ، " دار " یا " گیسکەکوڕانە" ئەگەر خەتایە، بۆمەشە، ئەگەر هیلاکــە بۆمەشە، مام میرزا ! لەگەڵ تۆمان نیە ، ئەوحەدەمان نیە، لەگەڵ تــۆش دارناکەین ، ئەواتی تر ، غەیری تۆ، هەرکەس بێ ،بێ ،ئەسپە بۆرەشیان بدەیە، دەشزانم ئەسپە بۆرە فێرەدارە بەلام سەرێکە هێناومە نای بەمەوە میرزا ، زۆری حەول دا فایدەی نەبوو، تکای کرد رازی نەبــوون پێشی بووکێیان بەرنەدا ، بەداری نەحلەتی داچوون ، غەزرین ، خوێن بەریچاوی

گرتن ، شەیتان چوو لەکەلێشەیانەوە .

" حەسۆ " هاتە پێشێ رووی لەمیرزاکرد : ـ خالەمیرزا ! قسەی خۆت خەسارمەکە ، " شەرعی ماری بەداری " قسە بێ سەمەرە تکادەکەم ئەسپە بۆرەم دەیە وچاوت لێ بێ ، بەسەری تۆ بەقورپێوان دەیان نێرمەوە ، وایان لێدەکەم جارێکی دی فێر نەبن نێربن ، ئاوی بێ لغاویان خواردۆ - تەوە ، ئەسپی خۆیان بەتەنێ لینگ داوە ، سەر شۆڕی قەبوول ناکەم ، دەرپێی ژنانمان لەپێ دانیە ، گیسکەکوڕانە نادرێ ، حەسۆ ، حەسۆیە .

" میرزا " دابەزی ، ئەسپە بۆرەی دایە وکوتی : ـ وریابە ! بەدرکێقە ، زوو خۆی باوێ سەرێ ، لەداریش ئەندێش مەکە ، " بۆرە " فێرەدارە .

" حەسۆ " سوورخونی دابەمیرزا ، وەك هەلووك خۆی هاویتە سەربۆرە ، دار تەقلەی وەرگرت ، دووگەڕی رمبازێن کرد ، دەهۆل وزورنا راوەستابوون ، پێی کوتن : ـ لێی دەن ، لەمن ونەکەوێ ، حیزی هەمبانەی کولوانە ، حەسۆم پێدەلێن ! کوری گۆلەزان ! حاشا لەوقەبرەی نالەی لێ نایە ، مام میرزا ! کوڕینە ! جەماعەت ! بەشایەد بن ، لەو دارەی دابمرم خوێنم نیە ، بکووژم خەتام نیە ، وشتری حاکمیش نادەم " عەولاسوور " ئاوری کردۆتەوە ، کوڕی بابی خۆم نیم ، ئەگەر کەلاکی نەخەم ، پاشان رووی لە " عەولاسوور " کردوکوتی : " سووری چاوشین ! لەسەر ئیزنی میرزای راوەستابووم درۆناکەی فەرموو "

عەولا سووریش خۆی تەیار کردووە ، لەدەوری بووك لاچنــــوو ، دوورکەوتنەوە ، مەیدان دیاری کرا ، حەسۆ وەپێش کەوت . بە "عەولاسووری" کوت : ـ هەوەل گورز بۆکافرە !

ئەسپی عەولا سوور ، رەش کوێتە ، لمبۆزی سپی یە ، سەروکلك گرە ، ئەسپی چاکە ، چوارپەل قایم وسم زەلامە .

مەیدانیان رابەست ، سوار پەرۆشن ، دارکردن هیلاکە ، مەلادەیکوت: " باشایی مان لێ نەبێتە شین ، وریا بن ! ئاگاو لەخۆبێ ، مندالی مەکەن "

- " حەسۆ " دەرپەڕی ، " عەولاسوور " ڕكێف كوت بەدووی دا ، هەر دووكیان بە پڕتاو دەڕۆن ، ڕكیف لیدان ، پەلە كردن، گوڕڕە، چی وا دوورنەكەوتنەوە، " عەولاسوور " هەوی لە " حەسۆ " كرد :
- هەو !
" حەسۆ " تەمایەتی دابێتەوە " شین بۆرە " خۆی لەدار لادا ، وەك زمانزان ، دار بەتەواوی لەدەستی " عەولاسوور " جیانەببۆوە، لاڕێبوو، دار بەتەنیشتی دا فڕكە فڕك تێپەڕی ، خەلكەكە هاواریان كرد :- یائەلا ، یائەلا !
بوو بەچەپلەریزان ، شادی وكەیف خۆشی ، لۆتی زرمەیان لێ هێنا ، " حەسۆ " پشووی هاتەوە بەرخۆ.
نۆرەی " عەولا سوورە " وەسەرخۆی ناهێنێ ، دارەكەی هەلگرتەوە ، دای بەئاوالەكانی ، بەدەنگێكی پیاوانە هەرای حەسۆی كرد :
- " حەسۆ " ! دلم نەهات لێت دەم .
حەسۆ : - بەدرۆ درێی ، ئەسپەبەسوورە نەجاتی دام ، ئەگەر ترساوی بڕۆ ! ئەمن ناپیاونیم ، شەرم مەكە بڕۆ ! قەی ناكا ،دەتبەخشم،ئەسپەبۆرە چەنگی هەیە، لەبەرم دەرناچێ ، ئەجەلت هاتووە، ئاووگلێ هێناویە ئێرە، بەمن دەكەی حیزوسلامەت بڕۆ !
" عەولاسوور " : - تائێستێ چاوم نەترساوە، هەوەل جارنیە دار دەكەم ، مندال ناترسێنی ، ئەگە كووژرام خوێنم حەلال بێ ، زووكە ، مەی ڕێسە، خوێن لەمن نایە وئاولەتۆ.
" عەولاسوور " وەپێش كەوت ، "حەسۆ " بەدووی دا ، سێ چوارگەڕ بەپڕتاوهاتن وچوون ، مەیدانە ئەسپێك ڕاست دەڕۆن و دەگەڕێنەوە لە نەكاو " حەسۆ " دارتەقلە دەسوورێنێ و دەگوڕێنێ : - هەو ! "عەولاسوور " وەك هەلووك لاقێكی لەئاوزەنگی هێنادەرێ ، خۆی هاویتە بەرزگی رەش كوێت، ڕەش كوێتلەبەر شین بۆرە دەرناچێ ، دارتەقلەزوو گەیشتە



تایبەتترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

سەری ، وەزینی رەش کوێت کەوت، هەڵی تەکاند، لەبەریەکی‌برد، "عەو لا" لەخۆڵێ گەوزی ، جەماعەت : ـ یائەڵڵا ، یائەڵڵا ...

" حەسۆ " گەیشتە سەری ، دابەزی ، پڕی پێداگرت، راستەوەی کرد ماچی کرد.

عەولاسوور : ـ کافر ! کوشتنت لەچی ؟ ماچ کردنت لەچی ؟

حەسۆ : ـ عەولا ! خەتای تۆیــە، سووری چاوشین ! یاخی بووی ، خودایە شوکر، هەزار جارشوکر، هەزار جارشوکر، خۆزەحمەتت نەدیوە ؟

" عەولاسوور" : ـ ناچەرمم ئەستوورە، هێندەش ناسك نیم، زینێکم زەرەر کرد.

بەجووتەهاتنەوە لای سوارەکان ، نەبایان پیاداهاتووە نەبۆران ، " حەسۆ" بەسواری " عەولا" بەولاغ کێشان .

بووك وەرێکەوت، تەقەی دەهۆڵ و زورنا ،رێی رۆژێك دەڕوا رمبازێن و شەرناخێوی سەرلەنوێ دەستی پێکردووە، " میرزا " پێ بە پـــێی بووك و بەربووك دێ ، " حەسۆ" دێتەلای : ـ مام میرزا ! ئەسپە بۆرە روحــی منی کڕیەوە، ئەوهەتیوە سواری چاکـــە، شین بۆرە نەبا ، دەیکوشتم ! فەرموو بتدەمەوە، بابم لەبەرخۆت وئەسپت مرێ !

میرزا : ـ خێر ، خێر مەم دەوە، بڕۆ بیدەبە" یارە" بڵێ بەپیربووکیوەبێ دەزانم کوڕەگەل رێی دەکەون ، باپێچ وکڵاوی لێــی نەرفێنن ، دەبـــڕۆ برالە! بەرامبەرهاتی یەوە ، پێم خۆش بوو، ئەوەشت پێ بڵێم جارێکــی دی کاری وامەکە، خۆت بەهیلاك مەدە، لەسەرچی ؟ ملی خۆتان بۆ بــە شکاندن دەدەن ؟

دوو مەیدانە ئەسپ لەناقەدار دوورن " یارە" رکێف کوت گەیشتێ ، لەدوورا سێوێکی سووری بەبووکی دادا ، نای ئەنگێوێ بەئانقەست ، کوڕێکی قۆشمە سیوەکەی گرتەوە، قیتەسوار دەوری " یارە " دەدەن ، خەریکن پێچ وکڵاوی لێ بڕفێنن ، " یارە" چەرخ وخولێك دەدا ، رکێفــێ

دینیّتە شین بۆرە٠ شین بۆرە وەك شینەدووکەڵ دەر پەڕی ، ون بوو،سەوا ر شوێنی نا شکێنن ٠

* * * * *

بووکیان دابەزاند ، بەهەڵا وچەپلە ڕێزان ، سۆفی ومام حەسەن هەریەکـی قۆڵێکیان گرت، ژن وکچ بەپیریەوەهاتن ، یەکێك ئاوێنەی بەپیروەهێنا ، شەش حەوتێك دەسرە بەدەستەوە، سەمای لەبەر دەکەن ، ئەسپەندەر لێگدا لێگدا دەخرێتە سەر ئاور ، بۆنی ئەسپەندەر لەو لاتی گەڕاوە٠

" یارە" لەسەربانی بەشوولێکەوە ڕاوەستاوە، بەدووکەسان کورسی - یەکی چووکەیان هەڵێناوەتە بەرپێی ، کورسیان لەسەر بووکێ ڕاگرتووە ، " یارە " بەشوولی لەکورسی دەدا ، میرزا لەپەنای وێستاوە نوغڵ و دراو هەڵداوی ، پەیتا پەیتا زێڕوەشان دەکا ٠ بەهەڵاوچەپلە ڕێزان بووك دەبەنە ژووری ، ژن ومندال تێگڕا و لێگڕا بەدووی دا دەچنە ژووری ٠

تەنیا " ناز" لەحەوشە ماوەتەوە، جووتێك چاو، وەك چاوی باز ، پڕلەداوا ، پڕلەئەوین، پڕلەسەفا ، پڕلەوەفا ، دەڕواننەمیرزا سەری هەڵێناوە گەردنی وەك کێل ، بەرخەبەبەی دەجووڵێتەوە لەبەرخۆیەوە ، لەدڵی دا ، یەك بەدڵ دەڵێ : ـ میرزای خۆم ! مەزنی مەزنان ! کەس گوێی لێ نیە ، کەس ئاگای لەکەس نیە، بۆدەمێك ، وەك خەون و خەیال "میرزا " چاوی ڕەشکەو پێشکە دەکا ، " ناز" لەبەرامبەریەتی دیسان، شوق و لەرز ، سەرە گێژەو ویست وهەست ٠٠٠٠٠٠٠

* * * * * *

ـ شەو درەنگە ،میوانەکان لەبەرەوەماڵی سۆفی جێ دێڵن ، زرمەی

دەهۆڵ لەبن گوێی کوڕ ولاو هەروادێ ، داوەت بەربۆوە، هەل نەمـــاو ە بووکیش دوای شێو پێ یەکی پێدادا ، داوەت بەربوون ، دەس لێك بـەردا ن بابە رۆی جحێلان ، بەلام چ دەکرێ ؟ خۆشی کەم تەمەنە ، خۆشی هەلّ دێ ٠ کوڕ گەل وەك قومارباری دۆڕاو ، شل وکێل بەرەومالن ، بێ ئەوەی زرینگە- یان لێ هەستێ ، ئاش بەتال وباخەلّ بەتال ، شاباش رووتی کردوون٠

لەنێو مالّدا " پەردوو " گەڕاوە، مانگ بەدەلاقەدا رووناکی خستۆتە هەرزالّ ، ژووری پەردوو رووناکی یەکی بڕگە بڕگەی کەوتۆتە سەر ،روخساری پشکوتووی لە تارا دەرهاتووی " خەزالّ " بەشەرمــــەوە دە درەوشێ ، دوعا دەکا ، لەدلّدا ، لەخودای دەوێ ، دەستەخۆشکەکانی بەمەخسوود و مراد بن ٠

" یارە" دوو رکاعەتی نوێژی سوننەت بەجێ هێناوە ، لەسەربەرمالّ، کەوتەوتەوە بیری " شەکەخەزالّ " : - حەیف ، هەزار حەیــف ، شەکـە چاو بزەکەی خۆم ! جێی ئەو بەتالّە ، بریا لە لام با ٠٠٠٠هەمووشەوشەوی خولان، هێندە لەمێژنیە، ئای دنیا ، " شەکە خەزالّ " لە لام خەوتبوو ، هێدی ولەسەرەخۆ، ئارام وبێ هەست ، لەپەناگ حەسابوومەوە، بیــــری " خەزالّ "م دەکرد، بەخەیالّ پلاوم دەزانی ٠٠٠٠

شەکە خەزالّ هی من بوو، کات هەر ئەم کاتە بوو، چەتـــە دەوریـــا ن دابووین، تەقەدەسی پێکرد، ئاخ دەستی شکێ ٠٠٠٠٠خۆم بەســـەر شـەکـە خەزالّ کێشا ، توند لەئامێزم گرت، ئای گلّە مەرگت بێ ، هەوەلّ تـەقـە خوێنی رژا ، خوێنێکی گەرم وگەش ، جۆگەیەکی چووکەی لەبەینمان وەڕێ خست ، ئاگام لەخۆ بڕا ، ئیدی نەم دیەوە، هەتا برینەکەم ساڕێژ بۆوە، قەل و دالّ تۆزیان لەعەرزی نەهێشت ٠٠٠

" خەزالّ " لەمێژە بێدەنگە، دەسرەیەکی سپی ریشوو داری دا بە "یارە" ولەبەر لێویەوە کوتی : - بگرە ! ئەوەش گولّەکانت !رۆژێ سەدجارم بـۆ ن پێوە دەکرد بۆنی تۆی لێ دەهات ! دلّم نەهات چیان لێ بکەم ، ئـــە و

چاو ورووه هەرئی خۆت بێ ،تەنیا جارێك گولێ لاسەرت، ئەویش لێم رفاندی .....

" شوانه" وه خۆهاتەوه ، گوڵه خاشخاشکی ویشك و وردی نێودەسرە لەدەستی دا قرچ و هۆڕ دەشکا ، هەڵدەپڕیوا ، حەوای دا سەرهەرزاڵ وکوتی:

ـ گوڵ بیانووی تۆ، شەکه خەزاڵیش بیانووی من ، بیانوونەما ، گوڵی من تۆی ! خەزاڵی من تۆی ! خەزاڵ ! خەزاڵ ! گوڵی نێوماڵ .

* * * * *

لای بەیانی دەنگی شمشاڵ دێ ، بۆهەوەڵجار دەنگی دێ وبۆنی خەمی لێ نایه ......

# ١٢

ساڵ درەنگە، ئێوارە پایزە، تاوی بێ تین و رەنگ پەڕیو ، وەك نیگای یاران کاتی جیا بوونەوە دەچێ •

گەڵا زەردە ، تاك ولۆ دەسووڕێن و دەکەونە سەر زەوی ، خەزەڵ و ویشکەجـۆگە و قولکەی مشت و دارماڵ کردووە، بای پایز و گەڵاریزان ، گەڵای زەردی نەخۆشی دیلی دەستی با ، بای سەرخۆشی بادەنۆشی شەختە، شەختەی شەڕ خوازی ، جوانـی کوژی بێستان رن •

تەبیعەتی سەوز وسەر سەوزی رەز و باخی داوەتە بەلا پللار ، پایـز مەرگی جوانی یە ، ئاویلکەی جوانە مەرگی یە، گازی مۆتەیە ، بـێ دەرەتانە، بێ ئامانە ، کەوادڕی هەژارە ، کاکڕی دەوڵەمەندە ،پایزپایزە ، گاڵتە نازانێ ، رۆژی قەرەوەیسە ، عەزای مردنە، ئاهەنگی شۆردنە•

جەلادی زەرد بەچوار ناڵە هاتووە، ساتۆری مەرگ لەملی دار دە وە ن دەدا ، هاڵوی نەمان دەکاتە سەرکۆرپەی نەمام ، تەڕو تەڕپۆشی دەمژێ ، تەرمی جوانی یەکان دەنێژێ •تیێك دەدا ، خاپوور دەکا ، زوڵم دەکا ، شەڕ فرۆشە زەرد پۆشە ، لەکوشتنێ سەرخۆشە•

بـاڵندە و پۆڕ ، سـەف و پـۆل پـۆل



@kurdica

بەجێ ورێ وەك یانەعەرابە بەتەشقی ئاسمانەوە، كۆچیانە، كۆچەری دەركراو، بەرەوبژوێن، بەرەوژیان، بەرەوئاران، بەرەومان، ئاوارەی هەندزان دەبن، دەركراوی دەستی قورسی گەردە لوول، گێژی گێژاوی گێژە لووكە، هێلانەی بەتاڵ جێ دێڵن، هێلانەی بەتاڵ بەدم باوە وەك جۆلانە رادەژێ، چڵ چڵە هەلاش وپووشی دەوەرێ، مەحتەلی هەوەڵ نوای بەفرەبە یەگجاری تێك رمێ وشۆربێتەوە.

لەوتالان وبرۆیەدا، لەو بەرەلابوونی باخ وبێستانەدا، رەپستەی سۆفی بەشینی ماوە، نووكی گەلای رەپستە زەرد بووە، ئەمما ئێستا پنج دادەكوتێ و رەش هەلدەگەرێ.

رەپستەی هەوەڵ گا، رەپستەی بەرانی، رەپستەی پنج بەست،نەوندە، ساردەكێل، جاری تەرە وتیشە دەكێشێ، شین لەنێو سفرەی شین گوێزە بانەیەتی، شین شینی ئاوا لان دەكا، سەوز بەیداغی هەڵداوە، سۆفی دڵخۆشە، لەدڵ دا دەڵێ: - ساڵی داهاتوو، شین وشێوەردم دەبێ ،هومێد، هیوا، خەرمان، كوێزروبەریا، خۆیان، لۆدەكا چاوەرێمە.

رەپستەی سۆفی شینی ئەوساڵیەتی، جووت وگای دەست پێكردۆتەوە، هەر ئەو پایزە ئاوی گرتووە، ئاوی بەشەكۆدەداشت ،یەك یەك پەلەكانی بۆ هەڵدەگرتەوە، شێوردی وەهادەداشت دەبێترشاند، لەكێلان دا زەوی بوورە هەرپلەی دەهات، كۆنە زەوی بوو، چەندساڵی گاسن وی نەكەوتبوو، نەغد ببۆوە، نان وتوو، زەكات وبەرات، بگرە دشمێنێتەوە رەپستە نیە كەوایە، پاتۆلە، نانە، رسقە، رۆزی یە، وەهای ماڵوو و سەرماڵوو كردووە، وەك جێ خەرمانی راستە، خەت وكووزو بەرەی ئەوەندە راست و وەستایانە لێداوە، دەڵێ بەمقەست راست هێناوە،

پێش شین بوون، كەردووی كێشاوە هەربۆیە دەنكێكی بە خەتەر نەچووە، ساماڵ شینە، بێ پەلە و بیرۆ، چاكی كێلا، باشی داشت و خاسی ناشت، دەبێ چالی بۆهەڵقەنی " ئەوی بی چێنی دەیدروویەوە "

-رەپستە حاسڵی رەنجی شان وپێڵی سۆفی یە، گاپێڵە وگاقیتە ی تێـدا هیلاك كردووە.

بزنە گەلیش جێی پڕبۆتەوە، بزنەكانی " یارە" لەگەڵ كەركەمەڕی جیازی " خەزاڵ " ، زۆر لەجاران پترن ، سۆفی تەنیا نیە ، بووكی هەیە كوڕی هەیە، ئاودەنگی ، دەگوڕێنێ ، هەرادەكا ، ئەمردەكا ، وڵات پاك و خاوێنە ، ماڵدراو وئاوپڕژێن كراو ، كەندوو پڕپڕە ،لەسەر دەرك و لێوان دارماڵ و ئاخندراو ، بن هەرزاڵ پڕبۆتەوە، كەل وپەل ودانەوێڵە،نان هەیە ، بێنە بێنە وسەر ورووخۆشی ، دەركی نیۆماڵ ئاوەڵا وەك پێشوو.

" سۆفی " لەسەر لبادێكی ساكار پاڵی داوەتەوە، لاقێكی لەلێواری سەكۆ هێناوەتە خوار، وەتمانی لە لاهەڵ تووتە كاوە ، وەتمان ماوەیەكـە هەموو رۆژێ دێتە لای سۆفی ، هەموو جارێ ریشەسپیەكەی ماچ دەكا ، دەچێتەباوەشیەوە، سۆفی زوری رووداوەتی ، خۆشی دەوێ ، وەتمان زۆر ژیكەلەیە، بێ بابی هەست كردووە.

وەك شتێكی لێ ون بووبێ ، لایەكی پێوەنیە ، كاتێك منداڵی دیكە لەگەڵ بابیان دەبینێ وەبیری دێتەوە، دەزانێ شتێكی لەوان كەمترە ، بێ بابی لەوتەمەنەدا دەردێكی گرانە، لەماڵێ داپیاوێكی نابینـێ ، دەیەوێ بەكەسێك پشت ئەستووربێ ، لەودەور وبەرەدا تەنیا " میرزا " و " سۆفی " دەستی بەسەر دادێنن و دەیلاوێننەوە ، ئەویش دڵی بەوان روون دەبێتەوە.

وەختێـك " میرزا " لەدێی دابێ ، لەهەرماڵێك ولەهەرشوێنێك ، وەتمان دەگاتە سەری ، لەپەنای رۆدەنیشێ ، " میرزا " تاریفی دەكا ،دڵی مندا ڵانەی بەجێ دێنێ :

- وەتمان ماشەڵا گەورە بووە، بۆتەپیاو ، ئاقڵە، كوڕی مامـی خۆیەتی،ساڵێكی دی دەچێتە لای مام مەلا ، دەرس دەخوێنێ ، دەبێتە خوێندەوار ، ئۆخەی میرزای قەڵەم زێڕین ، كاغەزی بۆمامی خۆی دەنووسێ ،دەبێتـە

فەقێ • زۆرجاران دراوی دەداتێ ، وەتمان دراوەکەلەباخەڵی دەنێ و لـە لاقان دەوەرێنێ بۆ لای دوکانی مام بــــرایم •

" وەتمان " میرزای کەم وەگیر دەکەوێ ، " میرزا " هەر رۆژەی لـە جێ یەکە : ، بەلام سۆفی چ لەماڵی بێ ، چ لەمەزراکەی ، لەوەتمان دوور نیە ، دەچێتە لای • سۆفی عەرابەی چووکەی بۆ دروست دەکا ، کالەی بـــۆ هەڵ دەبەستێ ، دەستی دەگری ولەگەڵ خۆی دەیبا •

ئەورۆ " وەتمان " برێك درەنگ هاتووە ، دایکی لیباسی بۆشوتووە ، سەروگوێلاکی خاوێن کردۆتەوە ، بۆنی ئەسپۆن لەسەروپۆترا غی دێ ، خاوێن و سوور ، چەشنی گولووك •

سۆفی هەرای خەزالی کرد :

- کچم برێك نوقڵ بۆمیوانەژیکەلەکەی مامی خۆی بێنە ، ماشەلا بۆتە پیاو ، کوری مامی لەکوری شای خاوێن تــــرە ، ئاقڵە ، نینۆکەکانی هەڵپاچیوە •

" خەزاڵ " پــری پیالەیەکی مس نوقڵ دێنێ ، لەپێش وەتمانـــــی دادەنێ ، ماچی دەکاو دەڵێ : - لەسەرت گەرێم ، دایــکت چۆنە ؟

وەتمان :

- چاکەشێو دەکا ، دادەخەژال ! ئەی کاکە یالە لەکوێ یە ؟

بلێ بلوێلم بۆ لێ دا ، باشە دادە خەژال •

"خــــەزاڵ " سوور هەڵدەگەرێ ، لەلای سۆفی شەرم دەکا ، سۆفی بـــە قەت بابی خۆش دەوێ •

" خەزاڵ " شۆربا ولەپەی لێدەنێ ، رۆن وپیـوازەکەی تێکەڵ لەپەی کولا وکردووە وئاوی کردۆتە سەر ، دیزەکەی بەقەلانگ رۆ دێلێتە تەندوور ، دەرخۆنەی لەسەر دادەنێ •

" خەزاڵ " ماڵی سۆفی رازاندۆتەوە ، زۆر جاران سۆفی پێی دەڵێ :

- رەبی رۆڵە رووی دایك وبابت سپی بێ ، وەك دڵی منت حەساندەوە ، خوا چاکەت بۆبکا ، بەختەوەری دنیاو قیامەتی بی •

تەندووریکی چووکە لەسەر سەکۆی حەوشەداندراوە، ئاورگەکـــەی " پیرە" لەگۆشەی حەوشەتێك نەچووە، نیومال گەسکە سواخێکی خاوێـن کراوە ، قورم بەمیچی یەوەنیە، بەرەی نەخشینی هەرزال تازەیە،جووتێـك " خەشە" وسێ لینگ" جەوالی " تازە دوروا و لەسەر پێژ.کێ داندراوە ، مال لە خاوێنی دا خەملیوە ، خەزال کچە دەولەمەندە، سەربەرسقە،پـێ و قەدەم باشە، شکلی مال گۆراوە، بەدوو لای کۆلـەکـەیـەك دا چیـخ یـــان رائەنگاوتووە، پەردوویەکی ئەمانەتی ، سەرما بزووتووە، "سۆفی "چی‌دی لەسەر سەکۆ ناحاوێتەوە، هۆدەی دیکەشیان نیە٠

خەزال ویارە لەپشت پەردوو دەخەون ، هەردووکیان تازە ســاردە جێ گەرم دادێنن ، خەوی ساردەجێ سلامەتە، کورسیش بۆسۆفی داوێن، سۆفـی شەوانە زوو دەخەوێ ، سەری شەو، پاش نـوێژی خەوتنان ، مـــریشـك هەل نیشت ، باویشك دایدەگرێ ، پارشێوێ راستەوە دەبێ ، بێ خشپـــە دەچێتە دەرێ ، دەرکی کولانە مریشك دەکاتەوە، نـوێــژی بـەیـانـــی‌وخـۆ خافلاندن ، ئەوان وەخەبەر ناهێنـێ ، هەتا بۆخۆیان وەخەبەر دێن ٠

" سۆفی " حەساوەتەوە، ئاخری خێرە، چـــی لەدل دانیە، قانـع ، رازی ، کاسب ، خاکی ، هەردەلێ :

ـ ئــای لەخولای بەزیادبێ ، زۆری لەکنە، دەورەم ئاوەدانە، کورم هەیە ، بووکم هەیە، نەوەم دەبێ ، نان و دۆ ، رسق و رۆزی ، مال ،ئاوەدانـی ، ئاودەنگی ، چم لە خولا بوێ ٠

ئەگەر کورەکەی خۆشم مابا ، هەربەقەت " یارەم " خۆش دەویست ، هەر دووکیانم خۆش دەوێ ، ئێستا گوێم لە دەنگیان نەبووە،چەندبەعەدەبـن بێدەنگن ، خوا بۆیەکی داناون ، خوابۆمنی ناردن ، فریشتەن ٠

سۆفی ، خوا بەسەری کردیەوە، قەیران لاچوو، قۆرت رەوی تەنگانـــە تێپەری ، تاوهەلات ، رووناکایی ، هومێد ، هیوا ٠ خوایەگیان ،خراپەی کەسم ناوێ ، کەسم ناخۆش ناوێ ، بەغەرەزی خەلکەوە ناچمە نێوجـێ ،

پیـا وەتیـم پـێ خۆش بـوو ، ئەویشت دامەوە ، " پیره " ت لـێ ئەستانـدم ، ئەو کورِ وبووکە باشەت دامێ ، رەبی لێت بەزیادبێ ، خودایە شوکـر ، هەزار جار شوکر ، خوێندتمەوە : ، بەسەرت کردمەوە ، روحمت پێکردم ، قەرە بووت بۆکردمەوە ٠

"سۆفی " کەم و کوورِی زۆرە ، بەلاّم قانعە،رازی یە ، بەکەمیش رازی یە، گوێیسی رانەخستووە ، تەماح سواری شانی نەبووە بێ تەماحە،گوزەرانـی دەوێ ، هەرئەوەندەی موحتاجی دەرکی نامەردی نەبێ ٠ " سۆفـی" بۆ پەز و بزنەکان هۆلّی نیە، دانگـــەی نیە ، کۆزی نیە، بۆگایەکانی تەویلـە ی نیە، کادێنی دەوێ ، هۆدەیەکی بۆکورِ وبووکەکەی پێویستە، دەرکەیەك ، دەلاقەیەك ، سێ لادیوار ، ئالّوودار وهەلاّش وسەرهەلاّش هۆدەیەك بەسەر نیوّمالّێ دا ٠

سالاّن بزنەگەلەکەی ، وەختی سەردانگەی ومالّی حاجی "حەمـە " دەنا ٠ ئەوسالّیش حاجی بۆی بەخێو دەکا ، حاجی نەیهێشتوە قورِەکـار ی بکا ، پیێی کوتبوو :

- ئەرێ سۆفی ! ئەلاّ مالت خرانەکا ، ئەلعانیش نامۆیی بەمن دەکەی ، ، کورِە هەزار جارم پێکوتووی لەحاستا تۆ ساحێب مالّ نیم ، ساحێب سەر نیم، قورِەکاری بەو درەنگ وەختی یە ! خۆتۆشێت نی ، قورِەکاری بـاران بـەستی بەهارێ دەکرێ ، رۆژگار درێژن بەقەدرایە سالّ ، قورِی بەهـار ی قایمە وەك پۆلاّ ، پیاوەکانت بۆ دەنێرم ، وەستا رەسوولـێ بانگ دەکەین ، بەقەدەرێکی وەك قولّەی هێلکەی خرِدەبیەوە ٠

ئالّوودار وچرپی وچالّ ، چ زۆرە ئەوانە ، دەی بابم خـۆ تـۆ کۆشکی فەرهادی سازناکەی ،خەم مەخۆ بابەهارمان لێ دابێ ،ئەوانە لەعایدی من، کورِەسۆفی ! خۆتۆ وانەبووی ! ئەمن پێم وابوو زۆر پیاوی ، مالّـی من وتۆ کوابەش کراوە ؟ مەی کە نەقلّەکەی پێشوو ، ئەمن پێم خۆش نەبوو تەنیابی ، ئەتۆپێت وابوو خێرت پێدەکەم ، کورِە سۆفی کەنگێ ئـاقـلّ



@kurdica

دەبی ، کوڕە حیزە سەر ، فیڵە، ماخولیا ، فرت بەدنیایەوەنیە، مـال ویران ! لەبیرتە ئەو دەمێ منداڵ بووین، گوینمان دەکرد، توپـم بـۆ هەلاویشتی ! لەباتی ئەوەی بیقۆزیەوە، داریکت لەکاژەڵەی سەری مندا ، خوێنی سەرم رانەدەوەستا ، لەبیرتە بابم دەیکوت :

" ئەگەر " " حەمە " مرد، " ئەحمەد " م دەمێنێ ، ئەتۆ لەشەرمان ولەتاوی من وەختابوو شێت بی .

دەی جاکەللەفیل ئەمن هەر ئەو حەمەم ، ئەلئان چی لێهاتووە ،ئاخر چی ؟ هەردووکمان بۆز بووین، ئەدی دەستەبرایەتیەکە تەواو بوو، ، پیاو بەپیری نابێ بگۆڕێ ، پیرکامـڵ دەبێ ، ئاقڵ دەبێ ، ئەتۆ دەعەزری ، دەهری دەبی .

ئاخ لەئاخی دە دنیایە، ئەو دەمی پاش سەرەخۆشی چەندەم حـەز دەکرد ، دلم هاتبایەك دوو نەقورچم لەسەروسەکوتت کوتابا ،ئای دلـت ناسك بوو، وەختی نەبوو، زاتم نـــەکرد، بەخولای دەناحەقی خۆت بوو، کوڕەجاچۆن ! بۆزە ! ردێن کلکە پاچ قسەی من لەقسەی " بلە " چـەرچـی دەخەی ؟ !

سۆفی : ـ ناحاجی ! نابراکەم ! قسەی تۆ قسەی براگەورەمە،قسـەی دلم ، ئەتۆ جنێوم پێ بدەی ، لەمەر حەبایی خەڵکی باشترە، قەت لـەتـۆ ناڕەحەت نابم ، نانا ئەوانە مەڵێ ، ئـەتۆ جوێ و " بلەچەرچـــی جــــوێ یە، بلەی چی و شتی چی ، کەنگێ ئەو هەتیوە بەلینگە کەوشـی تۆ بووە.

بۆیەم جوابی تۆ نەداوە پێم وایە " بەرد هەتا لەجێی خۆیەتیقورسە " ئەمن بۆخۆم قەدری خۆم نەزانم ، ئەتۆ قەدرم ناگری ، باتاوالی منداڵـــی منیش بی ، بابراشم بی ، براله حاجی لەخۆت مەگۆڕە ، ئەمن هاتبامـە ماڵەتۆ، دای دەنێم ئەتۆ سەدهێند پیاوی چاك بای ، ئەدی قسەی خەڵکی، ئەمنیش بەشی خۆم ، ناو وناو بانگێـکم هەیە، ئەمنیش دۆست ودوژمنێکم هەیە،

هەیە، پیاوەتی تۆ بۆمن وەك رۆژ ئاشکرایە، قەتم چاکەی تۆپێ نادرێتەوە، نەئی تۆ نەئی حاجی ژن، دەردەسەرم زۆر بۆنگۆیە، زەحمەت و قورسایی ئەوەندەی خولا حەزبکا، حاجی لەحاست تۆسەرم هەڵنایە، هەرئەوەندەی دڵی من ومیرزات نەشکاند وکچت دابە" یارە" ،جاچۆن بڵێم ؟ هەر ئەوە بۆمن دەریایەکە، ئەتۆ پیاوەتیت کرد، ئەمنیش هەتاگڵەبانی چاوم دەکەن لەبیرم ناچێ ، حەمەگیان! ئەوەندەت حەق لەسەرمە مەگەر بتکووژم،دەنا چاکەی تۆم پێ نادرێتەوە.

پاش ئەو رازوگلەیی یە، حاجی هەرای یارەی کرد:

- رۆڵە! برۆ هەرزنیدەوارێکی خولا داویە بەسۆفی ، غەیری مریشکەکانی وەپێش خۆتی دە وبیبە ماڵی ئێمە.

" یارە" چاوێکی لەسۆفی کرد. سۆفی کوتی :

- هەرچی حاجی بڵێ .

هەر ئەو دەم ، گایەکان ومێگەلەکە بەرەوماڵی حاجی سەربەرەوژێرکرا .

" سۆفی " و " وەتمان" هەر لەسەر سەکۆ دانیشتوون، نیسێ بە سەران کشاوە ، " حاجی " چۆتەوە ماڵێ ، " یارە" تازە لەماڵی حاجی دەگەرێتەوە، مەروما لاتی دامەزراندووە، بەخاتر جەمی ، بێڵی لەبەر ی میچی چەقاندوە، بەنارەنار دەگاتەوە حەوشە،لەگەڵ سەری وەدەرکەوت وەتمان هەرای کرد:

- کاکەیالەگیان! شمشالەکەت بینە! دادەخەزال دەیکوت،ئەو ئەودەلێ ، زووکە دەلۆمەوە، دایکم لێم دەدا ، کاکەیالەگیان !زووبە، دەی ....

" یارە" دەچێتەژوورێ ، لەگەڵ " خەزاڵ " سرتەیەك دەکا و شمشاڵەکەی هەڵدەگرێ ودێتەسەر سەکۆ.

هەوا مەیلەوساردە ،لەش تەزووی ساردی پێدادێ ، سەبیلەی"سۆفی " تازەداگیرساوە، مژی توندی لێدەدا ، زوو زوو لەپی دەستی لەسەردادەنێ ، بێ خەم وخەیاڵ ، قورس وقایم ، بەخاترجەمی دانیشتووە.

" وەتمان" چاوی بڕیوەتە " یارە" سوور هەڵگراوە ،بەهەوای شمشاڵ خۆ بادەدا ، نازانێ چۆنە ، تێ ناگا چیە، پێی خۆشە ، گوڵی پێکردووە ، خافڵاوە.

"سۆفی " لەخۆشی " وەتمان " خۆشە، وەك ئەو ، دەڵێی هەر دووکیان لە عومرێك دان ، وەك ئاواڵ بن ، پێکەوە کایەبکەن ،پیر و منداڵ ، منداڵ وپیر ، ئەوکاتەژیان پڕەلە خێروخۆشی ،سەفای منداڵی تێدایە ، جوان وبێ خەوش ، بزە رەنگی بزەی هەیە، کایەتەنیابەخاتری کایە، دڵخۆشی منا ڵانە، دنیایەکی جوانیان پێك هێناوە، جوانی لە جوانی دا روخساری رازی ، ناوچاوان بێ گرێ وگوڵ ، دڵ پاك وبێ پەلە ، ساف وساکار ، خاوێن وروون.

دێزە لە تەندووری داقوڵتە قوڵت دەکوڵێ ، شوانە پایزە لێدەدا ، " خەزاڵ " باشی حاڵی دەبێ ، " سۆفی " یش کەمێك بەڵەدە، "وەتمان" کاری بەوانە نیە، خۆشە وخۆش ، کۆزیلکەیان گرتووە، دڵ پاك وخاوێن ، نیگرانی ، ترس ،حەسوودی ، بەخیلی ، تەماح ، خەیانەت دەغەلی ، دەڵەچەیی هیچ کام لەوانە لەگۆڕێ دانین، کات کاتی ، سەفایە،وەفایە ، پاکی وراستی ، دڵ لەحاست دڵ حەساوەتەوە، وەك چەند منداڵ لە لای یەك، وەك خانووچکەی مندا ڵان ، جیلوەی ئاسمانی ، بەهەشتی فریشتە، ، جەننەتی پەری ، هێلانەی دڵ ، جۆلانەی حەسانەوە.

لەوکاتەدا " وەتمان" بێ بابی لەبیرنیە، ماوەیەکی کورتە ئەوبارەی لەسەر شانی لاچووە، خەمی لەدڵی دەرهاویتووە، لەباوەشی گەرمی "سۆفی " دا ، سەرلە سەر سینگی " سۆفی " ، تووکی رەش وسپی سەر سینگی " سۆفی " سەوز دەنوێنێ ، سەری "وەتمان" لە سەری حەساوەتەوە.

" سۆفی " دنیای لێ روون بۆتەوە، بەوەندەی کە" وەتمان"دڵخۆشە ، دڵخوشە، ، دڵێکی شاد کردووە، منداڵێکی خافڵاندووە ،

لاواندوویەتەوە، " وەتمان" ی مەحسووم ، بێ گوناە ، بێ پەنا ، "سۆفی" لەخۆی رازی یە، لەکاری خۆی پشت ئەستوورە، هەست بەوە دەکا ،رابردوو دووپات بۆتەوە، پیاوەتی گەڕاوەتەوە، " سۆفی " سۆفی ، جارانە،بە رد لە دەستی دابۆتە میو ، خەڵك دێنە لای ،پرس وڕای پێدەکەن،گرێپووچکە دەکاتەوە، لێقەوماو وەبن باڵی خۆی دەدا ، دەس بەسەر ناکار، دەس بە سەران دادێنێ ، " سۆفی " خۆیەتی ، ئەوەی دەیەویست ، ئەوەی لەدەستی دابوو، هاتبۆوەجێ ،

لەپشت دیواری رزەڵۆك و بن کوڵی حەوشە سەری " میرزا " وەدەر کەوت، هەر ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو، شین بۆرەگەیشتە نێوەراستی حەوشە ، هەتاوەخۆهاتن " میرزا " دابەزی ، ئەسپە بۆرەی بەرە لاکرد ، ئەسپە بۆرە وەك کڵی پرد، سمی بەعەرزی یەوە نووسا ، وەك سندم کرابێ ، دەسبند وپاشبند درابێ ، قورس و قایم ، کێوێك ، رەوەزێك ، لەتە دیوارێك ، تەڕایی ئارەقەی قاچ و قولی لەچاو دەدا ، بەو حەوشەیە و بەومالە ئاشنایە، نامۆیی ناکا ، غەریب نیە٠

بەزم راوەستا ، لێگرا چوونە لای " میرزا " ، " وەتمان" لەپێش هەمان گەیشتێ ، " میرزا " داهاتەوە ،" وەتمان " دەستی لە ئەستۆی داقولاپ کرد ، " میرزا " لاواندیەوە : ـ ها کوری مامی ، ماشەلا ،گەور ە بووی ، بوویە پیاو ! میوانی سۆفیێی ، هاواڵی سۆفی و یارەی ! دەی بابم چلۆنی ؟ ساخی ؟ بەکەیفی ، هەرواڵاقڵی ؟

" وەتمان " شاگەشکەبووە ، :

ـ مام میلزا ! مامەسۆفی نوغلی دامێ ، کاکەیالەبلوێلی لێدا ،دادەخەزال شولباو لێدەنی ، مامەمیلزا ! ئەتۆش لیلە دەبی ، مامی من دەبی ! ؟

" میرزا " لەگەڵ " سوفی " و " یارە" دەست ومووشتاغیان کرد ، ساخ وسلامەتی وبەخێرهاتن کرا ، خەزاڵ قوڵی میرزای زیارەت کرد و رۆیی ٠

سۆفی فەرمووی کرد ٠ میرزا لەسەر سەکۆ رۆنیشت، یاره ئەسپەبۆرەی بەستەوە، گیای لەبەرکرد ٠ سۆفی :

ـ خەزاڵ ! رۆڵەگیان ! لەمامی خۆت کەوی خێرا فرووجێکی بکـــووژەوە یەکی ناسك ٠ یاره ! ئەتۆش خـــێرا بەربەوە خواریێ ، بەیای نــــاز ، راگەبیینە، وەتمان ئەوشۆ ناچێتەوە ، میوانی مام میرزای دەبـــــێ ، با نیگران نەبن کورِم ، بەحاجی " حەمە" ش عەرزکە میرزا ناردوومیە شوێن تۆ، تەشریفت بێ بۆماڵی ئێمە٠

" سۆفی " ئەوەندەی بەراشکاوی قسەکرد، " میرزا " دڵی نەهات چ بڵێ ، " وەتمان" وەها لەمیرزا داغەرق بووە چاو ناتــــرووکێنێ٠

میرزا رووی لەسۆفی کرد :

ـ سۆفـــی ! حاڵ و باڵت چۆنە؟ کاروکاسپی بەکوێ گەیوە؟

سۆفی سەری هەڵێنا :

ـ قوربان ! لەسایەی خودای ولەسلامەتی سەری تۆرا ، حاڵ و باڵ وکاروبار هەموو باشە، هەمووشت زۆرە دەرد وبەلانەبێ ٠ دەگوزەرێ وئێمـــــــــە ش دنیامان بەتەنگاو تێلکە نەگرتووە، سەردەدا رۆزیش دەدا ، رسق هەرئـەوە نیە لەبەر چاوانە٠ میرزا :

ـ راستە ، ئیمان نیعمەتێکی گەورەیە، بەلام پیاو هەتا دەژی ، دەبـــــێ حەول دا ، دنیا بە بوونەوە خۆشە، رسقی حەلال ،رەحمەتە٠

برێك لەسەر ئەوقسانەرویشتن ، سۆفی رووی لەمیرزاکرد :

ـ قوربان ! دەسنوێژەکان تازە نەکەینەوە ؟میرزا :

ـ بـەڵێ ٠

بەجووتە بەرەو سەرئاو وەرێکەوتن ، وەتمان بەحندرحۆ وە دوویان کەوت ، روومەتی سوورن ، هەڵدەبەزێ وقنەدەکا ، نەوەرەزی دایکیەتی ، نەبابـــی وەبیر دێتەوە، وەك ئاواڵی ئەوان بێ ، بستێکیان لێ جیانابێتەوە ، لەکانی یەکەی بەرەوە دستوێژیان هەڵگرت ٠



@kurdica

تـازه سلاوی نـویژی دەدەنــه وه ، حاجی " حەمه " و " یـاره "گـەیشتنێ .
" یـاره " ئەسپه بۆرەی برده ئاوێ ، حاجی لـەسەر چۆکان لـه خــوارەوه ی میرزا دانیشت ، سۆفی هاتەوه جیـی خۆی .
کەولـی نـانـی لـەعەرزێ درا ، دەستاوی خەزال لـەدایکی نـامێنیـتەوه هەر ئەوەندەیه دەستی خۆی پیوه نـاخۆن .
" وەتمان " خەوی نـایه ، وەك خوینی لەچاوی کرابێ ، لـه خـۆشـــی میرزا حەجمانـی لـێ هەلگیراوه ، چاو سووری خۆی دیوەتەوه ، خۆشەویستـی لـه چاولێکردن را ئاشکرایه حالـەتی چاو دیاره ، چاوی بەغەزەب ،چا و ی خۆشەویستـی ، چاو ئاوێنەی دلـه ، پەیامی دلـه ، دەنگ دانـەوەی دلـــــه ، نوینەری دلـه ، چاو بەبێدەنگی قسەدەکا ، رەمزی هەیه ، رازی هەیه ، سرتەی هەیه ، لۆمەدەکا ،گلـەیی دەکا ، هاوار ، سکالاو زۆرکاری تر ، وەختــی وایه زمان لـەکارێك ، لـەکلامێك دەوەستێ ، دەست ویشـــك و لــەرزۆك دەبێ ، پێ لـەبەست دەچێ ، چاو وەکار دەکەوێ .
ئەرکی چاوتەنیا دیتن نیه ، پڕئەرکه ، تۆران ، ئاشت بوونـەوه ،بەزین ، سەرکەوتن ، رق و تووڕەیی ، کەیف وشادی .....
چاو هێزی تێدایه ، بێ هێزی تێدایه ، مات دەبێ ، شەبەق دە دا ، زینەی دێ ، دەمرێ .
ئەو شۆ ، چاوەجوانـەکانـی وەتمان ، پڕاوپڕلـەخۆشەویستی ،چەندجار لـەچاوی میرزا هەلـەنگووت ، بەرقێك و نیگایەك ، خۆشەویستی بێ فڕ و فیل ، خۆشەویستی بۆخۆشەویستی ، بێ رەنگ وریایی ، بێ قازانــج و زەرەر ، خۆشەویستی دوو بەشەر تەنیا بۆخۆشەویستی ، یەك بوون ، یەکەتی ، رەمزی حەسانـەوه ، رازی خاترجەمی ، خۆمالـی ،خۆیی ،خۆ ، تێکەلاوی ، پەیوەندی دل ، خۆراکی ر وح ، نـەشئەی ژیان .
ئەو شـۆ ، چاو بەزمانـی بێ زمانـی سەدان ئاهەنگی هەیه ،خۆشەویستی هەر دوولا ، لـه جوانـترین پەردەدا خۆ دەنـوێنـێ ، هەزاران خەون وخەیالــی

منالّی لەخالێك دامانا دەدا ، چاو ، چاوی روون ، چاوی خۆشەویستی ، ئەو خالّە چووکە ، گەورەترین نەخشی هەیە ، پەیامی مەتمانە ،نیزیکی دلّ بەدلّ .

" میرزا " رەنگی بزڕکاوە ، ماتە ، کەیف ودەماخی جارانی نیە ، پشووی خۆی نیە ، غەریب دەنوێنێ ، ماندوو لەچاودەدا ، دیارە رێ یەکی دووری بڕیوە ، لەئەسپە بۆرەڕا وا وێدەچێ ، بڕسی یە ، پرمە وحیلەی نەماوە . گسویێ لەمووچەوە نابا ، سمکۆلّ ناکا ، کرم وهۆڕ تفاق دەخوا ، بەبێ ئەوەی پەلّخۆری هەبێ .

" میرزا " ماتە ، حاجی وسۆفی هەستیان بەوەکردووە ، زۆریش سەیر نیە ، میرزا زۆرجاران ئەو حالّەی بەسەردا دێ ، پاشان لادەچێ ، ئەوشۆ چ جەفەنگی لێ نەداوە .

حاجی بزەیەکی ئانقەست دینێتەسەر لێوان ودەلّێ :

ـ مام میرزا ! برالە چاومان لەزاری تۆیە ، " ئەگەرماتی بۆدەهاتی " ، قسەیەك ، باسێك ، خەبەرێك ، سەودایەك ....

سۆفی قسەکەی بڕی وبەپێکەنینەوە :

ـ کاکەمیرزا ، جارجار بێدەنگە ، لەوانەیە ، فکری ژن هێنان بکا .

دەی میرزا ! پایزە وجەنگەی زەماوەند ، داوەتێکمان بۆسازکە ، شەرتە ژن بێنی ، جووتەگایەکەت بۆسەربڕم ، دەنانا قسەیەکمان لەگەلّ بکە .

" میرزا " سەری هەلّێنا ، رووی تێکردن :

ـ کاکەگیان ! چاکە هەمووتان لەجێ یەك کۆ بوونەوە ، سۆفی کاری منی ئاسان کردەوە ، تەمام بوو لێرەرا بچمەمالّی کاك حاجی ، چابووئەوهات ، سەلاح نەبوو لەوکاتەدا سەری لێدەم ، رێگایەکی دوورم لەبەرە ، ئەگەرچی دەلّێن : "رێگای دوور دەرمان نیە" دیسان بۆقەدەرێکی عیلاج هەرئەوەیە .

چوولێ بشارمەوە برادەر ! مام " برایمی " چەرچی بەسرپێرێکەهاتەلام ، بەڕوالّەت وەك مەیموونی تۆپی بێ ، خۆی وانیشان دەدا ، دلّ بەخەم ،

لاره مل ، هەنـاسه سارد، خۆتان باشی دەناسن ،پێویست نیه تاریفی بۆ ئێوه بکەم ، سیحر بـــازه ، گریان و پێکەنین لەدەستی خۆی دایه،هـەر دەڵێی لەگیرفانی دەر دێنێ ، وەك گوڵە بەڕۆژه، عەمتەریك ، خۆی فەقیـر کردبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا ،بەخەمناکی یەوه کوتی :

ـ میرزا ! بابەکەم دۆست و دوژمنی خۆت بناسه ! ئەمن تۆم خۆش دەوێ ، کارم بەوەنیه ئەتۆ چۆنی ، بەرامبەر بەمن چۆن بیردەکەیەوە، ، کـەس نەزانێ خولا ئاگای لێ یه، ئـــەوماوەی ئەتۆ لێره بووی ، قەت خۆت لە من نەگەیاند، زۆر جار ساردوسەوداتی لێ پووچەڵ کردم ، بۆ هەموو کـەس باب بووی ، بۆمن زڕباب ، چاوم لەوەش نیه، ئەوەی خودابیدا بەکەس کەم نابێ ، ئەمن کاسبم .

لەچەرچی گەری راهاتوومە سەرێ ، مالی حەرامم بە دەرکـــــێ دا نەهاتووه، دنیاش پێی دەوێ ، میرزا ! ئەتۆ ئـەمنت بۆهەتیومەتیوان وەلا نا ، کاکی خۆم زەرەرت کرد، ئەمن بۆخزمەتێ باشتر بووم ، تازه وەختـی ئەوانەش نیـــه ، وەلاهی شتێکم زانیبوو ، نەمدەویست باسی بکەم بەلام غیرەتم قبوولی نەکرد، ئەتۆ خراپەت کرد، ئەمن چاکەی دەکەم ، ، پیـاو حەیفه جوانان بشکێنێ ، وەلاهی پێم حەیف بوو، چ بکەم دڵەکەم وایه ، بەلا لەو دڵەم دا ، چی تێدانیه، وەك ئاوی کانی ، وەك ماڵەکەم خاوێنه .

ئەوەندەی رست ورست حەوسەلەم بەسەرچوو، کوتم :

ـ کاکەحەکایـــــەتم بۆمەکه، بڵێ بزانم چت دەوێ ؟ چت پێ یه ؟ لـەچـی دەگەڕێی ؟ کوتی :

ـ براگیان لەخوڕانەهاتووم ، پاشان قەدرم دەزانی ، مام میرزا !پیاوئەوەیه رۆژی تەنگانەی لەگەڵ خەڵکی بێ " خەنجەری چاك لەکالانی دا ناوەستێ" هاتووم پێت بڵێم ، بەدووتەوەن ، مەعمووری حکوومەت ! دوێنێ لەشـاری راهاتوومەوه، لەخەونم دابوو وایان دەکوت: " حکوومەت سەری تۆی دەوێ بەلام میرزا ! دەستی من و دامانی تۆ، نەکەی کوڕەبەئازاز و کەرەمێ لـه

ـلای کەس بگێڕیەوە، برالە نێوم مەهێنە، لە ڕێی خـــــودای دا ، ئاگات لە خۆت بێ و باسی من مەکە٠

ـ لەو بابەتەوە زۆر دوا ، بەراستی جێی شك بوو ، پێم وابوو یادرۆیە دەکا ، یاکاری خۆیەتی ، هەتا دوێنێ برادەرێکم کاغەزێکی بۆ ناردم ، هەمووشت روون بووە ٠ بلە چەرچی ناپیاو خەبەری بەوان داوە، خەبەری بەمنیش داوە، ئەوان رازی دەکا ، ئەمنیش لەکۆڵە خۆی دەکاتەوە٠

دەیـــەوێ بــێ زەنا زەنا ئەمن دەربازبم ،ئـــەویـــــش راست یادرۆجارجار خەبەرێکی بۆوان بەرێ ، حکوومەتی لەلابێ دنیای دەخوا ٠

حیسابەکەی هەتا ئێرە راست بوو ، بەلاّم ئەو لایەی نەخوێندبۆوە ، ئەو برادەرەی کاغەزی بۆمن ناردووە، بۆخۆی پیاوی حکوومەتەو ئاگای لە کاروبارهەیە٠

" یارە" وەك بزووت دەرپەڕی :

ـ دەیکووژم ، شەرتە نەهێڵم نانی زیندوان پخوا ، ئای ئای جا چۆن، ئـــەو هەتیوە وغەڵەتی وا ! ؟

میرزا زۆر لە سەرەخۆ و ئارام کوتی :

ـ نا رۆڵــــەم ! حەوسەڵەت بێ ، راوەستە باچوارپەلی قسەکەم وەعـــەرزێ کەوێ ، پاشان ، ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەبا ، لەبیرتە پێم دەکـــــــوتـــی :

" رۆڵەم ! دار دەست کوشتمی " پێت وابوو لەگەڵ گۆپاڵمە،یالەگۆچانی قەڵسم ، داردەست ئەوەیە کورم ، تێگەیشتی ئەوجار ، حالی بووی ؟یارە:

ـ بەڵێ مام میرزا ! ئەرێ وەڵاهی فکری هەموو شتێکم لەبلەچەرچی دەکرد، ئەوە نەبێ ، خۆبەخودای لغاوی تۆم لەزاری دانەبێ ،لەتی گەورەگوێیەتی، دەیکووژم ئەگەر پچێتە پەرپەروچکەی ئاسمانێ ، دەیکووژم ئەگەر پچێتـــە کۆشی دایکی یەوە ، کوڕە جاچۆن ! ئاخەر بۆ؟ لەسەرچی ؟ زەرەرت لەکێ داوە؟ ماڵی کێت خرا کردووە ؟ هەموو شوان وگاوانێك دەزانێ ،حکوومەتی شای خراپە، زاڵمە ٠٠٠

میرزا هەر بەچاو قسەکانی لێ وەرگرتەوەوکوتی :

ـ بارەکەڵڵا، شتێکی تێدەگەی ، خراپە هەی حکوومەتە، دەنایەك دووانێکی وەك " بلە" هەر پەیدا دەبێ ، ئاو لەسەرچاوەرا لێڵە،ئەوانەی خۆیان بە گەورەی ئێمە دەزانن ، ئەوانەی بەزۆر بوونە حەق دارو سەر وەسی خەڵکی بۆخویان دار دەستن ، داردەستی پاشاو گەورەکانی فەرەنگ، بلە چەرچی لەحاست ئەوان چۆنە، ئەوانیش لەبەرامبەر ئاغا - کانیان هەر وەها ، دەرد لێرەدایە، ئەمن ئەو دەردەم گرتووە،وێڵی دەرمانی ئەو دەردەم .

جا براگیان ! ئەو ماوەی لێرە ژیام ، جگەلەناڕەحەتی و عەزیەت خێرێکم بۆ ئێوە نەبووە، نان و داومێ ، بەخێوو کردووم ، ئەوەی پیاوەتی و کوردایەتی یە لەئێوەم دیوە، هەتا مردن لەبیرمە، تاگڵەبانی چاوانم دەکەن لەیادی ئێوە دا دەژیم ، منەتیش لە سەرکەس ناکەم ، بەشوێن بیر و بڕوای خۆمەوە ئاوارە وپەڕپوەی هەندەرانم ، لەبەرامبەر یەك یەکی خەڵکی ئەو وڵاتەدا، خۆم بەخەجاڵەت باروقەرزدار دەزانم .

ژیان ئەو جۆرەیە بەداخەوە، ژیانی کوردێکی ئەم سەردەمە لەوحەدە تێپەڕنابێ ، ئەوەی تێدەگا ، هەوڵ دەدا وپێ ناگا تێگەیشتن دەبێتە هۆی چەرمەسەری ، لەمێژە ئاوا دێ و دەڕوا ، لەمێژە قوربانی دەدەین .

بەوحاڵەشەوە لام لێ نادەن ،ناهێڵن تۆتره بگرم ، ڕێم نادەن لە وڵاتی خۆم وەحەسێم ، لەماڵی خۆم بێگانەم ،لەبرای خۆم دوورم لەزێدی خۆم زیزم ، لەمەوتەنی خۆم بۆنی غەریبی دەکەم ، بەدۆستی خۆم دوژمنم .

برادەران ! دەمەوێ گەردن ئازایی و لەگەڵ بکەم ، ناچارم بەجێ تان بێڵم .

سۆفی :

ـ منیش لەگەڵت دێم !



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

یارە :
- ناماەگیان من دەچم !
خەزاڵ مۆڕەیەکی لەیارە کرد ، سەدمانای دەدا .
میرزا :
- هیچ کامتان نابێ بێن ، خۆمن نەشەڕ دەکەم و نەبۆسەیران دەچم ، هەڵدێم ، من ناوانم خراوەتە ئەستۆ ، حکوومەت کاری بەمنە ، ئێوەبۆ ؟
حاجی :
- مام میرزا ! مەڕۆ دەتشارینەوە ، ماوەیەك ئاشکرا مەبە ، ئەگەر زۆریان هێنا ، ئێمەش دەست نادەین ، ئەی پیاوەتی بۆکەنگێ یە ، بەعێلێك میرزایەکمان هەیە ، چ بلا بوو ؟ ! دەورت دەگرین ، کوڕە کوڕەی جحێڵ زۆرە ، دراو هەیە ، چەك وچۆڵ دەکڕین ، کێو وشاخ ، بەندن وپنچك ، ئەو وڵاتە بۆ وەی چاکە .
هەر چوونێك تۆبلێی ئاوادەکەم ، روحێك بەخولای قەرزدارم ، چ ئەوڕۆ ، چ سبەی ، حیزایەتی قەبووڵ ناکەم ، سەر دانەواندن تاکەی ؟ بەمن بێ مەڕۆ ، مردن وکوژران لەسەر ئاو وخاکی خۆت باشترەلەپەنابردن بۆ هەندەران ، قسەی هەوەڵ و ئاخری من ئەوەیە " بێژە بەفربوارێ "
میرزا :
- ناحاجی ، تۆلە دلت راقسەدەکەی من لەمێشکم را ، نازانم زوو هاتوومیلا درەنگ ، ئەوەندەی دەزانم ، 'دەستێك بەتەنێ تەقەی نایە" بڕاکوژی قازانجی نیە . حاجی :
- کام برا ؟
میرزا :
- ئەو کەسانەی بەشوێن من دادێن ، ئەوانەی دەیانەوێ من بکووژن ، ئەوانەی بەخوێنی سەرم تینوون ، هەرئەوانەش برای منن ، بەلام تێ ناگەن چ دەکەن ، بۆخۆیان خۆیان دەکووژن ، دەردی مەیەکە ، دەردی هەمووما ن یەکە ،

یەکە، ئێمەدەبێ رۆژێك پێکەوە ، یەك دەنگ ویەك هاوار، یەك بگرین ، دوژمنی من، دوژمنیوانە، من چەتـەنیم ، من ئاووخاکی خۆم خۆش دەوێ، لەرێی ئەوان دەکووژرێم ، داخەکەم تێ ناگەن ، ئینسان ، ئینسانە ، رۆژێك دێ ئەو گەلە ویرای یەك راستەوەبێ ، حکوومەتی چەند هەزار ساڵەی پاشایەتی تێکەوە پێچێ ، ئەو دەم لەگەڵ وان، شان بەشانی ئەوان، میرزای ئێوەش خەبات دەکا ، ئێوەش خەبات دەکەن ٠

حاجی گیان ! زۆر لەوەپترلەتۆ رادەبینم ، ئەو وڵاتەم بە بۆنەیتۆوە پێخۆشە ، تکا دەکەم حەوسەلەت بێ ٠

" ئەوەی لەسەر سەبرانە لەسەر خێرانە" راوەستە باشتەکەبگا ،ئێمە بەتەنێ دەست دەینێ ، دەمان کەنەداردەست ، براکوژی مان پێ دەکەن، وەختێك کەولمـان لەحاجەت کەوت فرێمان دەدەن، دەبینە دەستەچیلە ، کورەلەوانە تۆقیوم ، سیاسەت قووڵە، دوژمن یەك و دوونین، دنیا خۆرەکان کایە بەخەڵك دەکەن ، راستەوەی دەکەن و لەعەرزی دەدەن، بەمەیل و مەرامی خۆیان ، لەسەرقازانجی خۆیان ٠

کاکە گیان ! شەو درەنگە، قسە زۆرن ، لە لای ئێوە ساڵێکم بە سەعاتێکە، وەسیەتی من بۆتۆ حاجی ئەوەیە :

" وەك هەی ، هەر وابە، وەتمان بەتو دەسپێرم ، ئەتۆش بەخودا ، ، کارێکی وابکەوەتمان بکەیە فەقێ ، بۆخۆت بەسەری رابگە، ئەو کیسە دراوەش بدەبەیای ناز، لەزمان منەوە خوداحافیزی لێ بکە، ئەودراوەبۆ وەتمان خەرج بکا ، وەکێلی سەلامان بە بۆمال و منداڵت ،بەداخەوەحاجی ژن و کورەکانیشم نەدی ، خاترجەم بە بێ خەبەریشت ناکەم ، سەر و لێدەدەم ٠

سۆفی ! شوانە و خەزاڵ بەتۆدەسپێرم ، ئاگات لێیان بێ ،هەر وەك باڵت بەسەرکێشاون ٠

شوانە ! ئەتۆش کارت بەبلە چەرچی نەبێ ، ئەگەر تێ گەیبا ئەوکارانەی

نە دەکرد.
شوانە :
- بەخولای مام میرزا ! بە قور حانەکەی مامۆستای ، یاتوخم وتۆرەمەی لەحەرزی هەڵدەگرم ، یاتەرکی ئەو مەڵبەندەی پێدەکەم ، بۆی مەپاڕیوە ، داخی لەزگم دایە.
میرزا ، وەك پۆ لایەك راستەوە بوو.
خەزاڵ بەقوڵی دانووسا ودەستی کرد بەگریان.
" وەتمان " بەمیرزای هەڵڕوچکاو کوتی :
- مام میلزا ! دایکم دەیکوت : " بابت دێتەوە " ئەتۆش دێ یەوە؟
میرزا دەستی بەسەر وەتماندا هێناو :
- ئەرێ رۆڵەگیان ! منیش دێمەوە، لەگەڵ بابت دەردمان گرت ودەرمانمان گیرنەکەوت.
وەتمان :
- مام میلزا ! بی یەوە نوغلم بۆدێنێ ؟
میرزا :
- بێ شك کوڕم ،دڵنیابەکوڕم !
پاشان وەتمانی ماچ کرد.
حاجی :
- مەڕۆ ! شوڕە سوار مەڕۆ ! برای هاوپشتم ، بڕبڕەی پشتم ، تازەدێ لێت حاڵی بم ، بریانەمدیبای ، دووکوڕم هەیە هەرکت لەسەر دەگێڕم،بەپیری پشتم مەشکێنە ، وەکازی پیریم میرزا ! مەڕۆ زگت پێم بسووتێ ،روحمم پێ بکە، دووری تۆ دەردە، دەرد.

حاجی چی دیکەی قسە پێ ناکرێ ، گریان لەئەوکی گیراوە و ەك مەنجەڵ دەکولێ ، ئامێزی پێداهێناوە.

" خەزاڵ " سەروقژی دەڕنێتەوە، روو مەتی بەڕنین وەك خاشخاشکـی

سوورن •

" یاره " ونه •

" سۆفی " ئارام و هێدی شانی وەبەر باری خەم داوە، خەم هاودەمی پێشووی ، هاو رازی لەمێژینەیەتی •بێکەسی لەمێژ ساڵە، کەسی ئەوە، کوڵی وی فێری ئەوبارانەیە، خۆ خواردنەوەو بێدەنگی ، برک و ژان لەگەڵی گەورەبووە، لەبەر لێویەوە ورتەی دێ :

- خودایە زۆر شکور، گەورە هەرئەتۆی ، کەسی بێ کەسان، شکور شکور ، چم لەدەست دێ ؟ !

سۆفی وحاجی ، هەناقەبری پیرە لەگەڵ میرزان، لەوێ دەست ودەمی یەکیان ماچ کرد •

"میرزا " رکێفی هێنا شین بۆرە و سەربەرەو ژوور تێهەڵبوو، تازە بەری مانگی رووناك دەبێ ، ئەسپە بۆرە ، باریکەرێی نێو دارستان شارەزایە، بە دەیان جار، شەو ونیوەشەو پێی داهاتووە، دارستان ، دارستانی جارانە ، بەڵام رەنگ ئاژۆی کردووە پەلی داکوتاوە، بڵیند تر لەچاو دەدا ، سەری سوارە یاسەری شین بۆرەیە جارجار وەدەر دەکەوێ و ون دەبێ ، دارستان بەسامە، شەوی پایز درێژە و رێگا دوور •

ئێستا میرزا نەدیو نەبووە، گڕە مەشقەڵی ، کێشەو ماڵ و حەوشەی " بلەچەرچی " نێو دێ و دارستان رووناك دەکا •

هاوارێك لەنێوان قرچ و هۆڕ و گڕو دووکەڵ دا ، دێ و نایە:

- هاوار ! ئەی هاوار ! سووتمان ، سووتمان ، بگەنێ ، کێو دەنگ دەداتەوە، دارستان خامۆش ، جارجار دەنگی چوارناڵی سمی شین بۆرە ، ئاور ، وردەپرپشکی ناڵ وبەرد، سوار سەردەکەوێ ، وردە خیزخلۆردەبنەوە دەرکەکان قەپات کراو •

دێ لە باوەشی شەودا ئارامی گرتووە ••••

# فەرهەنگۆك

**ئانگرەابوون:** بەگژداچوون دەستە و یەخەبوون

**ئاوەكی بوون :** ئەو مەڕەی لەسەر ئاوێ دەچێتە نێو مێگەلێكی دیكە

**ئەكابر :** بەعومر ، گەراوە ، گەورە

**ئامووری رژد :** ئامووریك كەزۆرلەعەرزی بچێتە خوار

**ئامووری مال :** ئەو ئامووڕەی كەم بچەقێ

**ئاولە ئاوەڕۆ دەركردن:** لەحەددی مەعموول چوونەدەر ، بێ حەیایی كردن، نالەبار جوولانەوە

**ئاڵی :** بەوكەسە دەڵێن لە ژنەكەی بترسێ

**بەئازاز وكەرەسێ :** بەهیچ جۆرێكی ، تەئكیدە، قایم كاری یە

**بێژەبەفر بواریّ :** یانی هەر ئەمرێك بكەی رەوایە

**بیرورا :** پرس ومەسڵحەت

**بێ چاوێنی بێ :** لەچاوی پیس بەدووربێ

**بۆز بەلەڕی :** پیربەكزی ، مەبەست ئەوەیە پیرەپیاو كزبێ چاكترە

**بەئاو داهاتن و بەنان داخوران:** مەبەست لەون بوونە ، غەیب بوون

**بنۆك :** خوری بنەوە ، ئەوخوری یەی دەیكەنە گویس ، خراپ

**برین وەبن دان :** برینەكە بەزاهیر چاك دەبێ بەلام چلكی دەمێنێ وچاك نابێتەوە

**بزووت :** بزۆز ، تۆندوتۆڵ

**بارەخوێ :** كایەیەكە كە لەودا سواری كوڵی یەكتر دەبن

**بەرخە بەبە:** غەب غەب ، بەرچێڵە

**بەپەندی سیاهەلێنان:** لۆمە كردن ، سەركۆنەكردن

**بەڕوولە:** دارێكە .قەداریە قامكێكی دەبێ ، شیلەپەی پێ قایم دەكرێ

**بەن كەڵەوە:** بەنێكە دووكەڵەوەی پێكەوە لەملی گای توند دەكا

**بەخرتی گەڕایی :** خەڕاتی كرابێ ، خڕتاشرابێ

**باج لەباجی نانالێنێ :** خەرج بە مەبەستی دەخل نالەی نیە ،قەیدی نیە

**باسكێش :** داری هەرە درێژی ئاموور

**بیم وەسایەقەت :** بەسەدەقەت بم

**بێ چاوسوور وبێ داشدار :** بێ كەس و بێ سەرپەرست

**بێڵ لەبەری میچی چەقاندن:** كارتەوا و كردن ، نەجات بوون لەكار

**بووره :** زەوی چەندساڵ نەكێڵدراو

**باقربووتەوە :** سوور بوونەوە، بەمسی سپی نەكراوە دەڵێن

**بای وەعدە :** بای شەماڵ لە **١٥**ی رەشەممە

**بەربەكوار :** گوڵینگی لەملی دابێ، ، گوارە لەمل " تایبەتی ئاژەڵە"

**بەش :** مەڕی نێو چاوان سپی

**باسقەننە:** داری قەننە، ئەو دارەی لە قەننە دەخرێ

**بێلا:** هەیوان ، جێ یەك بارانی لێ نەدا

**بنەوبێر :** ئەو كەسەی كەلەمێژە نەخۆشە

**بێن :** بەن ، دەزوو

**بەلەچەك :** تەرەكاری ویشك كراوە بۆ زستان



@kurdica

**پەڵەدان :** بەقووڵایی بستێك باران تەرایی دابێتە عەرز

**پەلەپووش :** سووك ، بێ وەزن

**پێچ وفلووچ :** خوارەكە وپێچەكە، پێچ و پەنا

**پاناوك :** جێگایەكە ئاو لێی تەنك و پان دەبێتەوە، بەدەشتی چكۆلەش دەڵێن

**پاڵێن :** دوای مەڕدۆشین وەختی شیر پاڵاوتن ، دوای نیوەڕۆ

**پاش بارە:** دارێكە لەپشتەوەی باسكێش و خەتی پێ

**پاپووكە خواردنەوە:** خڕبوونەوەی مار بە شكڵی دایرە، چەمبەرە •

**پەتەكەوتنە سەر ئاو:** دەست رووبوون ، سوڕ وەدەركەوتن •

**پەندرە:** بەئەدەب ، بێدەنگ •

**پەردوو:** پەردە، وارش ، پەردە بەچیغ كێشان ، حوجلە•

**پەڵخور:** ئەو تفاقەی لە بەر ماڵاتی دەمێنێتەوە•

**تەرلیگ :** ئارەق گیری ئەسپ •

**تەوفیر:** فەرق ، جیاوازی ،تەفاوەت•

**تاڵەبەن:** هەودایەك بەن •

**تری هەمەدانێ ؛ ئاردی خوراسانێ :** دووشت كەپێك مەربووت نەبن ، چی بە سەر چیەوە •

**تەرمەك :** كوگا دڕووی دروا و

**تیری نەبەدی :** تیری وێڵەكی،تیرێكی بەئانقەست نەبێ •

**تێلیسان :** قایشێك كە وەك پێشەوەی شەپكە بۆخۆ پاراستن لەتیشكی تاولەنبۆ

چاوانی دەبەستن •

**تەرەكی گرتنەوە:** بەماڵاتیكی دەڵێن كە بەگیای تەرتێری خواردبێ •

**جەللە كردن:** رێز كردن ، راستەوپاستە كردن ، هۆندنەوە•

**چاوزەقە:** دڕوویەكی بەژانە

**چەرمی ئاوەسوو :** چەرمێك كەبەئاوێك بیسوونەوە ، مەبەست لەكەسێكە چەرمەسەری زۆر دیبێ •

**چڕگەن :** چیمەنێكی پڕلەگیاوفرێزوو•

**چاوقوولكە:** تاعوون •

**چەندكێل بەبەردێك ئەنگاوتن:** چەند كار بەجارێكی كردن •

**چەپی :** چەشنە هەڵپەڕینێكی كوردی یە•

**حەقە پەڵەی پایز:** باران پاش مانگ و نیوێك پایز بەوشەرتەی پەڵەی بدا •

**حیندرحۆكردن :** هەڵبەزین ورۆیشتن•

**حەقلە مەقۆ:** لۆقاوی بڵیند هاویشتن و رۆیشتن •

**حەوتەوانە:** حەوت ئەستێرەن •

**حەیس وباس :** حەدیس وباس كردن ، حەكایەت •

**حیزی هەمبانەی كولوانە:** مەبەست ئەوەیە حیزی هەتا بەدمیەوە بدەی زیاد دەبێ •

**خەفەك :** خەوخەو ، تەمبەڵ •

**خەرسەك :** گران ، قورس ،قالب گران•

**خووگە ملە :** زۆرەبانی ،مل بەملە، مل بەشەڕدان•

**خەزەڵ :** گیای ویشك بوەوە•

**خەفەنگ :** خەفەكێش •

**خۆخستنە سەرپشت:** جواب نەدانەوە ، تەفرەدان ٠

**خۆرست:** تەبیعی ،خودروو٠

**خا لآن خوارزا مەزن کرد:** خالْ خۆشکەزی گەورەدەکا ٠

**خالْیگە:** بەتا لآیی لاکەلەکە ٠

**خەنەتیلکە:** گولْ سەنگ ٠

**خاوك :** خوری رێسراو ، بەنی تێوەدان ، بۆفەرش ٠

**خۆی لە تەپلْی گولْی داوە:** خۆی جوان کردووە ، رازاوەتەوە٠

**خێزەر بەستن :** سەف کێشان بە دووی یەکدا ، بەدووی یەکدا رۆیشتن ٠

**دۆم بێ و کەلآش بۆخۆی بکا :** ئەوکەسەی کەبەدلْ کارێکی دەکا ٠

**دەلووجە:** بای شەمالْ لە١٢ ی رەشەمە٠

**دورە زەرد:** ئەوەی رەنگی خوری یەکەی زەردی تەواو نەبێ ٠

**دارفزە:** دارێکە لەملی مەڕی دەکەن بۆ بەرگری لەپشووسواری ٠

**دەبەگلوو:** گلوویەك ترێ دەجاری بەخۆی هەلْکێشی و هەموو جاری لەپالْ خۆی کەیەوە٠

**دەلْەچە :** خوێری ، هیچ وپووچ،رووبەن ریاباز٠

**دەندە:** ئەو بەشە لەئامور کەگاسنی تێدەکرێ ٠

**دەستەکەوشە :** لەپاشبارە دەخری،جێی دەست پێگرتنە٠

**دۆلْەمکارە:** مکارەی دۆلْ بۆ کونی خڕ سازکردن بەکاردێ ٠

**دیوان دڕ :** بەکار ، بەدەسەلآت ٠

**دەس کیس :** دەست کێش ، رێ پیشاندەری کاری نالەباررودزی ٠

**دایکەدزە:** ئەوکەسەی دز رادەگرێ ، هاوکاری دزان ٠

**دەست و موشتاخ :** دەست لە دەستی یەك نان و ماچ و مووچ ٠

**دەسبەند وپاشبەند:** حالەتی بەستنی دەست و پاشووی یەك سمە٠

**دنیام بەتەنگاو تێلکە نەگرتووە :** مەبەست ئەوەیە کە دنیام سەخت نەگرتووە ٠

**دیزە بەدەرخۆنەکردن :** بێدەنگ بوون لە بارەی مەتلەبێکدا ، شاردنەوەی قسەیەك سەرنانەوەی رووداوێك ٠

**دۆلْپا :** داعبایەکە، چل ومل ٠

**ریتکە:** ریخە مەڕی شل ٠

**راشکاوی :** تێ رادیوی ، بەئاشکرا و بێ پێچ وپەنا ٠

**رەب :** نێزە٠

**ریندۆل :** قسپ ، هەودا ٠

**راستی رەوتی ؛ چەوتی کەوتی:** راست بی دەڕۆی ، ناڕاست بی دەکەوی ٠

**راوەك :** توورەکەیەکی گەورەی قایم ، توورەکەی چاو٠

**رەش کوێت:** رەنگی ئەسپە، کوێتی مایل بەرەش ٠

**رۆژی قەرەومیس :** رۆژی رەش ، رۆژی بەسام ٠

**رۆهێلان** : رۆهینشتن ، لەسەری را بــۆ خوارێ ٠

**رزلۆك** : لە حالی رزیندا ، لەحالـــی وەرین و خرابووندا ٠

**زوێلە چەرم** : چەرمێکی بستێك پان بــە درێژایی کەولەکە ٠

**زرووقە** : بریقەلێ هاتن ٠

**زینی یایلی** : زینێکە بۆ پشت هەمـو و ئەسپێك دەبێ ٠

**زۆرەوانی پشتێندە**: زورەوانی یەکە کـە لەوداپشتێندی یەکتر دەگرن ٠

**زۆرەوانی فڕێدانە**: یەکتر فڕێدەدەن ، فەندێکی زۆرە بانی یە ٠

**زووخاڵ** : گۆپال ،داردەستی ئەستوور ، رەژی ٠

**زووزەنەب** : ئەستێرەی کلك دار ٠

**زڕەکەش** : کەشاوی مەیلەو ویشك ، ئەوەی کێلانی وەدرەنگی دەکەوێ ٠

**زووره ئاوی** : بەردێکە لەئاوی دەنێن و مەڵەغان وداسی پێ تیژ دەکەن ٠

**ژاوە هـاتن** : پڕبوون لەگیاندار ٠

**سەپان تڕێنە**: دڕوویەکی تیژە،سەپانـــی ناڕەحەت دەکا ٠

**سەپان** : دروێنەوان ، ئەو کـەسەی بــە داس دروێنە دەکا ٠

**سەقەت** : چاك ، عەجایب ، گەورە ، بەشەل وکێڕ ونەقوستانیش دەلێن ٠

**سەرچەوتی کردن**: خۆبواردن ،سەربادان راست نەڕۆیشتن ٠

**سوێر قسەبوون** : ئیشتیالە قسەبوون ، قسەپێ خۆش بوون ، زۆربلە بوون ٠

**ساکەتەی دووگی** : گەورەیی دووگـەی ، قورسایی ، خڕایی و زەقایی دووگـــی مەڕ وبەران ٠

**سەرپسێن کردن** : سەرخۆرکردن،مەڕوبزن تەنیا سەری گیای بخۆن ٠

**سەرێك لەگوڵەمزان دانەبێ سەرنیە** : سەری بێ هەڵلا سەرنیە، پیاو ئەوەیـــە دەکێشە وهەرایان دابێ ٠

**سەد قەل وبەردێك** : بەردێکی بەسەدقەلی دادەی هەموو هەڵدفڕن ٠

**سوورانە**: میوانی ، بۆخرمان هەلگرتن٠

**سلەۆکە**: گیای گێوی یە ، ما لات باشی دەخوا ، گیا دۆکلێوە٠

**سەرمزانە**: ئەو دارەی باسکێش ونیروێك دەخا ٠

**سیوادی رۆژی** : سپیایی پێش تاوهەلات٠

**سەرتەریدە**: گەورەی پیاوخراپان، سە ر دەستەی دزان ٠

**سێ تا** : ئەو بەنەیە کەگوریسی لێ سا ز دەکرێ ٠

**سایە بوون** : چاوەرێ بوون، ئـــاگـا لێ بوون ٠

**سۆرە وتۆرە**: کەس وکاری ئەزمیەتبار ٠

**سەگ شەلی** : بەقومار بازی خۆشـــە ل کردن ٠

**ساردەکێڵ** : گەنمێك کەلەوەختی سەرلدا داچێندرابێ ٠

**سندم** : قفلێکە لە دەستی یەك سمـــی دەدەن بۆئـــەوەی نەجوولێتەوە و هەڵنەیە٠

**سەمۆمچ** : گەنمی تایبەتی کوێستان ،

گەنمێکی سووری لاوازە٠

**شەوێن :** جەمی شەوێ ، تێرکردنی شەوانەی مەڕ٠

**شوولێ لاوێن ،** شوولێ شلك و باریك ، شوولەبی لاوێن ٠

**شینی خاتووزمهەریر :** هەوەلی رەشەمەیە ، دەلێن خاتوو زمهەیر شینی برایان دەکا " یانی بۆ چلەی گەورە و چلەی چکۆلە دەگری " ـ بەسەرماوبەفر و تەڕوتووشی هەوەلی رەشەمە دەلێن ٠

**شیلاقە:** چەشنەمەزرەقێکەبەشە لاق دەیسووڕێنن ٠

**شەوپاتە :** ئەوەی شەوی بەسەر بردبێ ، لەشەوێ وە مابێتەوە، پاشماوەی شەو ێ

**شەوڕکە داگرتن :** مات بوون بەخەمەوە٠

**شەقەدار :** ئەستوورو بەداروبار ،زەلام٠

**شیلە شێو :** شێوی سەرەبەهار ،ئەودەمە ی گیاشیلەی هەیە ٠

**شلفەلەتە :** گیایەکی کێوی یە٠

**شیلەپە :** دارێکە لەبەینی دەندو باسکێش سێ گۆشێك پێك دێنێ ٠

**شیبا :** بای ئارامی شەوانە٠

**شاسەیوان :** بەجۆرێك خوری دەرەجە دوو دەلێن ٠

**شەرعی ماری بەداری :** یانێ مار دەبێ بەداری بکووژرێ ، شەرعی مار بەدارە٠

**شەرمە گێلاخە :** کەسێك کەلەشتێك شەرم بکا وپێشی خۆش بێ " بەکەیفیێ بێ بەلام شەرمیش بکا ٠

**شاتە :** دەنگی‌تونـد تونـد وزمان درێژانە هەراکردن٠

**شلّخە :** بەپۆلێك مێش هەنگوین دەلێن کە لەجێ یەك کۆببنەوە ٠

**شەکۆ :** دارێکی درێژە بۆ ئاوداشتن ٠

**شاتاندن :** زمان درێژی کردن ٠

**غەلدی :** سەگی چووگە، خەرتولە٠

**غەلەبایی :** شلۆوغی ، غالب بوونی دەنگە دەنگ ٠

**غەزرین :** قەلس بوون ، رق هەستانی لە رادەبەدەر٠

**قەیران :** سەرحەلە، قۆناخ ،زەمانی نارەحەتی ٠

**قۆرت:** بەلا٠

**فرێت :** رایەلی تەون ٠

**فەدەر :** فێل ، گزە، فەند٠

**فوو لەدۆ نەکردن :** گوێ نەدان: ، ور د نەبوونەوە ، بێ خەیالی کردن٠

**قوندەرە:** کەوش ٠

**قولاغ :** گوێ ، لەکوردیدا تەنیابۆمەڕ و بزن بەکاردێ ، " قولاغی نەدەی " : ئەگەر مەڕگورگ خواردی گوێ یەکە ی بێنەوە٠

**قەمبەل ، قەمبەلی دەچاوی یە :** ئیشارە بە چاو وقوببەی چاوی ٠

**قاپووت :** کەپەنك ، بالتەی شوان، لە بەرگن ساز دەکرێ ، فەرەجی ٠

**قۆرە دەماخ :** بەپۆز ، بەدەعیە، خۆبە زۆرزان ٠

**قولاغە کراو :** دەورە گیراو، کەوشی دەورەگیراو٠

**قوتنی سوور :** پارچەیەکی تایبەتی کەوای ژنانە٠

# فـەرهـەنگــۆك

**قلەكردن :** گاڵتەكردن ،جەفەنگ لێدان ، گایەكردن.

**قەیاخ :** گیای كێوی یە، ما لآت باشی دەخوا ، گیای دۆكلێوە.

**قاپۆر :** قەلاٌفەت ، هەیكەل .

**قەرەبەقەرەی:"** پێ بەپێی .

**قولەتین :** میتری موكەعەبیك ئاو ، هەزارلیتر.

**قەشار قەشار :** قەلەش قەلەش ،لەت لەت

**قەشـــان:** بزنی نێوچاوان سپی .

**قولاپەتەرنەكردن :** مەنزوور نەبوون ، باشارنەكردن .

**قرخ :** خوری خراپ ، زوور ،دەرەجەدوو.

**قزل :** خوری سوور .

**قرپۆك :** چكۆلە، نابووتە.

**كوێت:** ( رەنگی ئەسپ ) ، سووری توند ( كهر ).

**كەشكە فەریكە:** كەشكی برژاو.

**كەلەوەكێشی :** بەربەرەكانی ؛

**كزر :** پەین یاقورێك كە كەمێك ویشك بۆتەوە.

**كەندەوە كۆژی :** وە دووكەوتن ، لێكۆڵینەوە.

**كەركوڵ و بارسووك :** كەری قولە وباری كەم ، بێ بەرپرسی .

**كتك :** پشیلە.

**كتك لەسەر رەبانە :** ئەوەندە پرە پشیلە بەسەریان دا دەروا.

**كوولەكە سەرئاوی :** كوولەكەیەكی سووكە كەدانەوێڵەی تێدەكەن ، نێوی بەتاڵە و لە سەر ئاورادەوەستێ ،مەلەشی پێدەكەن

**كۆز :** هۆڵی بەرخان .

**كەوێ سێر :** مەری سەرشین .

**كەمێڵ :** كەمێڵە، ریخی ویشك بۆوە بە خوری مەرەوە.

**كەمێڵ كردن :** هەڵپاچینی كەمێڵ .

**كلك لە گەلۆژگرتن :** تایبەتی چوارپێ یە كلكی لەنێو پاشووی دەگرێ و دەروا ، وازهێنان .

**كەلەم كاشوول :** گیایەكە وەك گێزەر ریشەی هەیە ودەخورێ .

**كولێرەی پەنجەكێش :** كولێرەیەكەدرێژ وەك پەنجەی دەست .

**كەڵەوە:** ئەو دارەی ملی گای لە نێو دەكەن .

**كوشتەری :** جۆرێك رەندەیە.

**كۆو تەرازوو:** دووئەستێرەن ، دووپۆلە ئەستێرەن .

**كەتەشیر :** شمشیری كەت ، لاخوراو ، كول ، لەت .

**كەژوو :** كوریسێكی پانە بۆ ما لآت جل كردن .

**كۆتەڵ :** دارێكە لیباسی مردووی لەبەر دەكەن .

**كۆتەڵ بۆ گێران ،** عەزا كردن بە كۆتەڵەوە، پیاوی گەورەكە دەمردكۆتەڵیان بۆ دەرازاندەوە و دەیان گێرا .

**كەڵە مستێن :** كایەیەكە ، جۆرابێنی بە دەستی یە .

**كولوو :** خوری بەشانەكراوی چەپك چەپك

**كوتو دوستاخ :** دارو زنجیر كە لە بەندیخانەی قەدیم لەمەل و لاقی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

تاوانبارییان دەکرد ·

**کەڵێشە :** قالب ، " شەیتان چوو لە کەڵێشەیەوە" : شەیتان لەرێی بردۆتە دەرێ ·

**کوڕی گوڵەمزان :** یانی پیاوی شەڕ و مەعرەکەی ·

**کۆزیلکە :** کۆزێکی چووکە ، چەندکەس کە لێك کۆ ببنەوە ·

**کلێی پرد :** پایەی پرد ·

**کولینگی سوورەمەرز :** کولینگی سوور کەلە مەرەزی بزن کرابێ

**گورگ ئاوڕدانەوە :** بەقووت وسڵی ئاوڕدانەوە ، ئاوڕدانەوەی وەك گورگ ·

**گاگۆڕ :** لای سەرەوەی قەبر ، لەلێوارەوە هەتا گۆڕیچە ·

**گوێ لە مووچەوە بردن :** گوێ قووت کردن ، سڵ بوون ·

**گەبجاڕ :** ئەوکەسەی خەڵك گەپی پێ بدا ، مەڵحەکە ·

**گا بەدەنگی ناڕوا :** کەس جوابی ناداتەوە

**گورگ هاتووە گوێنی پخوا :** گورگ گوێنی پێ ناخورێ " خەیاڵی خاوە ·

**گەزمە :** پاسەوان ، مەئمووری حکومەت ·

**گرکە دێم :** گرکەیەکە لەدێمێ دەکرێ ·

**گرژاڵی :** تیکە لاویکە لەرەنگی سوورو رەش وبنەوش زۆرتر لەرانگ وچۆخەدا بەکاری دێنن ·

**گەسکی ماڵ دزین :** مەبەست لەهات وچۆنەکردن و سەرلێ نەدانە ·

**گیابڕ :** مەرێك بەگیا خواردنی بمرێ دەڵێن گیابڕبووە ·

**گوێزەبانە :** میوانی یەکە بۆ منداڵی کوڕ دەکرێ بۆئەوەی گوێ و زمانی ساخ بێ ·

**لاپرسەن :** بەئینسانی لابەلا و تێ نەگەیشتوو دەڵێن ، دوورو پەرت لەمەسەلە ·

**لەحەمری سریوانە :** پشووی قەتع کرد ، تێی کوتا ·

**لابێژ :** ئەو کەسەی لایەکی بێژرادەگرێ ، ئەو کەسەی بەرگری لەهەڵاتنی مەڕدەکا ؛

**لەحەوت سالان راستەوە بوون :** خەو لێکەوتن ، گوێ لێ نەبوون ، مردن ·

**لەغەڕەکەوتن :** مەحتەل بوون ، بێدەنگ بوون ، مات بوون ·

**لەرەف رەفان بوون " :** گەورە بوون ، ماقووڵ بوون ، بەدین بوون ·

**لۆغە لۆغە :** لاڵ بوون ، پسك بوون ، زمان ئەستوور بوون ·

**لەپێنا و هەرقورتێك قەومتێك :** لەبەری هەر بەلایەك هێزێك ·

**لاقە قوونەی نەجات دە :** هەڵێ ، دەرپەڕە ·

**لەلاقان وەراندن :** هەڵاتن ، دەرپەڕین ·

**لاق لە بەست چوون :** بەکەسێك دەڵین هەنگاوی پێ هەڵنەیەتەوە ·

**لەتەپلی بێعاری دان :** بێ شەرمی کردن

**لەتەڕی خواردن و لەئیشکی خەوتن :** مفتەخۆری و بێکارە بوون ·

**لە هەموو هەوران ناباری :** مەبەست ئەوەیە کە هەموو جارێ بەرهەم جۆرێك

نیە ، پیاوهەمیشە لە نارەحەتی داناییٚ •
**مێچکە :** بەبەرخێکی دەڵێن هەرمەرێکی ببینێ و دەزانێ دایکیەتی و دەیمژێ
**مێچکە مێژاندن :** بەرخی مێچکەشیردان
**مێژووك :** بێچووی هەوەڵ ڕۆژ ،بەرخی یەك ڕۆژە ، ئەو بێچووەی هەوەڵ جار دەیمژێنن •
**مریشکی ئاوەڕووت :** ئەومریشکەی کە پەروتووکی لێکراوەتەوە•
**مام هۆرتك :** بەکەسێك دەڵێن کە شارەزای هەموو کارێك بێ •
**مزراویلکە :** شورباوی هێلکەی بەترشی سماق •
**مەری ڕۆیشتن :** چەشنێك ڕۆیشتنی یەك سمە ،وەك مەڕ ڕۆیشتن •
**ماڵەڵلاّ :** ماڵ + ئەڵلاّ ، زەکات ، ئەو سەدەقەی دەیدەن بەدەرویێش•
**مامان برازا بزرکرد :** مام برازای ون دەکا •
**مالووسك :** کڵۆگایەکی درێژە کە لە خرمان هەڵاویشتندا لەکا دەرچووبێ •
**مکارە :** ئەسکەند•
**مساسە :** ئاسنێکی چووکەیە بۆخاوێن کردنەوەی گاسن وەسەر " نەقیزەی " دەخەن •
**ماری توولە :** ماری باریك و درێژ•
**مێنەکە :** ئەنگوستیلەی سازکراو لە شاخی گاو ماڵاتی دی •
**مەڵەغان : وەقاندنەوە :** بەنووکی چەکچی لەتیخی مەڵەغان دەدەن و پانی دەکەنەوە تەنکی دەکەن بۆ ئەوەی تیژبێ •

**مەچەك ئەنگاوتن ،** باوەش پێکداکردن و مەچەك گرتن لەپشتی یەك •
**مزمزت :** زەرەر•
**ناندێن :** ئەو شتەی کەنانی تێدایە هەمبانە•
**نانی گەنمە سەمەوەج :** نانێکی بەگەنمی سەمەوەج بکرێ •
**نان بەسەر سێلێوە سووتان :** مەنزوور لەئینسانێکی ناعیلاجە •
**نەقوستان :** شەل ، زەلیل •
**نەزرویەعی :** ئیجاب و قەبووڵ •
**نەقیزە :** دارێکی درێژە بۆگالێخورین•
**نەفوورات :** عەجایب ، سەقەت •
**نەوندە :** ڕەپستەی درنگ چێندراو•
**نەهۆم نەهێنان :** فەرق نەکردن ، ورە بەرنەدان، تەنە زوول نەکردن•
**وەستەك :** ئەوەی زوو ماندوو دەبێ ، ئەو ئەسپەی زور دەوەستێ •
**وزاق دان :** هەراکردن ، هێرش بردن ، بازدان •
**وەرویلە :** ئەو کەسەی وەدووی کاری بێ بایەخ دەکەوێ •
**وەقلە کەوتن :** وەخۆکەوتن وخۆساز کردن بۆکارێك •
**ورورەی جادوو :** ئیشارە بە ژنێکی سیحر بازە " لە ئەفسانەدا هاتووە "
**هەڵوێژان :** خڕکردنەوەی بەن و شریت و تەناف وگوریس •
**هەراش :** ئەو بەرخەی کەزوو زابێ ، بەعومرتر لەوانی تر•
**هەشت بێ و لەمشت بێ نەك نۆبێ** و

# فـــەرهـــەنـــگـــۆك

**نەبێ :** کەم و پوخت بێ نەك زۆربێ و بۆر ٠

**هەڵەشە :** بەپەلە ٠

**هاوێر :** مەڕ وبەرخ لێك جیاکردنەوە ، هەڵاواردن ٠

**هۆڕ هۆڕە :** جۆرێك مەزرەقی نێو بەتاڵە لە سوورِاندا هۆڕەی دێ ٠

**هەر ئاقڵەی لە خەسارێکی :** هەر تەجرەبەی لەهەڵەیەکی ٠

**" هەوەڵ تەخت و هەوەڵ بەخت " :** تەختی هەوەڵێ و بەختی هەوەڵێ ، ، مەبەست لەژنی هەوەڵە ومێردی هەوەڵ٠

**هەتادووری پووری :** هەتادووری خۆشە - ویستی ، خزمی ، بەقەدرێ ٠

**هەوێنی نۆ مەنجەڵ شیر :** بەئینسانی بەسەلیقە و ئاقڵ دەڵێن ، زۆر زان و دەغەڵ ٠

**هەوەڵی دندووك و پیاڵەی :** هەوەڵی جحێڵی ولاوی ٠

**هێس :** خوار٠

**هەڵوێزندراو :** کلۆڵە کراو ،خڕبوەوە٠

**هەڵازران :** زیبکە لەدم و لووت هاتن ، تێ میسك لێ هاتن ،٠

**هەڵوای بەشەقـان :** کایەیەکە تایبەتی مندالان ٠

**هۆرِپە :** خوری هەڵوێزندراوی بەشانە کراو ٠

**هاتنە سەر بەرەی :** خوازبێنی کردن ، هاتنە خوازبێنی ٠

**هەلاش :** پووش ، و قامیش ، لەسەر دارەرایە بە سەریانی دادەدرێ ٠

**هەڵپرۆچکان :** پێداهەڵچوون ، چوونە سەر بەچنگە پرکە ٠

**یاری غار :** ئیشارە بە حەزرەتی ئەبووبەکرە کەلە خزمەت پێغەمبەردابوو ئاوالی هەمیشەیی و رۆژی تەنگانە٠